چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی

د. ڕەفیق شوانی

چەند بابەتێکی زمان و
ڕێزمانی کوردی

د. ڕەفیق شوانی

٢٧٠٠ کوردی

٢٠٠١ز

پێشکەشی:

*بەو دەیان هەزار مرۆڤەی کە لەتوونی مەرگی ئەنفالی بەدناوا بە ئاگری رقی ڕەگەزپەرستی توێنرانەوە.
*بەو کوردانەی کە بەبێ هیچ تاوان کردنێک پەرتەوازەی نۆ کۆماری سۆڤێتی کران و بەهەزاران کیلۆمەتر لە ولاتی دایکەوە بەرەو ولاتی غەریبی و غوربەت دوور خرانەوە، بۆ ئەوەی توانرا بێت بەتەد گەردێک لە کەلتوور و هەستی کوردانەیان دوور بخرێنەوە.

ناوەڕۆکی کتێبەکە

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی	7
بەشی یەکەم: زمان	**12–11**
گۆڕانی ئابووری و فراوانبوونی وشەی زمانی کورد	13
قۆناغی مەڕداری کشتوکاڵی	25
کاریگەری بزووتنەوەی کوردو فراوانبوونی فەرهەنگی	27
هۆی پەیدابوونی زارو سەرهەڵدانی زمانی نەتەوەیی	65
هۆی پەیدابوون و گەشەکردنی زار لە زمانی کوردیدا	71
مێژووی زمانی کوردی لە کۆنە تا ئەمڕۆ	93
بەشی دووەم: ڕێزمان	**111–112**
چاوگ و زمان کامیان سەرچاوەو بنەڕەتن؟	113
دەوری «تا» لە زمانی کوردیدا	141
دەوری «ب» لەرووی وشەسازییەوە	163
دیاری کردنی ئامراز لە زمانی کوردیدا	175
دەوری ئامرازی «بۆ» لەرووی واتاوە لەرستەدا	201
جیاکردنەوەی هەندێک کەرەسەی ڕێزمانی	215
مۆرفیمی (ە)و شێوە جیاجیاکانی لەرستەدا	231
سەرنج و تێبینی دەربارەی چەند وتارێکی مامۆستا وریا عومەر ئەمین	255
زاری ناوچەی شوان	275

پێشەکی:

ئەم بەرهەمەی کە لەدوو توێی ئەم کتێبەدایە، بریتین لەچەند وتارێکی زمان و ڕێزمانی کوردی لە ئاستی ئەکادیمیدا و لەگۆڤارە کوردییە جیاجیاکاندا بڵاوکراوەتەوە. بەچاکم زانی لەکتێبێکدا پێکەوە بڵاوبکرێتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر لەبەردەستدا بێت و سوود بگەیەنێت بەلێکۆڵینەوەی ترو لەخزمەتی زمانی کوردیدا بێت.

کتێبەکە کە بەناونیشانی (چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی)یە، کراوەتە دوو بەشەوە، بەشی یەکەمیان (زمان)ە، باسی گەشەو گۆڕان و پەرەسەندنی زمانی کوردی و مێژووەکەی دەکات و ئەو لایەنانەی نیشانداوە، کە بوونەتە هۆی ئەو گۆڕانەو، نموونەی پێویست و لە باری ئەو بارە جیاجیانەم هێناوەتەوە، کە لە زمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

گەشەو گۆڕانەکەش ئەوە دەردەخات، کە زمانی کوردی، خاوەن سەربەخۆیی و کەسایەتی خۆیەتی، توانیوێتی بەپێی ئەو بوارو بارودۆخەی کەپێیدا تێپەڕیوە، پێویستییەکانی سەردەم، وەکو زمان حاڵی نەتەوەی کورد، لە گەیاندنی زانست و زانیاری و داهات و داهێنانی تازەو نوێ بەکۆمەڵی کوردەواری بگەیەنێت و کەسایەتی و ڕەسەنایەتی خۆی بپارێزێت.

بەشی دووەمی چەند وتارێکی ڕێزمانی کوردییە، کە لە ئاستی دەنگسازی و وشەسازی ڕستەسازی ئەو بابەتانە دەگرێتەوە، کە لێکۆڵینەوەکەی لەسەرکراوە.

وتارەکانی هەردوو بەشەکە لە ساڵی ١٩٩٠ەوە تاکو ساڵی ٢٠٠٠ دەگرێتەوە، نەمویست دەسکارییان بکەم لەڕووی ئەو بیروبۆچوونەی کە لەئەنجامدانیان و لەو ماوەیەدا خراوەتەڕوو، بۆ ئەوەی وەکو خۆی بخرێنە بەردەست و بێجگە لەوەی، کە ڕەوتی لێکۆڵینەوەی من لەو ماوەیەدا دەخاتەڕوو.

لەکۆتاییدا هیوادارم ئەم بەرهەمە کەلێنێک لە بۆشایی دیواری زمانی کوردی پڕبکاتەوەو، لە هەمان کاتیشدا، بەردێک لە بالای بەرەو بەرزیی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی زیاتر بکات و، بەڵێن ئەدەم بەکوردی دڵسۆز بەپێی توانا لە نووسین و بڵاوکردنەوە دوا نەکەوم.

دواشت حەز ئەکەم ئەوە بڵێم، بابەتی نووسینەکانی من، تاکو ئێستا، هەر بواری پسپۆری خۆمی کە زمانەوانییە نەگرتۆتەوە، بەڵکو لایەنی جۆراوجۆری وەکو لێکۆڵینەوەو وتاری ئەدەبی، مێژوویی، سیاسی گرتۆتەوە، هۆکەشی ئەوەیە کە ئارەزوویەکی یەکجار زۆرم لەو جۆرە بابەتانە هەیەو لەگەڵ ناخمدا تێکەڵ بوونە، بێجگە لەوەش ئێمە خوێندەوارو ڕۆشنبیری کورد، ئەگەر شتێکمان لەبارێت و توانای ئەنجامدانیمان هەبێت و نەیکەین، ئەوا غەدر لەو میللەتی کوردەوارییە ئەکەین، کە ئێمە لە باوەشی گەرمی دایکانەی خۆی پەروەردە کردووەو پاراستووە، لەلایەکی تریشەوە، کەم تەرخەم ئەبین بەرامبەر نەتەوەو وڵاتەکەمان، چونکە ڕۆشنبیران و نووسەران، باری لێپرسینەوەیان و، ئەرکی سەرشانیان لەڕادە بەدەرگرانە، بەوەی نەتەوەی کورد تاکو ئێستا ماڵوێران و سەرگەردان و لەیەکتر دابڕاوە، ئەمجا بۆ ئەوەی برینی ئەم نەخۆشییانە سارێژ بکرێت، دەبێت ئێمەو مانان شاعیر وتەنی - گەر شەویش لەسەر ڕۆژ دابنێین بۆ میللەتی کورد هێشتا هەر کەمە-و گلەیی دوارۆژیش بەرامبەرمان بەدرێغی کردن لەولاوە بوەستێت.

ئەمجا هەوڵەکانی من، لەنووسیندا دوور لە زیادەڕۆیی و خۆهەڵکێشان، لەو بابەتانەی کە خستەمەڕوو بەشێوەی وتاری بلاوکراوەن نزیکەی سێ کتێب پێکدێنێت، ئەوە بێجگە لە وتاری بلاونەکراوە لەو مەیدانانەداو، بەرهەمی شیعرو پەخشانیش لەولاوە راوەستێت، کە گڕوتین و تاو ئەدەن بەنووسینەکانم و فەرامۆشی دەردی دووری هەوارگەی وێرانی ماڵەباوانم ئەدەن و چیای خاڵخالان و کەلی سمایل بەگیم دەخەنە یادو بەرچاوو خوڕەی ئاوی شیوەسووریش لایە لایەی کوردانەی دایکم پێ دەبەخشێت.

خوایاربێت، کاری ئایندەم، لەسەر ڕێزمانی راناو لە زمانی کوردیدا دەبێت و، لە کۆتاییدا سوپاس و ڕێزی بێ پایانم بۆ ئەو دڵسۆزانەی کە بەرهەمی چاک و بەکەڵکی نووسەران چاپ و بلاو دەکەنەوە چ وەکو تاکەکەس و چ وەکو دەزگای لەچاپدان و بلاوکردنەوە.

د. رەفیق شوانی

هەولێر- ٢٨/١٢/٢٠٠٠

بەشی یەکەم

زمان

گۆڕانی باری ئابووری و
فراوانبوونی وشەی زمانی کوردی

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە بەناونیشانی (گۆڕانی باری ئابووری و فراوانبوونی وشەی زمانی کوردی)یە، لە رادەی چۆنیەتی فراوانبوونی وشەی زمانی کوردی، لەژێر پێشکەوتن و گۆڕانی باری ئابووری، لە بوارەکانی ژیانی کشتوکاڵی و مەڕداری و بازرگانی و پیشەسازی، بە هەردوو لایەنی ژیانی کۆن و تازەیانەوە، بەهۆی داهاتن و داکەوتن و داهێنانی جیهانی زانست و تەکنۆلۆجیاوە، کە لە زمانی کوردیدا رەنگیداوەتەوەو، دەکۆڵێتەوە.

لە لێکۆڵینەوەکەدا، هێمام بۆ ئەوە کردووە، کە ژیان بێ زمانی نابێت و، پێش ناکەوێت و بەهۆیانەوە شارستانیەت دروست دەبێت و، زمانیش بەهۆی رەنگدانەوەی گۆڕانی ژیانەوە، فەرهەنگی وشەکانی، لە گۆڕان و دەوڵەمەندبووندا دەبێت و، زمانیش بەشێکە لە شارستانیەت، کە پێکەوە هەردووکیان داهێنانی دەستی مرۆڤن.

زمانی کوردی بەگوێرەی، ئەو بارودۆخەی کە تیایدا تێپەڕبووە، هێشتا بەگوێرەی زمانی ترەوە گۆڕانی چاکی بەرەو پێشکەوتن و فراوانبوونی بەخۆیەوە دیووە.

لێکۆڵینەوەکە لە پیشاندانی وشەکانیدا، هێمای بۆ وشە وەرگیراوەکان، لە

زمـانی ترەوە، لەو بوارانەی سـەرەوەدا کـردووە. لەناو زمـانەوانانی کـوردا، لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی بەم جۆرە، مەگەر لەناو وتارو لێکۆڵینەوەی تردا نەبێت نابینرێت.

زمـان شـتێکی گـرنگەو، نیـشـانەو سیـمـاو مۆرکی ناسـینەوەی نەتەوەیەو، یەکـێکە لە بنەمـاکـانی بوونی نەتەوەو مـیللەت و، زمـان ئاڵۆزترین دیاردەی سروشتە، مرۆڤ لە دروست بوونی کۆمەڵی سەرەتاییەوە، فێری بووە، پێش ئەوەی قسە بکات، بیری لە فێربوونی زمان کردۆتەوە. لە ترسی ئاژەڵی دڕەندەو دیاردە سامناکەکانی سروشت و، بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکانی ژیان، کۆمەڵی دروست کردووەو، پەنایان بردۆتە بەر پێکەوە ژیان و کۆمەڵی بچووک بچووکی ژمارە کەم کەسیـان هێناوەتەکایەوەو بەرەنگاری ژیان و سروشتیان، بەهۆی پێویستییە گرنگەکانی ژیان، لە کۆکردنەوەی خواردەمەنی و، گەڕان بەدوای خواردن و ژیان بردنە سەردا کردۆتەوە.

لێرەوە زمـان وەکـو هۆیەکی دەربڕین، بۆ تێگەیشتن و لەیەک گـەیشتن و دەربڕینی پێویستییەکان، هاتۆتە کایەی ژیانەوەو، بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و بەشێک لە پلەی هۆشیاری و چالاکی مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا.

بێگومان ژیان بەبێ زمان نابێت، زمانیش بەبێ ژیان پێش ناکەوێت و، بۆتە بناغەی ژیان و بنەمـاکـانی کـۆمـەڵگای مـرۆڤـایەتی، زمـان ئاوێنەی ژیانەو، دیاردەکانی بە وشە تیا رەنگدەداتەوە. مرۆڤ و ژیان لە ئاستێکی وەستاو دانین و، گۆڕانیان بەسەر دادێت، ژیان هەمیشە بەهۆی گۆڕانەوە، لە بەرەو پێشچوون و پێشکەوتن و پەرەسەندن دایە، ئەم گـۆڕانی ژیانە، بەهۆی گـۆڕانی باری ئابووری و خۆش گوزەرانییەوە روودەدات و، لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و رامیاری دەگرێتەوە، کە لە ئەنجامی نزیک بوونەوەی وڵاتانی جیهان، لەگەڵ یەکتر بەهۆی بەستانی پەیوەندی ئابوورییەوە، کە بەهۆی پەیدابوونی هۆی تازەی

بەیەک گەیشتنی ڕێگاوبانی وەک فڕۆکەو، پاپۆر، کەشتی، ئۆتۆمبیل، شەمەندەفەری خێراو، دەسگاو هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری و، ئێستگەو تەلەفزیۆن و رادیۆو سینەما... هتد. ئەم پەیوەندییەی نێوان وڵاتان، لە ژێر پێشکەوتنی باری ئابووریەوە بووە، هۆی ئاڵوگۆڕ کردنی بازرگانی و، ناردن و هێنانی شتومەکی پێویستی بوارەکانی ژیانی وڵاتان، ئەمە بووە هۆی هاتنە کایەی زۆر وشەو زاراوەی تازەی سەر بەپێویستییەکانی ژیانی سەردەم و، کارتێکردنی شارستانێتی پێشکەوتووی ئەورووپا، بەتایبەتی لە رووی پیشەسازی تازەو تەکنەلۆژیای سەردەم و، زانست و زانیاری و داهێنانی تەکنیکی تازەی ئابووری و، هۆیەکانی تازەی بەرهەم هێنان و شێوازەکەی، بۆ ناو زمانانی گەلانی دنیا، بەتایبەتی گەلانی رۆژهەڵات و وڵاتانی جیهانی سێیەم، ئەمە خۆی لە خۆیدا، کاریگەرییەکی گەورەی کردۆتە سەر بیری خەڵک و شێوازی ژیانیان، کە ئەم هەموو لایەنە لە زماندا، رەنگدەدەنەوەو کاریگەری خۆیان هەیە، لە گواستنەوەی وشەی ناوو زاراوەی ئەو پێویستییانە بۆ ناو زمانانی دی، بە هۆی وەرگێڕان و وەرگرتن و داڕشتنەوە.

ئەم دیاردەیە، بەخواست و ویست و ئارەزووی مرۆڤ نایەتەکایەوە، بەڵکو زمان بەپێی یاسایەکی نەگۆڕو چەسپاو دەگۆڕێت و پەرەدەسێنێت و بەبێ ڕێکەوت، واتە لە ڕێکەوتەوە لە دایک نەبووە، پێویستی ژیان دەی گۆڕێت و کەس ناتوانێ بەری گۆڕانەکەی پێ بگرێ(١). بەڵکو بەهۆی پێویستی ژیان و سەردەم کارتێکردنی شارستانییەوە، ئەنجام دەدەرێت و، لە هەمان کاتیشدا وەرگرتن و خواستنەوەی ئەو وشانەی سەر بەو بابەتە پێویستی و شارستانیانەی دەبنە هۆی فراوان بوون و دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگی وشەی زمان و، پێویستیشە ئەو وشانە کە لە زمانی میللەتی خاوەن زانست و داهێنەرەکەوەن، بخرێنە ژێر ڕکێفی دەستووری زمانی دووەمەوە لە رووی گونجاندنی دەنگ و

دەربڕینەوە، بەرادەیەکی کە دوای ماوەیەک لە ناو زمانەکەدا دەسوێن، دەتوێنەوەو ڕواڵەتی زمانە تازەکە ئەپۆشن.

ئەم وشانە، وەکو ناوو زاراوە، بۆ ناونانی کەرەسە و ئامێری ئامرازە تازە داهێنراوو داکەوتووەکانی دونیای تازەی، پڕ زانست و تەکنولۆژیای جۆربەجۆری تازەترین کۆمپیوتەرەوە دێنەکایەوەو، فەرهەنگی زمانەکە دەوڵەمەند دەکەن و، ئەو گۆڕان و پەرەسەندنەی ژیانیش، وشەو زاراوەو دەربڕینی تازە دەبەخشێ بە زمانی میللەتان.

ژیان و شارستانیەت، کە لە ئەنجامی کردارو رادەی ژیری مرۆڤەوە، لە بوارە جیاجیاکانی پێویستی مرۆڤایەتیدا، سەر هەڵ ئەدەن و، دەبنە سیمای پێشکەوتنی هۆش و بیری مرۆڤ و ئادەمیزاد لەناو کۆمەڵدا. ئەم ژیان و شارستانیەتە، مەحاڵە بەبێ زمان دروست نابێت و پێش ناکەوێت، نەتەوەو میللەت، لە وریابوونەوەو گەشەسەندن و گۆڕانی شارستانیەتدا، پێویستی بە زمانێک هەیە، ئەو گۆڕان و گەشەکردنەی پێ دەربڕێت و لە زمانەکەشدا رەنگبدەنەوە(٢). رەنگدانەوەکەش بەرێگای (وەرگرتن و داڕشتن و وەرگێڕان)ەوە بە ئەو شتە تازانەی، لەناو کۆمەڵدا، لە بواری (مادی و واتایی)یەوە(٣)، فەرهەنگی زمانی دووەم، بە وشەو ناوی تازە، لە بواری کاروبارو ژیانی تازەی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا، بەکاردەهێنرێن و دەوڵەمەند دەکەن. چونکە ژیان، بەبێ زمان، لە ئاستێکی وەستاودا دەبێت و، گۆڕان و پەرەسەندن بەخۆیەوە نابینێت. بۆیە زمان، بەشێکی زیندووی شارستانییەتەو بە بنەڕەتی دروست کردنی دادەنرێت و، ژیان و شارستانیەتیش بەهۆیەوە، دەگۆڕێن و پێشدەکەون، زمانیش بەهۆی رەنگدانەوەی ئەو گۆڕان و پێشکەوتنە، وشەکانی فراوانتر دەبێت، لە بووژانەوەو تازە بوونەوەی بەردەوام دایە.

زمان لە پرۆسەی گۆڕاندا، ئەوە نییە هەر وشە وەرگرێت، بەڵکو وشەش بە

زمانانی تر دەبەخشت، واتە زمان دیاردەی وەرگرتن و بەخشینی وشەی، لە ژێر کارتێکردنی گۆڕانی ژیان، بەهۆی باری سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەوە، لە ژێر پلەی پێشکەوتنی ئابووری و قۆناغەکانی ژیاندا تیادا ئەنجام دەدرێت، بە مەرجێک خاوەی زمانەکە ئاگاداری کەسایەتی و تایبەتیی خۆی بێت و، نەبێتە ژێر لافاوی وشەی بێگانەوە، چونکە زمانانی جیهان، ئاڵوگۆڕی وشەو زاراوەییان هەیە، لەم رووەوە زمانی کوردی توانیوێتی وشە بنچینەییەکانی خۆی بپارێزێت و کاریگەرییەکی کەمی زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی پێوە دیاربێت و، ئەمەش هیچی لە زمانی کوردی کەم نەکردۆتەوە. چونکە زمانی کوردی، لە چۆنیەتی پێشکەوتنیدا، زمانێکی سەربەخۆیەو، گۆڕانی راستەقینەی خۆی هەیە، نە لە فارسییەوە وەرگیراوە، نە داتاشراوە،(٤) باشترین بەڵگە، بۆ ئەم لایەنە، ئەوەیە ئەگەر بە بەراورد سەیری زمان و نووسینی کوردی، سەردەمی شێخ مەحموود، (رۆژنامەی کوردستان ١٩٢٢-١٩٢٣)، لەگەڵ ئێستادا، بکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە زمانی کوردی گۆڕاوەو، پاک بۆتەوە لە وشەی بێگانەو، تەنانەت لە شێوەی نووسینیشدا، زیاتر لە فارسی گۆڕاوە، بۆ زمانی کوردی وەکو هەر زمانێکی تر، کەوتۆتە ژێر کاریگەری وشەی زمانە پێشکەوتووەکانی ئەورووپاو، ولاتە پێشکەوتووەکانی بواری زانست و زانیاری و تەکنۆلۆژیاو، بۆیە بەهۆی گۆڕانی باری ئابوورییەوە، ژیانی پێش دەکەوێت و ئەم پێشکەوتنەش، بەزۆربەی زمانانی ولاتانی جیهانەوە، لە ژێر کاریگەری و وشە وەرگرتنی زمانە پێشکەوتووەکانەوە، دیارەو وشەکانی بۆ ناو زمانانی دی بلاودەبێتەوە، کاریگەری بەسەریانەوە زیاترە. زمانی زیندوو رەسەنیش ئەوەیە کە توانای جێبەجێ کردنی پێویستییەکانی سەردەمی قسە پێکەرانی هەبێت لە وەرگرتنی ئەو زانست و زانیاریانەداو، توانای پێشکەوتنی هەبێت، بۆیە ناتوانرێ، بە زمانی سەدەکانی رابردوو، دەربارەی

گیروگرفت و رووداوو گۆڕانەکانی ئەمڕۆ بدوێین، چونکە هەموو سەردەمێک زمانی خۆی هەیە (٥) و خاسیەتی (تایبەتین)، زمانی زیندووش ئەوەیە بەپێ کات و سەردەمی جیاجیا، لە گۆڕاندایەو، توانای وەرگرتن هەبێت و لە بوارەکانی راگەیاندن و رۆشنبیری و رادیۆو تەلەفزیۆندا بەکاردەهێنرێت. بۆیە زمان بەبەشێکی زیندوو شارستانیێتی مرۆڤ دادەنرێت و لێشی جیانابێتەوە، واتە لە شارستانیێتی نەتەوە دانابڕێن و تووشی ئەم گۆڕان و پەرەسەندنە دەبێت و، زمانی کوردیش کە تەرخانە، بۆ بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە، یەکێکە لەو زمانانەی، توانیوێتی وەک زمانێکی زیندوو رەسەن پێویستییەکانی سەردەم و قسە پێکەرانی جێبەجێ (١) بکات و لەگەڵ رادەی پێشکەوتنی بواری زانست و زانیاری و تەکنۆلۆژیا، بەپێی بارودۆخەکەی خۆی بڕوات و رادەیەکی چاکی بڕیوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە، دەربارەی پێشاندانی وشەکانی زمانی کوردییە، لە بوارەکانی ژیانی کشتوکاڵی و مەڕداری و بازرگانی و پیشەسازی، کە بەهۆی گۆڕانی باری ئابوورییەوە، گۆڕانی بەسەردا هاتووەو، لێکۆڵینەوەکە دەربارەی پێشاندانی وشەی کۆن و تازەی بوارەکانی سەرەوەن، وشەی تایبەتی زمانەکەی خۆی بێت و، گۆڕابێت بە وشەو ناوی تازەی یا وەرگیراو بێت، کە لە ئەنجامی گۆڕانی ژیاندا، بەهۆی گۆڕانی کە بەسەر کەلوپەل و پێویستییە کۆنەکان، بە هی تازەو هاتنە ناوەوەو وەرگێڕانی کەلوپەل و کەرەسەو بەرهەمی نوێی سەر بە زانست و زانیاری تەکنۆلۆژیای نوێ و، لاتانی پێشکەوتووی ئەورووپاو بەرەنگدانەوەی لە زمانی کوردیدا، چۆنیەتی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە کۆکردنەوەو دیاری کردنی دوو جۆر وشەی زمانی کوردی، بۆ ناوی ئامێرو ئامرازو کەرەسەو کەلوپەلی ناو خۆی و خۆماڵی و کوردەواری، لە لایەک و هی وەرگیراوو بێگانەش، دەربارەی ژیانی کشتوکاڵ و بازرگان و پیشەسازی لەلایەکی ترەوە،

گۆڕانی زمان، بەهۆی گۆڕانی باری ئابوورییەوە، تەنها لە رووی وشە وەرگرتن و وشە زیادبوونەوە نییە، بەڵکو لایەک دەنگ و پێکهاتنی ڕێزمانی و، شێوازی دەربڕینیش دەگرێتەوە، بەڵام لێکۆڵینەوەکەی ئێمە تەنها سنووری وەرگرتن و فراوانبوونی وشەکانی زمانی کوردی دەگرێتەوە، نموونەکانیشی لە شوێنی خۆی و، لە تەک باس کردنی بابەتێک لەو بابەتانەی سەرەوە، بەنموونەوە تەنانەت لە شوێنی پێویستیشدا بەلێدوانەوە دەهێنینەوە.

زمان لە گۆڕانیدا، گەلێک هۆ لە ژێر پێشکەوتنی باری ئابووریدا، کار دەکەنە سەر گۆڕانی و دەوڵەمەند بوونی فەرهەنگی وشەکانی، کە بە هەموویانەوە هۆیە ئابوورییەکان دەگرنەوە، ئەمانەن:

١- «شارستانێتی نەتەوە بەهەموو دەستوورو داب ونەریت و رەوشت و بیرو‌ڕاو لایەنی هۆشەکی و رادەی ژیری و هۆشیاری و پلەی رۆشنبیرییان و تێڕوانیان بەرامبەر بە ژیان و گۆڕانی لایەنەکانی، هەر گۆڕانێک لەم روانەوە روودەدات، رەنگدانەوەکەی لە زمانی کۆمەڵەکەوەو بەشێوازی قسەکردن و وشەکانیدا دیارە» (٦)

٢- فراوانبوونی شارنێتی نەنەوەو، زیادبوونی پێویستییەکانی دەزگاو لایەنەکانی ژیانیان و، بەرزبوونەوەی رادەی تێگەیشتن و بیرکردنەوەو، توانای شیکردنەوەیان بەرامبەر دیاردەکانی ژیان و گۆڕانە جۆربەجۆرەکانی، ئەمانە هەموویان زمانەکە دەبووژێننەوەو، شێوازەکەی بەرزو بەهێز دەکەن و، واتای وشەکانی وردتر دەبێت و وشەی زۆر هەیە لایەنی بەرێگای وەرگرتن و وەرگێڕان و دانان و داڕشتن، بۆناونان و دەربڕینی شتە تازە داکەوتوو پەیدا بووەکانی بواری ژیانی تازەی هاوچەرخ و تازەی وەک: کۆمپیوتەر، مانگی دەستکرد، مایکرۆ، فڕۆکە، رۆکێت، پاراسایکۆلۆجی، تیشکی لێزەر، تەلەفزیۆنی رەنگاورەنگ، بێ سیم(بێتەل)، فاکسمایل، ڤیدیۆ... هتد.

٣- دیاردەی چالاکییە ئابوورییەکان، شێوەیەکی تایبەت دەدەن بە زمان لە وشەو واتاو شێواز، ئەم دیاردەیە، دەبێتە هۆی بوونی دیاردەی جیاواز، لە زمانی نەتەوەو ناوچەکاندا، بەپێ جیاوازی جۆری بەرهەم و سیستەمی ئابووری و کاروباری ژیانی مادی و جۆری پیشە و ئیشەکانی وەک کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و راوکرن.

بەخێوکردنی مەڕو مالات، ئەم دیاردانە، هەموویان کار لە زمان و فراوانبوونی وشەکانی زمان دەکەن.

٤- گۆڕان و گواستنەوەی ژیانی نەتەوە، لە کۆچەرایەتییەوە، بۆ شارستانێتی زمانەکەی فراوانتر دەبێت و، شێوازی توندو تیژی پێوە نامێنێت و نەرمی دەگرێتە خۆی، لە دەربڕینی و واتاناسیدا. بۆ نموونە زمانی لادێ و کۆچەر، توندو تیژە. نموونەی وشەکانی ئەم لایەنە، لە زمانی کوردیدا، پێش گۆڕان و گواستنەوە کە وەک: خێوەت، رەشماڵ، کولێن، هەوار، دەوار، پاوەند، شەواژوو، بێرە، یەک بێرە، شەو بەکێ، دووبیرە، بەردە بێرە (داربێرە) تەروالە، لە ژیانی نیشتەجێ بووندا، وشەکان دەگۆڕێن بە: خانوو، ماڵ، هۆڵ، هەرزالە، قەرسیل، دیوەخان، حەوشەو بان.

٥- جیاوازی چینایەتی، لای هەندێک نەتەوەو کۆمەڵ بەهۆی جیاوازی ئیش وکارو پیشەوە، بۆتە جیاوازی پلەی کۆمەلایەتی، لەناو خەڵک و کۆمەڵدا وە بۆ ئیش و پیشەی هەر یەکێک لەو پلە کۆمەلایەتییانە وشەیەک دانراوە، هەندێکیان لەلایەن سوڵتان و خەلیفەی عوسمانلیوە بۆ پیاوی خاوەن دەسەلات و دەوڵەمەند پێیان.. بەخشتراوە، وەک وشەی: بەگ بۆ نازناوو شۆرەتی بنەماڵە، جا وشەکانی: کوێخا، ئاغا، خان تایبەتن بەو جۆرە کەسانەی، کە دەسڕۆ خاوەن دەسەلات و پیاوی سەر بەدەوڵەت بوونە. هەروەها وشەکانی: سەپان، گاوان، جوتیار، شوان، باخەوان، بەرخەوان، ئاودێر، وەرزێر، تایبەتن بە ئیش و کاری

خەڵکی لەوان خوارترو نزمتری پلەی کۆمەڵایەتی، بەهۆی پلەو پایەو باری مادی و چینایەتی ئەم خەڵکانەوە. ئەمجا بۆ کرینی ئیش و کاری هەر یەکێک لەوانە وشەی تایبەت هەن، وەک: شەرتە شوانی، گاوانی، سەپانی (بۆکرێی شوان و گاوان و سەپان) هەروەها جوتیاری، باخەوانی، بەر خەوانی وە یا وشەی مووچە بۆ کرێی فەرمانبەران. ئەمانە وشەیەکی زۆر دەهێننە ناو زمانەوەو دەوڵەمەندێ دەکەن.

٦- پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کاروباری سەردەم، دەبنە هۆی پەیدابوونی وشەو زاراوەی تازە لە زماندا، چ لە ناو خودی زمانەکەوە، سەر هەڵ ئەدەن و، یا لە زمانی ترەوە وەردەگیرێن، لە هەمان کاتیشدا، دەبنە هۆی لەناوچوون و نەمانی وشەو ناونانی شتی تازەو داهاتوو داکەوتوو. گرنگترین هۆیەک لەم رووەوە، دەبنە هۆی لەناوچوونی وشە لە بەکارهێناندا، دەگەرێتەوە بۆ لە ناو چوونی واتای وشەکان و بەکارنەهێنانیان لە ژیاندا، بەهۆی بەسەر چوونیانەوە، وەکو جلوبەرگی جەنگی و هۆیەکانی گواستنەوەو ئامێرەکانی پیشەسازی و پێوانەوە بارەو چالاکی سیستەمی کۆمەڵایەتی لەناو چوون و، بەکارهێنانیان بەسەرچووەو، لەگەڵیانیشدا وشەکانیان لەناو دەچن و وردە وردە نامێنن، مەگەر لە فەرهەنگدا تۆماربکرێن وەک: روپیە، عانە، لیرە (لیرەی رەشادی)، پێنج فلسی، دە فلسی، فلس، مەتاڵ و قەڵغان، سوپەر، شمشێر (شیر)،خەنجەر، تفەنگی یەک تیر، سێ تیر، ماوزەر،قوناخر، قوناغ خر)، تازەکانیش: حەربە (سونگی) ئارپیجی، تانک، فرۆکە، هاوەن، ساروخ، هەلیکۆپتەر، هەروەها وشەی کێشان و پێوان وەک: ئەلیدرەم، ئیزرەم، هۆقە، باتمان، گەز، باڵ گۆران و بەکیلۆگرام، مللی گرام، تەن، مەتر، تۆپ. پارە تازەکانیش وەک: دینار، پێنجی، دە دیناری، بیست و پێنج دیناری، پەنجایی/ نیو دیناری..

هەروەها نەمان و بەسەرچوونی هەندێک باج و جۆرەکانی وەک: ملکانە، دەیەک (العشر)، سەرانە، بزنانە، مەڕانە، یا باجی خانوو لە هەندێک وڵاتدا، کە لە سەدەی (١٩ز)یەوە تاسیەکانی ئەم سەدەیە، هەندێکیان لە خاوەنەکانیان و، هەندێکیانیش هەر ماون، لە شوێن ئەمانە، وشەی باجی داهات (ضریبە الدخل) لە زماندا هاتەکایەوە، وشە کۆنەکانی سەرەوە فەوتان و لەبیرچوونەوە، بەهۆی نەمانی هەندێک دیاردەی چالاکی و رژێمی کۆمەڵایەتی، لە فەوتان و تەواوبوونن لەگەڵیدا، وشەکانیشیان بەکار نایەن، هەروەها نزیک بوونەوەو کارتێکردنی دوو زمانی وەک ئینگلیزی و نورماندی، بەهۆی پێویستی ژیانەوە، کارتێکردن لە نێوانیاندا روودەدات، زمانی ئینگلیزی لە زمانی نورماندییەوە، وشەی وەرگرت، لاتینی لە زمانی گریکییەوە زیاتر لە هەموو زمانێکی تر وشەی وەرگرتووە، یا زمانی عەرەبی، لە یوونانییەوە وشەکانی جەنگی و زانستی سروشتی و ئامێری چاودێری (الات الرصد) یا ئەڵمانی لە سویدی و فەرەنساییەوە یا کوردی لە عەرەبی و تورکی فارسییەوە وشەی وەرگرتووە. لە تورکییەوە ئەداغ، یەغدان، ئاش (چێشت)، ئەگلەنجە، ناتر، لە فارسییەوە: نەردەوان روخسار، بلور، دارچین، کافور، یاقوت.

٨- کارتێکردنی دوو زمان لەسەر یەک و، بەهۆی نزیک بوونەوەیان و پێکەوە ژیانیان لە سنووری وڵاتێکدا وەک کارتێکردنی زمانی عەرەبی بەهۆی وەرگرتنی فەلسەفەو شەریعەتی ئیسلامەوە، لەلایەن میللەتی ناعەرەبەوە، کە زمانی ئیسلام و قورئانی پێ نووسراوەتەوە، هەروەها کارتێکردنی رۆشنبیری ئەو زمانە، بەسەر زمانی کوردی و رۆشنبیری کوردییەوە، بەدەیان وشەی کەوتووتە ناو زمانەکەوە، وەک: حەج، سەرفترە، کافر، مؤمن، توحید، ئیمان، لیلە القدر، رمضان، مسلمان، امام، ئەسحابەو سەحابی (صحابە)، خەلیفەو خولەفا، صوفی، دەروێش، شێخ... هتد. یا وەرگرتنی وشەی شکارتە (کرێی شوان و

جوتیار بەتۆوکردنی پارچەیەکی بچووکی زەوی بەگەنم وجۆ) لە وشەی (ئەشکارو، ئەشکارە، شکارە)(٨)ی ئەکەدییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی و وەریگرتووە. هەروەها وشەی (ئەکارو، ئەکار) بەواتای کارو ئیشی کشتوکاڵی، بەم شێوەیە وشەکانی زمانی کوردی، زیادی کردووەو زمانەکەش دەوڵەمەندبووە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

٩- زۆر شتی مادی و بەرهەمی کشتوکاڵی، لەبەر پێویست بوونی خۆی و ناوەکەی بەوڵاتاندا بڵاوبۆتەوەو، بازرگانی پێوە دەکرێ و، چۆتە ناو زمانی میللەتانەوە، ئەم بەرهەمە کشتوکاڵییەی وەک وشەی (چای، شای، تی)، چۆتە ناو زۆربەی زمانی وڵاتانەوەو کوردیش لەگەڵیاندا، ئەم وشەیە لە زمانی چۆمی (جزیرە)مالیزیاوەیە کە سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ئەم (چا)(٩)یەیە چۆتە ناو زمانی کوردی و ئینگلیزی و فەرەنسییەوە. هەروەها وشەکانی (زەعفەران، شەکر، کافور، شەراب، قاوە، لیمۆ، چۆنەتە ناو زمانانی تری میللەتانەوە لە وشەکانی زمانی ئینگلیزییەوە وەک Layman, Coffe, Sherbet, Syrop, Camphare,Suger,) Safron) ئەم وشانە، دوای گۆڕان و گونجانی دەنگییەوە، زمانی کوردیش وەریگرتوون و بەکاردێن. هەروەها وشەو زاراوە ئابوورییەکان، پاش گۆڕانی باری ئابووری و قۆناغەکانی ناو کۆمەڵ، لە زمانی میللەت و وڵاتانی پێشکەوتۆوە بەناو زمانانی وڵاتاندا بڵاودەبنەوەو بەکاردێن، یا بەوەرگرتن و داڕشتن یا بەرەو گێڕانیان وەک: پرولیتاریا، برجوازیەت، سوشیالیزم، بیروسترۆیکا، گلاسنۆست، هەروەها وشەی تازەش، لەناو خودی زمانەکەوە، لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیاندا دێنە ناو زمانەوە بۆ نموونە لە کوردیدا ئابووری، قۆناغی کۆیلایەتی، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداری، کرێکار، زەحمەتکێش، رەنجدەر، سەپان، پالە، وەرزێر، خاوەن ملک، (ملکدار)(١٠)

له پاڵ ئەم هۆیانەی سەرەوەشدا بەهۆی دانان و دەرکەوتنی بازاڕەوە، بە هەموو تایبەت و داب و دەستوورەکانیەوە لە هەندێک وەرزدا، بازاڕی کڕین و فرۆشتنی تایبەت لە شارو لادێدا پەیدا دەبن و، جموجووڵێتی ئابووری دێتەکایەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی زمانێکی تایبەت بەو وشەو زاراوەکانییەوە، لەکاتی کڕین و فرۆشتندا (١١)، ئەم دیاردەیەش لە ناو کوردەواریدا دێتە ناوەوە، لەکاتی وەرزی پێگەیشتنی بەرووبوومی ئاژەڵ و مەڕومالات و میوە فرۆشتن لە بەهارو هاویندا وەک وشەکانی: ماست، پەنیر، لۆر، ژاژی، قەیماغ، کەرە (کەری)، رۆن، موو، خوری، هەروەها شامی (شفتی - شوتی)، کالەک (گوندۆرە)، هەرمێ، ئاڵ و باڵو، هەڵۆژە، هەروەها وشەکانی دانەوێڵەی وەک: گەنم (گەنمە قەناری، گەنمە رەشگوڵ، گەنمی مەکسی پاک) جۆ، نۆک/ نیسک، کزن، ماش، هەرزن، لە زمانماندا لە کۆنەوە رەنگیان داوەتەوەو بە هۆیانەوە هەندێک ناوی پیشەو ئیش وکاری وەک: ماست فرۆش، پەنیر فرۆش، گەنم کڕ، تەڕاح، خوری کر، جامباز، قەساب، جەڵەب، کافرۆش، خوێ فروش، خانی گەنم، لە زمانی کوردیدا پەیدابوونەو، هەندێکیان بوونەتە وشەی نازناوو شۆرەت بۆ خۆیان و بنەماڵەو زمانەکەش بە هۆییانەوە، دەوڵەمەند بوونەو وەک: حەمە کافرۆشی، ساڵە جامباز، عەلە قەساب، حەمە شوان، لەم رووەوە زمانی کوردی وشەی کەمی زمانە بێگانەکانی مەگەر بەدەگمەن نەبێت وەرنەگرتووە، بەهۆی خاسیەتی ئیش و کارو بازاڕەوە کە ناوخۆیی یە دوورە لەکارتێکردنی دەرەوە مەگەر وشەی (تەراح، جەلەبی) نەبێت کە کوردی نییە.

لێرەوە لێکۆڵینەوەکەمان بەنموونەوە لە شوێنی پێویستیشدا، بەلێدوانەوە گۆڕانی باری ئابووری، کە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی وشەی زمانی کوردی، لە بوارەکانی کشتوکاڵ و مەڕداری و بازرگانی و پیشەسازی، بە دووشێوەی ژیانی کۆن و ژیانی تازەی ئەو بارانەوە، بەوشەوە ناوی ئەو کەرەسەو ئامێرو

ئامـرازانەی، کە سـەر بەولایەنانەی سـەرەوەن بەپێی مـێژووی کـۆن و تازەیی ئەو قۆناغانە:

١- قۆناغی مەڕداری و کشتوکاڵی و سەردەمی کۆن و تازە.

٢- قۆناغی بازرگانی سەردەمی کۆن و سەردەمی تازە.

٣- قۆناغی پیشەسازی سەردەمی کۆن و سەردەمی تازە.

قۆناغی مەڕداری و کشتوکاڵی دوویەشە:

أ- قۆناغی مەڕداری

ب- قۆناغی جوتیاری و کشتوکاڵی

أ- قۆناغی مەڕداری: بریتییە لە قۆناغی ژیانی خێلەکی و دەرەبەگایەتی لەم قـۆناغەدا، خەڵکی ناو کـۆمـەڵ خەریکی، بەخێـوکردنی مەڕو مـاڵاتن، لەم قـــۆناغـــەدا بایەخی ژیانی کـــۆمـــەڵ، لەســـەر، بەرووبومی ئاژەڵ و بەرهەمی کـشــتـوکـاڵـیــیـە. لەم قـۆناغـەدا بەرهەم هێنانی رادەکـەی بەرز دەبێـتـەوەو پێویسـتـییـەکانیـان، لە جاران زیاتر فراوانتـر دەبن، ئەم ژیانە لە بواری بەرهەم هێناندا شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، کە بریتییە لە شێوەی بەرهەم هێنانی کۆن و پەیوەندی بەرهەم هێنانیش، هەمان شێوەی کۆنە، لەم بوارەدا وشەی زۆر هەن کە لە زمانی کوردی رەنگیان داوەتەوەو، بەهۆی سروشتی ژیانەکەوە کە دوورە لە کارتێکردنی ژیانی دەرەوە، وشەی ناوی ئامێرو ئامرازو کەرەسەو کەلوپەلی ئەم شـتـانە لەناو خـودی زمـانەکەوە سـەریان هەڵداوەو فـەرهەنگی زمـانی کوردییـان دەوڵەمـــەند کـــردووە. پاش داهاتنی ژیانی تازە، بە هۆی گـــۆڕانی باری ئابوورییەوە، وشەو ناوی ئەو دیاردە کۆنانەی ئەم ژیانە بەهۆی وشەو ناوی تازەی سەر بەژیانە تازەکەوە، بەر راماڵین دەکەون و لەبیر دەچنەوە. نموونە:

ناوی پیشـە و ئیـشکەرانی ژیانی مەڕداری و مـەڕومالات: شوان، بزنەوان،

کارەوان، بەرخەوان، گاوان، گولکەوان.

ئەم جۆرە ژیانە لە پێشەو ئیش و کاردا، گۆڕانی بەخۆیەوە نەدیووە، تا وشەی تازە لە زمانی ترەوە وەربگیرێت بۆ ناو زمانی کوردی، تا بەنموونە بیهێنینەوەو، ئەو دیاردانە هەروەکو خۆیان ماونەتەوە.

ناوی کەلوپەلی پێویست: قاپوت، فەرەنجی (کوڵە باڵ)، پوزەوانە، کەلاقۆڕی (شەپقە لە خورییە)،نانە بەرە (جانتای نان)، گۆچان قەڵەنک، هەگبەی شوان، داربێرە (بەردە بیرە).

لە ژیانی تازەدا، هەندێک کەلوپەلی ئەم بوارە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەویش بەشێوەیەکی کەم نەبێت، ژیانی مەڕداری و ئاژەڵداری گۆڕانی کەم پەیدا بووە، وەک لە جیاتی: قاپوت، سەر کڵاو قەمسەڵە جزمە لە جیاتی پوزەوانە بەکاردێت لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە بۆ زمانی کوردی.

ناوی وشەکانی شوێنی بەخێوکردن: هۆڵ، ئاخوڕ، بەندگە پەچە (هەوێز - پەچەمەڕ)، حەسار، حەوشەو مەر، بەندگە، کاتە، کۆز، پاوەن، تەوێڵە، قەرسیل، پەرێز.

لە ژیانی تازەداو پاش گۆڕانی ئابووری، بەهۆی سروشتی ژیانەکەوە، وشەی تازە نەهاتۆتە ناو زمانەکەوەو، گۆڕانیش ژیانەکەی نەگۆڕیوە، بەشێوەیەکی وا کە لە زمانەکەدا رەنگی دابێتەوە.

ناوی کەرەسەکانی بەخێوکردنی مەڕومالات: کۆل، بیر، دەولک (دۆلکە) ئالیک، کاو ئالیک، قەرسیل.

لە ژیانی تازەدا گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، لە کوردەواریدا هەر وەکو خۆی ماوەتەوە.

ناوی وشەکانی کرێی ژیانی مەڕداری: شەرتە شوانی، شکارە(١٢)، نانە زگ (نان و زگ) گاوانی (کرێی گاوان)، بەرخەوانی.

له گـۆڕانی ژیانی کـوردەواریدا، لەم رووەوە، تەنهـا کـرێی ئەم پیـشـانەی سـەرەوە، لە وەرزییـەوە بووە، بە رۆژانە، یا مـانگانە، کـە لەژیانە کـۆنەکـەدا، بۆ ماوەی شەش مانگ لە بری کرێ دا دەبڕا، بێ گوێدانە ژمارەی رۆژو مانگەکانی ئیشکردنەکە، شایانی باسە هەندێک لە ژیانی ماوەیەک لەمەوبەردا، تەنانەت تا کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان بەنانەزگ ئەو ئیشانەی سەرەوە لە لایەن کەسانی هەژارو کەم دەرامەتەوە راپەڕێنراوە.

وشەکانی باج وەرگرتنی ئاژەڵداری: ئەم جۆرە باجانەی خوارەوە، جاران لە کۆندا، پەیێی ژمارەی سەر، لە خاوەن ئاژەڵ بەتایبەتی لەکاتی جەنگدا سێنراوە. وەکو لەلایەن دەوڵەتی عوسمانلیەوە، لە جەنگی یەکەمدا بۆ مەڕو بزن و شتی تر دانراوە وەک: مەڕانە، بزنانە، سەرانە، ئەم جۆرە باجانە ئێستـا نەماون و لەناو زمانەکەشدا لەبیرچۆتەوە، مەگەر بۆ یەکێک شارەزاو لەو سەردەمە ژیابێت.

ناوی جـۆری ئاژەڵ کـڕین و فـرۆشتن: داشت (بۆ بەخـێـوکـردن و سـوود لێ وەرگرتن)دا بەستـە، مەڕو بزنی قـسر (واتە نەزاو) ئەم لایەنە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە تا وشەی جێگریان لە زمانەکەدا رەنگی دابێتەوە.

أ- وشەکانی جوتیاری و کشـتوکاڵی: لەم بوارەشدا ژمارەیەکی زۆرە وشە لە زمانی کوردیدا رەنگی داوەتەوە، هەندێکیـان لە ناو زمانەکە خۆیەوەو هەندێکی تری لە زمانانی بێگانەوە وەرگیراون، بۆ کۆنەکانیان پێویستە تۆماربکرێت.

ئەگـینا پاشمـاوەیەک لەبیردەچنەوە، وشەکان بەپێی سەردەمی ژیانی کۆن و تازەییان پۆل دەکەین چونکە زۆربەیان نەماون وەی تازەو نوێ هاتۆتە شوێنیان.

ناوی کـەرەسەو ئامێـرو ئامـرازی جـوتکردن: هەوجارو کەرەسـەکـانی وەک (گاسن، دەسەدووم، خەپە، مژان، نیرە، چەمبەرە، خوێنە)، لابیتە مەکینەی سێ گـاسن هەر سـەردەمی ژیانی ناوەڕاستـەوە لەجـیـاتی (هەوجـار) هاتۆتە کـایەوە. ئامـێـرە تازەکـانی جـووت کـردن، وەک: تراکـتـۆر (ترێکتـەر) کـەرەسـەکـانی لە

(خرماشە بۆدی، چامرلغ، گێر، سوکان، کۆیل، ملف، کاسکێت، رادێتەر، قایشی رادێتەر، دیلکۆ، ئامێری تۆودەر، ماڵە(١٣) پێکهاتوون. ئەم وشانە لەرێی گۆڕانی باری ئابوورییەوە، لە زمانی بێگانەوە ئینگلیزییەوە لە ناو زمانی کوردیدا رەنگیان داوەتەوەو وشەکانی دەوڵەمەند بووە.

وشەکانی پەیوەند بەرووبەری زەوی کشتوکاڵییەوە: ئەو رووبەرە زەویەی کە تۆ و دەکرێت و کشتوکاڵی لێ بەناو دەهێنرێت، دەکرێتە چەند پارچەکەیەوە، لەکاتی جووت کردن و دێراو برینەوەدا، بۆ مەبەستی ئاسان بوون و هەڵسوڕانی ئیشەکەو جۆربەجۆر کردنی بەرهەم و چاندنی شتی جیاواز، لە یەکتر بۆ گەنم و جۆ، پاقلە، نیسک... وە یا بۆ تەماتەو خەیارو بامیەو باینجان.. هتد. ئەمە دەبێتە هۆی رەنگدانەوەی وشەیەکی زۆر لە زمان، وەک:

لات، لات وبان، سەدە، نیو سەدە، نیولات، سەدەوبان، دێراو، گۆل، خەت.

کەرەسەو ئامرازی درەوکردن (دروونە): داس، داسولکە، قەێناغ، هەستان، ئەمانە کۆنن و پاش ماوەیەک لە بیر دەچنەوە.

ئامێری سەردەمی ژیانی ناوەڕاست بۆ دروونە، وەک: شەپشەپە(١٤) (بەهۆی ئێسترو ولاخەوە بەکاردێت.

ئامێری تازە درەوکردن: بەهۆی گۆڕانی باری ئابووری و پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیاوە ئامێرێ تازە بابەت هاتۆتە مەیدانی کارەوە لەلایەن ئەوروپاوە، ئەمەش لە زمانی کوردیدا چ وەکو بەکارهێنان و، چ وەکو وشەیەک لە ژیان و زمانی کوردیدا رەنگی داوەتەوە، وەک: کومباین (دەراسە)، کەرەسەکانی.

وشەکانی جۆری زەوی کشتوکاڵی: بەیار، وەرد، شۆو، زاخێر، نەرمان، دێم، بەراو، دێمەکار، رەقان، چەقین، ئەم وشانە لەگۆڕاندا جێگریان لە زماندا بۆ پەیدا نەبووە، چونکە سروشتین و پەیوەندن بەجۆری خاک و زەوییەوە.

جۆری زەوی کشتوکاڵی لەڕووی خاوەندارێتییەوە: زەوی مڵک (خاوەنی تایبەتی هەیە) زەوی وەقف (بۆ کاری ئاینی و کۆمەڵایەتی و خێری سەربە ئەوقافە)، (زەوی ئەمیریێ واتە هی میری و دەوڵەتە) زەوی خەوتوو (الاراضی المتروکە)(١٥) بۆ ئەمە (بڕوانە: التطور الاقتصادی فی اوربا والعالم، ل٢٩٧).

جۆری زەوی تۆ وکردن: وشکە وەرد، تەڕەکاڵ، بەیار، پەرێز، خێتۆک.

وشەکانی کەرەسەی گیشەکردن: شەغرەو کەرەسەکانی وەک (شاگردۆغلان، چەڵە، چەمبەر، خەپە، شیش مەڵۆ، کرمە، چاکڵ، ئەم کەرەسانە لە زماندا هەموو کۆن بوون و ماکینەی کۆمباین کە ئامێرێکی درەوکردنە لە ژیانی تازەدا شوێنی دەیان ئامێرو ئامرازو کەرەسەی کۆنی لە بواری دروونەدا گرتۆتەوە وەک: داس، شەغرە، تەنانەت بەهۆی شوفێرەکەیەوە شوێنی سەپان و پاڵە پرۆسەی درەوکردنی گرتۆتەوە،

وشەکانی کەرەسەی خەرمان کوتان: چان لە مژان و نیرەو خەبە پێکهاتووەو خۆشی لەگیای سورناتکە دروست کراوەو، بەشولی دارتوو بەستراوەتەوە گێرەو خەرمانی بەهۆی گوێدرێژو ولاخەوە پێ دەکرێت، کۆنترین کەرەسەیە دوای (پاگێرە)، کە ئەمیش تەنها بریتییە لە رستکردنی چەند (گوێدرێژێک)، جەنجەڕ: (بەهۆی ولاخەوەو گەورەکەی بەهۆی تراکتۆرەوە خەرمانی پێ ئەکوترێ، ئامێرێکی سەردەمی ناوەڕاستە، دوای گۆڕانی ژیان و لە عەرەبییەوە وشەکەی هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، شەنە (شەنەی دار، شەنەی ئاسن)تازەترینی ئامێری خەرمان و درەوکردن کۆمباین: (دەڕاسە)یە ئیشی چەند ئامێرێک و چەند ئیشێکی وەک: درەوکردن، کێشانەو، گێرەوکوتان، شەنەبا) لە یەک کاتدا رادەپەڕێنێت (بۆیە لە شوێنی تریش لە سەرەوە باسمان کردووە لە ئامێری درەودا) ناوەکەش شوێنی ناوی چەندین ئامێری وەک: داس، شەغرە، جەنجەر،

شەنەی گرتۆتەوە).

وشـەکـانی بواری (درەوکـردن): تەبارە (رووبەرو شـێـوەی دەغڵ ودان پێش دروست کردن)، قایە (هەمان شتـە وەک تەبارە، بەڵام بەوشکی و کـاتی درەوی هاتووە)، بەر، سـواڵە، نواڵە، پەرێز، کە لە باوش، (گـەلاوێژ) (بۆ گـەنم)، تایە (بۆ جۆ یا گیشـە) مەلۆ، شارا، وشک، باقە، دەسک. هەروەها وشەکانی بواری پرۆسەی خەرمان کوتانیش وەک: کۆزەر، کۆزەرو بەربا، قرچە شکێن، وردە کوت، پەرەناو، بنمل، پاخۆ، شەنەبا، تارم، جێز، جۆخێن، خەرمان هەڵگرتن، گێرە. ئەم وشـانەی سـەرەوە، بەهەر دوو بەشـەکـەیەوە، ئەگـەرچی ئابووری و سـەر بە ئابووری نین، وەک کـەرەسـەو ئـامـێـرو ئامرازو کـەرەسـەو کـەلوپەلی ژیـانـی ئابووری، بەڵام لەبەرئەوەی لە سنووری ئەو ژیانەدان و بە تـۆمـارنەکـردنیـان لەبیـردەچنەوە. بۆیە بەپێـویـست زانرا تـۆمـاریـان بکەیـن وشـەو ناوی تازەی جـێـگریان لە ژیانـی تازە دانێن.

ناوی شـوێنی دانەوێـڵـە هەڵگرتن: عـەمـبـار، چاڵ، چاڵە گەنم، چاڵە جۆ، بۆ کـاتی مـەترسی و ناخـۆشی)، کـەندوو، هۆڵ، ئەم شت و شـوێنانە بۆ هەڵـگرتن و پاراسـتنی دانەوێـڵـەن و هەندێکیـان وەک ناوی شـوێنی کـا هەڵگرتن: کـادان، لۆدە.

ناوی پیشـەو ئیـشکەرانی کشـتـوکـاڵی و (فـەلاحـەتی): جـوتیـار، سـەپان وەرزێر، پاڵـە، سەرپاڵە، تێلەکـێش(مـەڵـۆنێـر)، کـۆڵـکێش، توتنەوان باخـەوان، ئاودێر، رەزەوان.

شەغرەکێش (هەر سەپان یا کەسێکی تر ئەیکات)، گێرەکەر، فەلاح(١٦) وشەیەکی وەرگیراوە لە زمانی عەرەبییەوە.

جۆرەکانی راپەڕاندنی ئیش و کاری کشتوکاڵی: جێبەجێکردنی ئیش و کاری کشـتـوکاڵی لەناو کوردەواریدا بەکرێ سەپانی یا بەیارمەتیدانی زیارە، هەرەوەزی

له لایەن لادێوە ئەنجام دەدرێت، ئەمەش جۆرە کانێتی وەک بە: جوتیار، سەپانی وەرزێری، کرێ پالەیی، زیارە، هەرەوەزی.

هۆو ئامێرو جۆرو شێوازی ئاودان: هۆکانی ئاودان وەک: باران و، کانی و جوگاو کارێز، بیر، ئەستێل، بنەوان.

ناوی ئامێرەکانی ئاودان(١٧)، وەک ناعور، شێوەی کۆنە، مەکینەی گازی شەش قوەت، مەکینەی بەنزین، شێوەی ژیانی ناوەند، بۆ ئاودان.

بیری ئیرتوازی: تازەترین ئامێری کارەبایی ئاودانەو، لە زمانی کوردی رەنگی داوەتەوە لە عەرەبییەوە وەرگیراوە، ئاوبارەی بۆ بەکاردێت بۆ فرێدانی ئاوە بۆ بەرزایی. جۆرو شێوازی ئاودان: وەک، گۆل، خەت، دێراو، مەرەزە، ئەمانە ناوی شێوەی زەوییەکەن، کە بەو شێوانە دەکرێن و ئاو دەدرێن. شێوازی ئاودان رێگای تازەو نوێی نییە بۆ ئاودان، مەگەر خانووی نایلۆنی (بیوت زجاجیە) ئەمەش لە کوردستاندا پەیرەو ناکرێت بەهۆی ساردییەوە، بۆیە وشەو ناوی تازەمان نییە.

کەرەسەو ئامرازەکانی: لە ئاودان و ئیش و کاری کشتوکالیدا ئەم وشانە بەکاردێن و بۆ هەندێک کەرەسە، وەک: باج، بیل، خاکەناس، بالتە (قازمە).

ئامێرو ئامرازە کۆنە هارین و کۆتان: دەستار، جونی، ئاسیاو (ئاشی ئاو) مێکوت، ئەمانە ناوی کەرەسە کۆنەکانی هارینن، کە لە زمانەکەوە سەریان هەلداوە.

هی قۆناغی ناوەڕاست: ئاشی ئاگر (ئاسیاو)

هی قۆناغی تازە: ئاسیاوی کارەبایی (مطحنە، طاحون) تارادەیەک لە زمانی کوردی قسە کردندا وەک وشەیەکی وەرگیراو لە زمانی عەرەبییەوە لە کوردیدا بەکاردێت لەلایەن خەلکی دانیشتوانی شارەوە.

ناوی وشەکانی کرێی کشتوکالی و جوتیاری: لە زمانی کوردیدا چەند

وشەیەک لەسەردەمی ئەو ژیانەوە، واتە دەست پێکردنی ژیانی کشتوکاڵی ڕەنگی داوەتەوە، لە دوای گۆڕانی قۆناغ و باری ئابووری بەرەو ژیانی تازە، تەنها لە ڕووی ماوەی سەندنی کرێکانەوە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە وەرزییەوە بۆ ڕۆژانەو مانگانە، وەک: شکارتە (هی جوتیار هی شوانیش هەیە)، سەپانی (دەیەک) شەرتە شوانی (وەرزییە) کرێ پاڵەیی (ڕۆژانەیە)، ئیجار، (لە جیاتی بەکرێدانی زەوییە).

لە ژیانی تازەدا، بەهۆی کارکردنی ئامێری تازەی وەک. تراکتۆرو دەڕاسەوە لە جووت کردن و درەو کردندا، کرێ سەندن بەسەعاتە. پاڵەیی و سەپانی و جووتیاری بەهۆی ئامێرو مەکینەی تازەو خێرایی ژیانەوە، ناوو وشەکانی لە زمانی کوردیدا ئێستا بەکار نایەن و، لە بیر دەچنەوە؛ وشەکانی: کرێی دەڕاسە، کرێی تراکتۆر، کرێی کاکوت، شوێنی کۆنەکانی لە زمانەکەدا گرتۆتەوە.

ناوی باجی کشتوکاڵی: لە کۆنەوە، تاسەردەمی ژیانی ئێستاش لە لایەن دەسەڵاتدارو دەوڵەتەوە، بۆ زەوی و زارو بەرهەمی کشتوکاڵی دانراوەو لە جوتیارو فەلاح سەنراوە، هەندێکیان لە سەدەی (١٩ز)ەوە تائێستاش هەرماوە وەکو: مڵکانەی زەوی، دەیەک (العشر) باجی داهات (ضریبە الدخل)، سێ یەک چواریەک لە بەرووبومی کشتوکاڵی(١٨).

لە ژیانی ئێستاشدا وشەی (ئیجار) عەرەبییە، بۆ گرتنی زەوی کشتوکاڵ و بەناوهێنانی، وەرگیراوەو لە کوردیدا بەکاردێت.

وشەکانی بواری بازرگانی:

کردەی بازرگانی لە ناو کۆمەڵی کوردەواری خێڵەکی و سەردەمی دواکەوتووی کشتوکاڵیدا، بریتی بوو لە شێوەی ئاڵ و گۆڕکردنی (سلع المقایضە) بەرووبووم و بەرهەم بەجۆرێکی تری بەرهەم، کە بەپارەو دراو ئەنجام نەدەدراو، لەبەر نەبوون

و کەمی پارەو بوونی ئەو جۆرە بەرهەمانەی، کە ژیانی ئەوسای خەڵکی لەسەر راوەستابوو. ئەم دیاردەی کڕین و فرۆشتنەو سەوداو مامەڵەکردنە، بە زۆری لە لادێدا دەکرا، پاش گۆڕانی ژیان و بەهۆی پەیدابوونی هۆی تازەی بەرهەم هێنان و گۆڕانی چۆنیەتی شێوازو پەیوەندی بەرهەم هێنانەوە بەرهەم زیادی کرد، خەڵکی لە ژیانی ڕاوو شکارەوە(١٩) وازی هێنا، بۆ ژیانی چاندن و بەرهەم هێنانی دانەوێڵەو زیادکردنی، لەم ڕووەوە پێویستی ژیان پەرەی سەندوو، ئامرازی تازەی کارکردن کە بە بناغەی ژیانی نوێ دادەنرێت و، باری ئابووری گۆڕا، پرۆسەی کڕین و فرۆشتنی بەرهەم لە بازاڕدا هاتە کایەوەو شاریش پەیدابوو، لەگەڵیدا بازرگانی ئاڵوگۆڕ کردنی شت و مەک لە سەرەتاوە پەیدا بوو، دوای پەیدابوونی دەسەڵات و دەوڵەت، بەشێوە تازەو داهێنانی یاساوە سکە لێدراو پارەو دراو، بووە هۆی کڕین و فرۆشتن وردە وردە دیاردەی (ئاڵوگۆڕکردنی)ی شت و مەک کەم دەبۆوە، پێویستی یەکانی ژیان تا دەهات زیادی دەکردو لە هەڵکشانیشدا بوو، زۆر شتی تازە لە شێوازی ژیانی تازەدا هاتەکایەوە، بەجۆرێک ئەم ژیانە تازەیە، لە زماندا ڕەنگی دایەوە، وشەکانی زمان دەوڵەمەندو فەرهەنگەکەی لە زیادیدا بوو، بەدەیان وشەی نوێ، چ لەناو خودی زمانەکەو پاش گۆڕانی ژیان و پێشکەوتنی بەهۆی گۆڕانی باری ئابووری تازەوە، کە ئەمیش بەهۆی پەیدابوونی هۆیە تازەکانی گواستنەوەی وەک کەشتی، پاپۆڕ، ئۆتۆمبیل، فڕۆکەی بارهەڵگر، شەمەندەفەری خێرا، بازرگانی بەتەواوی پەرەی سەندو گۆڕاو برەوی ژیان خۆشتربوو، شتی تازە و پێویستی ژیانی نوێ جۆر بەجۆر بوو، بازرگانی لە ناوەوە گەیشتە دەرەوە، لەگەڵ وڵاتاندا پەرەی سەندو، ئەم دیاردە تازەیە، لە زماندا بەتەواوی ڕەنگی دایەوە، ژمارەی وشەکانی فەرهەنگی زمان، لە زیادبوون و دەوڵەمەندبووندا بوو، پروپاگەندەو ئاگاداری و ڕاگەیاندنی بازرگانی، لەگۆڤارو ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆندا، بۆ خزمەتی

بازرگـانی دەکـرا، ئەمـە زمـانی بەتەواوی بەوشـەی تازەو نویّ و وەرگـیـراو دەوڵەمـــەند بوو، لەم رووەوە گـــرنگتـــرین هۆیەک، بۆ گـــۆڕانی زمـــان و دەوڵەمەندبوونی، دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی کۆمەڵ، و کاروباری ژیانی بەکۆمەڵ، وەک وشەکانی بازرگانی، نموونە:

وشەکانی کڕین و فرۆشتنی کۆن:

سەودا، مامەڵە، میوە فرۆشتن، بازاڕ لە وشەی(باج- باژ)بازێرەوە (وشەی باج باز پەیدابوو)، خـۆراک، دانەوێڵـە، مـیـوە، بەگـەنم، (بەجـۆ، بەنۆک، بەنیسک) تریّ فرۆش، تەماتە فرۆش، جەوت فرۆش... هتد.

وشەکانی پیشەو ئیش و کاری کڕین و فرۆشتنی سەردەمی ناوەڕاست:

بەقـاڵ، دێوەرە، کـاروانچی، تووتن فـرۆش، جـامـبـاز، خـانچی، توتنچی، جەلەب کڕ، کوتاڵ فـرۆش، گەنم فـرۆش، دوکـاندار، خوری کڕ، حەماڵ (کـۆڵ هەڵگر) ئەم وشـەیە بەهۆی زمـانی عـەرەبیـیـەوە هاتۆتە ناو زمـانی کـوردی و وەرگیراوە، لەسەردەمی زۆر بوونی کڕین و فرۆشتندا پەیدابووە)، هەندێک لەم وشـەو ناوانە، بۆتە نازناوو شـۆرەت بۆ خـاوەن و بنەمـاڵەکـانیـان، وەک: نوری بازرگـان، سالە حەمـاڵ، عـومـەر خـانچی، مـوسـا کـوتاڵ فـرۆش، حەمـەدەمین توتنچی... هتد.

وشەو ناوە تازەکانی پیشەو ئیش و کاری بازرگانی:

لەسـەردەمی بازرگـانی تازەدا هەمـوو بوارێکی ژیـانی تازەدا، بەهۆی گـۆڕانی باری ئابوورییەوە، پیشـەو ئیش و کار دابەش دەبێت و، پسـپۆڕی و شـارەزایی

پەیدا دەبێت، هەر کەس ئیش و کاروپیشەی خۆی دەکات. ئەمەش یەکێکە لە دیاردە تازەکانی ژیانی شارستانیەت و، بازاڕی تازەدا وەک: بازرگانی کوتاڵ، بازرگانی جل و بەرگ، بازرگانی خواردەمەنی، بازرگانی شت و مەکی ناوماڵ، چەرچی، ئاردفرۆش، کوتاڵ فرۆش، قەپانچی، پێڵاو فرۆش، خوێ فرۆش، خوری کڕ، وشە وەرگیراوەکانی ئەم بوارە بە زۆری لە عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، وەک: حەماڵ، جەڵەب کڕ، جوملە فرۆش، قەبانچی، سەیدەلی، سەیدەلانی، اسواق، ئەسواق مەرکەزی، جەرەزات، مرطبات، بایع، معرض، صالون، مجزرە، دەلاڵ، تاجر، تجار (توجار)، جملە، موفرەد، روزمە(باقە)، شەددە، کارتۆن، قەسابخانە، مەیدان هەندێک وشە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوەو لە زمانی کوردی بەکاردەهێنرێت لە بواری کڕین و فرۆشتن و شوێنەکانیدا، وەک: سوپەر مارکت، کافتریا، ئورزدی باک، سێت. ناوی شوێنە بازرگانیەکان بازاڕ، بازاڕگا، خان، کۆشک، دوکان، فرۆشگا، فرۆشگای شۆڕش.

وشەکانی ئامێرو کەرەسەی کێشانی کۆن:

تەرازووی دەست، تەرازووی میل هی سەردەمی ژیانی ناوەند، دەربارەی کەرەسەی کێشان لە کۆندا هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، وەک: ئەلیدرم، ئیزرەم،ئەمانە تورکمانین، لە زمانی عەرەبییەوەش هۆقە (نیو هۆقە)، باتمان (کوردییە)، نیو باتمان. وشەی تەن (طن) لە بازرگانی تازەدا بەکاردێت، لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، قەپان (لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە)، تەرازووی ئەلیکترونی تازەیە لە زمانی ئینگلیزییەوە وشەکانی/: گرام، مللی گرام، کیلۆگرام، لە کڕین و فرۆشتنی ژیانی تازەدایە.

گەز، نیوگەز، باڵ، لە زمانی ئینگلیزی بێگانەوە وشەی مەتر، باڵە (باله).
بەکوردی/ تۆپ (نیو تۆپ)، دەستە دەرزەن، باقە (نیو باقە)، فەردە (نیوفەردە)
لە بواری بازرگانی تازەدا، وشەکانی، تەنەکە، سندوق، (لە عەرەبییەوە
وەرگیراوە) فەردە کارتۆن.

وشەکانی سەر بەباجی بازرگانی:

لە بازرگانی و کڕین و فرۆشتندا، چ لە ناوەوە یا لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، بۆ
هەموو شتێک و لە ناوخۆش بۆ هەندێک شت و مەک لەلایەن دەوڵەتەوەوە
(باج) دەسەنرێ و دەخرێتە پارسەنگی پرۆسەی بازرگانییەوە، وەک: باجی
گومرگی لە بازرگانیدا دەسەنرێت.

عمولە: لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە بۆ کوردی، بۆ هەقی خان و شوێنی
کڕین و فرۆشتن، گومرگی توتن، خوێ، ئەم جۆرە باجانە لە زمانی تازەو کۆندا
بەکاردەهێنرێن و ماون. ترانسێت: لە زمانی ئینگلیزییەوە هاتۆتە ناو زمانی
کوردی بۆ بازرگانی دەرەوەیە، بەرمیل، بۆشکە: لە زمانی عەرەبی و فارسییەوە
لە بواری بازرگانیدا هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە بۆ کڕین و فرۆشتنی نەوت و
گاز.

وشەکانی ناوی پارەو دراو: لە بواری بازرگانیدا پارەو دراو هۆی ئەنجامدانی
کڕین و فرۆشتنە بەهۆی گۆڕانی ژیانی ئابوورییەوە هەندێک دراوو پارەی کۆن
بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخ لە بەکارهێنانیدا نەماون و لەبیر دەچنەوە، هەندێکیان
لە زمانی عەرەبییەوە و هەندێکیان لە زمانی ئینگلیزییەوە، هاتوونەتە ناو
زمانی کوردی، چ لە شێوەی کۆنەکەی و چ لە تازەکەیدا. بێجگە لە ڕەنگدانەوەی
هەندێک وشەو ناوی پارەی جیهانی کە لە کوردیدا ڕەنگیان داوەتەوە، وەک:
عانە، پێنج فلس، دە فلس، بیست فلس، پەنجایی، ڕوپیە، ڕوبع، دراوی

عەرەبین و تێکەڵ بە وشەی کوردی کراون هەروەها: درهەم، نیو درهەم، دینار، پێنج دیناری، دە دیناری، بیست و پێنج دینار، پەنجا دیناری، پارە کۆنەکانیش کە لە زمانی بێگانەوە وەرگیراون لە کوردیدا بەکارهاتوون، وەک: قرۆش، لیرە، لیرەی رەشادی، لیرەی قوستەنتینی، لیرەی عوسمانلی، ئەم دراوانە لە بازرگانی ئێستا لە زمانی کوردی وەکو وشەیەکی مردوو ماونەتەوەو دینار شوێنیانی لە کڕین و فرۆشتندا گرتۆتەوە.

دراوی بێگانە و ئەوروپایی: هەندێک دراوو پارەی جیهانی یا ئەوروپایی بەهۆی بازرگانی نێو دەوڵەتییەوە، هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە وەرگیراون لە نووسین: دۆلار، فرەنک، پاوەن، رۆبل بەهۆی گۆڕانی ژیان و باری ئابووری تازەوە، چوونە ناو زۆربەی زمانەکانی میللەتانی جیهانەوەو وەک وشەیەکی زمانەکەیان تەنانەت لە زمانی کوردیشدا بەتایبەتی (دۆلاری ئەمریکی) بەکاردێت.

چۆنیەتی ئەنجامدانی کڕین و فرۆشتن لەکۆندا: لە سەرەتای پەیدابوونی مامەڵەو سەوداو کڕین و فرۆشتندا، بەهۆی نەبوونی پارەوە، ئەنجامدانی لە سنووری ناوچەیی و ناوخۆییدا پەیدا بووە شێوەی ئاڵ و گۆڕی (سلع المقایضه) بە بەرهەمی تر، بەم شێوانەی خوارەوە لە زمانەکەدا بەوشە رەنگی داوەتەوە، وەک: سەر بەسەر، یەک بەیەک، یەک و نیو، یەک ودوو، یەک و سێ... هتد.

قۆناغی پیشەسازی: ئەم قۆناغەش بەهۆی زیادبوونی رادەی بەرهەم و بەرهێنانەوە، لە سنووری پێویستی ماڵ و خێزانەوە، بۆ بوارو سنووری دێهات و، پاشان بۆ سنووری ناوچەو شارەکان بە رادەیەک کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی کەرەسەی خاو و سەرمایە، کە بەهۆیانەوە کارگەو پیشەسازی سەری هەڵداوە.

لەسەرتاوە لەناو کوردەواریدا، لە دێهاتەوە بەشێوەی ئیش و کاروپیشەی بچووک لەسەر ئاستی پێویستی خێزان و دێدا، پیشەسازی یا باشتر وایە بڵێین،

پیشەی دەستی، لە کۆندا دەستی پێکردووە، وردە وردە گەشەی کردووەو لەگەڵ گەشەکردنی و پەرەی سەندنی ژیاندا، پیشەسازی گەورە، لەسەر ئاستێکی گەورەو داهاتی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیای جیهانی پەیدابوو، ئەم بارە تازەیە، لە زماندا بەشێوەی وشە لە زمانی میللەتانداو لە زمانی کوردیشدا رەنگی دایەوە، فەرهەنگی زمانەکەی بە دەیان وشەی زمانە ئەوروپاییەکان بەتایبەتی لە زمانی ئینگلیزییەوە دەوڵەمەندو فراوان بوو، وشەکانی خرانە ژێر رکێفی دەنگ و دەستووری زمانی کوردییەوەو، لە زمانی قسەکردن و زمانی نووسینیشدا بەکاردێن و رەنگیان داوەتەوە، وەک: لەم بوارانەدا، بەپێی سەردەم لە کۆنەوە بۆ ژیانی تازە:

وشەکانی بواری پیشە دەستی کۆنی کوردەواری:

لە بواری ئامێرو ئامرازو کەرەسەی بەرهەم هێنانی کۆن وەک: پاچ، تەور، تیشک (تەشوو)، چەقۆ، بێڵ، باڵتە(قازمە)، خاکەناس، دەستاڕ، مێکوت، هەوجاڕ، ئاشی ئاو، لاپیتە، بێڵەقان، شەغرەو کەرەسەکانی، داس، داسولکە، قەیناغ، هەستان، چەکوش.

پیشەی جۆلایی تەون و کاری دەستی: کڵاشی پەرۆ، کڵاشی بەن، رانک و چۆغەی کر، پەستەک، لباد، لاکێش، فەرەنجی (کوڵە باڵ)، قاپووت، پوزەوانە، گۆرەوی خوری) لفکە (لیفکە)، (ئەوانەی پێشەوە لە خوری دروست دەکرێن)، رەشکە، جەواڵ، تیر، هەگبە، خەرار، بەڕە، بەرماڵ، پۆیەشم، (پۆیەشمین، تورەکە، مافور، رایەخ جاجم، رەشماڵ (خێوەت) ئەمانە لە موو دروست دەکرێن یاتێکەڵن لە خووریش و لە لایەن جۆلاو هەلاج و تەونکەرەوە کە نموونەی پیشەسازی کوردەوارین دروست دەکرێن.

پیشەی خەراتی (دۆمی): هێلەک، بێژنگ، سەرەند، شەنە، بۆپاک کردنەوەی دانەوێڵەو گەنم و جۆ بەکاردێن.

پیـــشـــەســـازی هۆیەکـــانی هاتووچۆی کـــۆن: بەلەم، کـــەڵەک، (عـــارەبانە (گالیسکە).

پیشەسازی ئامرازی سەردەمی ناوەراست/: جەنجەڕ، شەپشەپە (ئامێری دروونەیەو بەهۆی ئێـــســـتـــرەوە بەکـــاردەهێنرێن). مـــەکـــینەی ئاسنی جـــووت، گالیسکەی بەرووبووم کێشانەوە.

ناوی پیشەســـازە کۆنەکـــان: هەلاج، تەونکەر، جۆلا، کـــارگەچی،خەڕات، قازانچی، موتابچی، ئاسنگەر، مسگەر، بۆیاغچی، کلێچی، کورە چی، تەنەکە چی، خـــەچی، هەروەها وشەکـــانی سـابونچی، نەجاڕ لە زمـــانی عـــەرەبییـــەوە وەرگیراوەتە زمانی کوردی.

پێویـــسـتـــە هیـــما بۆ ئەوە بکەین کە ئەم وشانەی بواری سەرەوە، دوای گۆڕانی باری ئابـــووری و، داهاتنی ژیانـــی تازەو پەیدابـــوونی داکـــــەوتنی بـــەرهەمی پیشەسازی تازەی تەکنۆلۆجیا، زۆر ئامێرو پیشەسازی تازە ناوەکانیان هاتۆتە ناو زمـــانی کـــوردییـــەوە یا ناوەکـــانیـــان لە زمـــانی خـــاوەن و مـــیللەتەکـــانیـــانەوە، وەرگیراوە بۆ ناو زمانی کوردی و زۆریش لە بەرهەمە کۆنانە لەگەڵ ناوەکانیان لە بیرچوونەتەوە، یا وردە وردە لەبیـــردەچنەوە بەهۆی پەیدابوونـــی ئامێرو کـــەرەســـەی هاوچەرخ و تازە شوێنەکانیان لە زمانەکەو بەکارهێناندا دەگرنەوەو هەندێکیشیان وەک خۆیان دەمێنێتەوە، نموونە:

پیشەسازی تازەی: ئاشی ئاگر (ئاسیاو)، ئاشی کارەبایی، ئاشی گەرۆک، کارگەی مـافـور کارگەی رستن و چنین، کـارگەی پێڵاو، کارگەی لوقم، کارگەی سۆندە، کارگەی شیرەمەنی (ماست)، کارگەی پەلەوەڕ، کارگەی کاشی، کارگەی بلۆک، کـارگەی ئەلیـمنیۆم (لە ئینگلیـزییەوە وەرگیراوە بـۆ ناو کوردی)، کـارگەی روخام (لە عـەرەبییـەوە وەرگیراوە)، کـارگەی کەللە شـەکر، کارگەی چیـمـەنتۆ (لە عەرەبییەوە وەرگیراوە).

ناوی هۆیەکانی تازەی گواستنەوە: فڕۆکە، کەشتی، پاپۆڕ، شەمەندەفەر، تەیارە، سەیارە، سەفینە، غەواسە، قطار، لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون ناوی پیشەو ئیش کەرانی پیشەسازی لە عەرەبییەوە، وەرگیراون لە زمانی کوردیدا رەنگیان داوەتەوە وەک: مصلح، بەڕاد، کارەباچی، لحیمچی، سەعاتچی، نجار، سوبغچی.

وشەکانی بەرهەمی پیشەسازی جیهانی: کە لە ناو زمانی کوردیدا رەنگیان داوەتەوەو، وەکو وشەیەکی کوردی لە نووسین و قسەکردندا بەکار دەهێنرێت و، خراونەتە ژێر دەستووری بەکارهێنانی زمانی کوردییەوەو، زمانەکەیان دەوڵەمەند کردووە، پێویستە ئەمەش بوترێت، کە وەرگرتنی وشەی بێگانەو ئەورووپایی و ئینگلیزی نابێت بەشێوەیەکی کوێرانە بێت و زۆری لە زمانەکە بکرێت و بەکار بهێنرێن، پێویستە وەرگرتنیان دوای گونجاندنی دەستوورو نەبوونی وشەی خۆماڵی و کوردی بێت، ئەگینا، بەپێچەوانەوە زمانە کە دەخرێتە ژێر لافاوی وشەی بێگانەوەو، پاش ماوەیەک تایبەتی نەتەوەی خۆی لە دەست دەدات و وەرگرتنی ئەم وشانەش بە زمانی خاوەن و میللەتەکەیانەوە ناونراون بەهۆی پێویستییانەوە بەناو زمانانی جیهاندا بلاوبوونەتەوە، بۆیە کاری خراپ ناکاتە سەر زمان. نموونەی وشەکان ئەمانەن:

تراکتۆر، کومباین، پایسکیل، ماتۆر، ترام، تاکسی، لۆری، جێب، پیکاب، لاندرۆڤەر، لاندکرۆزەر، رانج رۆڤەر، ڤۆلگا، تیۆتا، لادە، فیات، ریم، مارسیدس، سوپەر، جامپۆ، فەرگەسۆن، دیزل، رادیۆ، تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ، مایکرۆفۆن، گرامافۆن، ئیرکوندیشن، کۆمپیوتەر، بارۆمەتر، میکرۆسکۆب، کامیرا، سینەما، ترانسستۆر، کۆیل، رادێتەر، رادار، مایکرۆ، تەلەفۆن، تەلەگراف، شوفڵ، گرێدەر، بیلدۆزەر، ...هتد.

لە زمانی عەرەبییەوە: سەیارە، تەسجیل، سماعە، مبردە، غسالە، مجمدە،

فون کاویل، مکینه، طباخ، سۆبه، کاویه، جهاز، لاسلکی، مصفی، کەوسەرە، مشار، مضخه، کەلابە (قلابع)، کابسه.

ناوی ئیش کەرانی پیشەساز بەئینگلیزی: بەهۆی بوونی هەندێک کۆمپانیای ئینگلیزی ئەمەریکایی وەکو هی نەوت، گاز لە هەندێک شاری کوردستان و کوردنشیندا وشەی پیشەسازو کارگەرانی و پیشەزان لە زمانی ئینگلیزی کەوتۆتە ناو کوردی و بەکاردێن وەک: فۆرمەن، فیتەر، وایەرمەن، ئستاف، ئنجنێر، هەروەها وشەی ئۆف (پشـوودان) هاتۆتە ناو زمانی کوردی و لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە.

وشەکانی بەرهەمی پشەسازی جیهان:

کەلەناو زمانی کوردیدا رەنگیان داوەتەوەو وەکو وشەیەکی کوردی لە نووسین و قسەکردندا بەکار دەهێنرێت و خراونەتە ژێر دەستووری بەکارهێنانی زمانی کوردییەوەو زمانەکەیان دەوڵەمەند کردووەو پێویستە بوترێت، کە وەرگرتنی وشەی بێگانەو ئەوروپایی و ئینگلیزی نابێت بەشێوەیەکی کوێرانە بێت و زۆر لە زمانەکە بکرێت و بەکاربهێنرێت، پێویستە وەرگرتنیان دوای گونجاندنی دەستووری و نەبوونی وشەی خۆماڵی و کوردی بێت، ئەگینا بەپێچەوانەوە زمانەکەمان دەخرێتە ژێر لافاوی وشەی بێگانەوەو پاش ماوەیەک تایبەتێتی نەتەوەیی لەدەست دەدات، وەرگرتنی ئەم وشانەش بەزمانی خاوەن و میللەتەکەیانەوە ناونران و بەهۆی پێویستییانەوە، بەناوی زمانانی جیهاندا.

ئەنجامی لێکۆڵینەوە:

بەهۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتوومەتە ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

١- ئاگاداری بوون و ئاگا لێ بوونی وشە کۆنەکانی زمان، بەتایبەتی ئەوانەی لە بواری ژیانی ئێستادا بەسەرچوون و، بەهۆی پێویست نەبوونیانەوە بەکارناهێنرێن و وردە وردە لە بیردەچنەوە بەتۆمارکردنیان دەپارێزرێن.

٢- لێکۆڵینەوە، بەگشتی و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بەتایبەتی ئەوانەی سەر بەزمانی سەردەمی ژیانی کۆن و تازەن فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکات.

٣- توانای زمانەکە بەرامبەر گۆڕان و پەرەسەندن مێژوویی و کۆمەڵایەتی لەڕووی تواناو گونجانی ژیانی تازەو سەردەمدا بەرامبەر زانست و زانیاری و چوونە پێشەوەی ژیانی دەردەکەوێت.

٤- تۆمارکردنی ناوی پیشەیی شارەزایان و جۆری پیشەسازی کوردەواری و باری ئابووری سەردەم لە زۆر قۆناغی جیاوازدا.

٥- هۆی گۆڕانی باری ئابووری و ژیانەوە، دەتوانرێ لە سنووری قسە بەکارهێنراوەکانا جۆری ژیانی سەردەم و چۆنیەتی دیارو دەست نیشان بکرێت، واتە بەهۆی وشەوە دەتوانرێ لێکۆڵینەوەی مێژووی زمان بکرێت.

٦- ناوو وشە کۆنەکانی بواری کشتوکاڵی و بازرگانی و پیشەسازی سەردەمی ژیانی کۆن بەپێچەوانەی بەشێکی زۆر ناوو وشە کۆنەکانی تازەی ئەو بوارانە لەناو زمانەکەوە سەریان هەڵداوەو وەرگیراون.

پەراوێز:

١- بڕوانە: الدكتور علي عبدالواحد وافي/ اللغة والمجتمع، ١٩، ل ١٤٢

٢- د. خليل ابراهيم حماش، اللغة والحضاره، الاقلام عدد (٦)، ٩٧٥، ل ٤٨

٣- دكتۆر وريا عومەر ئەمین،بنج و سیماو یاساکانی گوێزانەوە، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢١)، ١٩٨٩، ل ٧٢

٤-زبير بلال اسماعيل، مێژووی زمانی کوردی، وەرگێڕانی یوسف ڕۆوف علی، بەغدا، ١٩٨٤، ل٨٩، ٩٥.

٥- فؤاد حەمە خورشيد، اللغة الكردية، التوزيع الجغرافي للهجاتها، بەغدا، ١٩٧٣، ل٤٦.

٦- د. علي عبدالواحد وافي، اللغة والمجتمع، القاهرة، ١٩٥١، ل٩.م

٧- التطور الاقتصادي في اوربا والعالم، ترجمة د. محمد عبدالواحد العزيز عجمية بيروت ١٩٨٣، ل٢٩١.

٨- د. جەمال ڕەشید، لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، بەغدا، ١٩٨٨، ل٤٢.

٩- د. علي عبدالواحد وافي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

١٠- بڕوانە: ا/ التطور الاقتصادي في اوربا والعالم، ل١٨٧.

ب/ د. ابراهيم السامرائي، العربية تواجه العصر، موسوعة صغيرة، بەغدا، ١٠٥، ل٤٢.

١١- عبدالعزيز بن عبد الله، تطور الفكر واللغة، دار لسان العرب، لبنان، ل٩٧.

١٢- التطور الاقتصادي في اوربا والعالم، ٢٩٧.

١٣- د. مهندس مرعي، موسوعة المعاجم التكنلوجية التخصصية- الهندسة الزراعية ل٢٤.

١٤- د. مهندس حسن مرعي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٦.

١٥- التطور الاقتصادي في اوربا والعالم، ل٢٩٧.

١٦- د. مهندس حسن مرعي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤، ٢٥، ٣١، ٢٧٠، ٢٨١، ٣١٦.

١٧-التطور الاقتصادي في اوربا والعالم، ل ٢٩١.

١٨- د. جەمال رەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

سەرچاوەکان بە کوردی:

١- د. ئەو رەحمان حاجی مارف، بنچینەی دانانی فەرهەنگی کوردی- عەرەبی، پەروەردەو زانست، ژمارە (٦) سالی (٣)، بەغدا ١٩٧٣، ل٥٧- ٨٤.

٢- ئەنوەر طاهر بکر، گرنگی زمان لە ژیاندا، پەروەردەو زانست، ژمارە ٩، سالی/٤ بەغدا ١٩٧٥، ل٩- ١٠.

٣- د. جەمال رەشید، لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، بەغدا ١٩٨٨.

٤- د. خلیل ابراهیم حماش، اللغه والحضاره، الاقلام، عدد (٦)، ٩٧٥، ل٤٨.

٥- زبیر بلال اسماعیل، مێژووی زمانی کوردی، وەرگێرانی کوردی، یوسف رؤوف علی، بەغدا، ١٩٨٤.

٦- غازی فاتح وەیس، روناکبیری لە کتێبی زمانی نەتەوایەتی کوردی،

رۆشنبیری نوێ، ژماره ١١١، بەغدا ١٩٨٦، ل٢٠٥- ٢١٨.
٧- محمدی ملا کریم و کەمال جلال غریب، هەڵبژاردنی زاراوەی کوردی، پەروەردەو زانست ژمارە ٦، بەغدا، ١٩٧٣، ل٢٩- ٥٦.
٨- د. نەسرین فەخری، پەرەسەندنی مێژوویی واتای وشەو دەوری لە دەوڵەمەند کردنی زماندا، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢٦، بەغدا ١٩٩٠.
٩- د. نەسرین فەخری، رێبازی بە کوردی کردنی زاراوە، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١٤، بەغدا ١٩٨٧، ل١٢٣- ١٣٦.
١٠- د. وریا عمر امین، بنج و سیماو یاساکانی گوێزانەوە، رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢١، بەغدا ١٩٨٩، ل٧٢- ٧٦.

سەرچاوە بەعەرەبی:
١١- د. ابراهيم السامرائي، التطور اللغوي التاريخي، بيروت ١٩٨١.
١٢- د. ابراهيم السامرائي، العربية بين امها وحاضرها، دار الحرية للطباعة بغداد ١٩٧٨.
١٣- د. ابراهيم السامرائي، العربية تواجه العصر، الموسوعة الصغيرة، دار الجاحظ بغداد، ١٩٨٢.
١٤- التطور الاقتصادي في اوربا والعالم محمد عبدالله عجمي، دار النهضة العربية بيروت ١٩٨٣.
١٥- د. جمعة سيد يوسف، سيكولوجية اللغة المرض العقلي، سلسلة كتب شهرية، الكويت ١٩٩٠.
١٦- طه باقر، من تراثنا اللغوي القديم، سمي في العربية بالدخيل، مطبعة المجمع العراقي بغداد/ ١٩٨٠.
١٧- عبد العزيز بن عبدالله، تطور الفكر واللغة، دار لسان العرب، لبنان.

١٨- الدكتور علي عبدالواحد وافي، اللغة والمجتمع، دار احياء الكتب الرسمية حصرط ٢١.

١٩- فواد حمه خورشيد، اللغة الكردية، التوزيع الجغرافي للهجاتها، مطبعة الوسام، بغداد، ١٩٨٣.

٢٠- كتاب المورد، دراسات في اللغة، الطبعة الاولى بغداد ١٩٨٦.

٢١- د. مهندس حسن مرعي، المعاجم التكنلوجية التخصصية، الهندسة الزراعية.

٢٢-د. محمد احمد ابو الفرح، مقدمة لدراسة فن اللغة، دار النهضة العربية بيروت، ١٩٦٦.

٢٣- هيو برام ولش، الطفل والمجتمع ترجمة محمد باقر نويخ، دار الحرية للطباعة، كلية التربية جامعة بغداد، ١٩٩٠.

کاریگەری بزووتنەوەی کوردو فراوانبوونی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی

زمـان وەکـو دیاردەیەکی کـۆمـەڵایەتی، هۆیەکـە بۆ تێگەیشتن، بۆ دەربڕینی هەست و نەست و بیروباوەڕ، واتە زمان دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی، ئەم پەیوەندییەش، بەدەوری خۆیدا، کۆمەڵ پێکدەهێنێت، واتە کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەبێ زمان دروست نابێت، مرۆڤیش بەبێ زمان نابێت و ژیانیش بێ زمان هیچ دەبێت و لە ئاسـتـێکی راوەسـتـاو دەبێت، مـرۆڤ وزەو توانای بیـرکـردنەوەی نامـێنێت(١)، ئەگـەریش یەکـێـک لە کـۆمـەڵ دوور بخـرێتـەوە بزچۆڵی، لەناو ئاوەدانیدا نەژیت وەکو ئاژەڵ هەڵس وکەوت دەکات.

بەمە دەردەکەوێت، زمان دیاردەو هۆیەکی گرنگی ژیانی مرۆڤەو، بەشێکە لە شارستانییەت و شارستـانیـیەت بەبێ زمـان نابێت و پێش ناکەوێت، زمـانیش بەبێ شـارسـتـانیـیـەت هیچ گـەشـەو گۆڕان نـاگرێتـە خـۆی، بۆیە بەهۆی گـۆڕانی لایەنەکانی ژیانەوە، دەگۆڕێت و فـەرهەنگی وشـەکانی، بەم پێیە فراوان دەبێت، ئەم لایەنانەی کـە دەبنە هۆی فـراوانبـوونی وشـەی زمـان زۆرن، وەک: هۆی کۆمەڵایەتی و شارسـتانێتیی نەتەوەو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم شارستانیەتە، هۆی کـاریگەری ئەدەبیـات و پێـشکەوتنی رۆشنبیـری، کـارتێکردنی زمـانێک بەسەر زمانێکی ترەوە، هۆی زمانەوانی، هۆی ئابووری (٢)، هۆی رامیاری.

ئەم هۆیانە، دەبنە هۆی گـەشـەکـردن و پێـشکەوتنی زمـان، بێگومـان

پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ، لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵدا، دەگۆڕێت و زیاد دەکات و پێویستی تازەی ژیانی کۆمەڵ لەگەشەو گۆڕانیدا دێتە کایەوە، ئەو پێویستییانە، پێویستییان بەزمانی دەربڕین هەیە، واتە زمانێک دەبێت لەگەڵ ئەو گۆڕان و پێشکەوتنەدا بگونجێت. واتە زمانی زیندوو رەسەن، دەبێت زمانی سەردەم بێت و، بتوانێت، پێویستییەکانی سەردەم، لە داهات و داهێنانی تازەی تەکنۆلۆژیاو زانستی جۆربەجۆر دەرببڕێت و زمانی زانست و کۆمەڵ بێت.

لێرەوە ژیانی مرۆڤ لەو گۆڕانەدا، هەندێک پێویستی و شتی کۆن، کەمتر بەکار دەهێنێت و، وردە وردە، پێویستی پێیان نامێنێت وشەو ناوەکانیانیش کەمتر لە زمانی ژیانی رۆژانەدا بەکاردەهێنرێت، لێرەوە پێویستی تازەی ژیانی کۆمەڵ وشەو ناوی تازەو نوێباو، دەهێنێتە کایەوەو ئەم وشەو زاراوە نوێیانە دێنە ناو فەرهەنگی زمانەکەیەوە، وشەکانی زیاتر دەکەن و فەرهەنگی وشەکانی فراوانتر دەبێت، ئەم وشەو زاراوانە سەر بەو لایەنانەن، کە لەسەرەوە، هێمامان بۆ کرد، کە دەبنە هۆی فراوانبوون و زیادبوونی وشەی زمان.

یەکێک لەو لایەنانەی سەرەوە، لایەنی رامیارییە کە دەبێتە هۆی فراوانبوونی فەرهەنگی زمان، ئێمە لێرەدا، لەم لێکۆڵینەوەیە لەناو ئەم هۆیەدا هۆیەک دەبینین کە ئاوێتەی، ئەم لایەنەی رامیاری بووەو بۆ کۆمەڵگای کوردەواری، لەشێوەی بزووتنەوەی خەباتی کوردایەتی و شۆڕشەکەیدا، خۆی نواندووەو، کاریگەری بەسەر زمانی کوردەوارییەوە دیارە.

ئێمە لێرەدا، باسی لێوە دەکەین، چونکە لایەنی شۆڕشی کورد کاریگەریی جیاجیا بەسەر زمانەکەیەوە جێهێشتووەو، پێوەی دیارە لەبەرئەوەی شۆڕشیش لەناو کۆمەڵ و میللەتدا پێویستی خۆی هەیە، ئەم پێویستییەش زمانی دەربڕینی خۆی دەبێت، فەرهەنگی وشەو زاراوەی سەربەخۆی دەهێنێتە کایەوەو لە زمانی

کۆمەڵەکەدا، رەنگ دەداتەوە، ئەم رەنگدانەوە لایەنی جۆربەجۆری، شۆڕشەکەی لەناو زمانی کوردەواریدا گرتۆتەوە. واتە شۆڕش و خەباتی کوردایەتی کە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە، کە سەرەتاکەی لە پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتییەوە سەری هەڵداوە، ئەم پەیدابوون و سەرهەڵدانە، بەرە بەرە، لەشێوەی خەباتی رامیاری لە لایەک و، بەشێوەی بزووتنەوەی خەباتی چەکداری، لەلایەکی ترەوە، دەست پێکردووە، لەناو زمانەکەدا وشەو زاراوەو دەربڕینی تایبەت بەخۆی هاتۆتە کایەوە زمانەکەی دەوڵەمەند و فراوانتر کردووە.

بۆ نموونە شۆڕش و راپەڕینی شێخ عوبێدوڵلای نەهری، شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمرو شۆڕشی خۆیبوون (ئاگری داغ) بەسەرۆکایەتی ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا، دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆماری کوردستان، شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١، شۆڕشی نوێی گەلی کورد لە ساڵی ١٩٧٦ەوە(٤) تاکو ئێستا بەدەیان و سەدان وشەو زاراوەی سەر بەژیان و، لایەنی ئەوشۆڕشانە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوەو فەرهەنگەکەیان فراوان کردووە، لە بارەی لایەنی رامیاری، سەربازی و پێشمەرگایەتی، راگەیاندن و ئەدەبیاتی شۆڕش، دارایی و ئابووری... هتد

ئەم وشانە بەرێگای جۆربەجۆری زمانەوانی هاتوونەتە ناو زمانی کوردی و، بەشێوەی پەیوەندی هەرەمی لەسەرەوە بۆ خوارەوە (سەرکردایەتی بۆ ناو میللەت) لەناو زمانەکەو خەڵکدا جێگیربووەو بڵاوبۆتەوە، وشەکانیش لە پەیدابوونیاندا سەربەم رێگایانەن:

١- رێگای دارشتن (الاشتقاق).

٢- رێگای لێکدان (الترکیب).

٣- رێگای داتاشین (النحت).

٤- رێگای وەرگێران (الترجمە).

٥- ڕێگای وەرگرتن (الاقتباس)

لەناو ئەم ڕێگایانەدا، بۆ وەرگرتنی وشەی لایەنی رامیاری و خەباتی چەکداری، بەپێی خاسیەتی زمانی کوردی، ڕێگای لێکدان و دارشتن، دەوری هەبووەو، لە زمانی بێگانەوەش ڕێگای وەرگرتن (الاقتباس) دەوری کاریگەری هەبووە، لە هاتنە کایەی وشەی سەر بەژیانی شۆڕش و رامیاری، ئەم وشانەش سەر بەلایەنی رامیاری، سەربازی، فەلسەفی و نەتەوایەتی، راگەیاندن و تاڕادەیەکیش لایەنی دارایی و ئەدەبیاتی گرتۆتەوە، مەبەستمان لە وشەی ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕییە، ئەمجا بەپێی دیاریکردنی ئەم لایەنانەو، بەپێی پێویست ئاوڕ لە نموونەی وشەکانی سەر بەشۆڕشی کوردەواری دەدەینەوەو، لە شوێنی خۆیاندا، دەیانخەینەڕوو.

ئەم وشانەش، بەزۆری، بەپێی پەیوەندییەکی هەرەمی، لەسەرکردایەتی شۆڕشەکەوە، هاتۆتە خوارەوە، کۆمەڵی کوردەواری و، دەزگا جیاجیاکانی شۆڕشەکە بەکاریان هێناوەو، پاش ماوەیەک لە زمانەکەماندا، چەسپاون و بوونەتە وشەیەکی سەر بەزمان و فەرهەنگی وشەکانی و نموونەی وشە بێگانەکانیش، کەوتوونەتە ژێر رکێفی ئاواز دەربڕینی دەنگسازی، کوردییەوە وەکو دیموکراتی، کادیر، کۆماندۆ، دکتاتۆر، دکتاتۆرییەت، پەرلەمان، پەرلەمانتار، سکرتێر، مەکتەبی سیاسی، فاشیزم، فاشییەت، ئۆتۆنۆمی، فیدرالی، عمیل، عنصری، جینۆساید... هتد.

لێرەوە نموونەی بۆ ڕێگاکانی پەیدابوون و فراوانبوونی وشەی کوردی دەهێنینەوە:

ڕێگای دارشتن (٥): ڕێگایەکە لە وشەو کەرەسەیەکی سەربەخۆی زمانی کوردییەوە، بەیارمەتی پێشگرو پاشگری زمانی کوردی دەتوانرێت دابڕێژرێت، یا دەیان وشەی سەر بەلایەنی شۆڕشی کوردەواری پەیدا بووەو هاتۆتە ناو زمانی

کوردییەوە، وەک ئەم یاسایە.

وشە/ کەرەسەو مۆرفیمی سەربەخۆ + پاشگر = وشەی داڕێژراو.

(ڕەگی چاوگ) نوێـن = ەر ـــ نوێنەر، کـارامە، کـۆمیـتـە، ناوچە، دەسـتـە، بارەگا.

پێـشگر + وشە/ کـەرەسـەی سـەربەخـۆ = وشـەی داڕێژراو لێ + هاتوو ـــ لێهاتوو. ڕاپەڕین، ڕامالّین، بێتەل..

ئەمـجـار نموونەکـانی وشـەی ئەم ڕێگایە وەک: کـوردایەتی، کـۆمـیـتـە، بەرە، خێڵەکی، فڕۆکە، نۆکەر، دەرەکی، سەرەکی، چۆنیەتی، چەندایەتی.

ڕێگای لێکدان: (الطریقە الترکیبیە) بەهۆی لێکدانی دوو مۆرفـیمی یا دوو وشـەی سـەربەخـۆوە، دەتوانرێ بەهۆی ئامرازی ناوگـر یا بێ هۆی لـێکدان، دەیان وشـەی سـەر بەبزووتنەوەی ڕزگـاریخـوازی نەتەوەیی و شـۆڕشی گـەلی کـوردەوە، هاتۆتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە، بەپێی ئەم دەستوورە.

١- وشە/ مۆرفیم + وشە/ مۆرفـیمی تر بێ هۆ = وشەی لێکدراو.

وشەی لێکدراوی بێ هۆ

شـۆڕش + گـێـڕ (ڕەگی چاوگـە) = شـۆڕشگـێـڕ، بنکە، دەست + وەشـێن = دەست وەشێن.

ڕێ + باز = ڕێـباز. زەحـمـەتکێش. فـرە لایەن، زرێـپـۆش، سـەرپەل، سـەرلق، ئەندام پۆل، پەیامنێر، ئاگربەست، سەرباز.

٢- وشەی لێکدراو، بەهۆی ئامرازی بەستنی ناوگرەوە:

وشە / مۆرفیم + ئامرازی بەستنی (ناوگر) + وشە/ مۆرفیم = زەبر + و + زەنگ = زەبروزەنگ.

دەس + بە + سەر = دەسبەسەر، دەربەدەر.

ڕێگـای وەرگـێـڕان، بەهۆی واتاو مـەبەسـتی وشـەی بێـگانەوە، لە حـاڵـەتی

نەبوونی وشەی خۆماڵی و ڕەسەنی کوردی، بەم ڕێگایە وشەی زۆر هاتۆتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە، وەک:

وشە / مۆرفیم + وشە / مۆرفیم = وشەی وەرگێڕدراو

شەڕ + ی + سارد = شەڕی سارد

بەر + ە + شەڕ = بەرەی شەڕ، دژە ئاسمانی

ژووری عەمەلیات، هێرشی سەربازی، ئەنجوومەنی نیشتمانی.. هتد

ڕێگای داتاشین لە دوو وشەی سەربەخۆ، یا زیاتر بەکرتانی هەندێک دەنگ و برگەی وشەوە، دەتوانرێت ژمارەیەک وشە دروست بکرێت، یا ژمارەیەک وشە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، کە سەر بەم ڕێگایەیە بەهۆی لێکدانەوەوە، وەک: کرێگرتە، پێشمەرگە، سەرکردایەتی، پارتیزانی، کۆچڕەو، داستانی تۆڵە...

ڕێگای وەرگرتن: ئەم ڕێگایە، لەوەرگرتنی وشەدا، زۆر فراوان و باوە، چونکە ئەو وشانەی، کە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی و، بەهۆی پێویستی شۆڕشی کوردەوە، هاتوونەتە ناوەوە، لە زمانی بێگانەو ناوی زانستەکان و ناوی زمانی وڵاتەکەوە، وەرگرتووەو، لە ئەنجامی نەبوونیدا دێنە ناو فەرهەنگی زمانەوە لەسەردەمی شۆڕشی کوردا بەدەیان وشە لەم بارەیەوە پەیدابوون، ناوی زانستەکانی و ناوی خاوەنیان هەڵگرتووە، کەسەر بەزمانی خاوەن زانستەکەو زاراوەکەن، وەک:

پارتی، دیموکراتی، لیبرالی، بەتالیۆن، مارکسیەت، دایلەکتیک، سۆشیالیزم، سۆشیالیستی، جەدەلیەت، جینۆساید، ناپاڵم، لینینی، بۆرجوازی پەرلەمان، فراکسیون، مۆبایل تەلەکس، کیلۆ هێرتس، کەناڵ، ئەنتەرنێت، مێگەوات، ڕەدیس، هەلی کۆپتەر، کلاشینکۆف، سەمینۆف، گرینۆف، ئیڤا، سەمتی، مدرعە، بەرمائی، کۆسمۆپۆلیتی، فیوداڵی، رجعی، تقدمی....تد.

بێجگە لەم ڕێگایانە سەرەوە، بەڕێگای خواستن و خوازەشەوە (الاستعارە

والمجاز) هەر لەناو زمانی کوردی خۆیەوە، زۆر وشەو زاراوەی کوردی نوێ بۆ مەبەست و بەکارهێنانی تازە، لەناو شۆڕشەکەو خەڵکدا، بۆ ئەو سەردەمە تازەیە، بەکارهاتن و بڵاوبوونەوەو خەڵکی پێی ڕاهاتن، وەک: (لەشکر) لەبنەڕەتدا بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵکە، وەکو لەشکری بووک گواستنەوە، بوو بەلەشکری سەربازی و بۆ هێزو سوپای کورد بەکارهات. هەروەها وشەکانی، دەستە، لق، پۆل، کەرت، پەل، مەڵبەند، هێز، بنکە، بارەگا، هێرش، سەرلەشکر، ڕێکخراو، ناوچە، شانە، سەرشانە، پاراستن، کۆبوونەوە، ڕابەر سیاسی (لەنێوان کردنی نێوان دووکەسەوە، دەوترێت فلان کەس ڕابەڕیانەو ڕابەرایەتیمان دەکا). زەبرو زەنگ (فاشی)، کرێ گرتە لەئیشکەرەوە بۆ عمیل سیخوڕ، نۆکەر، ڕزگاری، لەخەلاسبوون و نەجاتبوونەوە بۆ ڕزگارکردن واتە تحریر.. وشەی گەلی کوردستان لە هەشتاکانەوە بڵاوبۆوە، بەکاریگەری دروشم و شۆڕشی کوردستانەوە... هتد.

هەروەکو وتمان، ئەم وشانە لەلایەن ڕۆشنبیرانی سەرکردەی شۆڕشەکەوە بەکاردەهاتن و، وردە وردە بەرێگای دەزگاو ڕێکخراوە جیاجیاکانی ڕێکخستنی رامیاری و سەربازی و کادیرەکانی شۆڕش و دەزگای ڕاگەیاندنیەوە، بەناو خەڵکدا بڵاوبوونەوەو لە زمانەکەدا بەکارهاتن وئاسایی بوون.

مەسەلەی زمان و بایەخی زمانی نەتەوەیی، لای هەموو میللەت و شۆڕشێک، سەرنجی شۆڕشگێڕانی کارامەو کەسانی سیاسی و سەرکردەکانی ڕاکشاوەو، جێگای بایەخ پێدانیان بووەو(٦)، لای سەرکردایەتییە یەک لەدوا یەکەکانی شۆڕشی نەتەوەیی کوردیش، هەر لە سەرەتای پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتی و دەستپێکردنی شۆڕشە ڕەواکەیەوە، زمانی کوردی جێگای بایەخپێدان بووە، یەکێک بووە، لە بەرنامەی شۆڕشەکە، بەندێکی سەرەکی مافەکانی کورد بووە، لە دوژمنانی داگیرکەر داواکراوە بایەخی پێبدرێت و، وەکو

زمانی میللەتی کورد، لە ناوچەکەی خۆیدا لەرەسمیاتدا بەکاربهێنرێت(٧) لێرەوە دەردەکەوێت کە شۆرشی نەتەوەیی، هەردەم دەیەوێت، کۆمەڵگای پڕ گیروگرفتی میللەتەکەی و، ناخۆشییەکانی بگۆڕێت و دیاردە ناهەموارو نالەبارەکانی ژیانی نەتەوە، لەڕەگ و ریشەوە بگۆڕێت، کۆمەڵێکی نوێ و ئاسوودە سەر لەنوێ بنیات بنێن، چونکە شۆڕش لوتکەی دەربڕین و داوای رەوای میللەت و مرۆڤایەتییە(٨) کە دەیەوێت ژیانە کۆنەکەی بنبڕ بکات و کۆتایی بەدیاردە ناهەموارو، ناخۆش و، دواکەوتووەکانی بهێنێت، یەکێک لەم داوا رەوایانەش بایەخ پێدانی زمانی نەتەوەییەو خوێندن بەزمانی کوردی، داواکاری هەمیشەیی شۆڕش بووە، مافی بەرگری کردن و زمانی رەسمی بەکوردی بێت و، زمانەکە لەوشەی غەوارەو بێگانە پاک بکرێتەوە(٩).

زمانی کوردیش، بەر بایەخپێدانی رۆشنبیرانی کوردو شۆڕشەکەی کەوتووەو، بەپێی دەرفەت و بوار خزمەتی کراوەو زمانی راگەیاندن و ئەدەبیات و شۆڕشەکە بووە. زمانی کوردیش توانیویتی، وەکو زمانێکی رەسەن و سیمای شارستانێتیی کورد دەربڕی زمانحاڵی سەردەم و پێویستییەکانی ژیان بێت و، لەگەڵ رەوتی پێشکەوتن و دنیای تەکنۆلۆژیادا بڕوات و زمانی کۆمەڵی کوردەواری و شۆڕشەکەی بێت، لە گەیاندنی زانست و زانیاری و پێویستییەکانی شۆڕش و رۆشنبیری، بۆیە دەتوانرێت زمانی کوردی بەزمانێکی رەسەن و زیندوو، بەزمانی سەردەم دابنرێت، کاریگەری شۆڕشی میللەتەکەی پێوە دیارە لە بواری وشەو دەربڕینی سەر بەژیان و قۆناغی شۆڕشەکەدا، چونکە توانیوێتی زمانی کۆمەڵی کوردەواری بێت و لەگەڵ رەوتی گۆڕانەکانی کۆمەڵدا بێت.

داواکاری شۆڕشەکانی کورد، هەردەم مافی بەکارهێنانی زمانی کوردی، لە فەرمانگەو قوتابخانەکانی کوردستاندا ویستووەو، هەوڵی پێشخستنی

زمانەکەیان داوە. لەسەردەمی شێخ مەحموودی نەمردا بۆ یەکەمجار خوێندن لە قوتابخانەی ژێر دەسەلاتی ناوچەی حوکمدارێکەی بەکوردی دەست پێکراو لەم رووەوە بناغەیەک بۆ بەرەو چەسپاندنی زمانی یەکگرتووی کوردی دانراو، وردە وردە لەگەڵ گۆڕانی باری ژیانی سیاسی کوردستاندا، بەرەو گونجاوترو چاکتر، شێوەی کرمانجیی خواروو تائێستاش لەو سەردەمەوە کە ماوەی سێ چارەکە سەدەیە وەکو زمانێکی ئەدەبی لەبرەودایەو، زمانی خوێندن و نووسینە، لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ەوەش، زمانی ناوەندی (مرکز) دەسەلاتی حوکومەتی هەرێم و دەزگا جیاجیاکانێتی، و چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی و رادیۆی جیاجیا بەکوردی پەخش دەکرێت و، بەدەیان گۆڤارو رۆژنامەو بلاوکراوەی حیزبی و رێکخراوی جەماوەری پێ بلاودەبێتەوە، وشەو زاراوەی ئەم سەردەمە نوێیەی، دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی تێکەوتووەو زۆر وشەی کوردی تریش، بۆتە زاراوەی ناو دەزگا جیاجیاکانی ئەم سەردەمە وەکو فیدراڵی، فاکس، بۆرسە، ئەنتەرنێت، فراکسیۆن، پەرلەمان، پەرلەمانتار، دۆلار، یەن، فرانک، سنوورداش، ئاودیو، دەزگای شەهید، ئاوارە، (بەواتای تازەی سیاسی)، عەولەمە(جیهانگیری) عەسکەرتاری،.. هتد.

لەکاتی شۆڕشی چەکداری و شاخدا، بەرێگای رادیۆی شۆڕشی کوردو کادیرانییەوە، کە وەکو رابەرێکی هەمیشەیی، هەواڵی شۆڕش و چالاکییەکانی، بە وشەو دەربڕینی کاریگەرو شۆڕشگێڕانە، دەگەیاندە ناو جەماوەری کورد، لەلادێ کاناو بەهۆی رادیۆوەش لە شاردا. لەمەوە، زۆر وشەو زاراوەو دەربڕینی ئەدەبی دەکەوتنە سەر زاری خەڵک و لە زمانەکەدا جێگیر دەبوون، خەڵکی لەکاتی خوتبەو هەواڵی چالاکییدا، دەبزواند(٩) وەکو: بووکی سەربەستی، لانکەی شێران، شەهیدانی سوور قەلاتی گەل، هورەی پۆلایین و لەبن نەهاتوو، گەلی ستەمدیدە، ئەمجارەش بەفرگری گرت، هەڵۆی بەرزەفڕ، دوژمن بەزێن،

هەڵۆ گیانبازەکانی شاخ، هەڵۆی گەرمیان، شێرە کوڕانی کوێستان، ورەی پۆڵایین و لەبن نەهاتوو، هەپروون بەهەپروون، کەم ژیان و کەڵ ژیان، ئامێزی گەڵ، سەروەری و نەمری، کوڕانی شارو شاخ، بێهوودە دۆڕاو، دوژمنی بێ ورەو دۆڕاو، تۆپە تەیارە شکێنەکان، بووکی سەرکەوتن، دوژمن بەزێن، ئەلقە لەگوێ، سەربازی نەناسراو. هەڵۆی سوور، خۆ فرۆش... هتد.

ئەدەبی شۆڕشگێڕیش، وەکو خاسیەتێکی ئەدەبی بەرگری و تێکۆشان، دەیان وشەو دەربڕینی هەست بزوێن بەتایبەتی لەکات و سەردەمی وریابوونەوەی میللەت وراپەڕین وشۆڕشدا چونەتە ناو زمانەوەو، دەوری کاریگەرو راستەوخۆیان هەیە، لە فراوانبوون و زیادکردنی وشەی نوێی سەربەو سەردەمە، ئەمە لە شیعری کوردیدا بەئاسانی دەبینرێت، وەکو: دیواری کۆنکریت، دەرگای پۆڵا، ڕێگای ئاسن، قەڵغانی گولله، ماری نەوسن، ئازادیخوا، شورەی پۆڵاو بەرد، بووکی تازەی یەک شەوە، بووکی ئازادی، پەندی زەمانە، هەڵسن لەخەو، دایکی وەتەن، دڵی میللەت، سەرکەش، پەندی زەمانە، دەمی ڕاپەڕین، سستی و پەستی، پیاوی بێگانە، وێرانە ماڵ، رووت و رەجاڵ، خۆفرۆشان، هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان، ئازایی و چالاکی و هەندێک پیشەو نازناوی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشدا دەبنە هۆی هاتنە کایەی هەندێک وشەو گرێی سەر بەخاسیەتی ئازایی و دەبنە ناوو شۆرەت و بڵاودەبنەوە(١٠)، بۆ نموونە: پۆڵا بیکەی سی، رەحمان دۆشکە، مەلا کۆیتەر، عەلی برنەو، ئاراس بێتەل، پیرۆت تۆپچی...هتد.

دوای ئەم بوارە جیاجیایانەی کە دەبنە هۆی زیادبوون و فراوانبوونی وشەی زمانی کوردی، بەزۆری لایەنی رامیاری لە شۆڕشی کوردا، لە بواری کاریگەری فەلسەفەی شۆڕشگێری و بیری نەتەوایەتی و ئایدیۆلۆژیاو ڕێبازی شۆڕشدا، بەدەیان وشەی بێگانەو خۆماڵی دێتە ناو زمانەوەو فەرهەنگی زمانی کوردیش

لەم بوارو بارەدا وشــەی زۆری وەرگــرتووەو بەكــارهێناوە، چی لەســەردەمی شۆڕشەكەداو، چی لە دوای ئەو ماوەیەداو لە زمانی كوردیدا چەسپاوە، وەكو:

أ- وشەی بێگانە:

وشەی سیاسی و بواری رێكخستن و ئایدیۆلۆژیا، وەكو: ماركسیەت، ماوی، جیفارستی، فرە حیزبی، قومی، تقدمی، پێشكەوتوخواز، لینیتیەت، حەتمیەت، دایلەكتیك، پرانسیب، پرۆسە، كۆسمۆپۆلێتی مادی، میسالی، میسالیەت، ئۆتۆنۆمی، حوكمی زاتی، فاشیەت، فاشیزم، دیكتاتۆر، دیكتاتۆریەت، تاكتیك، ستراتیژ، ئینهزامی، رادیكالیی، ثوری، ئیشتراكی، سۆشیالیستی، دیموكراسی، كۆلۆنیال، جینۆسايد.. كۆمۆنیست، شیوعی، كۆنفدرالی، دیموكراتخوازان، سەندیكا، ئەرستۆكراتی، پەرلەمان، دیبلۆماس، سكرتێر... هتد.

ب- وشەی خۆماڵی (سیاسی و ئایدیۆلۆژیاو رێكخستن): كوردایەتی، سەركردایەتی، كۆمیتەی ناوەندی، مەڵبەند، مافی مرۆڤ، مافپەروەر، رێكخستن، لق، ناوچە، رێكخراو، شانە، پۆل، رابەر سیاسی، رابەر، لیژنە، مەكتەبی سیاسی، رزگاریخوازی نیشتمانپەروەر، سیاسەتمەدار، بەرخۆدان، سەرهەڵدان، سەرخۆبوون، بزاف، سەرشانە، بەرە، رەگەزپەرست، كوردپەروەر، مافی مرۆڤ، پاراستن، رێباز، زەبرو زەنگ، وڵاتپارێز.... هەڤاڵ، هەڤاڵی سەركردە، هاوڕێ، ئەنجومەن، ئەنجومەنی باڵا، ئەنجومەنی گوندەكان، ئەنجومەنی شار.

وشە سەربازییەكان: مەكتەبی عەسكەری، پێشمەرگە، پارتیزان، هێز، لەشكر، سەرلەشكر، فەرماندەی سوپا، دەست وەشێن، تانك، دەبابە، لق، پەل، دەستە، سەرلق، سەرپەل، سەردەستە، فەرماندەی هێز، مەڵبەند، بەتالیۆن،

هەرێم، کۆماندۆ، مەفرەزە، ڕەبایە، هێرش، بنکە، هجوم، یاریدەدەر، چالاکی، گەریلا، دزە (تسلل)، کلاشینکۆف، سەمینۆف، ئارپیجی، بیکەیسی، سەمتی، فڕۆکە، زیل، هەنتەر، مێک، سۆخۆی، گەماڕۆ، بۆسە، کەمین، ڕەبایە، فەوج، لیوا، وحدە، معسکر، فیلق، فیرقە، کەتیبە، پاشەکشە، کۆپتەر، برێن، بڕنەو، تۆپخانە، جبەخانە، کشانەوە، سەرهەڵدان، بزاف، ڕاپەڕین، شۆڕش، انسحاب، پاشەکشە، تۆپ، هاوەن، داگیرکەر، هێز چەکدار، ڕامالین، بێسیم، بێتەل، مۆرس، جفرە، جیهاز، دەزگای عەسکەری، هۆکی تۆکی، زرێپۆش... هتد. سەرتیپ، کەرتی تیپ، بەرگری، مین، ئاگربەست، بەرەی شەڕ، شەڕکەر، دیل، دەسبەسەر، ناپاڵم، سارۆخ، گرینۆف، نۆبەدار.

وشەکانی دەزگای ڕاگەیاندن و پەیوەندی کردن: پڕوپاگەندە، فاکس، مۆبایل کەناڵ، ڕەدیس، ئینتەرنێت، بانگەواز، ئاگاداری، پەیامنێر، ڕێپۆرتاژ، گۆڤار، ڕۆژنامە، چاوپێکەوتن، شەپۆل، مێگەوات، مێگەهێرتس، ڕەدیس، شەپۆلی کورت، کەناڵ.. هتد.

وشەکانی بواری ڕێکخستن: کۆبوونەوە، نهێنی، نهێنی پاراستن، پێشنیاز(پێشنیار)، تەنگ و چەڵەمە(گیروگرفت)، کۆنگرە، کۆنفرانس.

وشەکانی بواری دارایی: ئازوقە، یارمەتی، باج، سەرباج، گومرگ، داهات، داهاتی ساڵانە، دەرماڵە، بازگەی گومرگی، فرۆشگا، فرۆشگای شۆڕش، دارایی، باجی داهات.

بەهۆی شۆڕشی کوردەوە، هەندێک وشەی کورتکراو پێی دەوترێت وشەی ئەکرۆنۆمی Acronomi کەلەپیت و بڕگەی یەکەمی هەر وشەیەک تە بۆ ناونانی ڕێکخراو یا حیزب بەکاردێت بۆ سووکی کورت دەکرێتەوە، وەکو وشەیەکی واتادار لەناو زماندا بەکاردەهێنرێت، کە خۆی لە بنەڕەتدا هێمای ناوە گەورەکەیە، کە لەچەند وشەیەک پێکدێت و وشەیەکی نوێی لێ دادەڕێژرێت.

وەکو: پ د ک، ی ن ک، حشع، پاسۆک، حسک، PKK، ناتۆ، سەنتۆ، نیاتۆ، (ناوی بەرەو هاوپەیمانی چەند دەوڵەتێکن کە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە یا بەرەیەن)، یونسکۆ، یونیسێف، فاو، (FAW)،کرا (KRA)،... هتد ئەم وشانە بریتییە لەپەیڕەوکردنی ئەلف و بێیەکی جیهانی، کورتکراوەکەی (IPA)واتە: (International-Phonetic-Alphabet) پێڕەوێکە، لە داڕێشتنی وشەدا پیتی یا (دەنگی) یەکەمی ریزە وشەیەک وەردەگیرێت و، وشەیەکی نوێی لێ دادەڕێژرێت. یاخود فەلەک (واتە: فەرماندەی لەشکری کوردستان)، س ش ک (سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان)، ل ش ک (لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان). (UN) (یوئێن).

لە دوای راپەڕینی گەلی کوردی کوردستانی باشوور، لە بەهاری، ١٩٩١ هەندێک وشەی تر هاتنە ناوەوەی زمانی کوردی و چەسپان وەک: کۆچڕەو، فیدراڵی، پەرلەمان، فراکسیۆن، پرۆڤاید کۆمفۆرد، هێڵی دژە فڕین، خەتی ٣٦، هێزی چاکوج، خەتی هاملتۆن، خێرخواز، فریاگوزار (وەکو زاراوەو وشەیەک بۆ ڕێکخراوەکانی نێو دەوڵەتی)ن شیلتەر، لێرەوە دوای پیشاندانی نموونەی وشە جۆربەجۆرەکانی سەردەمی شۆڕشی کورد دەردەکەوێت، کە زمانی کوردی توانیویێتی زمانی کۆمەڵەکەی بێت و لە ئاستی گۆڕانەکان و زمانحاڵی سەردەم بێت، بۆیە دەتوانین بڵێین: زمانێک لەگەڵ ڕەوتی زەماندا بێت و بتوانێ پێویستییەکانی تازەی ژیان و ئاسۆ فراوانەکەی دەرببڕێت، مانای وایە زمانەکە ماوەو نەمردووەو(١٠) لەگەڵ ڕەوتی کۆمەڵەو گۆڕانەکانیدا هاوشانە.

دوای ئەوەی لایەنە جیاجیاکانی کارتێکردنی شۆڕشی کوردمان کە بریتییە لەکاریگەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد، بەسەر زمانی کوردییەوە، دیارو دەستنیشان کردو نموونەی پێویست و جیاوازمان بۆ هێنایەوە، پێویستە تایبەتێتی زمانی شۆڕش و شۆڕشگێری لەبیر نەکەین و لەم ڕووەوە، چەند

تایبەتییەک دەخەینەڕوو.

١- زمانێکی بزوێنەر بێت وببێتە هۆی بزواندنی کۆمەڵانی خەڵکی جیاجیای کوردەواری، بۆ کۆکردنەوەیان لە دەوری شۆڕشەکە، زمانی کوردی سەردەمی شۆڕشەکەی ئاوێتەی ئەم شێوازە بووە.

٢- وشەو دەربڕینەکانی بریتییە لە گیانی بەرگری و بەرخودان و هاندان بەرەو قوربانیدان و وروژاندنی خەڵک، بەشێوەیەکی کاریگەر.

٣- بەشێوازێکی وا بێت کە هەستی نەتەوەیی و هۆشیارکردنەوەی تێدا بێت.

٤- شێوازێکی کوردانەی خۆماڵی بێت.

٥- پاک و بژار کرابێت لەوشەی بێگانەو نامۆو ناکوردی.

٦- لە حاڵەتی نەبووندا وشەی بێگانەی گونجاو بەکاربهێنرێت و لە دەنگسازی کوردییەوە نزیک بێت و دەربڕینێکی خۆماڵی هەبێت.

دوا شت پێویستە بوترێت ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە بەناونیشانی کاریگەری بزووتنەوەی کوردو فراوانبوونی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردییە، یا شۆڕشی کوردو فراوانبوونی وشەی زمانی کوردییە، ئەم لایەنە لەناو یەکێک لەو لایەنانەوە کاردەکاتە سەرگەشەی زمان و فراوانبوونی وشەکانی دەشێ پێی بوترێت لایەنی سیاسی و شۆڕشگێڕی، چونکە بەگشتی هەموو زمانێک بەهۆی ئەم خاڵانەی خوارەوەش فەرهەنگی وشەکانی فراوان و زیاد(١١) دەکات:

١- هۆی کۆمەڵایەتی لەشارستانێتی نەتەوەدا، وەکو خوورەوشت، دیاردەی فەلسەفی و هۆشمەندی و چالاکیی کۆمەڵایەتی.

٢- کارتێکردنی زمانێک بەسەر زمانێکی ترەوە، بەهۆی ئەدەبیات و بیروباوەڕ.

٣- کاریگەری بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی بەهێز.

٤- هۆی زمانەوانی.

٥- هۆی ئابووری.

٦- هۆی ئایینی.

٧- هۆی رامیاری و شۆڕش و هەستی نەتەوایەتی (ئەم هۆیە هەندێک جار بۆ میللەتی ژێر دەسەڵاتی سیاسی میللەت تر بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی لاوازی زمانی دووەم و قەدەغەکردنی وەکو زمانی کوردی لە باکووری کوردستان کە لە بیستەکانەوە تاکو ئێستا بەفەرمانێکی رەگەزپەرستانە قەدەغەکراوە.

ئەنجامی لێکۆڵینەوە.

١- شۆڕشی نەتەوەیی کاردەکاتە سەر فراوانبوونی و زیادبوونی فەرهەنگی وشەی زمانی نەتەوەکەی.

٢- شۆڕشی نەتەوەیی، زمان لەوشەی بێگانە بژار دەکات و وشەی پەتی و خۆماڵی بەکاردەهێنرێت و لە زیادبووندا دەبێت.

٣- وشەو زاراوەو دەربڕینی تازە، سەر بەشۆڕشەکە، لەناو زمانەکەوە، بەهۆی رێگا جیاجیاکانی دروستبوونی وشەو، بەرێگای وەرگرتنی وشەی بێگانەوە دێنە کایەوەو سەرهەڵدەدەن.

٤- وشەکانی سەر بەشۆڕشەکە بەزۆری لایەنی سیاسی و رێکخستن و سیاسی و سەربازی دەگرێتەوە، لایەنەکانی تر کەمترن.

٥- ئەدەب و شیعری شۆڕشگێری و بەرگری لەناو شۆڕشەکەوە، هۆیەکی یارمەتیدەرن بۆ هێنانە کایەی وشەو دەربڕینی تازەو نوێ.

٦- بوونی حیزبی جیاواز بۆتە هۆی پەیدابوونی وشەو زاراوەی جیاواز لەبواری سیاسی و رێکخستن و سەربازیدا وەکو کوردستان.

پەراوێزو سەرچاوەکان:

١- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، چەند کێشەیەکی زمانناسی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، ژمارە (١١)ن بەغدا، ١٩٨٦، ل٢٥.

٢- رەفیق شوانی، گۆڕانی باری ئابووری و فراوانبوونی وشەی زمانی کوردی، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٢)، ١٩٩٣، ل٦٨-٨٠.

٣- ئەم دیاردەیە لای میللەتی ژێر دەست بەهۆی سیاسەتی رەگەزپەرستی میللەتی دەسەڵاتدارەوە، دەبێتە هۆی لاوازی و قەدەغەکردنی زمانەکەیەوە، بەڵام شۆڕشەکەی هەوڵی پووچەڵ کردنەوەی ئەم سیاسەت دەدات.

٤- رۆژنامەو گۆڤارو ئەدەبیاتی ئەو شۆڕشانە، هەندێکیان بوونە هۆی پەیدابوون و بەکارهێنانی وشەی نوێیاو. چونکە گۆڤارو رۆژنامەی سەربەخۆیان هەبوو، بۆ نموونە وەک: رۆژنامەی کوردستان (ئێران)، هەڵاڵە، نیشتمان، رۆژی کوردستان...هتد.

٥- زمانی کوردی زمانێکی لێکدراوە، چونکە زۆربەی وشەکانی بەهۆی ئەم رێگایەوە پێکدەهێنرێت و رێگای (داڕشتن)یش بەپلەی دووەم دێت.

٦- ابن خلدون ساطع الحصري، في اللغة والادب وعلاقتهما بالقومية، سلسلة التراث القومي،، مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٨٥، ص٤٢.

٧- بڕوانە داواکارییەکانی شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمرو زۆربەی رێکخراوو کۆمەڵە کوردییەکان و شۆڕشەکانی تری کوردو بەیاننامەی (١١) ئاداری ١٩٧٠ی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ و رێککەوتنەکەی لەگەڵ دەوڵەتدا.

٨- هادي نعمان الهيتي، الاتصال والتغير الثقافي الموسوعة الصغيرة (٢٣) بغداد ١٩٧٨، ص١٠٧.

٩- ابن خلدون ساطع ألحصري، هەمان سەرچاوە ص١٢٧.

١٠- ابن خلدون ساطع الحصري، هەمان سەرچاوە ص١٢٤.

١١- بڕوانە:أ/ د. ابراهيم السامرائي، اللغة والحضارة، بيروت، ١٩٧٧، ص

ب- د. علي عبدالواحد وافي اللغة والمجتمع ١٩٧٢ /ص٩.

١٢- د.عائشة عبدالرحمن (بنت الشاطي) لغتنا والحياة، مصر ١٩٧١، ص٨٠.

تێبینی: نموونەکانی نێو ئەم باسە لەسەرچاوەوە وەرم نەگرتووە، خۆم بەهۆی بەهاوچەرخی شۆڕشی کوردەوە، کە لەناو خەڵکدا باوەو هەندێکی لەمەوپێشەوە بەکاردەهات هێناومەتەوە، بەپێی بواری بەکارهێنانەکەی جوون جوون (تصنیف)دامناون.

هۆی پەیدابوونی زارو
سەرهەڵدانی زمانی نەتەوەیی

پوختە

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە ئەنجامی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵ و زیاد بوونیدا، زمان دەگۆڕێت و سنووری بەکارهێنانی بەربڵاوو فراوان دەبێت و، بەملاو بەملای شوێنەکەیدا پەل دەهاوێت و گەشە دەکات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە، هۆیە تایبەتییەکانی دروست بوونی زارو شێوەزاری زمانی کوردی دەخاتە پێش چاو، وەک هۆی جوگرافی و جیاوازی سروشتی ئاڵۆزی کوردستان و شێوەی ئەدەبی جیا جیاو جیاوازی کۆمەڵایەتی و... هتد، بەڵام باری ئاڵۆزی سیاسی کوردستان، وەکو وڵاتێکی دابەشکراو و لێکدابڕاو، بێگومان هۆیەکانی پەیدابوونی زار لەناو زمانی کوردیدا، زیاتر ئاڵۆزتر دەکات. بەهەمان شێوە لێکۆڵینەوەکە لە هۆی گۆڕانی یەک لە زاراوەکانی زمانی کوردی بۆ زمانی نەتەوەیی (زمانی نووسین - زمانی یەکگرتوو)دەدوێت.

پێشەکی

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە ئەنجامی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵ و زیادبوونیدا، زمان دەگۆڕێت و سنووری بەکارهێنانی بەربڵاو فراوان دەبێت و بەملاو بەملای شوێنەکەیدا پەڵ دەهاوێت و گەشە دەکات.

زمان بریتییە لە چالاکی بیری مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا، بیری مرۆڤیش لە یەکتر جیاوازەو زمانیش رەنگدانەوەی بیری مرۆڤە. بۆیە جیاوازی تێدەکەوێت(١).

ئەمە سەرەتایەکە، بۆ جیاوازی دەربڕین و قسەکردن، لەمەوە زار پەیدا دەبێت، زاریش بریتییە لە شێوەی جیاوازی قسەکردن، لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر، لە سەرەتاوە بەجیاوازی دەربڕین و گۆکردنی دەنگەکان و وشەکان دەست پێدەکات و لەگەڵ بڵاوبوونەوەو فراوانبوونی سنووری بەکارهێنانی زمانەکە، گەشە دەستێنێت و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، جیاوازی دەربڕینی دەنگێک وەکو وشەی (ماڵ) لە سلێمانی و کەرکووک لە زاری سۆرانی دەبێتە (مار) و لە بادیناندا (مال) دەنوێنی. یا وشەی (چێشت - شیو - ئاش) لە سلێمانی و سۆران و کەرکووکدا، ئەمە گەورە دەبێتەوەو ناوچەیەکی جیاوازی قسەکردن دەگرێتەوەو دەبێتە زار لەناو زماندا. پێی دەوترێت (زاری ناوچەی - Dialects Locaux)(٢).

ئەمجا بەربڵاوی و فراوانبوونی ناوچەی زمان، دەبێتە هۆی پەیدابوونی زار، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕێگا بۆ هۆی تر خۆشدەکات، کە ڕاستەوخۆ دەبنە هۆی پەیدابوونی زار لەناو زماندا کە ئەمانەن:

١- هۆی کۆمەڵایەتی رامیاری(٣): پەیوەندە بەسەربەخۆیی ئەو ناوچانە لەیەکتر، کە زمانەکەی تێدا بڵاوبۆتەوە لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندەکە کە پێکیانیوۆە بەستبوو، بەڵام فراوانبوونی دەوڵەتەکەو زۆربوونی ناوچەکانی و جیاوازی گەلەکانی ژێر دەسەڵاتەکەی، دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی مەڵبەندی دەوڵەتەکە بەسەر ناوچەکانی تریەوە، ئەم هۆیە، دەبێتە هۆی پارچەبوون و دابڕینی ناوچەکانی وڵاتەکە، لەیەکتری و دروستبوونی دەوڵەتی بچووک و سەربەخۆ لە یەکتر، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبێتە جیابوونەوەی یەکێتی بیرو زمان لە یەکترو لەهەر ناوچەیەکی جیاوازی کارگێری، ڕێگا بۆ

پەیدابوونی زار خۆشدەکات.

٢- هۆی کـۆمـەڵایەتی دەروونی ئەدەبی، بەهۆی دروسـتـبـوونی ناوچەی جیاوازەوە، کۆمەڵی بچووک لەناو کۆمەڵە گەورەکەدا پێکدێت، کە دانیشتوانی جیاوازی ئەو کۆمەڵە، دەبێتە هۆی جیابوونەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و خووڕەوشت و رادەی جیاوازی رۆشنبیری و بیرکردنەوەی جیاواز لەناو ئەو کـۆمـەڵەوە دێتە کـایەوە، ئەم جـیـاوازییـانە لە دەربڕین و ئاخاوتندا رەنگە داتەوەو زار لەناو زمانەکەدا پەیدا دەکات.

ئەگەر لە بارەی زمـانی کـوردییەوە بەفـراوانی سەیری(٤) ئەم هۆیە بکەین و وڵات و کـۆمـەڵی گـەورەی کـوردسـتـان بەنموونە بهێنینەوە، ئەوا بەهۆی دابڕینی کـوردسـتـانەوە بۆ چوار بەش، سـیـسـتـەمی جـیـاوازی کـۆمـەڵایەتی، لەهەر پارچەیەکـیـدا دروستبووە، کە بۆتە هۆی دەربڕینی ئەدەبی جیاوازو گەشەکردنی زاری سەرەکی، وەک: کرمانجی سەروو، کرمانجی ناوەڕاست، هەورامی، لوڕی، کەهەر شێوەیەکی ئەدەب و رۆشنبیری تایبەت بەخۆی هەیەو، لە زمانی کوردیدا بەشێوەی زاری جیاواز رەنگی داوەتەوە.

٣- هۆی جـوگـرافی کـە لە جـیـاوازی سـروشـتی ناو وڵاتدا، دەردەکـەوێت و لەڕووی جـیـاوازی، کـەش و ئـاوو هەواو ژینگەو شـێـوەو شـوێنی وڵاتەکـە خـۆی دەنوێنی و، دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی، هەر ناوچەیەک لەیەکتر، لە چیاو رووبارو دەریاو دەشت و گـردۆلکاوی، کـە جـیـاوازی دەخـاتە ناو سـروشـتی وڵاتەوە، ئەنجامەکەی جیاوازی و جیابوونەوە لەزماندا، دروست دەکات. لە کوردستاندا ئەم دیاردەیە تا رادەیەک دەوری بینیوە، ئەگـەرچی رووباری کـەمی تێدایە، بۆ نموونە ناوچەی جـوگـرافی نێـوان هەردوو زێی گـەورەو زێی بچـووک کـە شـوێنی دەسـەڵات و پێکهێنانی مـیـرنشـینی (سـۆران) بووە، زاری سـۆرانی لە زمـانی کوردی، شێوەی کرمانجی خوارووی دروست کردووە.

٤- هۆی میللی کە لەناو دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکاندا دەردەکەویت، وەک جیاوازی نێوان خەڵکەکە، لەرووی تیرەو تایەفەو هۆزەوە، کە هەریەکی سەربەجۆرە تیرەیەکە جیاوازی نێوان خەڵکی ناوچەکە دەبێتە هۆی پەیدابوونی زار لەناو زماندا، لەم ڕووەوە دەتوانین ناوچەکانی پارێزگای کەرکووک بەنموونە بهێنینەوە کە چەندین تیرو هۆزی جیاوازی وەک: کاکەیی، شوان، زەنگنە، جاف، بەرزنجی تێدایەو سەر بەناوچەی جیاوازی پارێزگەکان، شێوەی ئاخاوتنی جیاوازیان هەیە، ئەم جیاوازییە، لە زاردا لە جیاوازی تیرەو هۆزو تایفەکانیانەوە پەیدابووە، کە هەر لە هەموویان لەناو زاری کەرکووک و گەرمیاندان زاری ناوچەییان پێک هێناوەو نووسەرەکانیان بەشێوەی کرمانجی خواروو دەنووسن(٥) و هەریەک لەم شێوەزارانە سەر بەناوچەیەکی بچووکی کارگێرپشن لەناو سنووری پارێزگەکەدا(٦). لە بنەڕەتدا ئەم هۆزانە لە ئەنجامی کۆچکردنەوە هاتۆتە شوێنی ئێستایان.

٥- هۆی لەشی فزیۆلۆجی کە لەناو دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکاندا، دەبێتە هۆی پێکهاتنی جیا، لە چۆنیەتی دروستبوونی ئەندامانی ئاخافتنی مرۆڤدا، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەربڕینی جیاوازی قسەکردن پێکدەهێنێت و دەبێتە هۆی پەیدابوونی زاری جیاواز لە یەکتر(٧).

٦- تایبەتێتی کەسی و جیاوازی قسەکردن: تایبەتێتی و کەسایەتی مرۆڤ وادەکات، کە هەڵس وکەوتی مرۆڤێک جیاواز بێت لە هەڵس وکەوتی مرۆڤێکی تر، ئەم تایبەتییە لە قسەکردنیشدا دەردەکەویت، ئەمە لە ژیانی ڕۆژانە بۆمان دەرکەوتووە، کە دەنگ و شێوازو قسەکردنی کەسێک، لە دەنگ و دەربڕین و شێوازو ئاخاوتنی کەسێکی تر جیاوازەو ئەم جیاوازییە لەکەسەوە، کەسێکی تر دەگرێتەوەو، پاشان خێزان و دێیەک و چەند دێ و ناوچە دەگرێتەوەو، شێوەزارێک پێکدەهێنێت. ئەم جیاوازییە لەگەڵ ناوچەیەکی تری زمانەکەدا، کە

نەخشەی زاراوەکانی زمانی کوری

پێوانە (٤٧٥٠٠٠٠)

ئەویش زارێکی تری جیاوازی لێیە، نابێتە هۆی دوو زمان، چونکە خەڵکی هەردوو ناوچەکە، لە یەکتر دەگەن. بەپێچەوانەوە ئەگەر تێنەگەن لە یەکتر بەدرێژایی رۆژگار ئەو دوو زارە دەبنە دوو زمانی جیاواز، بەتایبەتی ئەگەر هۆیەکانی سەرەوە، هەموویان لدناوەندی زمانەکەدا هەبن.

٧- هۆی ئابووری دەورێکی گرنگ دەبینێت لە دەوڵەمەندکردنی زمان و گەشەکردنی زاردا، بەهۆی جیاوازی چالاکی و ئیش و کارو پیشەی جیاجیای خەڵک لەناو کۆمەڵدا، وەکو ئەوەی هەر جۆرە چین و توێژو تاقم و کۆمەڵە خەڵکێکی هاوکارو هاوپیشە، زارێکی تایبەتییان بۆ دروست دەبێت، کە هەر پیشەیەکی وشەو زاراوەو دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەیەو زاری بچووک پەیدا دەکەن. وەک قسەکردنی شوان و جووتیار جیاوازە لەهی بازرگان و رۆشنبیران و کرێکاری شار. لەناو زمانی میللەت و وڵاتەکەدا، ئەگەر رادەی جیاوازی و زارەکە زۆر بێت ئەوە دیالێکت (Dialect) زاری گەورەی سەر بەهەرێمێک دروست دەبێت. ئەم هۆیانەی سەرەوە، هەر هەموویان، دەوری کاریگەر، لە دروست بوونی زارو شێوەزار لەناو زماندا دەبینن، زیاتر لەیەک دوو هۆیان لەناو وڵاتێکدا ئەو دەورە دەبینن، زۆربەی هۆیەکانی سەرەوە لەناو زمانی کوردیدا دەوری پەیدابوونی زارییان بینیوە وەک هۆی جوگرافی و جیاوازی سروشتی ئاڵۆزی کوردستان و شێوەی ئەدەبی جیا جیاو جیاوازی کۆمەڵایەتی و... هتد. بەڵام باری ئاڵۆزی سیاسی کوردستان وەکو وڵاتێکی دابەشکراوو لێکدابراو، بێگومان هۆیەکانی پەیدابوونی زار، لەناو زمانی کوردیدا زیاتر ئاڵۆزتر دەکات و هۆی تایبەت بەخۆی هەن، بێجگە لە هۆیە گشتیەکانی پەیدابوونی زار لەناو زمانی میللەتاندا، هۆی تر هەن وەک ئەمانەی خوارەوە، کە تایبەتی بەسەرهەڵدانی زار لەناو زمانی کوردیدا، بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی کوردییەوەو نەبوونی قەوارەی سیاسی لە هەموو کوردستاندا(٨).

هۆی پەیدابوون و گەشەکردنی

زار لە زمانی کوردیدا

١- هۆی جوگرافی لە سەختی و ئاڵۆزی سروشتی کوردستان، کە وڵاتێکی شاخاوی چڕوپڕەو، نەبوونی ڕێگا و بانی چاک و زۆر، کە هەموو یا زۆربەی ناوچەکانی بەیەکتر ببەستێتەوە. بێجگە لە بەفرو بارانی زۆرو ڕێگا گیرانی ناوچەکانی کوردستان، بەوەی وەرزی زستان، نزیکەی شەش مانگێک دەخایەنێت، هاتووچۆ دەبڕێت و بەمە ناوچەی جیاوازی قسەکردن دروست دەبێت، بێجگە لەوەی کە لەناو ئەم دیاردەیەی ئاڵۆزی سروشتی کوردستانەدا،کە لە زۆر شوێنی تیرەو هۆزو خێڵی جیاواز جیاواز هەن و ئاخافتنیان لەیەکتر جیاوازە، چونکە هاتووچۆیان لەگەڵ تیرەو خێڵەکانی تردا زۆر کەمە، ئەمانە هۆی ڕاستەوخۆن بۆ پەیدابوونی زارو شێوەزار لەناو زمانی کوردی دایکدا. بۆ نموونە دێهاتی ناوچە شاخاوی وسەرسنوورییەکان، هاتووچۆیان زۆر کەم بووە لەگەڵ ناوچەو شارەکانی دەوری خۆیان، وەک دێهاتی شاخی قەندیل کە دابڕاون لە ناوچەکانی تر بەتایبەتی لەکون و وەرزی زستان و مانگی ڕێبەنداندا. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە لەکوردستان بەزستانانی بەفراوی ڕێگا بەستراوە. باشترین نموونە زاری گۆرانییە/ هەورامییە کە لەزارە کوردییەکان زۆرتر دوور کەوتۆتەوە، چونکە هەورامان ناوچەیەکی شاخاوی و بەفراویترە بێجگە لە هۆی ئایینی.

٢- لەبەر ئەوەی زمان چالاکی مرۆڤە، چالاکییەکانی مرۆڤیش جیاوازن، بۆیە زمانیش وەکو رەنگدانەوەی بیری مرۆڤ جیاوازە لەیەکترو بەهۆی بەکارهێنانی جیاوازەوە، جیاوازی تێدەکەوێت، ئەم جیاوازییە یارمەتیدەرە بۆ سەرهەڵدانی زارە جیاوازەکانی زمان و ئاخافتنی جیاوازی مرۆڤ(٩). بۆ نموونە چالاکی ئەدەبی، سیاسی، زانستی......هتد.

٣- دەسەڵاتی ناوچەگەری و پەیدابوونی میرنشینە کوردییەکان، لە دوای نەمانی دەسەڵاتی دەوڵەتی یەکگرتووی ئیسلامەوە، چەند میرنشینی کوردی لەناو ناوچەو هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان، لەلایەن میرو پاشاو دەسەڵاتداری کوردەوە، پێکهاتن و مەڵبەندی ئەم میرنشینانە، بۆوە هۆی گەشەسەندنی زاری ناوچەی میرنشینەکان. هۆیەکی تر، بۆ مانەوەی ئەو زارانە، کە لەناوچەکەی خۆی نەچێتە دەرەوە، بەردەوام نەبوونی میرنشینەکان و بیرنەکردنەوەی میرەکان لەپێکەوە لکاندنی ناوچەکانی تر بەسنووری خۆیانەوە، یا بەیەککگرتنیان لەگەڵ میرنشینەکانی تردا، تا رێگا خۆشکەربن بۆ پێکهاتنی دەوڵەت و سیاسەتێکی کوردیی بەردەوام، کە تیایدا زاری مەڵبەندەکە بەرەو زمانی نەتەوەیی هەنگاو بنێت، یا ئاکامیان روخاندن بوو بەهۆی بەرەنگاری و سیاسەتی دەوروبەری دەوڵەتی ئێران و عوسمانلییەوە، وەکو میرنشینی بۆتان، سۆران، لوڕستان، ئەردەلان، بابان، هەریەک لەو میرنشینانە بووە هۆی گەشەکردنی زارو بۆنیان بەزمانی ئەدەبی و پاشان بەهۆی رۆخانییانەوە کپبوونەتەوە وەکو زاری لوڕی لە لوڕستان لەسەدەی دەیەم و یانزەیەمی زایینی و کرمانجی سەروو لەنێوان سەدەی ١٥-١٧ز،و کرمانجی ناوەڕاست لەسەدەی نۆزدەهەمداو گۆران/ هەورامانی لەسەدەی چواردەهەمەوە پاشان تا سەدەی نۆزدەی زایین، هەریەک لەم زارانە دەوری زمانی ئەدەبی کوردییان بینیوە و ئەنجامەکەی بریتییە لە مانەوەی دوو زاری کرمانجی ناوەڕاست سەروو.

٤- بەکارهێنانی دوو زاری جیاواز، لە بواری رۆشنبیری و راگەیاندنی کوردیدا، وەکو ئێستگەو رادیۆو زمانی گۆڤارو رۆژنامەکان کە بە دوو زار دەردەچوون، بە تایبەتی لە باشووری کوردستاندا، کە بە دوو زار دەردەچوون و بڵاودەبوونەوە، ئەمە هۆیەکە تائێستاش بەردەوامەو، لە خزمەتی گەشەکردن و دوورکەوتنەوەی هەردوو زارە کوردییەکەدان و بەردەوامییەکەی دەبێتە هۆی جیابوونەوەو لێکدابڕانی ئەو دوو زاری زمانی کوردی، پاشان دابڕانی میللەتەکە لەیەکتر، ئەم دیاردەیە لە زمانی فەرەنسی و عەرەبیدا لەلایەن رۆشنبیرانەوە رەتکراوەتەوە بەتایبەتی لە سەدەی شانزەی سەردەمی وریابوونەوەدا (عصر النهضە) فەرەنسییەکان وازیان لەزاری ناوچەیی هێناو زمانی ئەدەبیان بەکارهێنا، هەروەها عەرەبەکان لە میسر لەسەردەمی ئەحمەد عورابیدا بانگەوازی نووسینیان بە شێوە زمانی ئەدەبی عەرەبی کردو، جاری نەوەیاندا بەزمان گشتی (اللغة العامية) رۆژنامە بڵاو نەبێتەوە تا میللەت و زمان تووشی دابڕان نەبن(٩).

٥- هۆی دەمارگیری و هەرێمگیری و دوودڵی کورد خۆی رێگا خۆشکەر بووە، بۆ دوورکەوتنەوەو دابڕانی زارەکان لەیەکتر (١٠)، بەهۆی نەبوون یا بەردەوام نەبوونی رژێمێکی سیاسی کوردی و نەبوونی دەوڵەتی کوردییەوە، لە هەموو کوردستانی دابەشکراودا، ئەمە هۆیەکی راستەوخۆیە، بۆ گەشەکردنی زار لە زمانی کوردیداو لەگەڵ دوورکەوتنەوەی شێوەکانی لەیەکتر.

٦- هۆی دابڕانی پەیوەندی ئابووری و بازرگانی لە ئەنجامی دابەشکردنی کوردستاندا، یا نەبوونی یەکێتی ئابووری، وەک دابڕانی ناوچەی بادینان لە سۆران و هێشتنەوەی بادینان وەکو ناوچەیەکی کشتوکاڵی لە خزمەتی شاری موسڵ، بۆ سەرفکردنی کەلوپەلی پیشەسازی شاری موسڵ لەلایەن خەڵکی بادینانەوە، واتە دوورخستنەوەی بادینان لە پیشەسازی، ئەمە لەلایەک، لە

لایەکی ترەوە نەبوونی ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەم دوو ناوچەیە (سۆران و بادینان)، تا چالاکی بازرگانی و هاتووچۆ لە نێوانیان خۆشبکات و زارەکانیان لەیەکتر نزیک بکاتەوەو زیاتر بەیەکتریانەوە ببەستێت، یا لەگەڵ هەر ناوچەیەکی تردا. بێجگە لەمەش نەبوونی دەریاو ڕووباری گەورە لە کوردستاندا، تا ببێتە هۆی پەیوەندی کردن و ببێتە مەڵبەندی کڕین و فرۆشتن و، زارەکەشی ببێتە زمانی بازرگانی و پەیوەندی تەشەنە بسەنێت، بەڵگەش بۆ ئەمە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ەوە پەیوەندی نێوان سۆران و بادینان دەستی پێکردووە، برەوی بەخۆیەوە بینیوە خەڵکی هاتووچۆکەریش، ئێستا زیاتر لەجاران بەهۆی ئەم پەیوەندیەوەو هاتووچۆی نێوانیانەوە لەیەکتر دەگەن. بەهۆی ئەم دابڕانی ئابووریە، لەنێوان هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بێجگە لە هەوڵی بەردەوامی میری لەم ڕووەوە تا پتر لە یەکتریان داببڕێت وەک هەوڵی دامەزراندنی بەربەستی بەخمە بەمەبەستی دابڕانی سۆران و بادینان، بۆیە دەبینین کوردستان لەڕووی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە لەیەکتر دابڕاوەو، یەکێتی ئابووری لەنێوان هەموو بەشەکانیدا نابینرێت تا بیان بەستێتەوە بەیەکتر. ئا ئەم بارودۆخە، هۆی ڕاستەوخۆیە بۆپەیدابوونی زارو گەشەسەندنی لە زمانی کوردیدا.

٧- کارتێکردنی ڕۆشنبیریی نەتەوە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، وەک هی (عارەب، تورک، فارس) بەسەر ڕۆشنبیری کوردییەوە، کە هۆیێکە بۆ پەیدابوونی کاریگەری ڕۆشنبیری میللەتی جیاجیا. بەسەر زمانەکەیەوە، ئەمە دەبێتە هۆی بوونی وشەو زاراوی جیا لەناویدا، کە ئەمە لە خزمەتی گەشەکردنی زاردایەو زیاتر گەشە بەزار دەدات، لەهەر بەشێکی کوردستاندا. بۆ نموونە (زاراوەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست) لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بۆتە (خاوەر مەیانە) و لە باکووری ولاتیشدا بۆتە (ڕۆژهەلاتی ناڤین) هەروەها (موجتەمەع -

کۆمەڵ) لە بەشەکانی تری وڵاتدا بۆتە (جامعە) و (جڤاک)، ئەمەو دەیان نموونەی تر. ئەمە بێجگە لەکارتێکردنی کەلتوورو داب و نەریتی میللەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بەسەر کۆمەڵگای کوردەوە، وای لێهاتووە، لەهەر پارچەیەکی وڵاتەکە رۆشنبیری ئەو میللەتانە بەسەر رۆشنبیری کوردیدا زاڵ بێت و بەرادەیەک کوردەکانی ئەم پارچانە، لەیەکتری جیا دەکرێنەوە، چ لە بواری ئاخافتن و چ لە بواری جل و بەرگ پۆشیندا، ئەم جیاوازییە بەسەر زمانی کوردی ئەم هەرێم و بەشانەوە بەئاسانی رەنگی داوەتەوەو لە خزمەتی دوورخستنەوەی زارە کوردیەکان و دابڕانیانە لەیەکتر، تەنانەت لە سنوورەکاندا بەشێوەی (دیواری بەرلین) دوو خێزان لە دوو دێدا لەیەکتر دابڕاون.

٨- داگیرکەرانی کوردستان، هەریەکەی لە سنووری دەوڵەتەکەی خۆیدا، کە بەشێکی کوردستانی بەرکەوتووە، بەپێی بەرنامەی دارێژراو هەوڵی جێبەجێکردنی ئەوان کە کورد پێش نەکەوێت و، هەوڵی دابڕانی میللەتەکەن، لە هەموو روویەکی ژیانەوە، یەکێک لەو کارانەیان کردنەوەی رادیۆی کوردی بوو، بەزارو شێوەزاری جیا جیای زمانی کوردی وەک رادیۆی مەریوان بەهەورامانی و لە مەهاباد بەموکریانی هەروەها لەسنەو شوێنەکانی تر، یا دەرکردنی دوو رۆژنامەی (ئاسۆ)و (بزاڤ) لە عێراقدا بەدوو شێوە تا زیاتر زارە کوردییەکان گەشە بسەنێت و، زمانی نەتەوەیی دوور بکەوێتەوەو پەیدا نەبێت، ئەمە سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان و، شای گۆڕبەگۆڕ بوو، کە زمانی کوردی بە لقێکی زمانی فارسی دادەنا.

٩- یەک نەخستن و یەک نەبوونی زاراوە کوردییەکان، لە بواری جیاجیای رۆشنبیری و زانست و زانیاریدا، لەم رووەوە چەند زاراوەی جیاجیا بۆ یەک مەبەست دانراوە، ئەمەش هۆیەکە بۆ گەشەکردنی زارو دوورخستنەوەیان لە یەکتر، بەتایبەتی ئەگەر دوو زار لە مەیدانی رۆشنبیریدا هەبێت، ئەگەرچی

یەکێکیان برەوی لەوی تر زیاترە لە مەیدانی دانان و رۆشنبیریدا.

١٠- بەکارهێنانی رێنووسی جۆربەجۆر لە نووسینی کوردیدا، وەک: ئەلف و بێی عارەبی و لاتینی تورکی و پیتی (سریلیک)ی روسی، ئەمە لە ئەنجامی دابەشکردنی کوردستانەوە سەری هەڵداوەو، بۆتە دوورخستنەوەی رۆشنبیرانی بەشەکانی کوردستان لە یەکتر و، شارەزانەبوونیان لە خوێندنەوەی ئەلف و بای یەکتری و، ئاگادارنەبوونیان لە بەرهەمی یەکتری و جارێکی تر ئەمە ئاستەنگێکی گەورە لە پەیدابوونی زمانی نەتەوەیی، بۆ گشت پارچەکانی کوردستان دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئالۆز کردنی پەیوەندی نێوان زارە ئەدەبییەکانی زمانی کوردی.

ئەم هۆیانەی سەرەوە، بریتی بوون لە سەرهەڵدان و مانەوەی پەیدابوونی زارو گەشەکردن و دوور خستنەوەیان لەیەکتر بۆ هەموو زمانێک بەگشتی و، بۆ زمانی کوردی و پەیدابوونی زارەکانی و دابڕانیان لەیەکتری بەتایبەتی، خرانەروو.

ئەم هۆیانەی کە تایبەت بوون بەزارەکانی زمانی کوردی، لە ئەنجامی کارەساتە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستانەوە، زیاتر سەریان هەڵداوە(١١) وەک روخاندنی دەوڵەتی کوردی میدی و هێرشی مەغۆلییەکان لە وێرانکردنی کوردستان. پاشان وڵاتی کوردستان، دوو جار دابەشکراوە لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە، یەکەمیان، لە ئەنجامی شەڕی چاڵدێرانەوە لە ساڵی ١٥١٤ی ز کە لەنێوان دەوڵەتی سەفەوی ئێران و دەوڵەتی عوسمانلی، لە رۆژئاوای ئێران واتە لە کوردستان روویدا. کە ئەنجامەکەی بەهۆی پەیمانی زەهاوەوە لەساڵی ١٦٣٩ی ز کوردستان کرایە دوو بەشەوە، بەشێکی بۆ ئێران و بەشەکەی تری بۆ عوسمانییەکان، جارێکی تر بەشەکەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە ئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهاندا بەپێی رێکەوتننامەی (سایکس بیکۆ - ١٩١٦)و رێکەوتننامەی (سان ریمۆ - ١٩٢٠) کوردستانی

ژێر دەسەڵاتی عوسمانلی کرا بەسێ بەشەوە لەنێوان تورکیاو سوریاو عێراقدا. ئەم دابەشکردنەی کوردستان پتر دەردی کوردی لە هەموو روویەکەوە ناخۆش و ئاڵۆزتر کرد، کۆمەڵی کوردو داب و نەریت و زمانی کوردی و رۆشنبیری نەتەوەکەی لە یەکتر دابڕی و، زیاتر زاری بەشەکانی کوردستانی لە یەکتر دابڕی و دوورخستنەوەو هیوای زمانی نەتەوەیی دوورکەوتەوە، کە تاکو ئێستا کورد پێوەی دەناڵێنێ و زمانی نەتەوەیی بۆ سەرانسەری کوردستان نابینرێت. وای لێهاتووە کە کوردی پارچەکانی کوردستان بەزەحمەت لە یەکتر بگەن و یان هەر نا، بەرەسمیش زمانی کوردی لە تورکیا بەتەواوی قەدەغە کراو، زمانی کوردی گۆڕان و پەرەسەندنی لە جیاتی بەرەو یەکبوون و رێکبوونەوە هەنگاو بنێت(١٢) و بەرەو جیابوونەوە و لێکدابڕان و پارچە پارچە بووە کوردیش لە تورکیادا بەتورکی شاخاوی و مرۆڤی پلەدوو دانراوە.

لێرەوە پێویستە ئاورێک لە شوێنی زارو پەیدابوونیانەوە بدەینەوە کە زارو شێوەزاری تیادا پەیدا بووە.

زارەکانی زمان، دەکەونە ناوچەی جیا جیاوە، جاری وا هەیە لە ناوچەیەکی کارگێڕی و جوگرافیدا زیاتر لە زارێک تا دووان و سیان بەدی دەکرێن و لە یەکتر جیاوازن، وەکو شێوەزارەکانی سنووری پارێزگای کەرکووک، لە زاری کاکەیی، زەنگەنە، شوانی کێشک، شێخانی، گەرمیانی. یان کوردی زازایی لە ناوچەی دەرسیمدا جیاوازە لە زارەکانی کرمانجی سەروو.

جاری وا هەیە، لە سنووری کارگێڕی ناوچەیەکدا (ناحیە)، دوو زار بەکاردێن وەکو: زاری شوانی کیشک، لەناو جەرگەی زارە گشتێکەی شواندایەو لە چەندە دێیەک بەکار دەهێنرێت یا پاشماوەی زاری سۆرانی و سالەیی، لە ناوچەی سەر بەشارۆچکەی (پردێ) لەسەرووی رۆژئاوای شاری کەرکووک بەکار دەهێنرێت، زاری (دەربەندی) نزیک لە زاری کرمانشانی و لەکی کە لە باکووری لوڕستانە،

تەنها لە سێ دێی سەر بەناوچەی تەق تەقی تێکەڵ لە شێوەزاری شێخ بزێنی و زاری کۆیە لە پارێزگای هەولێر بەکار دێت(١٣).

ئەم دیاردەی پرش و بڵاوی زارەکانی زمان، لەوانەیە لە ئەنجامی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دوژمنایەتی خێڵەکییەوە، لە ناوچەی بنەڕەتی نیشتەجێی خۆیانەوە، پەرەوازە بووبن، جاری واش هەیە دیاردەی کۆچکردن، یا بەخێوکردنی مەڕو ماڵات و ژیانی کۆچەری و رەوەندایەتییەوە، یا لە ترسی دوژمن و داگیرکەران و ئاوارەییەوە، لە ناوچەی زاری تیرەو خێڵی ترەوە ئارامیان گرتووەو، نیشتەجێ بوونە. بۆ نموونە شێوەزاری (شوانی کیشک) پاشماوەی هۆزی گەورەی شوانکارەی ناوچەی لوڕستانن کەلەسەدەی پێنجەمی کۆچییەوە ئاوارەی دەستی دەوڵەتی سەفەوی بوونە(١٤).

ئەم دیاردەیەی سەرەوە، لە پەیدابوونی زارو پاشان سەرهەڵدانی شێوەزار، لەوەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، کە زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بەپێی سەردەم، لە گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵدا دەگۆڕێت و زاری لێدەبێتەوە و هەریەکەی لەو زارانە جیاوازە لەویتر و، لەناو ئەو زارانەوەش زاری گشتی و ناوچەیی (مەبەست لە قسەی رۆژانەی خەڵک - اللهجة العامية المحلية) سەر هەڵدەدات، ئەوە دوای ئەوە گۆڕان بەسەریدا دێت(١٥)، گۆڕانەکەش، واتە گۆڕانی زمان بۆ زار، بەزۆری نابێتە هۆی گۆڕانی بنیات و پێکهاتنی وشەسازی (مۆرفۆلۆژی - Morpholog) رستەسازی (Syntax) واتە رێزمانی زمان ناگۆڕێت، تەنها جیاوازییەکی کەم نەبێت لە سیستەمی پێکهاتنی رستەوە گۆڕانی بنیات و رێزمانی داڕشتن و، کۆو دیاردەی رەگەزو (نێرو مێ) وەسپ و (وصف) بچووک کردنەوەو نەسەب دەگرێتەوە(١٦)، بۆیە هەر هەوڵێکی تاکە کەسی بدرێت، بۆ دەرچوون لە سیستەمی زمانەوانی لە کۆمەڵگایەکی بەهێز، بۆ گۆڕانی زمانەکە بدرێت، بەرگرییەکی توندوتیژی لە دژ دەکرێت و بەری

لێدەگیرێت و هەر لە سەرەتاوە بەسەریدا سەردەکەون، کە بەناوی داهێنان و هۆیەکانی گۆڕانەوە بکرێت(١٧)، بەڵام ئەم دیاردەیە لە دابڕان و دوورکەوتنەوەی دوو زاری نووسین لە زمانێکدا لە ئایندەدا گۆڕانیان تێدا روودەدات جیا دەبنەوە.

دوای ئەوەی باسی زارو پەیدابوونی زارو شێوەزارمان لەناو زمان بەگشتی و لەناو زمانی کوردیدا بەتایبەتی کرد، روو دەکەینە ئەوەی، بزانین لەناو ئەو زارانەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە زمانێکدا، دەوری زمانی ئەدەبی یان بینیوە، کامیان بەرەو زمانی نەتەوەیی و زمانی رەسمی (زمانی نووسینی - زمانی دەوڵەتی) هەنگاو دەنێن و لە پاشەڕۆژدا دەبنە زمانی نەتەوەیی.

لە سەرەتاوە ناکۆکی و کێشەی نێوان دوو زاری زمانێک باسدەکەین، نموونەیان بۆ دەهێنینەوە ئەمجا نموونەی زارە ئەدەبییەکانی زمانی کوردی و چۆنیەتیان دەهێنینەوە. دەبێ ئەوە بوترێت لەکاتێکدا بیر لە زمانی نەتەوەیی دەکرێتەوە، کە وڵات لە ژێر چنگی دەسەڵاتی دوژمن تازە رزگاری بووبێت، یا لە کاتێکدا رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی نەتەوە، بیر لەم بابەتە گرنگ و پێویستە دەکەنەوە، کە شۆڕشی نەتەوەیی میللەت، بەرەو رزگاری هەنگاو دەنێت و ئاسۆی رزگاری نزیک بۆتەوەو زمانی دەسەڵاتدار لە هەرێم و وڵاتەکەدا پاشەکشەی کردووە، وەکو زمانی دەسەڵاتدار. چونکە لە قۆناغی وادا نەبێت مەحاڵە دوژمنی داگیرکەر بهێڵێت کاری وا ئەنجام بدرێت و ئەو بایەخی بە زاڵبوونی زمانی خۆی داوەو، هەموو هەوڵێکی بۆ قەدەغەکردن و قەڵاچۆکردنی رۆشنبیری میللەتەکەیە، وەک بیریاری قەدەغەکردنی زمان و کەلتووری کوردی لە باکووری کوردستان، لەلایەن رژێمی دەسەڵاتداری تورکیاوە، کە بیریارەکەی حەفتا ساڵی خایاندووەو بەردەوامیشە. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک وڵات، بواری بەکارهێنانی زمانی دووەم لەلایەن دەوڵەتەوە بۆخوێندن و رۆشنبیری دراوە، وەکو لە عێراقدا بۆ

زمانی کوردی (١٨) ئەمەش لە پێناوی جێبەجێکردنی مەرام و سیاسەتی نەخشە بۆ کێشراوەو، کاریگەری شۆڕشەیەک لە دوای یەکەکانی ئەم بەشەی کوردستانەوە هاتووە هەروەکو باسمان کرد، بارودۆخی نالەباری کورد، کە بەدرێژایی مێژوو، خاوەن خۆی و وڵاتەکەی نەبووە، توشی دەیان کارەساتی ناخۆش و ماڵوێرانی بووە، لە مەغۆڵ و تورک و رژێمی پەهلەوی، سەفەوی و پاشایەتی و شۆڤینی عەرەبەوە تاکو ئێستا یەکێک لە کارەساتەکانی کە بۆ ئێرە گرنگە، دابڕانی زمانەکەیەتی و یەکتر و لە ئەنجامی ئەم دابەشکردنەی وڵات و خاکی نەتەوەکەی، هەرجارەی لەسەردەمێکدا، بەهۆی بارودۆخی لە باری هەرێم و ناوچەیەکییەوە، زارێکی زمانەکەی لە کەش و هەوای، لە باری میرنشینە کوردییەکانیدا، دەوری زمانی ئەدەبی بینوەو گەشەی سەندووە، شاعیرێک یا چەندین شاعیر بەشێوە لوڕو هەورامی و بۆتانی و کرمانجی ناوەڕاست شیعریان پێ نووسیوە، وەکو بابەتایەری هەمەدانی (٩٣٥-١٠١٠)، مەلا پەرێشان (سەدەی ١٤ز)، عەلی حەریری و فەقێ تەیران و مەلای جزیزی (١٥-١٧ز) و خانی (١٦٥٠-١٧٠٦) و نالی و عەلی بەردەشانی و سالم و کوردی (سەدەی ١٩ز) تا ئێستا. پاشان بەرامبەر بارودۆخی نالەباری ناوچەکەیان، بەهۆی رووخاندنی میرنشینەکانیانەوە لە زمانی حاڵی ئەدەب کەوتوون، ئێستاش شێوەی ناوەڕاست لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا، بەهۆی هەستی ناسکی نەتەوایەتی عەلی بەردەشانی و نالییەوە بەرامبەر زمانی نەتەوەیی کوردیان رێبازی شیعرو نووسین بەزاری کرمانجی ناوەڕاست، بەردەوام و لە گەشەکردنایەو لەساڵی ١٩٢٧ بەدواوە کرمانجی سەرووش هاتۆتە کۆڕی شیعرو ئەدەبیاتەوە، بەڵام نەک بەهەمان بەردەوامی و گەشەسەندن و بەهەمان قەبارەوە (حجم).

سەرهەڵدانی زمانی نەتەوەیی لەکێشەی نێوان زاردا
کام زار دەبێتە زمانی نەتەوەیی؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ناو جەرگی مێژوو. نموونەی زمانی جۆربەجۆر بهێنینەوە،و هۆیەکانی سەرکەوتنی زارێک بەرەو زمانی نەتەوەیی بخەینەڕوو، باری ئاینی وەکو هۆیەک لە بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕی ئاییندا دەوری بینیوە. کۆنترین ئایین، ئاینی زەردەشتی یە، بەکۆنترین زاری کوردی کە ئاوێستایە، لە سەدەی حەوتەمی پێش زایندا بڵاوبۆتەوە، پاش رووخانی میدییەکانیش، لەسەردەمی ئەردەشێری ساسانیدا (سەدەی سێیەمی زاین)(١٩)، بەفەرمانی ئەو، کتێبی ئاڤێستا بەشێوە زمانی ئاڤێستا نووسراوەتەوە، بەڵام بەهۆی هێرشی یەک لەدوای یەکی گریک و هەخامەنشی وساسانی و عیلامی و بابلی و ئەکەدی و پاشان ئیسلام، ئاسەواری ئاینی زەردەشتی و پیاوانی پیری ئاین (موغ) براوەتەوە. زمانی ئاوێستاش لەکارکەوتووە، ئەگەر بەردەوامی ئاینەکەی و دەسەڵاتەکەی بەردەوام بوایە، دەبوو بەزمانی نەتەوەیی. هەروەها لەم بارەیەوە، زمانی سانسکریتی (واتە زمانی کۆنی هیندی) بەهۆی ئاینەوە زمانی نووسین بووە، لەگەڵ نەمانی ئاینەکەدا، زمانەکەش لەناوچووە، هەروەها زمانی لاتینی کۆن زمانی سەردەمی گریکەکان زمانی زانست و ئاین بووە، تا سەدەکانی ناوەڕاست سەردەمی وریابوونەوە (رەینەسانس - Renaissance - عصر النهضە)بەهۆی ئاینەوە لەکاردابووە. بۆیە ئاین بۆ زمانی کوردیش لەسەرەتاوە بەهۆی دەسەڵاتی سیاسەتەوە دەوری بینیوە، بەڵام کپ بۆتەوە بەهۆی نەمانی ئاینەکەوە.

جاری وا هەیە بەهۆی بازرگانی و رۆشنبیرییەوە دەوردەبینێ لەوەی زاری زمانێک ببینێت بەزمانی نەتەوەیی، بۆ نموونە زاری قورەیش لەسەردەمی جاهیلیدا لە پێش (ئیسلامەوە بەهۆی کڕین و فرۆشتنەوە لە بازاڕی (عەکاز)و

کۆبوونەوەی خەڵک لەوێداو، پاشان خوێندنەوەی شیعری عەرەبی بەشێوەی (قۆرەیش) لە هەمان بازاڕدا، چاکتر بازاڕی گەرم دەکردو، بەتایبەتی لەوەرزی کڕین و فرۆشتن و پێگەیشتنی بەروبوومدا. ئەمە بێجگە لە هۆی بازرگانی کوڕانی (امیە) و (بەنی هاشم) لەگەڵ وڵاتی شامداو پاشان بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام، لە وڵاتی حیجازەوە زیاتر ئەو زارەی کرد بەزمانی نەتەوەیی کە مەڵبەندەکەی لە قورەیش و حیجازەوە بوو، ئاینەکە بەزمانی عەرەبی و زمانی قورئانی پیرۆز بوو.

یا پاش نەمانی زمانی لاتینی وەکو زمانی ئاینی لەسەدەی شانزەدا، زمانی فەرەنسایی و ئینگلیزی و ئیتالیایی و رۆمانی و ئەسپانی چوونەوە سەر زمانی زگماکی نەتەوەی خۆیان و رێزمان و فەرهەنگیان بەزمانی نەتەوەیی دانا. بۆ نموونە زمانی فەرەنسایی، لە زاری پاریسیەوە کە مەڵبەندی دەسەڵاتی وڵاتی تێدابوو، زاڵبوو بەسەر زاری ناوچەکانی تری پاریسداو کەوتە ژێر دەسەڵاتی (زاری پاریس)ەوە، ئەمەش بەبڕیارێکی رەسمی لە ساڵی (١٥٣٩)دا شوێنی لاتینی گرتەوە. یا زاری ساکسۆنی ئەڵمانی لەساڵی (١٥٤٠)دا، دوای بڵاوبوونەوەی بنەماکانی (لۆسەر) جێگەی لاتینی گرتەوە.

یا زاری لەندەن، بەهۆی کاریگەری بەرهەمەکانی شەکسپیرەوە، لە هەمان سەدەدا بۆ بەزمانی نەتەوەیی و، بەهەموو وڵات و دوورگەکانی بەریتانیادا بڵاوبۆوە(٢٠). هەروەها زاری مەدرید و زاری ئۆسکانی ئیتالی، بوون بەزمانی نەتەوەیی ئەسپانی و، زمانی نەتەوەیی ئیتالی، دەتوانم بڵێم، ئەم زمانانەی سەرەوە، لە سەرەتاوە کە لەزمانی لاتینیەوە جیابوونەوە، بوون بەزمانی نەتەوەیی، هەستی نەتەوایەتی و کزبوونی دەوری ئاین لە ئەوروپادا، لە نەمانی دەوری رۆما وەک مەڵبەندێکی بڕیاری ئاینی و سیاسی، یەکەم هۆیەک بوو بۆ لەدایکبوونیان لەم رووەوە.

لێرەوە، وەکو لەسەرەتاوە باسی پێناسەی زارو چۆنیەتی گەشە کردنی زمان بەرەو زارو پێشـاندانی هۆیەکانمان، لە پەیدابوونی زار بەگشـتی کـردوو، و بۆ زمانی کوردیش هۆی خۆیان بۆ پیشاندا، دوای ئەوەی زمانی ئاڤێستا، کە هۆی ئاینی دەوری لە بوونە زمانی ئاین و دەسەلاتدا بینیوە، لەسەردەمی دامەزراندنی میرنشینە کوردییەکانەوە لەسەدەی شانزەدا، هۆی سیاسی و هەستی نەتەوایەتی، کـەم و زۆر دەوری بینیـوە لە پەیدابوون و سـەرهەڵدانی زارە کـوردییـەکـان لە بوونیـان بـەزمـانی ئەدەبی، وەکـو زاری لوڕی زمـانی شـیـعـرەکـانی بابەتایەری هەمەدانی (٩٣٥-١٠١٠ز)، بەهۆی میرنشـینی لوڕستان و، پاشان هۆی ئاین و مەزەب و کاریگەری پاشماوەی ئاینی زەردەشتی لەکوردستاندا، بەتایبەتی لە ناوچەی هەوراماندا بێجگە لە نزیکی زاری هەورامانی، لە زمانی کۆنی کوردی ئاوێستـایی و مـانەوەی پاشمـاوەی ئاینی زەردەشتی لە هەوراماندا(٢١) لە سـەدەی (١٤)ی زاینەوە زاری هەورامـانی، بوو بەزمـانی ئەدەب و، مـەلا پەرێشـان دیوانی (پەرێشـان نامـە)ی پێ تۆمـارکـردووە، لەسـەدەی (١٩)ی زاینیدا، لەناوچەکەی خۆی بچێتـە دەرەوەو لە ناوچەی کەکـوکدا شاعـیرێکی وەکـو (مـەلا جەباری) شـیـعـری پێ بنووسـێت و هەڵبکەوێت. پاشـان بەهۆی دامەزراندن و گـەشەسەندنی میـرنشـینی بابانەوە، پوختـەی زارەکانی کـرمانجی ناوەڕاست لەلایەن عـەلی بەردەشانی و نالیـیـەوە ببێت بە زمـانی ئەدەبی و، پەل بەهەمـوو ناوچەکـانی شـوێنی زارەکـانی تری وەکـو لوڕی، هەورامـانی، سۆرانی، گەرمیانی بهاوێت و پاش کپبوونەوەیەکی کەم، جارێکی تر، لەسەرەتای سەدەی بیسـتـەوە، بێتەوە کۆڕی زمـانی ئەدەبی و رۆشنبیـری و گۆڤـار و رۆژنـامەی پێ دەربچێت و ببێتە زمانحالی حوکمدارێتی شێخ مەحموودی نەمرو، وردە وردە بوو بەزمانی قـوتابخانە و رادیۆو زانکۆ و کۆڕی زانیاری و ناوەندە رۆشنبیـرییەکان و تەلفـزیۆنی کـوردی و خـاوەن بەرهەمـێکی یەکـجـار گـەورەی رۆشنبـیـرییـەوە لە

قوتابخانەکاندا، زمانی زانستەو، هەزاران کتێب و سەرچاوەی لە بواری جیاجیای زانست و ئەدەب و مێژوو، جوگرافیا، رامیاری، کۆمەلآیەتی پێ دەربچێت و خاوەن فەرهەنگ و رێزمانی پێ دەرچووە.

لەسەدەی نێوان (١٥-١٧)زدا، کرمانجی سەروو، شێوە بۆتانێکەی زمانی ئەدەب بووەو فەقێی تەیران و عەلی حەریری و مەلای جەزیری و خانی مەزن شیعریان پێ وتووە، بەلآم لە ئەنجامی رووخاندنی میرنشینی بۆتانەوە، لەکار کەوت و لەکۆتایی سەدەی (١٩)هەمەوە لە دەرچوونی رۆژنامەی (کوردستان) و لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، بەتایبەتی دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی (خۆیبون - ١٩٢٧) و. شۆرشی ئاگری داغ بەسەرۆکایەتی جەنەرال ئیحسان نوری پاشاو هاورێیەکانی، جارێکی تر سەری هەڵداوەتەوەو، بۆتەوە زمانی شیعرو ئەدەب و گۆڤارو رۆژنامەی (ستێر، هاوار، رۆژانو)ی پێدەربچێت، بەلآم لە ئەنجامی روخاندنی، ئەم شۆرشەو شۆرشەکانی تریش، بەبریاری رەسمی دەوڵەتی رەگەزپەرستی تورک، قەدەغەکراو، تا ساڵی (١٩٩١)ی لە ئەنجامی گۆرانکاری و نەمانی جەنگی ساردو راپەرینی باشووری کوردستان و کۆچرەوی ملیۆنێ کوردو سەرهەڵدانی چەکداری شۆرشی نەتەوایەتی کوردی باکوورو، ئاشکرابوونی مەغدووریەتی کوردو، بەرەو پێش چوونی سەرجەم مەسەلەی کورد، لە دنیاو لای نەتەوە یەککرتووەکان، قەدەغەی قسەکردنی لەسەر هەڵگیراوەو لە ئەستەنبوول رۆژنامەی پێ دەردەچێت و بێ ئەوەی بگاتە ناوچە کورد نشینەکانی تری باکووری کوردستان کە نزیکەی بیست ملیۆنێکن.

دوای ئەوەی زارە کوردێکان و، دەورو و سەردەمیان خرانەروو، پێویستە ئەوە بوترێت، وەکو تاقی کردنەوەو بەڵگەی راستی، کە لەناو زمانەکانی جیهاندا روویداوە، ئەگەر دوو زار، یا دوو زاری زمانێک لەولآت و لەناو میللەتێکدا پێکەوە بەکار بهێنرێن و، هەردووکیان زاری رۆشنبیری و ئەدەب و ئەدەبیات بن،

کامیان زاڵ دەبن بەسەر ناکۆکی نێوانیان و دەبنە زمانی نەتەوەیی. لێرەوە ئەم بەڵگانە دەخەینەڕوو.

ئەگەر ئەو دوو زارە، هەردووکیان لەڕووی دەسەڵات و رۆشنبیرییەوە، لەیەک ئاستدابن، هیچیان زاڵ نابن بەسەر ئەویتریاندا، بەڵام ئەگەر دەسەڵات و رادەی رۆشنبیری یەکێکیان زیاتر بێت لەویتریان و، زمانی مەڵبەندی دەسەڵاتی ناوچەکە بێت، بێگومان ئەو یەکیان زاڵ دەبێت بەسەر ئەویتریاندا. بێجگە لەوەی، ئەگەر یەکێکیان شوێنی مەڵبەندی دەسەڵاتیشی لێ بێت، بەڵام ئەگەر رادەی زارەکە، لەرووی خزمەتی رۆشنبیری و دەرچوونی گۆڤارو رۆژنامەو کتێب و سەرچاوەو فەرهەنگەوە، لەویتریان کەمتر ببێت، دیسان زاڵ نابێت بەسەریدا. ئەمە بێجگە لەوەی زمانی رۆشنبیری و ئەدەب و نووسینە، زمانی قوتابخانەو زانکۆو گۆڤارو رۆژنامەش بێت و، سەرچاوەی خوێندن و زانست، هەر بەرەو زارەبێت و لە پاڵ ئەوەشدا، زمانی رەسمی دەسەڵاتەکە بێت، ئەوا ئەو زارە بەرەو زمانی نەتەوەیی هەنگاو دەنێت، چونکە خاوەن سامانێکی زۆرە لە نەسراوو، دانراوو فەرهەنگ و رێزمان و سەرچاوەی زانستی جۆربەجۆردا و، لەپاڵ ئەمانەشدا بەردەوامی بەخۆیەوە ببینێت، بەڵام ئەگەر رادەی رۆشنبیری و شارستانێتی و ئەدەبیاتی زمانی یەکێک لە دوو ناوچەیە سەرکەوتوو بێت و لەویتر زیاتر بێت، ئەو زاڵ دەبێت بەسەر ئەو زارەدا ئەگەرچی زاری ناوچە پێشکەوتووەکە دەسەڵاتی سیاسیشی نەبێت (واتە شوێنی دەسەڵات نەبێت). وەک زاری ساکسۆنی لە ئەڵمانیا لە سەدەی (١٦)ز دا وردە وردە، زاڵبوو بەسەر زارەکانی تری ئەڵمانیادا، پێش ئەوەی بەرلین سەرکەوتوو بێت(٢٢)

دواشت، ئەنجام ئەوەیە زاری زمانێک سەردەکەوێت و، دەبێتە زمانی نەتەوەیی، کە ئاستی رۆشنبیری و شارستانی بەهێزترو پێشکەوتوترو زۆرتر بێت، لە زارەکەی تری بەرامبەر، بێجگە لەوەی ئەگەر مەڵبەندی دەسەڵاتی

نەخشەی کوردستان دەربارەی روون کردنەوەی

شوێنی زارەکانی زمانی کورد و هەندێک شاری

ناوچەو هەرێمەکەش لێبێت و بەردەوامی بەکارهێنان و بوونە زمانی ئەدەبیات و دانانی بەخۆیەوە دیبێت، لێرەدا دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست لەسەردەمی شێخ مەحمودەوە تاکو ئێستا زمانی خوێندن و رۆشنبیرییەو لە خزمەتی شارستانییەتی ئەم بەشەی کوردستاندایە تەنانەت لە زانکۆشدا.

ئەنجام

١- چەنێک شوێنی بەکارهێنانی زمان، رووبەرەکەی فراوان و بەربڵاوبێت، ئەوەندە دەبێتە هۆ بۆ پەیدابوونی زار لەناویدا.

٢- دابەشبوونی وڵاتێک بۆ چەند ناوچەو هەرێمی جیاواز، لەڕووی کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و سروشتییەوە، دەبێتە هۆی پەیدابوونی زار، لەناو زمانی وڵاتەکەدا، بەتایبەتی لەوڵاتێکی خاوەن دەسەڵات لاوازدا.

٣- ئیش وکارو پیشەی جیاواز، دەبێتە هۆی پەیدابوونی زارو دەوڵەمەندی زمانەکە.

٤- زاڵبوونی میللەتێک بەسەر میللەتی ترەوە، بەتایبەتی لەرووی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و رۆشنبیرییەوە وشەی بێگانە لەناو زماندا پەیدا دەکات.

٥- دابڕانی خاک و نیشتمانی وڵات و نەتەوەیەک، بۆ ژێر دەسەڵاتی وڵاتی جیاجیاوە، دەبێتە هۆی دابڕانی زارەکانی زمان لە یەکترو گەشەسەندنی زار.

٦- هۆی دەربڕین و گۆکردنی (تلفظ) جیاواز لە ئاخاوتندا، لە درکاندنی دەنگ و دەربڕیندا، دەبێتە هۆی پەیدابوونی زار وەکو سەرەتایەک بۆ ئەم دیاردەیە لەناو زماندا.

٧- سیستەمی میرنشینە کوردییەکان لە خزمەتی گەشەکردنی زارە سەرەکییەکانی زمانی کوردی بوونە بەرەو زمانی ئەدەبی و هەر یەک لەو زارانە لەسەردەمێکی دیاریکراودا بوونەتە زمانی ئەدەبی.

٨- نەبوونی یەکێتی ئابووری و بازرگانی لەنێوان هەموو ناوچەکانی وڵاتدا لە خزمەتی پەیدابوونی زاردایە، چونکە دابڕانی ئابووری و پچڕانی ناوچەکانی لەیەکتری بەخۆیەوە دەبینێت.

٩- بوونی هۆزو تیرەو تایفەی جیا، لەناو کۆمەڵی میللەتدا، زار لە زماندا پەیدا دەکات.

١٠- نەبوونی دەسەڵات و دەوڵەتی نەتەوەیی لەناو نەتەوەیەکدا زمانەکەی بەرەو گەشەسەندنی زار دەبات.

١١- دەمارگیری و هەرێمگیری و تیرەگەری وەکو داب و نەریتی باوی کۆمەڵی خێڵەکی، دەبێتە هۆی پەیدابوونی زارو دابڕانی زارەکانی زمانێک لەیەکتر.

١٢- نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیات و گۆڤارو رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆن و خوێندن بەدوو زاری جیاواز، یا بەچەند زارێک، دەبێتە هۆی گەشەکردنی زاری زمان و لێکدابڕان و پارچەبوونی نیشتمان و میللەت و کۆمەڵی میللەتەکە، لە یەکترو بەردەوامی و گەشەسەندنی وەکو دیاردەیەک دەیانکات بەزمانی جیاوازو میللەتی جیاواز.

١٣- دەسەڵاتی ناوەندی وڵاتی زمانێک، دەتوانێت لە قۆناغی سەرکەوتنی شۆڕشی نەتەوەیی، یا دوای سەرکەوتنەکەی، زارێکی زمانەکە، بەتایبەتی ئەگەر زمانی رۆشنبیری و ناوەندی دەسەڵاتەکە بێت لەم رووەوە لە زارەکانی تر پێشکەوتووتربێت، بە بڕیارێکی رەسمی بیکات بە زمانی نەتەوەیی بەتایبەتی ئەگەر توانای جێبەجێکردنی بڕیارەکەی بێت لە هەموو ناوچەکاندا.

١٤- هۆی ئاینی و دەسەڵاتی سیاسی، زاری زمانێک دەکات بەزمانی نەتەوەیی. ئەگەر ئەو بارودۆخەی بۆ هەڵبکەوێت، وەکو زمانی عارەبی و فەرەنسی ناوچەی پروتستانەکان، کە زاڵبوو بەسەر زاری فەرەنسایی

کاسۆلیکەکان.

١٥- مەحاڵە زمانی نەتەوەیی بەتێکەڵکردنی دوو زار پێکبێت، مەگەر باری مێژوویی ئەمە بکات، چونکە تێکەڵکردنی ئارەزووی مرۆڤ دەگەیەنێت، ئەمەش دەستوور دەگرێتەوە، دەستور گۆڕینی زمانیش مەحاڵە بەئارەزوو نابێت.

١٦- زمانی ئەدەبی کرمانجی ناوەڕاست چەندین زاری گەورەو بچووکی تێدا تواوەتەوە، کە رۆشنبیرانی ئەو زارانەش پێی دەنووسن و رووبەرێکی فراوان دەگرێتەوە کە لە باکووری کەنداوی عارەبی لە لوڕستانەوە تا باشووری شاری ورمێ بەرەو رۆژهەڵاتی جادەی موسڵ دەگەڕێتەوە، واتە لەکۆتایی سنووری ناوچەی سۆران- بادینانەوە، ئەم زارانەی لە ئەدەبیاتدا تیادا تواوەتەوە. لوڕی (کرمانجی باشوور)، لوڕی گەورە، لوڕی بچووک، فەیلی باجەلانی، گۆران، هەورامانی، موکریانی، سلێمانی، کەرکووکی و، گەرمیانی، سۆرانی، کاکەیی و زەنگنە، شوانی کێشک...هتد لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە، کە ئەم زارە واتە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو لە ناوچە جیاوازەکانی ئەم زارانەدا، چونکە نووسەرەکانیان لەگەڵ ئەوەشدا زمانی ئاخاوتنیان جیاجیایەو جیاوازە لەگەڵ زمانە ئەدەبییەکەدا، بەڵام لەنووسیندا بەپوختەی کرمانجی خوارووی/ سلێمانی دەنووسن، بۆ نموونە نووسەرە هەورامییەکان و باجەلانییەکان و کاکەییەکان و لوڕییەکان و موکریانییەکان زمانی ئاخاوتنیان بریتییە لە هەورامی و باجەلانی و کاکەیی و لوڕی و موکریانی، ئەمانە هەموویان لە نووسیندا یەک زمانی ئەدەبی بەکار دەهێنن.

ئەم زمانە ئەدەبییە ماوەی حەفتا ساڵە زمانی نووسین و خوێندن و زانست و رۆشنبیرییەو سەرچاوەیەکی زۆری ئەم بوارانەی بەشێوەی کتێب پێ بڵاوکراوەتەوەو دەوری سەدو حەفتا ساڵیشە بەردەوام زمانی شیعرەو رۆژ بەرۆژیش لە گەشەسەندندایە.

پەراوێزو سەرچاوەکان:

١- د. محمد احمد ابو الفرج، فقة اللغة، ط ١، بيروت، ١٩٦٦، ص٣٠.
٢- د. علي عبدالواحد وافي، علم اللغة، الفجالة - القاهرة، ١٩٧٢، ص١٧٩.
٣- فؤاد حمه خورشيد، اللغة الكردية: التوزيع الجغرافي للهجاتها، بغداد ١٩٨٣، ص٢٨-٣٨.
٤- بڕوانە شاعیران و نووسەرانی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان وەکو شێخ رەزای تاڵەبانی، خالصی ئەسیری، عبدالرحمان بەگی نفوس، شێخ مارفی بەرزنجی.. هتد.
٥- کاکەیی: هۆزێکە سەر بەناوچەی داقوق و دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای کەرکووک، شوان: هۆزێکی (٧٦) دێیەو مەڵبەندەکەی دێی (رێدار)ەو دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی کەرکووک، زارێکی قسەکردنی تێدایە پێی دەوترێت (شوانی کێشک) جیاوازە لە زاری هەمان ناوچەو، نزیکەی چواردە دێ قسەی پێ دەکەن، شێخانی: چەند دێیەکن سەربە ناوچەی قادر کەرەمی باشووری رۆژهەڵاتی کەرکووک.
٦- بڕوانە/ (أ) د. علي عبدالواحد وافي، هەمان سەرچاوە، ص١٧٥-١٧٦، (ب) عبدالرحمن امين زةبيحي، قاموسي زماني كوردى (ء) چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی، بەغدا، ١٩٧٧، ل٥٢.
٧- سادق بەهادین، رێزمانا کوردی، بەغدا، ١٩٨٧، ل٤٧.
٨- سەرچاوەی ژمارە (٢)، هەمان لاپەڕە.
٩- د. عزەدین مستەفا رەسوڵ، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی

کوردی، بەغدا، ١٩٧١، ل١٥٤.

١٠- سادق بەهادین، هەمان سەرچاوە، ل٤٣.

١١- د. عزەدین مستەفا رەسوڵ، هەمان سەرچاوە،ل١٧.

١٢- ابو خلدون و صاطع الحصري، في اللغة والادب وعلاقتهما بالقومية. بيروت، ١٩٨٥، ص٤٢.

١٣- ئەو سێ دێیە بریتین لە ئۆمەر گومەت، سێگردکان، کانیلەلە، لە باشووری تەقتەقی شاری کۆیسنجقی پارێزگای هەولێر بۆ زیاتر دڵنیابوون بڕوانە ادموندز، کوردو تورک و عەرەب، ترجمة: جرجيس فتح الله، بغداد، ١٩٧١، ص٢٨٩ .

١٤- بڕوانە مەلا جمیل رۆژبەیانی، بەباڵای تەئریخی جافا، رۆشنبیری نوێ، ژ (١٣٧) . ل١٤-١٧، بۆ زیاتر دڵنیابوون بڕوانە پەراوێزی (٤) شوان وەکو زارێک نزیکە لە زاری خانەقینی.

١٥- د. علی عبدالواحد وافی، هەمان سەرچاوە، ل١٧٩ .

١٦- هەمان سەرچاوە، ل١٧٨ .

١٧- هەمان سەرچاوە، ل١٧٩-١٨٠ .

١٨- محمد معروف فتاح، زمانی نەتەوایەتی، گۆڤاری مەتین ژ (٥٣)، ١٩٩٥، ل٢٢-٣١ .

١٩- محمد امین هەورامانی، مێژووی رێبازی زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٩٠، ل١٤.

٢٠- محمد معروف فتاح، هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

٢١- د. عیزەدین مستەفا رەسول، هەمان سەرچاوە، ل٢٤ .

٢٢- بڕوانە د.علی عبدالواحد وافی، هەمان سەرچاوە، ل١٨٢ .

مێژووی زمانی کوردی
لەکۆنەوە تائەمڕۆ

دەربارەی زمانی کوردی و نەتەوەکەی، بیروڕای سەیر سەیر، بەناحەزییەوە، دژی تۆمارکراوە، ئەم بیروڕایانە لەپێناوی سوککردنی زمانەکەو نەتەوەکەی ئەنجام دراوە، بەمەبەستی سەپاندنی دەسەڵات و فەرامۆشکردنی لەهەموو روویەکی ژیانەوە، تا نەتوانێت سەر بڵند بکات و، بەهەموو لایەکدا بەئارەزووی خۆیان دەنگی کپ بکەن و، بیرەتێن و خۆیشی لەبەرچاوی خۆی سووک بکەن، بەڵام ئەمە بۆ هەموو کەسێک، ناچێتە سەر، هەموو شتێک دیزە بەدەرخۆنە بکات، بۆیە کوردیش چ لەلایەن خۆیەوەو چ لەلایەنی زانایانی بەویژدان و راستگۆوە، وەڵامی ئەو تانەو تەشەرو ناڕاستییانەی، بەبەڵگەی راست و دروستی مێژوویی داوەتەوە، کە کورد هەیەو، زمانیشی هەیە، خاوەن رەگەزی رەسەن و زمانی دێرین و نیشتمانی دیار یکراوی خۆیەتی ئێمە لێرەدا، ئەوە دەخەینەڕوو، کە زمانی کوردی زمانێکی رەسەن و زیندووە، خاوەن رابردوویەکی دێرینەو گەشەو گۆڕانی لەگەڵ گۆڕان کۆمەڵی کوردەواریدا کردووەو، سەربەخۆیی نەتەوەیی، لەئەنجامی گۆڕان و پەرەسەندنی بەرەو پێشەوەی خۆیدا پاراستووە.

ئەم رەسەنایەتی و، سەربەخۆیی پاراستنەی ناسنامەی نەتەوەیی داوەتێ.

مەبەست لێرەدا ئەوەیە هەندێک بیروڕای چەوت و چەوێڵ هەن، کە زمانی کوردییان، بەناڕەسەن یا بەزارێکی شێواوی زمانی فارسی یا بەهیندی زانیوە،

بێ ئەوەی لەبەڵگەی مێـژوویی و لێکۆڵینەوەی زانستی ئاگـادارین، یا هەندێکیان لەڕووی مەبەستی سیاسییەوە، بەئەنقەست سوکایەتی بەکوردی دەکەن، تا کورد هەر ژێر دەستەیان بێت.

لێرەوە دەپرسین لەبنچینەدا، شوێنی زایندەی زمانی کوردی کوێ بووە؟ زمانی کوردی سەر بەچ خێزانە زمانێکەو، ئەو زمانانە کامانەن و سەر بەچی کۆمەڵە زمانێکن؟ لەناویاندا زمانی کوردی چۆن پێناسە دەکرێت؟ و پێناسەکەی لەچ ڕوویەکەوە ئەنجام دراوە؟ بەڵگەی نووسراوی ئەم زمانە چییەو بۆچ سەردەمێکی مێژوو دەگەڕێتەوە؟ جیاوازی زمانی کوردی و فارسی چییە؟ قۆناغی مێژوویی زمانە ئێرانییەکان و زمانی کوردیش چۆن و بەچەند قۆناغدا تێپەڕیوەو، ڕێنوسی زمانەکە بەچ جۆرە پیتێک بووە؟ بۆچی تانەو تەشەرو سووکایەتی کردن بەگەل و زمان و کەلەپوورو مێژوو و ڕەگەزیشی کراوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، ڕوودەکەینە سەرچاوەکان و وەڵامەکانیان لێرەدا، بەبەڵگەی مێـژوویی و زمانەوانی لەگەڵ خستنەڕووی بیروڕای خۆمان دەخەینەڕوو، زمانی کوردی لە بنچینەدا، لەگەڵ زمانی هیندو ئەورووپیدا بەزمانی هیندو ئێرانی یا هیندو ئاری ناودەبرێت، چونکە ئەم زمانانە زمانی چەند هۆزێک بوونە، لەشوێنێکدا پێکەوە نیشتەجێ بوونە، پێی دەوترێت «ئاریانا» یا «ئاریان».

ئەم هۆزانە، بەبەشی هیندی و بەبەشی ئێرانییەوە شوێنیان، دوای یەکەم کۆچی ئەو هۆزانە بووە، لەوڵاتی ئەفغانستانەوە، کەڕۆژهەڵاتی ئێرانە، بەرەو هیندستان کۆچیان کردووە«۱» لەسندوبنجاب ئارامیان گرتووە«۲» بەم هۆزانە دەوترێت هۆزە (هیندیەکان)و، زمانەکەیان بەخێزانی زمانە هیندیەکان ناودەبرێت بەشی ڕۆژهەڵاتی (ساتوم) کۆمەڵە زمانی هیندو ئەوروپایی دەگرێتەوە، لەگەڵ زمانە ئێرانییەکاندا. ئەم خێزانە زمانە هیندییە، لەسەدەکانی زۆرپێش زایینەوە، لەڕۆژهەڵاتی ئێران یا ئەفغانستانی ئێستاوە، بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات،

بوونەتەوە، کە باشووری ئاسیا دەگرێتەوە، شوێنی خێزانە زمانە هیندییەکانە کۆنترین بەڵگەی نووسراوی، ئەم کۆمەڵە، یا خێزانە زمانە کتێبی پیرۆزیی (ڤیدا)ی هیندییەکانە بە(رەگ ڤیدا) ناوی دەرکردووەو بەکۆنترین زمانی ئەم بەشە، نووسراوەتەوە، کە زمانی سانسکریتییەو بۆ سەدەی (١٢) پ-ز دەگەڕێتەوە لەگەڵ زمانی (میتانی)و زمانی (حیثی)«٣» واتە ئاڤێستا دوای (رەگ ڤیدا)ی سانسکریتی کۆنترین بەڵگەی نووسراوی زمانە ئێرانییەکانە ئەم خێزانە زمانە زمانی (سانسکرینی واتە (هیندی کۆن)، پاراکراتی کۆجەراتی، راجاسانی، بەهاری، بەنگالی، ئۆردو، سەنیگالی، سندی..) دەگرێتەوە.

بەشی دووەمی خێزانە زمانی هیندۆ ئاری، یا هیندۆ ئێرانی کە هۆزە (ئێرانییەکان)ن.

هەندێک نووسەر دەڵێن، ئەمانە کۆچیان نەکردووەو، لەشوێنی خۆیان لەوڵاتەکانی ئاسیای ناوەڕاستا ماونەتەوەو لە ئەفغانستان و ئێران، نیشتەجێ بوونە پێیان دەوترێت هۆزەکانی یا خێزانی زمانە (ئێرانییەکان)، کە بریتییە لەزمانی (ئاڤێستا) (کوردی کۆن)، پارسی کۆن (هەخامەنشی) پەهلەوی بەلوجی پەشتوویی، ئەفغانی، سوغدی، تاجیکی، کوردی، فارسی نوێ) کۆنترین بەڵگەی نووسراوی ئەم خێزانە زمانە، کتێبی (ئاڤێستا)ی ئاینی زەردەشتیە، لەسەدەی (٧) پ-ز لەسەردەمی میدییەکاندا، بەزمانی، یا شێوەی زمانی نەتەوەیی زەردەشت، نووسراوەتەوە، کە زمانی (ئاڤێستا)یەو بریتییە لەکۆمەڵە دەقێکی ئاینی، سروودی زەردەشت لە (٢١) سروود پێکهاتووە، لەلایەن زەردەشت خۆیەوە وتراوەو نووسراوەتەوە، گەورەترین بەش (گاتا) لەپێنج بەشی دی پێکهاتووە، بەشێوە پیتێک نووسراوەتەوە، پێی دەوترێ پیتی ئاویستایی و (٦٠) پیتەو لەچەپەوە بۆ راست دەنووسرێت، لەکاتی خۆیدا لەسەرپێستی گادا نووسراوەتەوە، هەندێک نووسەری دی دەڵێن، ئەم کۆمەڵە

هۆزە ئێرانییانە بەرەو ئاسیای بچووک و چیای زاگرۆس چوون، لەئێران و کوردستان بڵاوبوونەتەوە«٥» ، ئەمانە دووبەشن، بەشێکیان، بەرەو باکووری رۆژئاوای ئێران بوونەتەوە، لەناوچەی (گۆمی ورمێ) سەقامگیربوونە بە (مادەکان)ناو دەبرێن، واتە باوباپیرانی کوردی ئێستا نەوەی ئەم (ماد)انەن، کەلەسەدەی (٧ پ-ز)ەوە تاکو (٥٥٠ پ-ز) ، گەورەترین دەوڵەتیان بەناوی دەوڵەتی میدیا دامەزراندووە توانیویانە دەسەڵاتی خۆیان، بەسەرناوچەیەکدا بڵاوبکەنەوە، وەکو ئێران و بەشی ژووروی میسۆپۆتامیاو چەند بەشێک لەئاسیای ناوەڕاست تا رووباری (خالص- قزل ارمق)«٦» .

راستیەکەی شوێنی دووەم، پانتایی یەکەم دەگرێتەوەو، دەسەڵاتی مادەکانی گەیشتۆتێ، چونکە مادەکان، پایتەختی (نەینەوا)ی ئاشووریەکانیان لەساڵی ٦١٢ پ-ز داگیرکردووە نزیکی سنووری شاری بابل، درێژبۆتەوە، کە هەر دەوروبەری (خالص) دەگرێتەوە، کەواتە بیروڕاکان هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، چونکە ئەم هۆزە ئێرانیانە لەئاستی خۆیانەوە بڵاوبوونەتەوە، بێجگە لەوەی سەرووی وڵاتی میسۆپۆتامیا لەکۆنەوەو ئێستاش کوردستان دەگرێتەوە، واتە کوردستانی باشوور دەگرێتەوە ئەمجا پێویستە لێرەدا، ئەوە روونبکەینەوە، هۆزە ئێرانیەکان وەکو وتمان بوونەتە دوو بەشەوە، بەشێکیان کە مادەکانن، واتە کورد بەرەو باکووری رۆژئاوای ئاریانا ، یا باشتر بڵێین، لەو شوێنەدا نیشتەجێ بوونە، کە رۆژئاوای ئێرانی ئێستا دەگرێتەوەو پایتەختیان لە (ئەگباتان)ی هەمەدانی ئێستابووە.

بەشەکەی دیکەیان، کە پارسەکانن واتە باوباپیرانی فارسی ئێستا لەرێگای (فرسوماش)ەوە، بەرەو هەرێمی (فارسا) ، یا (پەرسوا- فەرسوا)«٧» رۆیشتوون و جێگیربوونە، کە دەکاتە باشووری رۆژئاوای ئێران. لێرەدا ئەوەمان بۆ روونبۆوە، کە خێزانە زمانی ئێرانی یا هۆزەکانی هەریەکەیان، بەرەو لایەکی

ئێران چوونە کوردەکان، یامادی باوو باپیرانیان، کەوتوونەتە باکووری رۆژئاوای ئێران و پارسەکان یا فارسی ئێستا لەبەشی باشووری رۆژئاوان ئێستا روونبۆوە کە هۆزە کوردو فارسەکان، یا زمانەکەیان، هەریەکێکیان لەیەکتر دابڕاون و سەربەخۆن و سەربەخۆیی خۆیان لەشوێنی کۆنی بنچینەی باوباپیرانیانەوە، پاراستووە، بۆیە لێرەوە، کاتی ئەوە هاتووە، لەناو خێزانە زمانە ئێرانیەکاندا، کەسەر بەکۆمەڵەی زمانە هیندۆ ئاریەکانە، لەڕووی جیاوازی رێزمان و شوێنی جوگرافیەوە، زمانی کوردی بەزمانێکی (ئێرانی باکووریی رۆژئاوایی نوێ) دابنێین«٨» هێماش بۆ ئەوە بکەین کە وشەو زاراوەی (نوێ) لەم پێناسەدا، مەبەست لەقۆناغی نوێی زمانی کوردییە، چونکە شێوەی کۆنی زمانی کوردی، وەکو زمانێکی باکووری رۆژئاوایی خێزانی زمانە ئێرانییەکان بریتییە لەزمانی (ئاڤێستا) یا (ئاوێستا) کە زمانی کتێبە پیرۆزەکەی زەردەشتەو بەواتای (رێگای راست- پەناگەو حەشارگە) لێکدراوەتەوە«٩» هەرچی زمانی فارسی ئێستایە لەم رووەوە کەلەکۆندا (پارس)ی پێ وتراوە بەزمانێکی ئێرانیی باشووری رۆژئاوایی نوێ دادەنرێت و کۆنترین سەرچاوەو، بەڵگەی نووسراوی، ئەم زمانە ئێرانییە فارسییە بریتییە: لەنموونەی نووسراوەکانی نووسینەکانی داریۆش هاتووە لەسەر کێلی قەبرو، دیواری قەڵاو، لەسەر ئەشکەوتەکان نووسراوەتەوە مێژووی زمانی فارس، وەکو بەڵگەی نووسراو، (٢٥٠)ساڵ دوای نووسینی ئاڤێستای شێوە زمانی کوردییە، کەواتە زمانی کوردی، لەڕووی نووسین و بەکارهێنانی لەدەزگای دەوڵەتی و دامەزراندنی دەوڵەتەوە، بەدوو سەدەونیو، پێش فارسەکان و زمانی نووسینیان کەوتووە کە دەکاتە سەدە (٧ پ-ز) و، تا ساڵی (٥٥٠ پ-ز) مادەکان لەرۆژئاوای ئێران، دەسەڵاتدارو فەرمان ڕەوابوونە و، لەمەوە دەردەکەوێت کە شارستانییەتی کورد (٢٥٠) ساڵ پێش فارس کەوتووە. پاشان دەوڵەتی میدیا، لەلایەن (کۆرش)ەوە، روخێنراون

و دواییـان هاتووەو، بوونەتە ژێر دەسـتـەی فـارسـەکـان، کـە خـاوەن دەوڵـەتی (هەخامەنشی) بوونەو لەسەر لاشەی دەوڵەتی میدیاوە دامەزرێنراوە، زانست و زانیاری میدییەکانیان لەشارستانییەت و چۆنیەتی رێکخستنی ژیان و کتێبی ئاڤێستاشیان سوود لێوەرگرتووەو، لەپاشاندا سووتاندوویانە، لەمەوە کوردو شارستانیەتە دێرینەکەی و ئاینەکەی کەوتۆتە بەر شالاوی نەمان و هێرشەیەک لەدوای یەکەکانی، فارس هەخامەنشی و وگریکی و عیلامی و بابلی و لەدوایشدا هاتنی لەشکری ئیسلام و زمانی عەرەبی هەرچەند دوای ئەمەو، هەر لەم وتارەدا، هێما بۆ ئەوە دەکەین کە لەسەر دەمی دیکەدا، زمانی ئاڤێستاو، کتێبی ئایینی زەردەشت، پاش ئەم سەردەمەش فەرمانی نووسینەوەی دراوە، لێرەوە باسی بەشی سێهەمی ئەو هۆزە کۆچەریانە دەکەین کەوا زمان و هۆزە ئەوروپاییەکانیان پێکهێناوە یا بەکۆمەڵەی رۆژئاوایی (کانتوم)یش دەناسرێن و لەگەڵ خێزان و هۆزی ئێرانی و هیندی، بەوە لەگەڵ یەکتر جیا دەکرێنەوە، کە ئەم دوانەی دواوە بەشی رۆژهەلاتین لێرە بەدواوە، بەخشتەیەک نیشانیان دەدەین، ئەمجا هۆزی سێهەم ئەوانەن لەبانەکانی ئێرانەوە واتە لای رۆژهەلاتیەوە، بەسەر دەریای دانوبدا رۆژئاواو نیمچە دورگەی بەلکان کۆچیان کردووەو«١٠» میللەت و زمانە ئەوروپاییەکانیان لێوە پەیدا بووە ئەمانەش لەناو خۆیاندا، هەر خێزان و کۆمەڵەیەکی لەچەند زمانێکی دیکەی ئەوروپایی، پێکهاتووە، وەکو کۆمەڵە زمانی جەرمەنی، لاتینی، سلاڤی بەلتیکی، یۆنانی، کەلتی، ئەلبانی، ئەمانە پێشینانی یۆنان و رۆمان و گەلە ئەوروپاییانەن، کە بەزمانەکانی ئێستای ئەوروپایی قسە دەکەن و لەزمانی دیکە پێکهاتوونە، لەسەرەوە، تا ئێرە سێ جۆرە هۆزو میللەت و زمانەکەیان خرانەڕوو، کە لەسەرەتاوە لەڕۆژهەلاتی ئێرانەوە، هەندێک دەڵێن ئەم شوێنە ئەفغانستانی ئێستایە، بەرەو ئێران و کوردستان و هیندستان و ئەوروپا چوونە، یا لەهەمان شوێن نیشتەجێ بوونە،

وەک لەسەرەتاوە باسمان کرد، ئەم شوێنە، واتە مەڵبەندی هۆزو گەل و زمانە ئارییەکان، کە هەر سێ جۆرەکەی سەرەوە، بەکۆمەڵەی هیندی و ئێرانی و ئەوروپایی دەگرێتەوەو تیایدا بوونە وەک لەسەرچاوەکاندا هاتووە پێ دەوترێ (ئاریانا) یا (ئاریان)، واتە وڵات و مەڵبەندو شوێنی بنەڕەت و بنچینەی گەلانی هیندو ئاری کۆن، ئەم شوێنە بانەکانی ئێران، لەچیای زاگرۆس لەرۆژئاوا تاکو هیندستان، لەرۆژهەڵاتەوە دەگرێتەوە، بەتایبەتی لەسندو بنجاب ئەم شوێنە، دەکەوێتە رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵات زەریای قەزوێنەوە، کە بەبانەکانی ئێران ناسراوەو، لەکۆندا وەک لەکتێبی (ڤیدا)ی ئاینی هیندیەکان هاتووە، پێی وتراوە (ئاریانا فیجا) یا (ئاریان ڤاچ) یا (ئاریانا-ئاریان)«١١» کەواتە ئاریانا شوێنە، نەک ناوی پێشینانی گەلانی هیندو ئەوروپایی بگرێتەوە، لەم وشەیە، وەکو زاراوەیەکی جوگرافی، لەسەرچاوە کۆنەکاندا بەرامبەر بەو شوێنە وتراوەو بەکارهاتووە،و کە وردە وردە، بەدرێژایی رۆژگارو گۆران و زەمان (ئاریانا) بۆتە (ئاریان)و، پاشان ناوی شوێنەکە، بەسەر خەڵکەکەیدا براوەو، پێیان وتراوە گەلانی ئاری رەگەز و لەمێژووی نوێشدا، بەبڕیاری رەسمی شای ئێران (هەرێمی فارس)ی کرد بە (ئێران)و ئێرانیش شێوەی گۆڕاوی (ئاریانا)و (ئاریان)ە، ئەوەی لێرەدا گرنگە نابێت واتێبگەین کە خێزانی زمانی ئێرانی یا ئێران تەنها فارس دەگرێتەوە، بەڵکو هەموو گەلی کورد و فارس، بەلووج، پەشتوویی، ئەفغانی، تاجیکی«١٢»، ئەسیتینی«١٣» دەگرێتەوە وەکو خێزانە زمان و رەگەز.

لێرەدا هەروەکو فوئاد حەمە خورشیدیش هێمای بۆ کردووە، بیروڕای (براستد، جیمس هنری) لەبارەی وشەی (ئاری)یەوە وەرگرتووە، کە لەناوی، شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەو گەلانەوە هاتووە، کە (ئاریانا)یە، نەک ناوی پێشینانی ئەو گەلانە بێت«١٤»، پێویستە ئەوە روون بکەینەوە، کە هەڵەیە بەو

کۆمەڵەی زمانە ئارییەکان«١٧»		
(١) کۆمەڵەی خێزانی زمانی ئێرانی	(٢)خێزانی زمانی هیندی	(٣) خێزانە زمانی ئەوروپایی
ئاڤێستا(کوردی کۆن) باکووری ڕۆژئاوای(ئێران)ی	هیندی	١- کۆمەڵەی جەرمەنی .
پەرسی(کۆن-هەخامەنشی باشووری ڕۆژاوای(فارسی)	سانسکریتی(هیندی کۆن)	
پەلوجی	پەهاری	٢- کۆمەڵەی لاتینی...
پەشتویی	ڕاجاسانی	٣- کۆمەڵەی سلاڤی...
کوردی نوێ	کۆجەراتی	٤- کۆمەڵەی یۆنانی(ئەرمەنی ،،
فارسی نوێ	پەنگالی	
ئەفغانی	پنجابی	٥- کۆمەڵەی کەلتی...
	ئەلبانی	
تاجیکی	سەنیگالی	٦- کۆمەڵەی بەلتیکی...
ئەسیتینی	سندی	٧- کۆمەڵەی ئەلبانی«١٨»..
سوغدی	ئۆردو زمانی ئەدەبی پاکستانییە	

کۆمەڵە هۆزانەی کە لەبنەڕەتدا، لەبانەکانی ئێران واتە (ئاریانا) بوونەو بوونەتە سێ بەش وەکو: ئێرانی و هیندی و ئەوروپایی، هەرسێکیان، بەکۆمەڵەی (هیندو ئەوروپایی) ناوبەرین، چونکە ئەم زاراوەیە ناوی هەرسێ کۆمەڵ و، خێزانە زمانە ناگرێتەوە، تەنها بەشی هیندی و ئەوروپاییەکە نەبێت، کە تیایدا کۆمەڵەو خێزانی زمانی ئێرانیەکانی تیادا فەرامۆش و ونکراوە، بۆیە ڕاستتر و لەبارترو گونجاوترە بەکۆمەڵەی زمانە هیندۆ ئەوروپاییەکان بووترێت:

کۆمەڵەی زمانی ئاری، چونکە مەڵبەندی، ئەو هۆزانەی کە خاوەنی ئەم کۆمەڵە زمانەن، لەناوچەی ئاریانا واتە بانەکانی ئێران- نیشتەجێ بوونە، بۆیە ئاریانا مەڵبەندە خێڵەو، هاوبەشە بۆ گەلان و زمانی ئێرانی هیندی، ئەوروپایی. شتێکی دیکەش پێویستە بوترێت، ئەم زاراوەی ئاری- یە، لەبەرئەوەی ڕوومای (ڕوخسار- شێوە) هەرسێ خێزانە زمانەکەی تێدایەو، هیندی و ئاریش دەگرێتەوەو ناوێکی هاوبەشە، بۆ ئەو هۆزو خێزانە، زمانی هیندی، ئێرانی، ئەوروپایی، واچاکە هەڵەی خەڵکی دووبارە نەکەینەوە، ئەم ناوە لەلایەن هیندو ئەوروپاییەکانەوە دانراوەو، ئێمەش قۆستمانەوە، ئەگینا کۆنترین بەڵگەی نووسراوی کۆمەڵە زمانی هیندو ئەوروپایی دوای زمانی سانسکریتی کتێبی (ڕەگ ڤیدا) بەشێوەی ئاڤێستا نووسراوەتەوە کەناوی کتێبەکەی ئاینی

زەردەشتیە شێوەی کۆنی زمانی کوردی میدییەکانەو کوردی ئەمڕۆیە «١٥» و لەناویاندا پەنجەی کۆنی و دێرینی بۆ زمانی کوردی رادەکێشرێت، ئیتر بۆچی ئێمەی کورد، خۆمان بەخەڵکەوە هەڵواسین، لەکاتێکدا خۆمان خاوەن سەرەتای شارستانیەت و نووسین و دامەزراندنی دەوڵەت و فێربوونی چاندن و کشتوکاڵ بین«١٦». ئەم زاراوەیە لەلایەن ئەورووپاییەکانەوە، بەهۆی سیمای هاوبەشی شارستانییەتی ئەم گەلانەوە ناونراوە، بۆیە زاراوە (ئاری) یەکە فراوانترە. دوای ئەوەی شوێن و رەگەزو خێزانە زمانیی و زاراوەی گونجاوو لەبار، بەڵگەی نووسراوی زمانی کوردی و مێژووی دێرینی (ئاریانا) خرایەڕوو، پێویستە نەخشەیەکی ئەم کۆمەڵە زمانە بخەینەڕوو:

تێبینی:

هەریەک لەکۆمەڵەی خێزانە زمانی ئەورووپاییەکان، لەچەند زمانێکی دی پێکهاتووە، ئێمە لێرەدا تەنها خێزانە زمانەکانی ئەو بەشەمان خستنەڕوو، بەپێویستمان نەزانی هەمووی دیاری بکەین.

دوای ئەم روونکردنەوەیە پێویستە قۆناغە مێژووییەکانی زمانە ئێرانی و هی زمانی کوردیش، بەجیاو لەسەردەمە جیاجیاکانیدا بخەینەڕوو، تا روون بێتەوە، کە زمانی کوردی خاوەن گەشەو گۆڕان و سەربەخۆیی خۆیەتی، ئەم گەشەو گۆڕانەی زمانی کوردی، لەئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵی کوردەوارییەوە، پەیدابووە، هەر گۆڕانەی لەقۆناغێکەوە بۆ سەرەتای قۆناغێکی دیکە، لەئەنجامی رووداوی مێژووییەوە هاتۆتە کایەوەو سیمای ئەو گۆڕان و قۆناغانەش، بەڕووخساری زمانەکەوە دیارەو، گۆڕانیش نیشانەی زیندوویی زمانە، ئەم گۆڕان و پێشکەوتنەی زمانی کوردی لەئەنجامی پشکنین و لێکۆڵینەوەی مێژووی زمانەکەوە دیارەو بەدەرکەوتووە.

سەرچاوەکان، گۆڕانی قۆناغی مێژووی زمانی کوردی و ڕێنووسەکەی و بەم قۆناغانەی خوارەوە دیارو دەست نیشان دەکەن:

١- قۆناغی زمانی کوردی کۆن: یا دێرین، ئەم قۆناغەی زمانی کوردی، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی میدییەکان و کۆتایی دەوڵەتی هەخامەنشی «١٩» لەسەدەی (٧ پ-ز) تاکو (٥٥٠ - پ-ز)ەو، کۆنترین بەڵگەی نووسراوو، دیاری مێژوویی کتێبی پیرۆزی (ئاڤێستا)ی زەردشتییە، کە بەشێوەی رۆژئاوای ئێران واتە بەزمانی ئاڤێستا، شێوەی کۆنی زمانی کوردی نووسراوەتەوە بەجۆرە پیتێک لەچەپەوە بۆ راست نووسراوەتەوە، ژمارەی پیتەکان (٦٠) پیتەو بریتییە لە سروودی (گاتا)ی ئاینی زەردەشتی، کە لەلایەن زەردەشت خۆیەوە وتراوەو، بریتییە لە (٢١) سروودی ئاینی، ئەم قۆناغە بەبیروڕای مێژوونووسان و زمانەوانان، تا کۆتایی دەسەڵاتدارێتی (هەخامەنشی) دەوڵەتی فارس (پارس) کەلە (٥٥٠ پ-ز) دەست پێدەکات و لەکۆتای سەدەی سێی (پ-ز) واتە ساڵی (٣٠٠) تەواو دەبێت. بەردەوامی زمانی کوردی بەشێوەی زمانی ئاینی و رەسمی دەوڵەتی، نزیکەی (٢٥٠) ساڵی خایاندووە، کە دەکاتە ماوەی حوکمدارێتی میدیەکان، بەڵام هەر ئەم قۆناغە کۆنەی زمانی کوردی، چۆنیەتی بەردەوامبوونی لەسەردەمی هەخامەنشییەکاندا، شێوەی دیکەی بەخۆوە گرتووە، یەکسەر و راستەوخۆ بە نەمانی میدییەکان زمانەکە لەکار نەکەوتووە، بەڵکو وەکو زمانێکی ئاینی لەسەردەمی حوکمی فارسی هەخامەنش ماوەتەوە، بەڵام زمانێکی دەوڵەتی رەسمی نەبووە، بەڵکو زمانی یا شێوەی خوارووی ئێران جێگای گرتۆتەوە، کە زمانی (پارس)یە بەپیتی بسماری نووسراوەتەوە«٢١»، واتە شێوەی کۆنی زمانی فارسی ئەمڕۆ زمانی کوردی ئەو برەوەی نەماوەو لەسەرەتاوە کتێبی (ئاڤێستا)ش لەلایەن فارسەکانەوە سووتێنراوە.

٢- قۆناغی زمانی ناوەندی، ئەم قۆناغە لەدەست پێکردنی ئەشکانییەکانەوە یا ئەرشاکییەوە کە بەپەهلەوی ئەشکانی ناوی دەرکردووە، لەساڵی ٣٠٠ پ-ز دەست پێدەکات و ئەم ناوەیان بۆ وشەی (پرتو- پارثیا)«٢٢» دەگەڕێتەوە، وڵاتەکەیان خۆراسانی ئەمڕۆ یا وڵاتی (ئەشکانیەکان) دەگرێتەوە«٢٣» ئەم قۆناغەی زمانە ئێرانییەکان دووبەشە؛ بەشی یەکەمیان پەهلەوی ئەشکانییە لەساڵی ٣٠٠-٢٢٦ پ-ز، کۆنترین بەڵگەی نووسراوی، ئەو ئاوێستایەیە کە لەسەر پێستی ئاسک نووسراوەتەوەو لەچیاکانی هەورامان دۆزراوەتەوەو مێژووەکەی ساڵی (١٢٠ پ-ز)ە، بەڵام وێنەی ئەم ئاوێستا دۆزراوەیە، تاکو ئێستا دەست نەکەوتووە«٢٤» بەشی دووەمی پەهلەوی ساسانییە لەساڵی ٢٢٧ پ-ز ەوە دەست پێدەکات تا هاتنی و پەیدابوونی ئیسلام، لەسەدەی حەوتەمی زاینەوە بەردەوامە، لەم سەردەمەدا بەفەرمانی ئەر دەشێر ئاڤێستا نووسراوەتەوەو«٢٥» کراوە بەئاینی رەسمی دەوڵەت، ئەم ئاوێستایە بەرێنووسی پەهلەوی کە لەنووسینی ئارامییەوە وەرگیراوە نووسراوەتەوە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێت، بەڵگەی گەش و دیاری زمانی کوردی ئەم قۆناغە ئاشکراو دیار نییە، کە زمانی رەسمی و نووسراو بووبێت، تەنها ئاوێستا نەبێت ئەویش بەشێوەی (زەندو پازەند)ە بۆ لێکدانەوەی ئاینی زەردەشتی بووە کە بەزمانی زگماکی زەردەشت خۆی نووسراوەتەوە، بەتایبەتی بەشی (گاتا)ی کە شێوەی کۆنی زمانی کوردی و میدییە.

زمانی کوردی یا شێوەی سەرووی رۆژئاوای ئێران لەم دوو قۆناغەدا، تا بڵێی لێڵ و تاریکە ئەو نەبێت، کە زمانی ئاخاوتن بووە، نەک زمانی نووسین، ئەم قۆناغەی زمانە ئێرانییەکان بەهاتنی ئیسلام، لەسەدەی حەوتەمی زاینی کۆتایی پێدێت و لەسەدەی نۆیەمی زایینی بەدوو سەدە دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکانی دیکەی هاوخێزانی دێنەوە مەیدانی چالاکی

نووسین و ئەدەبیات.

٣- قـۆناغی کـوردی شـێـوەزار: ئەم سـەردەمـە واتە دوای روخـانی ساسانییەکان، دوای دوو سەدە لەسستی زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکانەوە دەست پێدەکات کە ماوەی ئەو دوو سەدەیە واتە حەوتەم و هەشتەم تەنها زمانی ئاخاوتن بوونەو وەکو زمانی ئەدەبیات و نووسین بەدرێژایی ئەم ماوەیە دواکەوتوو بوونە، ئەگەرچی زمانی کوردی لەم ماوەیەدا وەکو زمانی ئاخاوتن زمانێکی یەکگرتوو بووە، بۆ قسە پێکەرانی کورد لەم ماوەیەدا رووی کردۆتە زمانی عەرەبی یا زمانی فارسی وەکو زمانی نووسین. دەربارەی ئیسلام و ئارەزووی کوردی، یان لەم رووەوە شکاندووە«٢٦»، لێرەدا زمانی کوردی وەکو زمانی نووسین پاشەکشەی کردووە، بەڵام کوردو ئێرانییەکان لەسەدەی نۆیەمی زاییندا، بەهۆی زیندووبوونەوەی گیانی نەتەوایەتی ناوچەییەوە«٢٧»، وردە وردە گەڕاونەتەوە سەر بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی و ئەدەبیاتیان پێ نووسیوە زمانی فارسی و کوردی جارێکی دیکە برەو دەسەننەوە، (فیردەوسی) لەسەدەی نۆیەمی زاینی داستانە بەناوبانگەکەی (شانامە) دەنووسێتەوەو، لێرەوە زمانی فارسی، بەپێچەوانەی قۆناغی یەکەم و دووەم وەکو زمانی ئەدەبیات لەسەدەی دەیەمدا سەرهەڵدەداتەوە، کۆنترین نووسراوی ئەم سەردەمە، کە تاکو ئێستا هەبێت و دەستکەوتبێت چوارینەکانی (بابەتایەری هەمەدانی)یە کە بەشێوەی لوڕی نووسراوەتەوە، ئەم شێوە لوڕییە لەگەڵ شێوەی هەورامیدا، وای بۆ دەچن کە پەهلەوی ئەشکانییە «٢٨». قۆناغی شێوەزاری زمانی کوردی لەدوای سەدەی نۆیەمی زایینەوە، وەکو زمانی ئەدەبی دەستی پێکردووە بە ئەلف و بێی زمانی عەرەبی و، واز هێنان لەرێنووسی پەهلەوی، کە لەنووسینی ئارامییەوە وەرگیرابوو. بەتایبەتی دوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی یەکگرتووی ئیسلام، میرنشینی بچووک بچووک لەلایەن کورد خۆیەوە پێکهێنران، لەم سەردەمەدا

شێوە زارە کوردییەکان لەناوچەی میرنشینەکانی خۆیاندا، وەکو زمانی ئەدەبی لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی میرنشینەکاندا سەریان هەڵداوەو گەشەیان سەندووەو، زمانی کوردی شێوە زار لەناوچەی جیاجیای کوردستاندا بوونەتە زمانی ئەدەبیات. بۆ نموونە لەناوچەی هەوراماندا هەر لەسەرەتای هاتنی ئیسلامەوە زمانی کوردی بەرگری و بەرهەڵستی زمانی عەرەبی ئایینی ئیسلامی کردووە، بێگومان هەر بیرو باوەڕو تەنانەت ئایینیش لەسەرەتاوە خەڵک وەریناگرێت و بەلایەوە ئایینەکەی خۆی پێ باشترە لەئایینە نوێیەکە«٢٩»، بۆیە لەناوچەی هەوراماندا، بەهۆی چڕوپڕی ناوچەکەی و سەختی سروشتە ئاڵۆزەکەیەوە ئاینی ئیسلام و زمانی عەرەبیش لەناو خەڵکدا زوو جێگای نەبۆتەوەو خەڵکەکەی لەسەر ڕێو و شوێنی ئایینە کۆنەکەی باوباپیریان کە زەردەشتییە ڕۆیشتوون درەنگتر ئایینە نوێیەکە وەرگیراوە.

بەڵگەی ڕاستیش بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە ئەوەیە، ئەدەبیاتی ئەم ناوچەیە، جیا لەهەموو ناوچەکانی دی، زیاتر باری ئایینی وشەی کۆنی زمانی کوردی و هی ئاینی زەردەشتی و بەکارهێنانی کێشی خۆماڵی نەتەوەیی، واتە هی گۆرانییە کۆنە فۆلکلۆرییەکان، کە بریتییە لەهۆنراوەی هەشت بڕگەیی و دەبڕگەیی syllable ، لەشیعردا لەناوچەی هەورامان یا لەشێوەزاری گۆرانی بەکارهاتووەو«٣٠». پیرشالیاری زەردەشتی تا ماوەیەک دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام خەریکی بڵاوکردنەوەی ئایینە کۆنەکە بوو بۆیە نموونەی دەیان وشەی کۆنی زمانی کوردی لە شێوەی ئەدەبیاتەی گۆران/ هەورامانی وەکو: پیرشالیار، موغ، وشەکانی ئامۆژگاری ئاینی و پەیڕەوی ئاینی کۆن بەدی ئەکرێ بەهەمان شێوە دوای وەرگرتنی ئاینی ئیسلام شیعری تەریقەت و ئاینی لەم زارەدا بردوی هەبووە«٣١». ئەمجا ئەم قۆناغەی، شێوە زارەی زمانی کوردی، لەناوچەی گەورەی هەر میرنشینێکی کوردیدا، وەکو زمانی ئەدەبی

سەریهەڵداوەو، ئەدەبیاتی کوردی لوڕی هەورامانی، لەنیوەی دووەمی سەدەی چواردە هەم وەکو لای مەلا پەرێشان، خاوەن دیوانی (پەرێشان نامە) کرمانجی سەروو/ بۆتانی نێوان سەدەی ١٥-١٧ ز، کرمانجی ناوەڕاست/ نالی و سالم و کوردی لەسەدەی ١٩ز، بەڵگەی ئەم راستیەن و لەگەڵ نەمان و روخاندنی هەر میرنشینێکدا زمانە ئەدەبییەکەش وردە وردە لەکارکەوتووە.

ئەم قۆناغە لەدوای سەدەی (١٩)ز ەوە، بەتایبەتی لەسەدەی دەیەمی زایینەوە دەست پێدەکات و، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا کۆتایی پێدێت و، زمانی کوردی پێدەنێتە قۆناغی زمانی نووسین و رۆژنامەگەرییەوە.

٤- قۆناغی نوێی زمانی کوردی: ئەم قۆناغە، لای هەندێک بەسەرەتای سەدەی بیستەم دادەنرێت، بەڵام راستیەکەی دەبێت دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان لە٢٢/٤/١٨٩٨ چ وەکو مێژووی دەستپێکردنی زمانی نووسین بەکوردی و، سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری کوردی، وەکو رووداوێکی رۆشنبیری و زمانی و مێژوویی و نەتەوەیی، بۆ مێژووی کوردو بۆ زمانەکەی، وەرچەرخان و سەرەتایەکی گەورەی دەستپێکردنی ژیانێکی نوێیە، بۆ کوردو زمانەکەی و بۆ شارستانیەتی نوێی کورد.

بۆیە دەبێت ئەم رووداوە رۆشنبیرییە تازەو نوێیە سەرەتای قۆناغێکی دیاریکراوبێت، راستە ئەم قۆناغە، یا قۆناغی چوارەمی مێژووی زمانی کوردی، بەقۆناغی بژارەکردنی زمانی کوردی لەوشەی بێگانەو سەرهەڵدانی شێوازی نوێی زمانی نووسینی کوردی ناودەبرێت، بەڵام ئەم تایبەتیەتەی پاکردنەوەی زمانەکە، بەهۆی سەرهەڵدان و بەردەوام بوونی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانەوە دەستی پێکردووەو زمانی نووسینی پەیدابووە، وردە وردە لەگەڵ زیادبوون و بەردەوامی رۆژنامەگەری کوردیدا، زمانەکە پوختەبووەو، خۆی لەوشەو دەربڕینی زمانی بێگانە، پاک کردۆتەوەو لەگەڵ رەوتی ژیانی نوێدا، هەنگاوی بەرەو پێشەوە

ناوه.

لێرەدا، بۆ چەسپاندنی ئەم بۆچوونە، سەیری زمانی رۆژنامەو گۆڤارە جیاجیاکانی کوردی دەکەین، لەرۆژنامەی کوردستانەوە بگرە، تا رۆژنامەی پێشکەوتن و رۆژی نوێ، ئومێدی ئیستقلال، بانگی هەق، گۆڤاری گەلاوێژ و تا ئێستاش ئەو قۆناغە زمانە کوردییە پەتییە، لەگۆڕان و داهێنان و چەسپاندن و نوێبوونەوەی شێوازی نووسینی کوردییە. بۆیە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم بەقۆناغی چوارەم و نوێبوونەوەی زمانی کوردی دادەنرێت.

لەکۆتاییدا، پێویستە ئەوە بوترێت، زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە.

پاشکۆو زاری هیچ زمانێکی دی نییە، بەڵگەی نووسراوی زمانی کوردی لەمێژوودا (۲۵۰) ساڵ لەزمانی فارس کۆنترەو، پەیوەندی زمانی کوردی بەزمانی فارسییەوە وەکو پەیوەندی زمانی فارسی بەکوردییەوە وایە، ئەم پەیوەندییەش پەیوەندی خزمایەتی و خێزانە زمانییە، چونکە ئەم زمانانە، لەکۆنەوە لە شوێنێکدا بوونەو بڵاوبوونەتەوە وشەی هاوبەش لەناو هەموو کۆمەڵ و خێزانە زمانێکدا هەیە، بەڵام چۆنیەتی دەربڕینیان لەڕووی دەنگسازییەوە، بۆ دڕکاندنی وشەکان کوردێک لەگەڵ فارسێکدا یا لەگەڵ بەلووجی و هیندی و جەرمانییەکدا جیاواز وشەکان دەردەبڕن.

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا وشەو زاراوەی ئەم زمانانە، لەگەڵ یەکتردا بەزۆری جیاوازن و هەر زمانەی وشەو زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە، لێرەوە دەپرسین، ئایا هەموو وشەو زاراوەکانی ئەم زمانانە، یەکن بێگومان نەخێر، پاشان ئیتر چۆن زمانێکی بەڵگە کۆنتر و خاوەن دەوڵەت، زاری زمانێکی ژێر دەسەڵات، وەکو سەردەمی میدییەکان کە فەرمانڕەوابوو بەسەر هەموو گەلانی ئێراندا بەکار دەهێنێت«۳۳» لەکاتێکدا خۆی خاوەن زمان بێت. یا پاش روخاندنی میدییەکان، لەسەردەمی هەخامەنشی و بەتایبەتی لەسەردەمی ساسانییەکان،

فەرمان بەنووسینەوەی ئاڤێستا دەدرێت.

لەلایەکی دیکەوە، چۆن زمانێک دەکرێتە پاشکۆی زمانێکی دیکە کەلە کۆمەڵەو خێزانە زمان و ڕەگەزێکی جیاوازی دیکە بێت و زمانی کوردی بەتورکی شاخاوی دابندرێت، لەکاتێکدا ئەم دوو زمانە هەریەکەی لەخێزانە زمانێکی جیاوازن زمانی کوردی هەروەکو سێ سەدە لەمەوبەرەوە سەلمێنراوە، لەخێزانی زمانی ئێرانییەکانەو سەربەکۆمەڵەی هیندۆ ئاری کۆنە، بەڵام زمانی تورکی لەکۆمەڵە زمانی ئورالییە- یا (ئورال- ئەلتیکی)یشی پێدەڵێن، ئەم کۆمەڵە زمانە (ئەلتیک)یە لەزمانی دیکەی وەکو تورکی، مەگۆلی، تەنۆکوسی و بەشی (ئەلیتک- ئالتایی) ئەم کۆمەڵە زمانەش لەزمانی فنلندی ئەستۆنی، مەجەری دەکرێتەوە، ئیتر ملهوڕان و ڕەگەز پەرستان، چۆن دەتوانن ئەم ڕاستییە مێژوویی و زانستییە بشارنەوە، بەری ڕۆژ بەبێژەنگ بگرن، یا خۆیانی لەبەرامبەر گێل بکەن و کوردو زمانەکەی، کە ژمارەی دەگاتە چل ملیۆن ئادەمیزاد بەدەیان و سەدان و هەزاران و زاناو داناو هونەرمەندی تێدایە، نکولی لەبوونی بکەن و هەندێک بەشاخاوی و هەندێکی دیکە بەجنۆکەو کەمایەتی ناوی ببەن، لەکاتێکدا کورد خاوەنی هەموو بنەماکانی نەتەوەیە لەزمان، مێژوو، زەوی، چارەنووسی هاوبەش، ژیانی کۆمەڵایەتی هاوبەش....هتد. هەموو ناوو ناتۆرەو بەڵگەی بێ بنەمایان لەپێناو بەردەوامیی چەوساندنەوەو، پتر حەڵاڵکردنی نیشتمانی کوردە بۆخۆیان.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١- سۆکۆلۆف. زمانی ئاڤێستا، وەرگێڕان و لێدوان و بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی کوردی ئەمڕۆدا، محەمەد ئەمین هەورامانی، بەغدا، ١٩٨٨، ل٢٢ .

٢- فؤاد حمه خورشید، اللغەالکردیه، التوزیع الجغرافی للهجاتها، بغداد، ١٩٨٣، ل١٥ .

٣- زبیر بلال اسماعیل، مێژووی زمانی کوردی، وەرگێڕانی، یوسف رەئوف عەلی، بەغدا، ١٩٨٤، ل٦٠.

٤- پاکیزە رەفیق حیلمی، لەکوێوە دەست بکەین بە زمانی کوردی، ژمارە (١)، بەغدا ١٩٧٣، ل٢٠٣ .

٥- بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٢)، ل١٥ .

٦- سەرچاوەی ژمارە (٣)، ل١٧ .

٧- هەمان سەرچاوە، ل١٨ .

٨- د. کەمال فوئاد، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گۆڤاری زانیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٧١، ل١٦-١٧ .

٩- سەرچاوەی ژمارە (٣)، ل٥٢ .

١٠- سەرچاوەی ژمارە (٢)، ل١٥ .

١١- بڕوانە: أ/ سەرچاوەی ژمارە (١)، ل١٥ .

ب/ محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی ڕێبازی زمانی کوردی، بەغدا ١٩٩٠، ل٦٧ .

١٢- د. عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عبدالله حسن زادە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣، ل٢٩ .

١٣- دریه عونی، عرب واکراد، خصام ام وئام، مصر، دار الهلال، ١٩٩٣ص٢٧ .

١٤- سەرچاوەی ژمارە (٢)، ل١٣ .

١٥- لەم بارەیەوە تۆفیق وەهبی لەوتاری «اصل الاکراد و لغتهم»، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردی ژمارە (٢-٢)، بەغدا ١٩٧٤، ل٢٤ دەڵێ: «ئێمە بەتەواوی بڕواو قەناعەتمان بەڕاستی ئەو بیرە هەیە کە دەڵێ: زمانی کوردی زنجیرەیەکی ڕاستەوخۆیە لەزنجیرەی زمانە ئارییە کوردییە کۆنەکان و ئاڤێستاییە مادییەکان (واتە- ماد- نووسەر).

١٦- جۆناتان راندل، امة فی شقاق، بیروت لبنان، ١٩٩٧ هێمای بۆ ئەمە لەپێشەکی کتێبەکەیدا کردووە.

١٧- بۆ ئەم دابەشکردنە، سوودم لە سەرچاوەی ژمارە (٢)، (٣) هەروەها د. علی عبدالواحد وافي، علم اللغه، ١٩٧٠ وەرگرتووە.
١٨- بۆ کۆمەڵە زمانی زنجیرە (٦،٧)ی خێزانە زمانە ئەوروپاییەکان کە لێرەدا ئەم ژمارەیەی وەرگرتووە، بڕوانە: د. پاکیزە رەفیق حیلمی، زانیاری زمان، دەفتەری کوردەواری، بەرگی (٢) بەغدا، ١٩٧٠، ل١٠٠-١٠٦ .
١٩- محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی رێبازی زمانی کوردی، ل٢٠ .
٢٠- پاکیزە رەفیق حیلمی، سەرچاوەی ژمارە (٤)، ل ٢٠٣ .
٢١- هەمان سەرچاوە، ل٢٠٩ .
٢٢- هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.
٢٣- سەرچاوەی ژمارە (٣)، ل٦٢ .
٢٤- بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٤)، ل٢١٠ .
٢٥- سەرچاوەی ژمارە (١١ /أ)، ل١٤ .
٢٦- سەرچاوەی ژمارە (١٣)، ل٢٨ .
٢٧- سەرچاوەی ژمارە (٤)، ل٢٠٣ .
٢٨- سەرچاوەی ژمارە (٣)، ل٦٥ .
٢٩- سەرچاوەی ژمارە (١١ /أ)، ل٤٢ .
٣٠- بەکارهێنانی کێشی شیعری، لەشیعری کوردی قۆناغی کلاسیکیدا بریتی بووە لەبەکارهێنانی کێشی عەروزی عەرەبی کە بریتییە لە (١٦) کێش و (١٥) یان... خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی دایناوەو دوانیان هی ئەخفەجە، بەڵام کوردەکان بەزۆری حەوتیان بەکارهێناوە وەک: هزج، رەمەل، بسیط، .... هتد، هەرچی کێشی شیعری شێوەی گۆران/ هەورامانییە بەکێشی خۆماڵی وتراوە، مەبەست لەئەدەبیاتی کۆنی ئەو بەشەیە.
٣١- بیروڕای دکتۆر عزەدین مستەفا رەسول، لەکتێبی زمان و ئەدەبی کوردی/ ٦/١٩٧٨، ل١٧٣-١٧٥ .
٣٢- مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی سەرەتای سەدەی بیستەمی بۆ قۆناغی نوێی زمانی کوردی داناوە، باشتربوو دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان لە ١٨٩٨ لەبیر نەکردایە کە سەرەتای ئەو قۆناغە نوێیەیە.
٣٣- د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی گەلی کورد، بەغدا، ١٩٨٥، ل١٨ .
+ پەندو وتەیەکی کوردەوارییە کە دەڵێ: «بەری رۆژ بەبێژەنگ ناگیرێت» واتە راستی ناشارێتەوەو دێزە بەدەرخۆنە ناکرێت.
+ بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٢)، ل١٣ .

بەشی دووەم

ڕێزمان

چاوگ و فرمان
کامیان سەرچاوەو بنەڕەتن؟

وشـــەکـــانی زمـــان لە رووی پێکهـــاتن و دروست بوونەوە، بە هۆی چەند رێگایەکـەوە ئەنجام دەدرێت(١) و ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخانە بۆ دیاری کـردنی سەرچاوەو، بنکەی ئەو دروستبوونە کە لە زمانی کوردیدا وشەکانی بە رێگای (لێکدان)و (دارشتن)ەوە دادەرێژرێن و، ئەو سـەرچاوەیەش لەرووی دارێشـتنی وشەوە، چاوگ و فرمانەو لە دەمی کۆنەوە دوو راو بۆچوونی لەیەکتر جیاواز، لەم رووەوە، لای زمانەوانە عارەبەکانەوە، لە دوو قـوتابخانەی زمانەوانی بەسراوی و کـوفـیـیـەکـانەوە بەوەی ئایە چاوگ و فـرمـان کـامـیـان سـەرچاوەی بنەڕتی وشە دارێشتنە، سەری هەڵداوە. بەڵام ئێـمـە ناچینە نـاو ئەم باسـەوە، چونکە زمـانی عـارەبی جـیـاوازە لەگـەڵ؛ کـوردیداو لەیەک زمـان نـین، عـارەبی وەکـو زمـانێکی سامی تایبەتێـتی خۆی هەیە کوردیش وەکـو ئاریایی کۆن تایبەتێتی و رێگای خـۆی هەیە، ئەگـەر چیش زمـانی کـوردی لەرووی پێکهـاتنی وشـەو زاراوەوە زمـانێکی لێکدراوە، واتە زۆربەی وشـەو زاراوە پێکهـاتووەکـانی، بە رێگای لێکدانی دوو وشـەوەیە، کـە گـۆرانیش تیـایدا روو دەدات یا بێ گـۆڕانە، بەڵام دارشتنەوەش وشەو زاراوەی لێوەپێکدێت، کە زیادەی وشەدارێژ Affix بەهۆی رەگی وشەوە وشەی تازەی لێ پێکدەهێنرێت.

وەک: سەوز+ ە ـــــ سەوزە، خۆر + ە ـــــ خۆرە، بۆر+ ە ـــــ بۆرە+ ڕەش+ ایی ـــــ ڕەشایی، شار+ ی ـــــ شاری، سەرباز+ گە ـــــ سەربازگە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی کوردی، وشەی دارێژراوی بە ڕێگای دارشتنەوە لێوە وەردەگیرێت، بەڵام سروشتی زمانی کوردی زمانێکی لێکدراوە، ئەم باسەی ئێمە، تایبەتە بەوەی ئایا چاوگ یا فرمان، کامیان سەرچاوەی دارێشتنی وشەیەو لێرەدا ئەم باسە ڕوون ئەکەینەوە کە چاوگ بە هۆی ڕەگەکەیەوە، کە بناغەی وشە پێکدەهێنێ، سەرچاوەی دارێشتنی وشەی تازەیەو ژمارەیەک وشەی وەک فرمان خۆی، ناوی بکەر، ناو بەرکار، ناوی چاوگ ناوی شوێن، ناوی ئامێر، ناوی لێکدراو (لە بناغەی چاوگی لێکدارواوەوە) هەروەها وشەی تری لێوە وەردەگیرێت.

ئەم باسە هەوڵێکە، لە کەم و کوڕی بە دوور نابێت، بەڵام ئەگەر هەڵەش بێت، یا بە دڵی نووسەرانی تریش نەبێت، ئەوا هەوڵی تری بەرەو لێکۆڵینەوەی تر دێنێتەکایەوە، ئەگەر ڕاستیش بێت ئەوا باشترو کەلێنێک لە بواری بۆشایی زمانی کوردی ڕوون دەکاتەوە. چومسکی تا ساڵی ١٩٥٧ لە هەوڵی بەردەوامدابوو، بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ڕاستی شیکردنەوەی زمان. هەواڵەکانی پێش ئەم مێژووەی تورهەڵداو بیردۆزی ڕێگای تازەی هێنایەکایەوەو بە دنیادا بەڵاوبۆوەو بیردۆزەکانی تری خۆی پووچەڵ کردەوە، ئەم باسە ڕێگای تر دەکاتەوە، گرنگ ئەوەیە ڕێگای لێ نەگیرێت بەوەی لەگەڵ بۆچوونی کەسانی تردا جیاوازە، بۆچوونی جیاواز نیشانەی لیکۆڵینەوەی زانستییە. پێش ئەوەی بێینە سەر باسەکە ئاوڕێک لە بارەی یاساو شێوازی دارشتن و پێکهاتنی وشەی زمانی ئینگلیزی دەدەینەوە، چونکە ئەم زمانە، ئەگەر چی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەریەکەی تایبەتێتی خۆیان هەن، بەڵام جیاوازی دەستووریان لە نێواندا بەدی دەکرێت.

بیروڕای زمانەوانە ئەوروپاییەکان (ئینگلیزەکان)

- لە بارەی بنەڕەت و سەرچاوەی داڕێشتنەوە-

زمانەوانە ئەوروپاییەکان بەتایبەتی ئینگلیزەکان لە بارەی ئایا چاوگ وفرمان کامیان سەرچاوەی داڕێشتن بێت، لەم رووەوە ڕێبازی ئینگلیزەکان، ڕێگایەکی تایبەت بە پێچەوانەی زمانەوانە عارەبەکانیان گرتۆتە بەر، کە ئەویش ڕێگای بەکارهێنانی مورفیمە (Morphem) واتە بە هۆی مۆرفیمەوە ژمارەیەکی زۆر لە وشە دادەڕێژێت و پێک دەهێنرێت، مۆرفیمیش بەلای ئینگلیزەکانەوە، راستێکەیشی هەروایە دوو جۆرە، جۆرێکی مۆرفیمی سەربەخۆی واتادارە Feer Morphem- (وشەی تەواو)و جۆرەکەی تریش مۆرفیمی بەند Bound Morphem- واتە پێشگرو پاشگر. نیشانەی دەچنە سەر مۆرفیمی سەربەخۆ یا رەگی وشە، وشەی جۆربەجۆری تازە بە هۆیانەوە واتە بەهۆی یارمەتی پێشگرو Suffex پاشگرەوە Prefex دروست دەبێت، کە لە زمانەکەدا ئەرکی جیاجیای گرنگ، لە رووی ڕێزمان و واتاوە دەبینن؛ ئەم زمانەوانە ئینگلیزانە دوو مۆرفیمی وەک رەگ Root و قەد STEAMدەکەنە بنەڕەتی دروست بوونی وشە بەهۆی زیادەوە، یەکەمیان بناغەو ریشەی وشەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی پارێزگاری واتای وشەی چاوگەکەی کردووە، ئەگەرچی رەگ بەتەواوی واتا نابەخشێت، بەڵام پاشگرو پێشگر بەبێ ئەوان هیچ دەورێک لە زماندا نابینن، نموونە: رەگی چاوگی (نووسین)- نووس+ ەر ـــــ نووسەر ناوی بکەری دروست کردووە.

یا بەم شێوەیەی خوارەوە، فرمانی لێوە بەیارمەتی پێشگرو راناوی لکاو دروست بووە؛ وەک: نووسین = رەگەکەی (نووس)ە بەهۆی نیشانەی بەردەوامی (دە)ەوە بەیارمەتی راناوی لکاو فرمانی رانەبردووی لێ داڕێژراوە (دەنووسم).

بۆ تافی رانەبردوو: قەدی چاوگ و راناوی لکاو، فرمانەکە دروست دەکات؛ بەم شێوەیە:

نووسین+ نووسی + م ــــ نووسیم.

بیروڕای ئێمە لەبارەی زمانەوانە ئینگلیزەکانەوە، ئەگەرچی زمانی کوردیش لە کۆمەڵەی زمانە ئارییەکانە خزمایەتیان هەیە، بەڵام هەر زمانە تایبەتێتی خۆی هەیە لە دەستووری وشە پێکهاتن چ بەرێگای لێکدان یا دارشتن.

دروستبوونی یا دارێشتنی وشە لە زمانی ئینگلیزیدا بە رێگای مۆرفێمەوە بەم شێوەیەیە، کە (رەگ - Root)و قەد Stem لەوشەدا دیاری کردووەو بە هۆی مۆرفیمی بەندەوە وشەی لێوە دروست دەکەن، بەم شێوەیە:

رەگ + پاشگری بەند ــــ Teach + er ــــ Teacher ئەگەر وشەی Teacher کە بەهۆی پاشگری er ەوە بۆتە قەدی وشە ناویشە یان وەک Teacheo کە ed ەکەی کردوێتی بەقەدی فرمان و بەلادانی (d) ەکە وشەی تری لێوە بە هۆی پاشگرەوە دادەرژێت، یان وەک (, Shawing , Showen Showed) هەر چەندە مۆرفیم لە زمانی کوردیشدا وەک ئینگلیزی دەور دەبینێت لە دارشتندا، بەڵام چاوگ لە زمانی کوردیدا بۆتە سەرچاوەو بنەرەتی دارێشتن؛ چاوگ مۆرفێمەکانی بەشێوەیەکی وا چوونەتە پاڵ یەکتر لە ناو قاڵبی چاوگەکەدا تواونەتەوە(٨)، ئەمەش بەڵگەیەکە، کە چاوگ لە زمانی کوردیدا وشەیەکی تواوەیە Words ئەگەرچی زمانی کوردی بە زمانێکی لکاو -ag) glutinative) دادەنرێت و، بۆیە چاوگ وەک وشەیەک لە زمانەکەدا بە وشەیەکی سادەی واتادارو سەربەخۆ دادەنرێت و، بە لادانی (ن)ەکەی و نیشانەکەی، رەگ و قەدەکەی واتا نابەخشن و لە پاشاندا بە هۆی راناوی لکاو و پێشگرو پاشگرەوە، فرمان و وشەی دارێژراو لەم وشە تواوانەوە Fastonel کە چاوگن دروست دەبن وەک لە چاوگی: (خواردن) فرمانی (خواردم) و

(دەخۆم)و ناوی بکەری (بخۆر)و ناوی چاوگی (خۆراک)ی لێوە وەردەگرین. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە فرمان لە چاوگەوەیە، نەک چاوگ لە فرمانەوە وەرگیرابێت. ئەمە لە شێوەی جیاواز جیاوازدا روون دەبێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر بێتو (ن)ی چاوگەکان لابدەین، بەشێوەیەکی گشتی (قەدی چاوگی تێنەپەڕ بۆ کەسی سێیەم و قەدی چاوگی رووداو بەهۆی ئەوەی کە بکەرەکانیان هێزێکی سروشتین و بێ وەرگرتنی راناوی لکاو دەوری خۆیان دەبینن، هەروەها قەدی چاوگە یائیەکان بە هۆی کۆتایی هاتنیان بەدەنگی ی قەدەکان و بەوەی کە کەسی سێیەمی راناوەکان، بە پیتی (ی) کۆتاییان هاتووە، ئەو دیاردەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە قەدەکانیان ببنە فرمان و واتا ببەخشن، ئەگینا بە پێچوانەوە قەدی چاوگ (Steam) بەگشتی واتا بەخش نین و کاتی فرمانەکانیش دیارنین و ناتوانرێت بەبێ راناوی لکاو، وەک وشەیەکی واتادار دابنرێن ئەمە بێجگە لەوەی کە تافیان نییە؛ نموونە:

کوشتن: بەلادانی (ن)ی چاوگەکە، قەدی (کوشت) دەمێنێتەوە کە نەکات و نەواتای دیارو ئاشکرا نییە، واتە پێویستی بە پێوە لکاندنی راناوی لکاو هەیە، کە دەبێتە هۆی دیاری کردنی تاف و واتاکەی وەک: کوشتم، کوشتت، کوشتی، کوشتمان، کوشتتان، کوشتیان..

هەروەها کردن: کرد دەبێتە: کردم، کردن، کردمان، کردتان، کردیان.

بردن: برد بێ تاف و واتایە بە هۆی راناوی لکاوەوە دەوری واتاو دیاری کردنی دیاری دەکرێت وەک: بردم، بردت، بردی- بردمان، بردتان، بردیان.

بیروڕای زمانەوانە کوردەکان

زمانەوانی کورد تا ئێستا لە بارەی ئایا «چاوگ یان فرمان کامیان بنەڕەت و سەرچاوەی داڕێشتن»ن یا لەم بارەیەوە، بە هەر ناونیشانێک بێت لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی سەربەخۆیان ئەنجام نەداوە، مەگەر لەناو لێکۆڵینەوەو بابەتی تردا نەبێت، ئەویش بە سەرپێیی و لابەلایی و بێ هیچ لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکی ئەنجام داروو بێ نموونە، چاوگیان داناوە بە سەرچاوەی وەرگرتنی فرمان و وشەی تری لەم بابەتەوە بێت. هەندێک یانیش کەبەشێکی کەمن وەک بەشی یەکەم بێ پێشاندانی هیچ بەڵگەیەک فرمانیان بە سەرچاوەی داڕێشتن و چاوگ لێوە وەرگرتنیان داناوە، بەڵام لە ناو کتێبی ڕێزمانە کوردییەکاندا، لە بەشی وشەسازیدا Morphology تەنها لە باسکردنی داڕێشتنی (ناو، ئاوەڵناو، فرمان) بێ ڕوونکردنەوەی پێویست لە چاوگەوە ئەو وشانەیان وەرگرتووە(٩).

بۆیە پێویستە ئەم باسە لە زمانی کوردیدا بە پێی تایبەتێتی زمانەکە لای لێ بکرێتەوەو یەک لایی کردنەوەی پێویستە.

لەبەر نەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لەم بارەیەوە، بۆیە ناتوانین لە بواری زمانەوانانی کوردا بیروڕای خۆمان دەست نیشان بکەین و هەڵیان بسەنگێنین و یەکسەر دێمە سەر لێکۆڵینەوەکەی خۆم.

چاوگ یان فرمان کامیان سەرچاوەو بنەڕەتن؟

چاوگ وەک بەشێک لەبەشەکانی ئاخاوتن ناوی کردارێکی گشتی دەبەخشێت و نەبەستراوە بەکەس و کاتەوەو گەردان ناکرێت. لە زمانی کوردیدا چاوگ هەڵدەگرێت ببێت بە بنەڕتی سەرچاوەی داڕێشتنی هەندێک وشەو فرمان؛ چاوگ و فرمان هەردووکیان تایبەتێتی ڕووداوو کرداریان تێدایەو، هەرچی

فـرمـانە تایبـەتێـتی تری وەک کـەس و کـاتی تێـدایە، کـە لە چاوگ دا بەدی ناکرێت، کەواتە شتێکی هاوبەش لە نێوانیاندا بێت کردارو رووداوە، کە وەکو تایبەتێک لەو وشە دارێژراوانەی وەک: ناوی بکەر، ناوی بەرکار، ناوی چاوگ، ناوی جێگا، ناوی ئامێر، هەروەها ئاوەڵناوو هەندێک ئاوەڵفرمان یشدا هەیە لە چاوگەوە وەردەگیرێن و دادەرێژرێن، کە تا ئێستا ناکۆکی لە سەرە، بەوەی ئایا چاوگ یان فـرمـان کـامـیـان سەرچاوەی ئەو دارێشـتنەبن؛ یا فـرمـان خـۆیشی وشـەیەکـە لە چاوگـەوە دارێژراوە. لەناو ئەو وشـانـە، هەمـوویاندا تایبـەتیـیـەکی هاوبەشی وەک کردار (عـملـیـة)و رووداو یان تێـدایەو بە نەبوونی کـەس و کـاتی فرمان تیایاندا؛ ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو وشانەی سەرەوە، فرمانیش لە گەڵیاندا لە چاوگەوە دادەرێژرێن و چاوگیش بنەڕەت و سەرچاوەی ئەو دارێشتنەیە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- چاوگ لە رووی واتاوە لە زمـــانـدا واتای شـــوێن و ســـەرچاوەی لێـــوە وەرگـرتن دەبەخـشـێت، یاخـود بە واتای (بنەوان)دێت کـە واتای سـەرچاوەی ئاو دەگەیەنێ.

٢- چاوگ واتایەکی گـشـتی، رووداوی کـردارێکی بێ کـاتی تێـدایە کـە لە وشە دارێژراوەکانیەوە بە هەمـان واتا بەدی دەکرێت، بەمە دەرەکەوێت لە وشـەی گشتییەوە وشەی تایبەتی وەردەگیرێت.

وەک: نووسـەر خـاسـیـەتێکی تایبـەتیـیـە لە چاوگی (نـووسین)ەوە دارێژراوە سـیـفـەتێکی تایبـەتی خـاوەنەکـەی دەگـەیەنێت و(١٠) چاوگـەکـەشی کـردارو رووداوێکی گشتی دەبەخشێت هەروەها (کڕیار، فرۆشیار، فرۆشراو ...).

٣- چاوگ وشـەیەکی واتـاداری سـەربەخـۆیە(١١)، ئەگـەرچی لـە سێ مۆرفێم پێکهـاتووە، بەڵام بە شێوەیەکی وا چوونـەتە پاڵ یەکـتر، لەناو قـاڵبی دارێشـتنی وشـەکـەدا بە جـۆرێک تـەواونەتەوە ئەگـەر مـۆرفـیـمـێکیـان بـۆ نموونە وەک (ن)ی

چاوگـەکـە لابـبـرێت ئەوا واتاکـەی تێک دەچێت تەنهـا لەو چاوگـانە نەبێت کـە فـرمـانەکـانیـان لە چاوگی روودان و (١٢) چاوگـە یائیـەکـانەوە وەردەگیـرێن، بە هۆی ئەوەی ئەم جۆرانە بکەرەکـانیـان دیارنین و لە گـەردان کـردن و دارێشـتنی فرمانی رابردوودا، بێ بەکارهێنانی راناوی لکاو، قەدی چاوگەکانیان لە حاڵەتی کەسی سێیەمی تاک دان، وەک سووتا، برژا لە (سووتان- برژان)ەوە یا نووسی، کری لە (نووسین- کرین)ەوە واتا دەبەخشن، ئەگینا جۆرەکانی تر نەکات و نە واتایان ئاشکرا نین وەک: (کـردن: کـرد) بێ راناوی لکاو نەکـەس ونەکـاتەکـەی ئاشکراو دیارنین.

کوشتن: کوشت، خواردن: خوارد، کێلان: کێلا، رێشتن: رشت، گروون: گروو، بەسـتـان: بەسـتـا) ئەم قـەدی چاوگـانە بەبێ بکەر (راناوی لکاو) واتاکـانیـان دیارنین و دەوریان وەکـو فـرمـانێکی واتـادارو وشـەیەک لە زمـانی کـوردیدا نین و بێ واتان، تەنانەت ئەگـەر وشـەیەکی واتاداریشـیـان لە بەکـارهێنـاندا بخـەیتـە تەنیشـتەوە بەبێ راناوی لکاو بەهەمـان شێوەی سـەرەوە وەک وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ واتایان نییە.

نموونە: نان خوارد، دارەکە بەستا، ئاهەنگ گێرا، پیاوەکە کوشت، ئاورشت.

ئەم قەدی چاوگانە ئەوە دەسەلمێنن کە فرمان بە تەنها بێ راناوی لکاو ناتوانرێت بە وشـەیەکی سـەربەخـۆ دابنرێن و واتاو کـاتەکـەیان دیارو ئاشکرا بێت، واتە فرمـان وشەیەکی سەربەخـۆی یەک ریشـەیی یا یەک مـۆرفـیـمی نییـەو بۆ دەمی رابردوو دوو مـۆرفـیـمی وەک قـەدی چاوگ و راناوی لکاو کـە سـەر بە بەشـێکی ئاخاوتنی وەک راناوی کەسین، لە دارێشتنی دروست بوونیدا بەشدار دەبێت و، بۆ دەمی رانەبردوو و داخـوازیش سێ مـۆرفـیـمی وەک (دە)ی بە بەردەوامی و رەگی چاوگ و راناوی لکاوو، بۆ داخوازیش مۆرفیـمی (ب)ی داخوازی و رەگ و راناوی لکاو بەشداری دارێشتنی دروست بوونیان دەکەن بەم شێوەیە:

چاوگ: نیشانەی بەردەوامی + رەگی چاوگ + راناوی لکاو ـــــ فرمانی رانەبردوو.

نووسین: دە + نووس + م ـــــ دەنووسم

رۆیشتن: دە + رۆ + م ـــــ دەرۆم

بۆ داخوازی:

چاوگ: پێشگری (ب) ئەمری+ رەگی چاوگ+ راناوی لکاو ـــــ فرمانی داخوازی.

نووسین: ب + نووس + ە ـــــ بنووسە بۆ کەسی دووەمی تاک

ب + نووس + ن ـــــ بنووسن بۆ کەسی دووەمی کۆ

بەلادانی هەر مۆرفیمێک، لەوانە وەک نیشانەی رانەبردوویی و داخوازی و راناوی لکاو، رەگەکان (Root) بە تەنها ئەگەرچی رەگ لە زمانە هیندۆ ئەوروپاییەکاندا پارێزەری واتای وشە گشتییەکەیە، هیچ واتایەک نابەخشن. لێرەدا دەردەکەوێت کە فرمان خۆی وشەیەکی دارێژراوەو، لە رووی دروست بوونەوە، بە یارمەتی مۆرفیمی ترەوە دروست بووە؛ بۆیە وشەیەک کە سەربەخۆ نەبوو لە رووی واتاوە، ئیتر چۆن دەبێت بە بنەڕەت و بناغەو سەرچاوەی دارێشتن و وشە لێوە وەرگرتن کە رەگەکەی لە چاوگەوە بۆ دارێشتنی وەرگیراوەو، پارێزەری واتا گشتییەکە چاوگە نەک هی واتای فرمان، چونکە فرمان واتاکەی بۆ کردارێکی تایبەتییە، کە لە کردارو رووداوە گشتییەکەی چاوگەوە بناغەو رەگ و واتاکەی وەرگیراوە.

هەرچی چاوگە هەروەکو لە پێشەوە وتمان وشەیەکی سەربەخۆی واتادارەو لە زمانی کوردی و زمانی تریشدا حالەت و رووداوو، واتاو کاتێکی گشتی دەبەخشێت وەک: نووسین، خواردن، کردن ...هتد هەموو کردارێکی گشتی دەبەخشن و بەکەم کردنەوەی پیتێک یا (ن)ی چاوگەکەی واتا سەربەخۆکەی

خۆیان لە دەست دەدەن، وەک لە سەرەوە پیشانماندان.

با بێینە سەر قەدی تێنەپەڕی کەسی سێیەمی تاک، کە دوای وەرگرتنیان لە چاوگەکانیانەوە، بەلادانی (ن)ەکەیان فرمانی رابردوو بێ پێوەلکاندنی راناوی کەسی لکاو لەبەر دیارنەبوونی بکەرەکانیانە، کە وەک قەدی چاوگی روودان کە بەهەمان شێوە بکەرەکانیان دیارنین، بۆیە واتا دەبەخشن و کاتەکانیان لە حاڵەتی کەسی سێیەمی تاکی نادیارە، کەچی بۆ کەسەکانی تر پێویستیان بە پێوەلکاندنی راناوی لکاوە، تا بە تەواوی کەسەکانیان وەکو قەدی چاوگەکانی کە لە سەرەوە نموونەمان بۆ هێنانەوە بە هۆی بەکارهێنانی راناوەکانەوە دیاری بکرێن، **نموونە:**

چاوگی تێنەپەڕ: قەدی چاوگ - (ن)ی چاوگ ــــ فرمانی رابردوو بۆ کەسی سێیەمی تاک

ڕۆیشتن: ڕۆیشت - (ن) ــــ ڕۆیشت

چوون: چوو - (ن) ــــ چوو

هاتن: هات - (ن) ــــ هات

بەهەمان شێوە برژا، خنکا، ڕژا، رووخا، پسا، مرد، سووتا ...

لەبەر ئەوەی بکەرەکانیان هێزێکی سروشتین و لەحاڵەتی کەسی سێیەمدان، بۆیە بێ راناوی لکاو ئەمانەو، ئەو قەدانەی کە وەک (ڕۆیشت، هات، چوو ...) بێ راناوی لکاو، واتاو کاتیان ئاشکراو دیارە، بکەرەکانیان لە دۆخی (حاڵەت) نادیاریدان و نازانرێت کە ، . کێن؛ بەڵگەش بۆ ئەمە بۆ کەسانی تر بەبێ بەکارهێنانی راناوی لکاو بەکارنایەن و کاتەکەیان دیارنییە، وەک: ڕۆیشتم، ڕۆیشتیت، ڕۆیشتین. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە فرمان نابێتە بنەڕەت و بناغەو سەرچاوەی وشە داڕێشتن و فرمان خۆیشی لە چاوگەوە، بەیارمەتی مۆرفیمی ترەوە دروست دەبێت و وشەیەکی سەربەخۆنییەو فرمان لە چاوگەوە وەرگیراوە،

نــــەک چاوگ لە فرمانەوە وەرگیرابێت.

پاش ئەم شـێـوانەی سـەرەوە، قـەدی تێـپـەڕی چاوگـە یائیـیـەکـان بەبێ پێوەلکاندنی راناوی لکاو دوای لادانی (ن)ی چاوگەکانیان، واتاو کاتیـان تێدا بۆ کەسی سێیەمی تاک بە هۆی کۆتایی هاتنیان بە پیتی (ی)ی تێکەڵ بوونیان لەگەڵ راناوی لکاوی (ی) کەسی سێیەمی تاکدا، کەنیشانەی بوونە بکەری فـرمـانی تیـپـەڕە، دیارو ئاشکرایە، واتە لەبەر لە یەکـچـوونی ئەو دوو دەنگی (ی)یە، کـە لـە بنەڕەتدا یەک دەنگن، کـە ئێـسـتـا بۆ دوو مـەبەسـتی جـیـاوازی بەکارهاتوون، یەکەمیان پیتێکی چاوگەو دووەمیان راناوی لکاوە، ئەگینا قەدی چاوگ دوای لادانی (ن)ەکەی کە دەبێتە هۆی دروست بوونی فرمان بەبێ راناوی لکاو نابێـتـە فـرمـان و وەک وشـەیەکی واتادار بە تـەنـهـا بەکـارنایەت؛ نموونە: چاوگی یائی: قـەدی چاوگ (-) (ن) ـــــ فـرمـانی رابردووی تێـپـەڕ بۆ کـەسی سێیەم

نووسین: نووسی - (ن) ـــــ نووسی

کڕین: کڕی - (ن) ـــــ کڕی، هەروەها قەدی تری یائی وەک:

بڕی، سڕی، پرسی ... ئەم قـەدی چاوگـانە بۆیە بەبێ راناوی لکاو بەکـاردێن و واتاو کـاتیان بۆ رابردوو دیارە چونکە بە (ی) نیشـانەی چاوگ کۆتاییـان هاتووە لەگەڵ (ی) رانـاوی لکاوی کـەسی سێـیـەمی تاکدا وەک دەنگێک هەمـان شتن. باشـترین بەڵگەش بۆ ئەمـە ئەوەیە بۆ کـەسـەکـانی تر لە گـەردان کـردنیـاندا، قـەدی چاوگەکان بەبێ راناوی لکاو گەردان ناکرێن و کەسەکـانیش دیارنین کە چەندەمن وەک: نووسی + م ـــــ نووسیم، نووسیت، نووسیمان، کڕیم، بڕییان، سڕیتان ... لێرەدا دەرکـەوت کـە چاوگ بنەڕەتەو بـەتەنهـا وەک وشـەیەکی سـەربـەخۆی واتادار بەکـاردێت، بەڵام فـرمـان لە چاوگـەوە رەگ و قـەدەکـەی وەردەگـیـرێت بـە هۆی پێـشـگرو رانـاوی لکـاوەوە دادەڕێژێت و دەبێــتــە وشـــەیەکی دارێژراوو بوونـی

فرمانیتی دەچەسپێت و دەبێتە وشەو بەکاردەهێنرێت و تافەکەشی دیاری دەکرێت.

٤- چاوگ لە رووی شێوەوە بە سادەو دارێژراوو لێکدراوەوە ناوێزەکانی (شاذ) نەبێت کە بە پاشگری (ەوە) کۆتاییان هاتووە ئەگەرچی ئەوانیش پێشی ئەو پاشگرەیان بە (ان) کۆتاییان دێت، هەموویان کۆتاییەکەیان بە(ن)ەو، تەنها چاوگیشە لە زمانی کوردیدا لەناو وشەکانی تردا یەک شێوەیان هەیە؛ وەک: سووتان، بڕین، خواردن، هێنان، کوشتن، چوون، ... بەڵام فرمان شێوازی جۆربەجۆری هەیە بۆ رابردوو، رانەبردوو، داخوازی هەروەها راناوی لکاوی جۆربەجۆر لە کۆمەڵەی یەکەم و دووەم و تێنەپەڕ لە رابردوو وانەبردوودا دەچێتەسەر وەک:

بۆ رابردووی تێپەڕ:

بردم بردمان

بردت بردتان

بردی بردیان

بۆ رانەبردووی تێپەڕ؛ وەک:

دەنووسم دەنووسین

دەنووسیت دەنووسن

بە (ات، ێت) دەخوات دەنووسێت دەنووسن

بۆ رانەبردووی تێپەڕ:

دەچم دەچین

دەچیت دەچن

بە (ات، یت) دەچێت دەڕوات دەچن

بۆ رابردووی تێنەپەڕ:

ڕۆیشتم ڕۆیشتین

ڕۆیشتیت ڕۆیشتن

لە کەسی سێیەمدا ڕاناو دەرناکەوێ: ڕۆیشت ڕۆیشتن

بۆ فرمانی داخوازی: بنووسە - بنووسن

ئەم حاڵەتی جۆربەجۆرەی فرمان لە رووی دارێشتن و گەردان کردن و کاتەوە، بەشێوەی جیاواز جیاواز ،ئەوە دەگەیەنێت کە فرمان وشەیەکە لە چاوگەوە بە رێگای دارێشتنەوە وەرگیراوەو وشە دارێشتن، واتە دروست کردنی شتێک، لە چەند شتێکی تر لەیەک قاڵیەوە، لێرەدا فرمان لە قاڵبی چاوگەوە وەرگیراوە، کە رەگەکەیەتی بە هۆی نیشانەی جۆربەجۆری وەک دە، ب و ڕاناوی لکاو.

٥- چاوگ لە رووی پێکهاتن و دارێشتنەوە سی جۆری هەیە، وەک:

سادە: هاتن، کردن، کوشتن، بڕین، چوون.

دارێژاو: ڕاهاتن، ڕاکردن، دابڕین، هەڵچوون، کردنەوە.

لێکدراو: نان کردن، ڕاوکردن، داربڕین، ئاگرکردنەوە.

لێرەدا رەسەنایەتی چاوگ، وەک بنەڕەتی دارێشتن بە هۆی چاوگێکی لێکدراوی وەک (ئاگرکردن)ەوە کە بەبێ پاشگری (ەوە) واتاکەی روون نییە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە چاوگ یەک حاڵەتی دارێشتن و پێکهاتنی هەیە تەنانەت بە لێکدراویش بەهۆی لێکدانی دوو وشەی وەک (ئاگر + کردن) پێویستی بە چوونەسەری پاشگری (ەوە)ی چاوگە ناوێزەکان (شاذ) هەیەو دەبێتە (ئاگرکردنەوە) کە واتادارە بە هۆی (ەوە)وە، هەرچی فرمانە لە رووی دارێشتن و پێکهاتنەوە دوو جۆری هەیە بەبێ سادە، چونکە لە چاوگەوە وەرگیراون و شێوەی سادەییان نییە، کە چاوگەکان هەیانە چونکە سەربەخۆن؛

نموونە:

١- فرمانی دارێژراو(١٣): خواردم (قەدی چاوگ +ڕاناوی لکاو)، دەخۆم

(نیشانەی رانەبردوویی + رەگی چاوگ + راناو)، بنووسە (بـ - ی داخوازی+ رەگ + راناوی لکاو).

٢- فرمانی لێکدراو: بۆ جیاکردنەوە چەمکی فرمانی لێکدراوو دیار کردنی پێویستە ئاگاداری وشە سەربەخۆکەی کە دەچێتە پاڵ فرمانە داڕێژراوەکەوە بین؛ ئەگەر واتای وشەکە پەیوەند بوو بە فرمانەکەیەوەو، بە تەواوی پارچەکانی تێکرژاوو چووبێتنە پاڵ یەکترەوە، نەک وەک بەرکاری فرمانی راستەوخۆ.

نموونە: راوم کرد، دەستی گرت، هەوڵی دا، یارمەتی دام، دەمی گرت، سەری نایەوە. راودەکەم، دەستی دەگرم، چاوی لێدەپۆشێت، یارمەتی دەدەم، بەهەمان شێوەی فرمانی داڕێژراو، فرمانی لێکدراویش کە لە وشەیەکی سەربەخۆ و فرمانێکی داڕێژراو یان زیاتر بەهۆی راناوی لکاوەوە، وەک نموونەکانی سەرەوە پێک دەهێنرێن، بەڵام بەبێ راناوی لکاو وەک داڕێژراوەکان دروست نابن و هیچ واتایەک دوای لابردنی (ن) چاوگەکانیان نابەخشن و هیچ دەورێک نابینن،

نموونە:

دەست گرتن ـــــ دەست گر (وەک فرمان)

راوکردن ـــــ راوکرد،

هەوڵدان ـــــ هەوڵدا

یارمەتی دان (بەرێکەوتی (ی) وشەی یارمەتییەوەیە واتابەخشە).

چاولێپۆشین ـــــ چاولێپۆشا،

دەم گرتن ـــــ دەم گرت ...

ئەم نموونانە، باشترین بەڵگەیە، کە فرمان لە چاوگەوەیەو، وشەیەکی سەربەخۆی نییەو سەرچاوەی وەرگرتنی وشەی ترو، سەربەخۆیی بنەڕەتی چاوگ دەسەلمێنێت و، بۆ وەرگرتنی وشەی تریش، وەک ناوی بکەر، ناوی بەرکار، ناوی چاوگ، ناوی جێگا، ناوی ئامێر بەهۆی پێشگرو پاشگرەوە دوای لادانی (ن)ەکەی و

وەرگرتنی ڕەگەکەی بە لێکدراوی، وەک ڕاوکردن + ەر ـــ ڕاوکەر

فرۆشتن: فرۆش + یار ـــ فرۆشیار، فرۆشرار (ناوی بکەرو ناوی بەرکار).

نان کردن: نان کە + ەر ـــ نانکەر (ناوی بکەر) بزوێنێکیان نامێنێ؛

شەکرشکاندن: شەکرشکێن (بە گۆڕینی)ا ـــ ێ (ناوی ئامێرە) کوشتن و بڕین ـــ بکوژو ببڕ، کوژراو (ناوی لێکدراو، ناوی بەرکار)

کوشتن: ـــ کوشت + ار ـــ کوشتار (ناوی چاوگە)

فرۆشتن ـــ فرۆش + گا ـــ فرۆشگا (ناوی جێگایە)

بردن: بە + ەرـــ بەر (ئاوەڵفرمانی شوێنییە).

٥- چاوگ هەمووی وەک وشەیەکی سەربەخۆو واتادار بەکاردەهێنرێت، بەڵام فرمان و گوزارە هەموویان بەتەنها بەکار نایەن و پێویستیان بەزیادەو مۆرفیمی تر هەیە.

نموونە: ئاڵا قوتابی (واتای روون نییە) ـــ ئاڵا قوتابییە (واتادارە).

٦- چاوگ بە (ن)ەکەیدا دیارە، کە وشەیەکی گشتی و سەرچاوەی داڕێشتنی فرمان و وشەی ترە، چونکە (ن)ەکەی تایبەتە بە وشەی چاوگ و، لە قاڵبی فیزیاوی پێکهاتنیدا تواوەتەوەو، جیاوازە لەگەڵ (ن)ی تردا کە مۆرفیمە لە شوێنی تری وشەدا وەک (ن)ی کۆو یا لەگەڵ وشەی تردا، بەشدری هەبێت و حاڵەتی جۆربەجۆری هەبێت، وەک فرمان و ڕاناوی لکاو، بریتییە لە چەند جۆرێک بۆ ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی، هەروەها بۆ تێپەڕو تێنەپەڕ، هەیی، ئەمانە دۆخی جیاوازیان هەیە لەو ڕووانەوە.

نموونە: نووسین، کردن، ڕژان، هاتن، هەڵگرتن، خولاندنەوە، هەموو (ن)ەکان یەک بابەتن، بەڵام کچن. هی کۆیە.

بۆ ڕاناوی لکاو: چووم بکەرە، کوڕەکەم بۆ هەیی یە

خواردمان بۆ ڕابردووی تێپەڕە، چوویت بۆ ڕابردووی تێنەپەڕە، دەخۆین بۆ

رانەبردووی تێپەڕ، ڕۆیشت = رابردووی تێپەڕ (دەرناکەوێ)

خواردی = رابردووی تێپەڕ، دەخوات، دەنووسێت بۆ رابردووی تێپەڕ.

٧- هەموو چاوگێک وشەی لێوە دادەڕێژێت و وەردەگیرێت، تەنانەت چاوگی (چوون)، (بوون) کە ناوێزەن (شاذ) بەڵام دەمەکانی فرمانی وەک: (چووم، دەچم، بچۆ، بووم، دەبن، ببە)ی هەیەو کەچی فرمان هەموویان وشەیان لێوە دروست ناکرێت وەک لە فرمانی ناتەواوی بوو، ئەگەر فرمان سەرچاوەی وەرگرتن و داڕێشتنی وشە بێت، دەبێت لە فرمانی (دەچم، چووم، بووم، دەبم) وشەی تری لێوە وەربگیرایە، وەک ناوی بکەر ناوی بەرکار، ناوی چاوگ، ناوی جێگا، ناوی ئامێر)، چونکە رەگی ئەم دوو چاوگە بریتین لە تەنها پیتێکی وەک (چ ، ب) دەبنە هۆی داڕێشتنی فرمان لێیانەوە، بەڵام لە فرمانە کەیانەوە، وشە وەرناگیرێت، چونکە واتای رەگ بەندە بەچاوگەوە.

٨- چاوگ وەک وشەیەکی سەربەخۆ، هەموو جۆرەکانی واتا دەبەخشێت، بەڵام فرمان بەبێ یارمەتی پێشگرو پاشگر دروست نابێت و بە فرمانیش دانانرێت. بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها رەگی چاوگەو بێ واتایە، بە هۆی زیادەوە دەبێتە فرمان ئەو زیادانەش بە شێوەی پێشگرو پاشگرن وەک (نیشانەی جۆری دیاری کردنی فرمان لە (دە، وە، بوو، بـ، راناو) کە بۆ رابردووی بەردەوام، رانەبردوو، رابردووی تەواو، رابردووی دوور، فرمانی داخوازی)؛ واتە بەلادانیان، رەگ دەمێنێتەوە، وەک وشەیەکی ناتەواو (مۆرفیمی بەند) لە ناو چاوگدا پارێزراوە، واتە بەمەدادەردەکەوێت کە فرمان لە چاوگەوە، وەرگیراوەو بنەڕەتی داڕێشتن و وەرگرتنی وشەو فرمانیش چاوگە، نەک فرمان؛ چونکە فرمان، خۆی بە تەنها بوونی نییە لە وشەسازیداو بوونەکەی لە ماکی (رەگ و ریشە) چاوگەکانەوەیە، چونکە ئەو رەگانە لە ناخی چاوگەکانەوەن و، بوونەتە ئێسکی دروست بوونی فرمان، هەر لەبەر ئەمەشە فرمان جۆری سادەی نییە لە رووی پێکهاتنەوە،

چونکە وشەیەکی وەرگیراوو دارێژراوە.

٩- چاوگ، فـرمـان و وشـە دارێژراوەکـانی تری کـە لە رەگی چاوگـەوە، وەردەگیرێن، هەمـوویان رووداوێکی گشـتیـان تێدایە، بەڵام فرمان بێجگە لە رووداو، کاتی تێدایە، لێرەدا رووداو لە نێوانیاندا هاوبەشەو، تەنها کات هی فـرمـانەو، چاوگ رووداوە لەلایەن کـەسـێکەوە رادەگـەیەنرێت و روودەدات و، پاشان باس لە بارەیەوە دەکرێت و، فرمانیش بریتییە لە باسکردن لە بارەیەوە، واتە فـرمـان باسی رووداوەکـە، دەکـات و پێش باسکردنەکـە، رووداوەکـە رووی داوە، بۆیە لە رووی بەجێی (منطق) واتاوە، چاوگ پێش فـرمـانەو سەرچاوەی رووداوە گشـتیـیەکە لە چاوگدایەو ئەم رووداوە وەک کردەوەیەکی سەربە چاوگ تایبەتێتی گشت وەرگرتووەو، لە فرماندا لە چاوگەوە وەرگیراوە، تایبەت بووە بە هۆی دیاری کردنی کات و کەسەکانییەوە. کردن: رووداوە کردارێکی (عملیة) گشتی دەبەخشێت و بێ کاتە.

کـاردەکـەم، کـردم: رووداوێکی تایبـەتەو لەلایەن کـەسـێکەوە کـراوە، بەڵام (کردن) کە چاوگە ئیش و کارێکی گشتییەو هەموو ئیش و کارێک دەگرێتەوە، کـە لەلایەن بکەرەوە بکرێت و لە فـرمـانەکـەدا سـیفـەتی دیاری کـردن و تایبـەتی خۆی وەردەگرێت کە چ کارێک بێت و بکەرەکەشی دیارە؛ هەروەها ئەم نموونانە:

خواردن، ڕۆیشتن، نووسین ـــ کردەوەو رووداوی گشتین و بکەرنییە.

خواردم، ڕۆیشت، نووسیمان ـــ کردەوەیەکی تایبەتی بکەرە دیارە.

رەگ واتای گـشـتی وشـەکـەی پاراسـتـووە، بەمـەدا دەردەکـەوێت، رەگ هی چاوگە، چاوگیش واتاکەی گشـتییە، بەڵام فرمـان تایبەتە، کەواتە فرمـان لە چاوگـەوەیە، چونکە واتای فـرمـان تایبـەت ترە لە واتای چاوگ و فـرمـانیش لە رەگی چاوگەوەیە(١٤).

١٠- بـەڵـگەی تر بـۆ بنـەڕەتی و ســـــەرچاوەی چاوگ ئـەوەیە، دەنـگە

سروشتییەکانی (گرمە، قیژە، هارە، بارە، زریکە، ...) وەک: پرس، دز، خەو)ی ناوی چاوگی (اسم المصدر Infinitive noun) یەکسەر بە هۆی راناوی لکاوەوە، ناکرێن بە فرمان بە شێوەی: پرسیم، دەدزم، بخەوە، بەڵام ئەم ناوە دەنگە سروشتیانە، کە ناون بە هۆی پاشگری (اندن)ەوە بوونەتە چاوگ و، لە پاشاندا لە چاوگەکانیانەوە بەلادانی (ن)ی چاوگ بە هۆی لکاندنی پێشگرو راناوی لکاوەوە، فرمانیان لێوە دروست دەکرێن، نموونە:

گرمە + اندن ـــــ گرماندن: گرماند + ی ـــــ گرماندی بۆ رابردوو. گرماندن + گرمێن (بە هۆی ا ـــــ ێ (رەگە): دە + گرمێن - ێت ـــــ دەگرمێنێت بۆ رانەبردووە، بەڵام ناتوانین بڵێین: گرمی، گرمە، بگرمە، دەگرمە وەک فرمان و جۆرەکانی بۆ هەر ناوێکی چاوگی؛ ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە چاوگ بنەڕەت و سەرچاوەی فرمان دروست کردنە، نەک فرمان خۆی.

چونکە ئەگەر فرمان سەرچاوەبێت ئەوا دبوایە (گرمە، قیژە، ... هتد) یەکسەر راناوی لکاوو پێشگرو پاشگریان وەربگرتایەو واتایان بدایە، وەک: قیژە ـــــ بقیژە، دەقیژم گرمە + م ـــــ گرمەم، دەگرمە + م ـــــ دەگرمەم، بگرمە، گرمەوە.

ئەمجا ئەم نموونانەی سەرەوە، بە هەردوو جۆری راستەکەی و هەڵەیەوە، ئەوە دەسەلمێنێت کە ناوی دەنگە سروشتیەکان دەچنەوە، سەر بنەڕەت و سەرچاوەی خۆیان کە چاوگە، نەک فرمان، چونکە ئەگەر فرمان بنەڕت بووایە، ئەبوایە ئەو (ناوە سروشتیانە) یەکسەرو راستەوخۆ بەبێ (اندن) پێشگرو راناوی وەربگرتایەو واتا بەخشیش بووایە، کەچی بێ واتان و ئەم دیاردەیە ناوە دەنگە سروشتییەکان دەگرێتەوە.

١١- چاوگ هەروەکو لە خاڵەکانی تردا روونمان کردەوە، بە واتای کردەوەیەکی گشتی دێت، کە ئەمە تایبەتییەکە، چاوگ لە ناو نزیک دەکاتەوە، چاوگیش لە رووی ئەرک و (١٥) واتاوە هەر وەک ناو وایەو ناویش لە زمانی کوردی،

دەورێکی چالاک دەبینێت لە رووی دارێشتنەوەو، سەرچاوەی دارێشتنی وشەیەکی زۆرە، بە هۆی زیادەوە (affix). ئەمە ئەوە دەچەسپێنێت کە چاوگ لە فرمانەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو فرمان خۆی لە چاوگەوە وەرگیراوە، چاوگ سەرچاوەی دارێشتن و وەرگرتنی وشەی دارێژراوی تری وەک: ناوی بکەر، ناوی بەرکار، ناوی چاوگ، ناوی ئامێر، ناوی جێگا، هەندێک جۆری ناوی لێکدراوە(١٦). نموونە:

بۆ ناوی جێگا: فرۆشگا، کێڵگە، جمگە، رووتەن،هەڵدێر.

بۆ ناوی چاوگ: کوشتار، پرسیار، کۆکە، پرسە، برِشت، خۆراک، کۆشش.

بۆ ناوی ئامێرو ئامراز: پێخەف، شەکرشکێن، کوتەک، هێڵەک.

بۆ ناوی چاوگ: کوشتار، پرسیار، کۆکە، پرسە، برِشت، خۆراک، بێژنگ، گیرە.

بۆ ناوی لێکدراو: باران برِان، باگردێن، راوکردن، نان کردن.

ئەم نموونانەی سەرەوە ئەوە دەدەخات، کە چاوگ وەک ناو وایەو وشەی زۆرو جۆربەجۆری لێوە وەردەگیرێت و، چۆن ناو لە کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی سەرچاوەی وشە دارێشتنە، چاوگیش سەرچاوەی وشە وەرگیراوەکانی خۆیەتی وەک نموونەکانی کە لە سەرەوە پێشانماندان، نەک فرمان، چونکە فرمان خۆی وشەیەکی دارێژراوەو لە چەند مۆرفیمێکمەوە دروست بووە - ئەو نموونانەی سەرەوە، هەندێکیان دوو دەوری وەک ناو و ئاوەڵناو دەبینن، واتە لە چاوگەوە ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمانیش بەکەس وەردەگیرێت، ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە چاوگ ناو وەک یەکن، نموونە: دزین ـــ دز، مردن ـــ مردار، گریان ـــ گرینۆک، پەککەوتن ـــ پەککەوتە.

وشەکانی ریزی دووەم ئاوەڵناون، ئاوەڵفرمانیش لە چاوگەوە؛ وەک بردن: بە + ەر ـــ بەر (واتە بەردەم و خوار دەگەیەنێت بۆ شوێن و بەری دار).

دان: ده + ەر ـــ دەر(شوێن بۆ دەرچوون و هاتووچۆ).

لە ناوەوە بە دەیان وشـــــەی وەک ناوی دارێـژراو، لێـکدراو، ئاوەڵـناو وەردەگیرێت، چەند نموونەیەک بۆ بەڵگەی سەرچاوەیی وشە دارێشتنی ناو پێشان دەدەین: سەرباز + گا ،سەربازگا، دارەوان، پیاوەتی، دانساز، سەرۆک، برایەتی، جوتیار، کرێکار، دڵدار، سەرین ... هتد لە ناوەوە، ناوی دارێژراون. لە پاش، لەپێش، لەمەولا، سەرانسەر، خوارەوە، دواوە، دوایی، ئاوەڵفرمانن.

چاوگ لە رووی بوونەوە

بەپێی پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکەمانەوە، پێویستە جۆرەکانی چاوگ لە رووی بوونەوە؛ دیاری بکەین، چونکە پەیوەندی هەیە بە وەرگرتنی بکەرەوە، لە کاتی وەرگـرتنی فـرمـانی ئەو جۆرە چاوگـانەوە، لە رووی بوونیـانەوە، بە پێی واتی سیمانتیکییان لە ئەنجامدانی رووداو و، کردنی رووداوی فرمانەکانیان، کە ئەم دوو جۆرەیان هەیە(١٧):

١- چاوگی گوێزانەوە (مصدر انتقالي)

٢- چاوگی روودان (مصدر مطاوعة)

لە یەکەمیاندا فرمانی گوێزانەوە وەردەگیرێت، کەبکەرەکانیان بە هۆی کەس و راناوە لکاوەکـانەوە دیاری دەکـرێت و، کـات و واتـای فـرمـانەکـەش بە هۆیانەوە دروست دەبێت و بەبێ کـەس و راناوی لکاو، فـرمـان نە دروست دەبێت و بێ واتایەو مۆرفیمێکی بەندە، کە لە چاوگەوە، وەرگیراوەو واتاکەشی بەندە بەوەوە؛ ئەم دیاردەیە، تەنها لە کەسی سێیەمی فرمانی تێنەپەڕدا، واتاو کاتەکەی لەبەر پێویست نەبوون و دەرنەکەوتنی راناوە لکاوەکەدا لەزمانی کوردیدا دەرناکەوێت و واتا دەبەخشن و کاتیشی دیارە؛ وەک:

هاتن: هاتم هاتین.

لە رانەبردوودا پێویستیان بە راناوی لکاو هەیە.

بۆ تێنەپەڕ: هاتیت   هاتن   دێم   دێین

هات   هاتن   دێیت   دێن

ئەم دیاردەیە لە چاوگی گوێزانەوەی تێپەڕدا، کاتێک فرمانی لێوە وەردەگیرێت، بەبێ راناوی لکاو فرمان دروست نابێت و، کات و واتای ئاشکرا نییە، بەڵام بە پێوەلکانی راناوی لکاو بە رەگی چاوگەکانیانەوە، فرمانەکانیان دروست دەبێت و واتاو کاتیان تیادا بۆ تافە جیاوازەکانیان دیاری دەکرێت؛ وەک: خواردن: خوارد (بێ راناوی لکاو کات و واتای نییە)، خواردم

بۆ تێپەڕ: خواردت   خواردمان   (بەهۆی راناوەوە واتاو کاتیان دیارە).

خواردی   خواردتان

ئەم دیاردەیە، چاوگە تێپەڕە (یائیەکان) هەروەکو لەمەوبەرەوە لەم باسەدا روونمان کردۆتەوە؛ لەبەر ئەوەی قەدی رابردوویان بە (ی) کۆتایی هاتووە، لەگەڵ راناوی لکاوی (ی) کەسی سێیەمی تاکدا تێکەڵ دەبن واتاو کاتیان هەیە.

وەک: نوسین: نووسی

کڕین: کڕی

بڕین بڕی

بەڵام بۆ کەسەکانی تر پێویستیان بە راناو هەیە تا دیاری بکرێن.

وەک: نووسیم   نووسیمان

نووسیت   نووسیتان

ئەم نموونانەی سەرەوە بۆ رابردووی تێپەڕبوون، بەڵام رانەبردووی تێپەڕ بەبێ راناوی لکاو، بۆ هەموو کەسەکان بەتاک و کۆوە، پێویستیان بە راناوی لکاو هەیە تا بینەفرمان و کەس و کات و واتایان دیاری بکرێن.

وەک: دەنووسم   دەنووسین

دەنووسیت   دەنووسن

دەنووسێت   دەنووسن

نموونەی تر لە چاوگە نا یائییەکان کە بەبێ راناوی لکاو لەدەمی رابردوو، رانەبردوو واتاو کاتیان دیاری ناکرێت و فرمان دروست نابێت، کە ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزە کە فرمان وشەیەکی سەربەخۆ نییە، مۆرفیمی وەک پێشگرو پاشگر کات و واتای دیاری دەکات؛ نموونەی فرمان لە چاوگی نایائییەوە:

کێڵان: کێڵا بێ راناوی لکاو واتاو کاتی تێدا نییەو، رووداو دیاری ناکات. بۆ رابردوو (کێڵات) کات و واتایان دیارە بە هۆی راناوی لکاوەوە. کێڵام، کێڵات، بۆ رانەبردوو کێڵان: کێڵ مۆرفیمی بەندە بێ راناوی لکاوو نیشانەی فرمان.

دەکێڵم، دەکێڵێت بە هۆی (دە)و راناوی لکاوەوە کات و واتایان دیاری کرا.

هێنان: هێنا، هێن

بەستان: بەستا، بەست

کردن: کرد، کە

کوشتن: کوشت، کوژ

جووین: جوو، جوو

مۆرفیمی رابردوو، رانەبردوون بەندو بێ واتان تافیان دیاری نەکراوە، چونکە بێ راناوی لکاون و نیشانەی فرمانیان نییەو لە فرمانی گوێزانەوەی تێپەڕن.

٢- چاوگی روودان: (مطاوعة) ئەو فرمانانەی لەم جۆرە چاوگانەوە وەردەگیرێن لەبەر ئەوەی بکەرەکانیان هێزێکی سروشتین و، لە دەرەوەی ویست و کرداری مرۆڤە روودانیان بۆیە بەلادانی (ن) چاوگەکانیان بەبێ راناوی لکاو کات و واتایان هەیەو لە دۆخی کەسی سێیەمی تاکدایەو، یا بە هۆی ناوی کەسەوە، بۆ رابردوو دیاری دەکرێت، بەڵام رانەبردوو وەک جۆرەکانی تر، بێ راناوی لکاوو نیشانەی فرمان دیاری ناکرێت؛ وەک:

خنکان: خنکا

برژان: برژا - واتاو کاتیان بۆ کەسی سێیەمە.

برژام: برژاین: برژایت.

خنکام: خنکاین: برژان - کات و واتایان بە هۆی راناوەوە بۆ رابردوو دیاری کراوە.

بۆ رانەبردوو: برژان ـــــ برژێ

خنکان ـــــ خنکێ

مۆرفیمی بەندن بەبێ نیشانەی فرمان و راناوی لکاو.

دەبرژێم دەبرژێین

دەبرژێیت دەبرژێن

دەخنکێم دەخنکێین

بە هۆی راناوی لکاوو نیشانەی (دە)ی رانەبردووەوە واتایان ئاشکرا بووە.

بە گشتی فرمان بەبێ راناوی لکاوو دیاری کردنی نیشانەکەیان، ئەوانە نەبێت کە یائین و فرمانی روودانن (مطاوعة) واتاو کاتیان نییە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە فرمان لە چاوگەوە وەرگیراوە، نەک چاوگ لە فرمانەوە وەرگیرابێت، بۆیە چاوگ بنەڕەتە (اصل).

ئەنجامی لێکۆڵینەوە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، کە چاوگ و فرمان کامیان لە کامیانەوەن و، کامیان سەرچاوەی داڕشتنن گەیشتوومەتە ئەم ئەنجامانە:

١- چاوگ لەبەر ئەوەی نموونەی وشە تواوەکانی Fasional زمانی کوردییە و مۆرفیمەکانی لەناو یەکتردا بەشێوەیەکی واچوونەتە پاڵ یەکتر تواونەتەوەو قاڵبی فیزیاوی دروستبوونی وشەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆو سادە دادەنرێت، چونکە بەلادانی (ن)ی چاوگ و نیشانەکەیان، چاوگەکانیان، واتایان نامێنێ و

پاشماوەکەیان بە ڕەگ و قەدەوە، سەربەخۆنین و واتاشیان بەندە بە چاوگەوە.

٢- چاوگ بنەڕەت و سەرچاوەی وەرگرتنی فرمان وشەکانی وەک ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان، ناوی بکەر، ناوی بەرکار، ناوی چاوگ، ناوی جێگا، ناوی ئامێر، ناوی لێکدراوی بە هۆی پێشگرو پاشگرەوە بۆ سەر ڕەگ و قەد.

٣- چاوگ بەسادەو داڕێژراوو لێکدراوییەوە، یەک شێوەو ڕواڵەتیان هەیەو تەنانەت ناوێزەکانیشیان (شاذ) کە بە پاشگری (ەوە) کۆتاییان هاتووە، هەموویان بە نیشانەی (ن) کۆتاییان دێت و ئەم (ن)ە، تەنها تایبەتە بە چاوگەوە، نەک بۆ وشەی ترو بەلادانی وشەکە وەک مۆرفیمێکی بەندو بێ واتا دەمێنێتەوەو، بە هۆی پاشگرو پێشگرەوە وشەی تری لێوە وەردەگیرێت.

٤- چاوگە ناوێزەکانی، کە بە پاشگری (ەوە)ن وەک (خولانەوە، پلیشانەوە ...) هەموویان نشانەکەیان پێش پاشگرەکە، بە (ان) کۆتاییان هاتووە، بەڵام بەبێ (ەوە) بێ واتان و، لە گەردانکردندا ڕاناوە لکاوەکان شوێنی (ان) نیشانەکە دەگرنەوە، ئەمە ئەوە دەچەسپێنێت، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە کۆندا بەبێ پاشگری (ەوە) واتایان هەبووە، نموونە: خولانەوە، کولانەوە، سووڕانەوە. دەبنە: خولامەوە، کولایەوە، سووڕاینەوە ...

٥- چاوگ لە ڕووی واتاوە لە زماندا بە واتای شوێنی وەرگرتن و سەرچاوە دێ.

٦- چاوگ ڕووداوی بێ کاتە، فرمانی لێ دەربچێت، هەموو وشەکانی کە لە چاوگەوە، وەردەگیرێن هەمان تایبەتی ڕووداوی بێ کاتیان تێدایەو، بەڵام دوای وەرگرتنیان لە چاوگەوە، کاتەکانیان بۆ دەمی ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی دیاری کراوە بە هۆی ڕاناوی لکاوو نیشانەی فرمانەوە.

٧- چاوگ وەک ناوێکی گشتی وایەو واتای کردار (عملیة - پرۆسە) دەگەیەنێ لەبەر ئەوەی ناو بە گشتی سەرچاوەی داڕێشتنی (اشتقاق) وشەیەکی زۆری

وەک ناوی دارێژراوی ترو ئاوەڵناوو ئاوەڵفرمانە ... لە کوردیدا، چاوگیش واتای ناو دەبەخشێت، بۆیە چاوگ لە فرمانەوە، وەرنەگیراوە، بەڵکو فرمان وشەی تر، لە چاوگەوە، وەرگیراون.

٨- لە ڕەگی هەموو چاوگەکانەوە، وشەی تر بۆ نموونە وەک فرمان دروست دەبێت تەنانەت لە ڕەگی چاوگی (چوون، بوون)ەوە، فرمانیان بە هۆی پێشگرو پاشگرەوە لێ وەردەگیرێت، کەچی ئەگەر فرمان بنەڕەت بێت، ئەوا دەبووایە لە ڕەگی (چـ ، ب)ی فرمانی (دەچم، دەبم)ەوە، وشەی تری بێجگە لە خۆیان وەربگیرایە، بەڵام لە چاوگەکەیانەوە، ئەو دوو فرمانە وەرگیراوە.

پەراوێز:

١- لێکدان و دارِێشتن، زرەریژ، وەرگێران، داتاشین. بڕوانە: د. کامیل بەسیر، زاراوە سازی.

٢- بڕوانە الدکتور عبدالعزیز عتیق، المدخل الی علم الصرف، بیروت ١٩٧٤، ل ٥٧- ٦١.

٣- غازی فاتیح وەیس، زمان و ئەدەبی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین، ٩٧٩، ل ١٣، دەربارەی بیرڕای چومسکی بەلایەوە: لێکۆڵینەوەی زمانەوانی وەچ کردن (تولیدی Junerative) کە فۆرم و واتا بۆ لیکۆڵینەوەی زمان پێویستە.

٤- الدکتور هادي نهر، الصرف الواقي، دراسة وصفية تطبيقية في الصرف وبعض المسائل الصوتيه، بغداد، ١٩٨٩، ل٦٣.

٥- د. عبدالعزیز عتیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨- ٦٠.

٦- رەفیق محەمەد شوانی، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، نامەی ماجستێر ٩٨٨، ل ٧٤- ٧٥.

٧- رەفیق محەمەد شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.

٨- لەمەودوا روونی دەکەمەوە، دوای بەراورد کردنی بیروڕاکان، دەربارەی وشەی تواوە.

٩- نوری عەلی ئەمین، رێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠، ل٢٧- ١٣١، ١٤٩- ١٦٢.

١٠- رەفیق محەمەد شوانی، نامەی ماجستێر، ل ٧٩.

١١- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٨.

١٢- محەمەد معروف فتاح لە وتاری (کار پۆلێن کردن بە پێی ڕۆنان) لە رۆشنبیر ژمارە (١٢١)، ل٤٠- ٥٩، یەکەم لێکۆڵینەوەیەکی زانیستییە، دەربارەی دابەش کردنی فرمان لە رووی پێکهاتنەوە، کە فرمان سادەی نییە، دەبوایە، لایەکی لە نامەکەی رەفیق محەمەد بدایەتەوە، چونکە ئەو هێمای بۆ ئەوە کردووە کە فرمانی رانەبردوو وەک (دەڕۆم) دارێژراوە، نەک سادە، کە ئەمە یەکەم بۆچوونە لەم بارەیەوە، بڕوانە نامەکەی ناوبراو ل٧٩. هەروەها محەمەد مەعروف فەتتاح (خوارد، دانا گرت) لە لاپەڕە (٤٦)ی رۆشنبیری نوێدا هێمای بۆ ئەوە کردووە کە ئەم فرمانانە چالاکی دەنوێن، بەڵام راستییەکەی ئەمانە بەبێ راناوی لکاو ناتوانن لە رووی کات و واتاوە، دەوری فرمان ببینن، چونکە بێ واتاو کاتن، هەروەها تێکەڵییەکی لە نێوان جۆری فرمانی دارێژراو وەک (سەرکەوت)، داناوە، کە لە راستیدا ئەم فرمانە ئەگەر راناوی لکاو لە ناوەندییەوە، بێت دەورێکی هەیە وەک دارێژراو سەرم کەوت، ئەگەر لە کۆتاییەوە بێت وەک: سەرکەوتم ئەو کاتە لێکدراوە نەک دارێژراوە.

١٣- نەسرین فەخری (ڤ یان وە) گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەشی سێیەم، ١٩٧٣، ل٢٠٠.

١٤- کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی سێیەمی ناوەندی، لیژنەیەک، ١٩٨٢، ل٤٣- ٤٥.

١٥- رەفیق شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩- ١٥١.

١٦- هەمان سەرچاوە، ل١٠٧- ١٠٨.

١٧- رێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا ١٩٧٦، ل١٠٠.

سەرچاوە بە کوردی:

١- د. ئەو رەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٧.

٢- رەفیق محەمەد شوانی، ئەو وشانەی لە چاوگەوە، وەردەگیرێن، نامەی ماجستێر زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێجی ئاداب، ١٩٨٨.
٣- محەمەد مەعروف فەتاح، کارپۆلێن کردن بەپێی رۆنان، رۆشنبیری نوێ، ژ ١٢١، بەغدا، ١٩٨٩، ل ٤٠- ٥٩.
٤- د. نەسرین فەخری، پاشگرو پێشگری (ڤە یان وە) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردی، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٣.
٥- د. نەسرین فەخری، چاوگی بێ واتا لە زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٣.
٦- نوری عەلی ئەمین، رێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠.
٧- لێژنەی زمان و زانستەکانی، رێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کوردی، ١٩٧٦.
سەرچاوە، بە عەرەبی:
٨- د. ابراهیم السامرائي، زمانه وابنیته، بغداد، ١٩٦٦.
٩- القاسم بن محمد سعید المؤدب، حقائق التصریف، المجمع العلمي العراقي، بغداد، ١٩٨٧.
١٠- الدكتور عبدالجبار علوان النایله، الصرف الواضح، جامعة الموصل، ١٩٨٨.
١١- الدكتور عبدالعزیز عتیق، المدخل إلی علم الصرف، بیروت، ١٩٧٤.
١٢- د. نوزاد احمد حسن، المنهج الوصفي في كتاب سیبویه، رسالة الدكتوراه، جامعة بغداد، كلیة الاداب، ١٩٩١.

دەوری «تا»
لە زمانی کوردیدا

بەشەکانی ئاخاوتنی زمانی کوردی، لەڕووی واتا بەخشینەوە، دەکرێن بە دوو بەشەوە، وەک وشەی تەواوو، وشە ناتەواوەکانی، ئامرازەکان دەگرنەوە، کە بوونی سەربەخۆیان هەیەو بەتەنها واتایان روون و ئاشکرا نییە، بەڵکو لەگەڵ بەشە ئاخاوتنی تر، یا لە رستەسازیدا دەوریان بەتەواوی روون دەبێتەوە. یەکێک لەو بەشە ناتەواوانەی ئاخاوتن ئامرازی پەیوەندی (١) (Prepositon)و ئامرازی لێکدەری رستەی لێکدراوو(٢) ئامرازی بەستنی (Conjunction) رستەی ئاڵۆزە (٣): کە بوونی سەربەخۆیان هەیە لە رواڵەتدا، بەڵام واتایان لەتەک وشەی ترو رستەدا بەدیاردەکەوێت.

یەکێک لەو ئامرازانەی کە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمانە، مۆرفیمی «تا»یە. ئەم مۆرفیمە (وشەبەند) لە زمانی کوردیدا لەمەو پێشەوە، لەلایەن زمانەوانی ترەوە باسکراوە، بەڵام بەکورتی و بەتەواوی روون نەکراوەتەوەو، دەورە جیاجیاکانی جێگای روون کردنەوەیە.

لێرەدا پێش ئەوەی بیروڕای خۆم، لە لێکۆڵینەوەکەدا بخەمەڕوو، بەپێی تواناو ئەو سەرچاوانەی کە لەبەر دەستماندان، بیروڕای جیاوازی زمانەوانان دەربارەی «تا» لە زمانی کوردیدا، وەک کارێکی زانستی دەخەینەڕوو پاشان

بیروڕای خۆمیان لەسەر دەدەم.

«سەعید سدقی» (تا)ی بە «ئەداتی ئینتیها» داوەتە قەڵەم لەم نموونانەیدا: «دەخوێنم هەتا دەمێنم، تا ماوم دەخوێنم، هەتا مردن کردنە» بڕوانە «صرف ونحوی کوردی ل ٦٩،٥٤» ڕاستە «تا» لێرانەدا (کۆتایی) دەگەیەنێت، بەڵام ڕاستەکەی ئەوەیە «تا»ی ئەو نموونانە یەکەم ئامرازی بەستنی ڕستەی ئاڵۆزەو دووەم فرمانی ڕستەکانی هەمیشەیی و بەردەوامی کاتیان تێدایە.

«تۆفیق وەهبی» تەنها لە فەرهەنگەکەیدا «تا»ی بە ئامرازی (عەتف) داناوەو لە «دەستووری زمانی کوردی»یەکەیدا باسی نەکردووە: ڕاستییەکەی دەبێتە ئامرازی پەیوەندی و ئامرازی بەستنی ڕستنی ئاڵۆز، ئەمە بێجگە لەوەی کە مەبەستی جۆربەجۆر دەبەخشێت لە ڕستەسازیدا.

«د. قەناتێ کوردۆییڤ»، «هەتا»ی لەناو ئامرازکانی ترا هێناوەتەوە، بە ئامرازێکی گشتی، بۆ شێوەکانی سۆرانی و کرمانجی دادەنێت و، بەلایەوە «تا»، «ڕێچکە هەتا وەکو سنووری سەرهەڵدانی ڕووداو لەڕووی ماوەو کاتدا پیشان دەدات: ئەم گشک هەتا سبێ بن نڤینانداا ڕادزان. ئێمە گشتمان تا سبەینێ لە بن لیفەکەدا ئەوخەوتین - سۆرانی، تا ڕۆژ خەو لەچاو زۆر کەس نەکەوت.

لێ بوو - بەخوو شەو تا بەیانی بەم سەر و تا ئەو سەری ژوورەکەیا ئەهات و ئەچوو - لێ بووبوو بەخەیسەت شەڤێ هەتا سبێ ژ ڤی سەری ئۆتافێ هەتاوی سەری دهات، دچو - کرمانجی بڕوانە (ک. ک. کوردۆییڤ، ڕێزمانی کوردی، ل٣٤١» کوردۆییڤ ناوی ئەوەی نەبردووە کە ئامرازی «تا»ی سەر بەچ جۆرە ئامرازێکە، پاشان دەبوایە سەرەتاو کۆتایی کاتی «سنووری سەرهەڵدانی ڕووداو لەڕووی ماوەو کاتدا..»ی ئامرازی «تا»ی دیاری بکردایە، چونکە نموونەکانی خۆی بەتایبەتی سێیەمیان وایە.

ڕاستی بۆچوونی ئێمە پیشان دەدەن، لەبەرئەوەی ماوەی تافی ڕوودانی

فرمانەکە دیاریکراوە، لەئێوارەوە تا بەیانییە. هەروەها دەبوایە هێمای بۆ ئەوە بکردایە کە ئامـرازی «تا»ی رسـتـەکـانی پەیوەندییـە (Preposition)ە. (مەردۆخ) لە ژێر ناونیشانی «حروف و ادوات»دا لە (ل٢٥)ی فەرهەنگەکەیدا تەنهـا «تا». «لە»ی بێ دیاری کـردنی جـۆرەکـانیـان بە نموونە بۆ ئامـراز هێناوەتەوە؛ پێـویست بوو لەم رووەوە روونکردنەوەی هەبوایە و ئەوەی دەست نیشان بکردایە کە «تا» چ جۆرە ئامرازێکە.

«نووری عەلی ئەمین» لە «رێزمـانی کـوردی»یەکەی سـاڵی ١٩٦٠یدا لە ژێر دابەشکردنی ئامـرازی پەیوەندیدا بۆ سـادەو لێکدراوە» «هەتا»ی بە لێکدراو داناوە کـەوا نیـیـە، هەروەها «تا»و شـێـوەکـانی تری وەک «هەتا، هەتاکـو، هەتاوەکـو...»ی بە «حـروف الجـر»ی عـەرەبی دادەنێت لە(ل١٤٦)یشـدا دوای پێناسەی ئامرازی پێ بەست (ئەداتی عطف)ناو نموونەکانیدا «تا، هەتا، تاکو، هەتاکـو، هەتا وەکـو» بۆ هێناوەتەوەو دەڵێ: ئامـرازی پێ بەست واژەیەکـە بۆ بەستنەوەی دوو واژە یا دوو دەستەواژە، یا دوو رستە بەکار دەهێنرێت».

دەربارەی بیـروڕای یەکـەمی پێـویست بوو بیـوتایە، «هەتا» نـاسـادەیە نەک لێکدراو، چونکە لێکدراو هەردوو بەشـــەکـــەی واتـادارە، بەڵام نـاســـادە داڕێژراویشی بەردەکەوێ، کـە لە زیادەو بەشـێکی واتادار پێکهـاتووە، هەروەها پێـویست بوو لە هەردو بۆچوونەوەکـانی ئەوەی روون بکردایەتەوە، کـە (لە) ئامرازی پەیوەندییەو لە کوێی تریش ئامراز بەستن و گەیەنەرە (اداە عطف)، لە پێناسەکـەیدا وا دەردەکـەوێت تەواو تێکەڵی کـردووە، چونکە بەسـتـانەوەی دوو واژە یا دوو دەستەواژە، وەکو خۆی دەڵێ ئەوە کـاری ئامرازی پەیوەندییە کە دوو وشـە یا دوو گرێ دەبەسـتێت بەیەکـتـرەوە، نەک هی ئامـرازی بەستن، لە هەمـان پێناسـەیدا راسـتـی بۆچوونی ئێـمـە بەدەر دەکـەوێت، کـە ئامـرازی بەستن بۆ بەستنەوەی دوو رستەیە، ئەمە لەو پێناسەیەیدا، (نوری عەلی ئامرازی پەیوەندی

و ئامرازی بەستنی تێکەڵ کردووە. ڕاستییەکەی ئامرازی پەیوەندی بەگشتی و «تا»ش لەگەڵێدا بۆ پەیوەندی نێوان وشەو گرێ و ڕستەی سادەیە، کە وەک نوری عەلی وتی بۆ بەستانەوەی دوو ڕستە هەڵەیە، چونکە ئەمە کاری ئامرازی لێکدەرە، یا هی ئامرازی بەستنە، بۆ بەستانەوەی دوو ڕستە.

ئامرازی «تا - هەتا»، لە جۆری یەکەمدا پەیوەندییەو، لە دووەمدا ئامرازی بەستنە، کە دوور دەکەوێتەوە، لە مەبەستی ئامرازی پەیوەندی و ڕستەی سادە. ڕاستی بۆچوونی ئێمە نموونەکانی ناوبراو خۆیەتی، لە «ل٣٩٣، ٣٩٥»ی کتێبی (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی) دایە. هەروەها بەلای نوری عەلییەوە، «هەتا» لە برگـــەی (هەر) و «تا»وە هاتووەو، دەنگی (ر) ســـووک بۆتەوەو ســـواوەو، ڕواڵەتەکانی تری «هەتا»ش، وەک «هەتاکو، هەتاوەکو، هەتاوەکونی...» بڕوانە (ل٣٩٥ی کتێبی «ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی - کۆڕی زانیاری). بەلای منەوە ئەمــە بۆچوونێکی ڕاســـتــە، بۆ ڕواڵەتەکـــانی ئامــرازی «تا - هەتا» لەڕووی داڕشتنی مۆرفۆلۆژییەوە.

لێژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کوردی دەربارەی ئامرازی «تا» لە کـتـێـبی «ڕێزمـانی ئاخـاوتنی کـوردی» سـاڵی ١٩٧٦یدا لە (ل٣٠٧)دا، بە ئامرازی پەیوەندی سادە داناوە لەگەڵ هەندێ ئامرازی تردا، کە گومانیان لەسەر نییە، لەم ڕووەوە و وەک لە ڕستەی «تا کەرکووک دەچم»، ڕاستە لێرەدا «تا» ئامرازی پەیوەندی سادەیە: بەڵام مەبەستی بەکارهێنانەکەی، کە کۆتایی شوێنی ڕوودانی فـرمـان دەگـەیەنێت ڕوون نەکـردۆتەوە. هەروەها لە (ل٣٢٤)دا، لێـژنە لەسەر ناونیشانی «پریپوزیشنی (تا)»، ئەم ئامرازەی بە پەیوەندی لەم ڕستانەی خوارەوە داناوەو هێمای ئەوەیان کردووە کە «تا»و شێوەکانی تری وەک «تاکو، تاوەکو، هەتا، هەرتا، هەرتاوەکو...» کۆتایی ئەو شتە ڕادەگەیەنێ، کە بۆی بەکـــارهاتووەو لە ئامـــرازی «تا»ی عطف و شـــرط و زەرفی زەمـــان، بەنموونە

جیاکردۆتەوە، نموونەکانی لیژنە وەک ئامرازی پەیوەندی ئەمانەن:

تا رواندز دەچم و دەگەڕێمەوە.

هەتا ئێرە بەیەکەوە بووین.

دوێنێ شەو هەتاکو بەیانی نووستم.

راستـــە «تا»و رواڵـەتەکـانی تری، لەو سێ رستـــەیەی سـەرەوەدا کـۆتـایی رادەگــەیەنێت، بەڵام یەکــەم شت، لەم بارەیەوە، لیـژنەی ناوبراو دەبوایە زیاتر مــەبەســتی بەکــارهێنانی ئامــرازی «تا ، هەتا»ی روون بکردایەتەوە، چونکە «سەعید سدقی» پێش نیو سەدە وەکو پێشتر روونمان کردەوە، ئەمەی دەربڕیوە، راستییەکەی ئامرازی «تا، هەتاکو» لە رستەی یەکەم و دووەمدا، سنوورێک بۆ کـۆتایی بەردەوام بوونی شـوێنی رووداني فـرمـانەکـانی داناوەو، لە رستـــەی سێیەمیشدا سەرەتاو کۆتایی کاتی رووداني فرمانەکەی دیاری کردووە. هەروەها لە رستەکانی تری نموونەکانی لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕدا کە بەنموونە بۆ ئامرازی «عەطف وە یا شرط وە زەرفی زەمان» بەکاردێت، هێناوەتەوە؛ وەک:

تا ئێوە هاتن من نامەکەم نووسی. (عطف)

تا ئێوە نەیەن نامە نانووسم. (شرط)

هەتا تۆم ئاشنا بووی ئاشنا بوون. (ظرف)

راســتــە ئامــرازی «تـا ، هەتا» لێــرەدا، بۆ «عطف و شـرط و ظرف»ە بەڵام دەبوایە بوترایە ئامرازی بەستن و گەیەنەری رستەی ئاڵۆزن و، بۆ مەبەستی «کات و مەرج» بەکار هاتوون. هەروەها لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ لە (ل٣٥٤)دا لەگەڵ ئامرازی (ش، یش)دا ئامرازی (تا)ی «عطف» یان، لە چەند رستەیەکدا بەکــارهێناوەو، بەلایانەوە هەمــوو رواڵـەتەکــانی ئامــرازی «تا»یەک واتان؛ راستییەکەی بەپێی شوێنییان واتاو مەبەستی بەکارهێنانیان دەگۆڕێ. لێرەشدا پێویستە بەدووبارەبوونەوەی هێنانەوەی نموونەکانیان ناکات، چونکە مەبەستی

ئامرازی «تا» تیایاندا هەمان مەبەستی رستەکانی پێشووتریانە.

«مەسعود محەمەد»، لە (ل٤٠٢)ی هەمان سەرچاوەی کۆڕی زانیاریدا، رستەی «هەر دەڕوا هەتا دەگاتە ئاوەکە»، بە نموونە بۆ بەکارهێنانی (هەر)، بۆ مەبەستی «بەردەوامی» هێناوەتەوە، راستییەکەی «بەردەوامی» بۆ ئامرازی هەتا»یەو «هەر»یش بۆ تەئکید کردنە.

کتێبی «زمان و ئەدەبی کوردی» پۆلی شەشەمی ئامادەیی ساڵی ٩٧٨، لە ژێر بابەتی «شێوازی مەرجی»، لە نموونەکانیدا، ئامرازی «هەتا»ی بێ ئەوەی هێمای بۆ بکات و دیاری بکات بەکارهێناوە. (بڕوانە ل٢٨-٣٠)(٤).

هەروەها م. محەمەد لە (ل١٣٦)ی کتێبی «زاراوەسازی پێوانە»کەیدا «هەتا»ی لە رستەی «هەتا هات ساردی کرد، هەتا رۆیشت ئەخەوت» بەتەواوی روون نەکردۆتەوە، وەکو خۆی دەڵێ: «نازانین (هەتا) بە ئامرازی پەیوەندی دابنێین، یاخود سروشتی دوورەگی بدەینێ. بەلای ئێمەوە «هەتا» لەو دوو نموونەیەی م. محەمەددا ئامرازی بەستن و گەیەنەرە (اداة عطف) بۆ کات.

د. کوردستان موکریانی، لە (ل١٨٦)ی کتێبەکەی «قواعد اللغة الكردية»دا، ئامرازی «تا»ی بە «اداة الربط»ی داناوە، بەشێوەی سادەیی و بە لێکدراوی و واتای کۆتایی دووری و کۆتایی ماوەی کات داناوەو، لەگەڵ ئامرازی (لە)ی پەیوەندیدا، ناوبراو دەڵێت: دەلالەت لە دیاریکردنی دووری و کات دەکات، ئەم بۆچوونەی د. کوردستان ئەگەر بیوتایە، سەرەتاو کۆتایی کات و، ماوەی دووری دەست نیشان دەکات، بەتەواوی راستی دەپێکا.

لێرەدا بەدواوە دێمە سەر دەربڕینی بیروبۆچوونی تایبەتی خۆم دەربارەی ئامرازی «تا» و رواڵەتەکانی تری، وەک (هەتا، تاکو، هەتاکو، هەتاوەکو، هەتاوەکی، تاوەکی)... کە هەموویان، یەک واتا دەبەخشن، بەڵام لە رستەسازیدا، مەبەست و واتایان دەگۆڕێت.

چۆنیەتی باسکردنی «تا» بەم شێوانەی خوارەوە:

١- ئایە «تا» واتای هەیە، وەک وشەیەک لە وشەسازیدا.

٢- «تا» لەڕووی دارێشتنی مۆرفۆلۆژییەوە.

٣- دەوری «تا» لە زمانی کوردیدا.

٤- ئایە بۆچی «تا» نابێتە ئامرازی لێکدەری رستەی لێکدراو.

ئێستا دێینە سەر روون کردنەوەی یەکەیەکەی ئەم بابەتانەی سەرەوە:

١- ئایە (تا) واتای هەیە، وەک وشەیەک لە وشەسازیدا:

بەلای منەوە، «تا» ئەگەرچی تا ئێستا، بە وشەیەکی ناتەواو وشەبەند (مۆرفیمی بەند - Bound morphem)دا دەنرێت و، ناسراوەو، دەوری ئامرازی لە زمانی کوردیدا دراوەتێ، چ لە وشەسازیدا و چ رستەسازیدا، «تا» کورت کراوە «هەتا»، تاکو، تاوەکو، تاوەکی، هەتاوەکی»یەو، هەموو ئەو روالەتەتانەی «تا» واتای «رادەو دیاری کردن و سنوور بۆ دانانی شوێن و کات و رادەی رووداوی فرمان دادەنێت» و، بەتەنها «تا»ش (رادەو دیاری کردن) دەگەیەنێت، «تا» بەشێوە سادەکەی چەند واتایەکی تری لێ دەبێتەوە، وەک: «تا بە واتای تاکێک دێت.

کورت کراوەی وشەی «تاکێک یا تایەک»، دەبێت لەم بارەیدا و کەرتی دووەمیان کە (کێک، یەک)ە سواوەو سووک بۆتەوە، وەک: تا گەنمێکم کڕی، ئەم تاولەرزە گرانە، بارەکەم دوو تایە. «تا» لەم رستانەدا، بۆ دیاریکردنی «بار» هاتووە، هەروەها «تا» واتای نەخۆشی (تاولەرز، گرانەتا، تا) دێت و وەک واتای «تا» لەم رستانەدا: تا گرتمی، تام هاتێ، تام هەیە، تا نەخۆشییەکی پیسە، تا گرتویتی، تا لاوازی کردووە، خۆت لە نەخۆشی تا دوور بخەرەوە...«تا» لەم رووەوە واتای «گرانی و قورسی» هاتووە، چونکە لەش قورس و گران دەکات و دانەگیرێت وەک تا لەشمی داگرتووە، تا بێهێزمی

کردووە. ئەم «تا»یە جیاوازە لە «تا»ی ئامراز، بەڵام لەڕووی ڕواڵەت و دەنگ و دەربڕینەوە، وەک یەکن بۆ ڕوون کردنەوە دەڵێین: تا کەرکووک دەچم تا گرتمی ، نەخۆشی «تا» لە «تاوسەندنەوە» هاتووەو کورت بۆتەوە. «تاکو» و ڕواڵەتەکانی بەواتای «ئەوکاتە»ش دێت، وەک: تا ئەوکاتە لەسەریان بووم.

٢- «تا» لەڕووی داڕشتنی مۆرفۆلۆژییەوە:

١- سادە، وەک: تا

٢- ناسادە، وەک: تاکو، تاوەکو، تاوەکی، هەتاوەکو، هەتاوەکی، هەتاوەکونێ، تاوەکێنێ، هەتاوەکێنێ. لێرەدا «هەتا»و ڕواڵەتەکانی سەرەوە، لەدووبەشی یا دوو مۆرفیمی بەندی (وشەی ناتەواو - bound mor- pheme)، وەک: «هەر»ی ئامرازی تەئکید کردن و «تا»، «تاکو»ی ...(٤)، ئامرازی پەیوەندی بۆ پێکهاتنی وشەو گرێ و ڕستەی سادە و ئامرازی بەستنی (Conjunction)ی ڕستەی ئاڵۆزەوە پێکهاتووە. واتە لە «هەرتا - هەرتاکو)وە، وای دیاردەی کورت بوونەوەی دەنگ و سووک بوونی دەربڕین بۆتە «تا، هەتا» کە ڕادەو کۆتایی دەگەیەنێت و، بۆ مەبەستی دووەمی «ناسادە» گونجاوترە لە لێکدراو، چونکە وشەی «هەتا» و کەرتەکانی، وەک «هەر، تاوەکو» بەهۆی دیاردەی کورت بوونەوەو سووک بوونەوەی دەنگسازی، وەک نەمان و تێچوونی دەنگی (ر)ی هەرو (کو، وەکو)ی (تاوەکو)ەوە، وشەکە لە شێوە لێکدراوەیکەی پێشووی خۆی، وەک «هەرتاکو - هەرتاوەکو» دوای ئەم گۆڕانی دەنگسازییە، ڕواڵەتی وشەکە گۆڕاوەو دوور کەوتۆتەوەو، ئەم کەرتانەی وشەکە زیاتر لە داڕێژراوییەوە نزیکترن، وەک لە لێکدراوی، بۆیە وا چاکترە بڵێین «تا، هەتا» سادەو ناسادەن، چونکە ناسادە داڕێژراوو لێکدراویش دەگرێتەوە و، مەبەستی بنەڕەت و ئێستای وشە ناسادەکە لەڕووی شێوەوە دەپێکێت.

لەوانەیەو دووریش نییە لە (حتی)ی عەرەبییەوە هاتبێ و دەنگی (ح) ــــ (ه) چونکە بەهەمان مەبەست بەکاردێت، وەک: حتی ــــ هەتا.

دەوری «تا» لە زمانی کوردیدا:

٣- «تا» لە زمانی کوردیدا، دەوری جیاجیای هەیە، لێرەدا بەپێی هەست پێکردن و، هەبوونی ئەو دەورانەی، لە شوێنی خۆیدا پێشان ئەدەین و، مەبەستی جیاواز جیاوازی لەڕووی بەکارهێناوەوە دیارو دەست نیشان دەکەین. ئەم دەورانەی «تا»، وەک وشەیەکی سەربەخۆ، لە وشەسازی «مۆرفۆلۆژی» و، وەک ئامرازێکیش لە رستەسازیدا (سینتاکس) بەدەردەخەین؛ وەک:

١- دەوری «تا» وەک وشەیەکی واتادار دەبێتە ناو

٢- دەوری «تا» لەڕووی داڕشتنی وشەسازیدا

٣- دەوری «تا» لەڕووی رستەسازیوە؛ سێ جۆرە:

أ- وەک ئامرازی پەیوەندی رستەی سادە.

تا ــــــ ب- ئایە «تا» دەبێتە ئامرازی رستەی لێکدراو.

جـ- «تا» وەک ئامرازی گەیەنەری رستەی ئاڵۆز.

١- دەوری «تا» وەک وشەیەکی واتادار دەبێتە ناو، «تا» بەڕای من لەڕووی شێوەو دەربڕینەوە (الشكل و التلفظ) وەک ئامرازو وشە، وەکو یەکن و، لە رستەدا نەبێت بەجیا، جیاواز ناکرێتەوە؛ وەک لەم رستانەدا: لە ترسانا تا گرتی، تام هەیە، تا کوشندەیە، ناون، ئەگەر لەگەڵ ئەم رستانەی لای خوارەوەدا، بەراوردیان بکەین، شێوەوە دەربڕینیان یەکە: وەک: تا کەرکووک دەچم، تا ئێرە وەرە، تا سەریان بڕۆ.

ئەم دوو جۆرە رستانەی سەرەوە، مەگەر «هەتا» یان بۆ بەکار بهێنین، ئەگینا

بەشێوەی «تا» جیاوازییان نییە، تەنها لەڕووی واتاوە نەبێت. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە، دوو جۆر رستە پێشان ئەدەین؛ لەڕووی دەربڕین شێوەیەکن و لەڕووی واتاشەوە دوو لایەنن (٥) وەک:

تا گرتی ـــــ تا گرتی، («تا» لێرانەدا بۆ کاتی ڕوودانی فرمانە)
(«تا» بۆ نەخۆشی ناوە) تا گرتی ـــــ تا کوشتویتی
تا کوشتویتی ـــــ
تا سووتاندمی ـــــ تا گرتمی

دوو شتی جیاوازن

«تا»ی رستەکانی بەشی یەکەم، واتای ناوی نەخۆشی «تا» دەگەیەنێت، لە رستەکانی بەشی دووەمدا «تا»، وەکو ئامرازێک، کاتی ڕوودانی فرمانەکان دیاری دەکات، کە بەردەوامی ڕوودان پێشان دەدات. هەرچەندە، ئەم رستانەی سەرەوە، بەوەی کە ئەگەر رستەیەک دوو واتا بگرێتە خۆی، وەک ئەوانەی بەشی یەکەم، بابەتێکی تایبەتییەو سەر بەزانستی واتاسازییە، کە دیاردەو بابەتی «بنج و سیمای رستەی کوردی دەگرێتەوە، بەوەی رستەیەک یا وشەیەک دوو واتاو مەبەست بپێکێت و، سەر بە «فرەواتان (Polysmy)، کە ئەبێتە هۆی دیاردەی تەمومژی (Ambiguity) لە زماندا، بەهۆی پەیوەندی وشەکانی دەوروبەرییەوە، لە یەکتر جیادەکرێنەوەو ڕوون دەکرێتەوە.

ئەمەش بریتییە لە شیکردنەوەی بنجی وشەکانی ناو رستە (البنیه العمیقه) (Deep Structure)

«تا» وەک ئامرازی پەیوەندی لە دارێشتنی وشەدا، بەتایبەتی لە پێکهاتنی گرێدا (Phrase) دەوری خۆی لە وشەسازیدا دەبینێ؛ وەک ئەم وشانە:

(شەو تا بەیان. ڕۆژ تاشەو، تابەکەی، لێرەوە تا کەرکووک، لە بەیانییەوەی تا ئێـوارە، شـەو هەتا بەیانی، تا بەهارێ، تا چلەی زسـتـان، تا ناو ئـاوایی، تا نێرکەی بەهار (تا گەرمەی بەهار)، تا ئەسحابە سیپی، تا چیای خاڵخالآن، تا هەردەی مـاسقـەلان، تابان شـیوە سـوور، تا دەمـەو ئێـوارە، تا دەمـەو بەیان،..) هتد.

دەوری «تا» لە ڕستەسازیدا

ئامرازی پەیوەندی لە ڕستەی سادەو، لە ڕستەی ئاڵۆزیشدا، وەکو ئامرازی بەستن و گەیەنەر دەوری جۆربەجۆری هەیە، وەکو مەبەستی جیاوازی بەکارهێنان؛ وا لە خـوارەوەدا، جـۆری ئامـرازی «تا» و ڕواڵەتەکـانی تری، ئەرکی جـیاجـیـای بەکارهێنانی لەم شێوانەی خوارەوەدا ڕووندەکەینەوە :

أ- «تا» وەک ئامرازی پەیوەندی ڕستەی سادە:

لە ڕستەی سادەدا ئەم دەورانەی خوارەوە دەبینێ:

١- تا کەرکووک دەچم. (بۆ دیاری کردنی کۆتایی شوێنی ڕوودانی فرمانە).

٢- هەتا ئێـوارە لێی دەخـەوم. (بۆ دیاری کـردنی کـۆتایی کـاتی ڕوودانی فرمانە).

٣- ترێ تا پایز دەمێنێ. (بۆ دیاری کردنی کۆتایی کاتی ڕوودانی فرمانە)

٤- هەتا هەتایە نیشتـمانەکەم لەبیر ناکەم. (بە دووبارەکردنەوەی بەردەوامی و کاتی فرمانە).

٥- هەتا هەتایە کوردو عارەب برایە. (بۆ هەمان مەبەستی پێشوو).

٦- لە هەولێرەوە تاکو مەهاباد بەپێ ڕۆیشـتم. (ئەگەر «تا» کەوتە نێوان دوو ناوی شوێنەوە، سـەرەتا کـۆتایی مـاوەی شـوێن و کـاتی ڕوودانی فـرمـان دیاری دەکات).

٧- شەو هەتاكو بەیانی دەخوێنمەوە. (سەرەتاو كۆتایی ماوەی كاتی ڕوودانی فرمان دیاری دەكات چونكە (تا) كەوتووتە نێوان دوو ناوی كاتەوە).

ئامرازی «تا»ی پەیوەندی لەم ڕستانەی سەرەوەدا، (یەك) حاڵەتی ڕووداو پێشان ئەدەن، واتە چ لە سەرەتای كاتەكەوە بێت، تا كۆتایی، یان لەسەرەتای شوێنی ڕووداوەكەوە، تا كۆتاییەكەی هەمان شتەو، پێچەوانەی یەكتر نین، بەڵام لە ڕستەی ئاڵۆزدا «تا» (حاڵەتی جیاواز) بەهۆی فرمانەوە پیشان ئەدات - پاشان ئەمە لە ڕستەی ئاڵۆزدا ڕوونی دەكەینەوە، بەڵام بۆ نموونە سەیری ئەم ڕستە ئاڵۆزە بكە:- هەتا دیاربەكر دەچم و دەگەڕێمەوە. (چوون و گەڕانەوە پێچەوانەن).

ئامرازی «هەتا» جۆرە بەكارهێنانێكی تری هەیە لەگەڵ ئاوەڵفرمانی كات و شوێنیدا، كە خۆیشی دەوری ئاوەڵفرمانی تیا دەبینێ وەك:

١- تائێستا ئاریانی هاوڕێم نەهاتووە. (ئاوەڵفرمانی كاتییە)

٢- غەواسە هەتاكو بنی دەریا دەڕوا. (ئاوەڵفرمانی شوێنییە)

٣- هەتا سەرەوە چووم. تا ژێر ئاوەكە چووم. (ئاوەڵفرمانی شوێنییە)

ئامرازی «هەتا» لە ڕستەدا، ئەگەر كەوتە ڕستەیەكی فرمانی ناتەواوەوە، وەڵام بێت بۆ ڕستەیەكی پرسیاری، كە بەئامرازی «چەند، چییە» پرسیاری لێوە بكرێت، لەو حاڵەتەدا «ڕادەو پێوانە» ئەبەخشێت؛ وەك:

- لێرەوە تا كەركووك ٢٥٠ كیلومەترە

- لێرەوە هەتاكو مەككە سۆفی سەر بەڵەكە. (فۆلكلۆر)

ئامرازی «تا»ی پەیوەندی لە شوێنی ئامرازەكانی تری پەیوەندی، وەك (بۆ، بە) بەكار دێت و شوێنی خۆی دەگۆڕێتەوە، بەڵام مەبەستی ڕستەكە، بەتەواوی دەگۆڕێت بۆ نموونە:

بۆ ـــــــ تا

بۆ سلێمانی دەچم. (ـ بۆ ـ لێرەدا بۆ ئیتیجاهە)

تا سلێمانی دەچم. (کۆتایی شوێنی روودان پیشان ئەدات)

من بۆ خوێندن هاتووم. (بۆ لێرەدا بۆ ئامانجە دەوری خۆی ناگۆڕێتەوە بە «تا» چونکە «بۆ» لێرەدا بۆ شوێن نییە)

تا × ناگۆڕێت

هەتا بەغدا دەچم. (کۆتایی شوێنی روودانی فرمانە)

بە بەغدادا دەچم. (تا ـــــــ> بە: ئاوەڵفرمان دەبەخشێت)

ئەم رستاتەی سەرەوە، ئەوە دەردەخەن، کە ئامرازی «تا، هەتا»، لە رستەدا دەگۆڕێن بەئامرازی (بۆ، بە)ی پەیوەندی، بەمەرجێک بۆ شوێن بن؛ بۆ کاتیش هەمان شتن، وەک:

تا ئێوارە لێرە دەڕۆم. (تا: بۆ ماوەی کاتی روودانە)

تا ـــــــ> بە

بۆ ئێوارە لێرە دەرۆم. (بۆ: کۆتایی کاتی روودانە)

تا شەو نان ناخۆم. (تا: ماوەی کاتی روودانە)

تا ـــــــ> بە

بەشەو نان ناخۆم. (بە: دیاری کردنی کاتە)

ئەم دیاردەیەی ئاڵوگۆڕی ئامرازی «تا»، بە ئامرازی (بۆ، بە)ی پەیوەندی لەو شوێنانەی کە مەبەستی شوێن (ئاوەڵفرمان) بەکاردێن، لە رستەی ئاڵۆزیشدا (ئاوێتە) دەکەونە تەک ناوی شوێنەوەو، بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرێن، کەچی ئەم دیاردەیەی گۆڕانەی «تا» بە «بۆ، بە» یا بەپێچەوانەوە، لەگەڵ

مـەبەسـتـەکـانی تری ئەم ئامـرازی «تا»یەی جـۆرەکـانی تری رسـتـەی ئالۆزدا بەکارناهێنرێت، بۆ نموونە:

تا رواندز چوو کەسی نەدی.

تا ـــ بۆ (لێرەدا «تا» ـــ بۆ)

بۆ رواندز چوو کەسی نەدی.

تا سەری ساڵ چاوەڕێم کرد نەهات. (بۆ: ماوەی کاتی روودانە)

بۆ سەری ساڵ چاوەڕێم کرد نەهات. (تا: کۆتایی کاتی روودانە)

تا شەو چاوەڕێم کرد نەهات. (تا: ماوەی کاتی روودانی فرمانە)

بەشەو چاوەڕێم کرد نەهات. (بۆ: بەدیاریکردنی کاتی روودانە)

دیارەی گـۆڕانـی ئامـرازی «تا»، بە ئامـرازی «بۆ، بە» لە رسـتـەی ئالۆزی کاتدا کەمـترە وەک بۆ مـەبەسـتی شوێن. ئامرازی «تا» و رواڵەتەکـانی تری لە رستەی لێکدراودا وەکو ئامرازی پەیوەندی، سەر بەیەکێک لە رستە سادەکانیدا بەکاردەهێنرێ، کە وەکو ئامرازی لێکدەری رستە لێکدراوەکە، نموونە:

تا دهۆک دەچم دەگەڕێمەوە. (تا: لێرەدا ئامرازی پەیوەندی رستەی سادەیە)

ئامـــرازی تا و رواڵەتەکـــانی تری، لەگـــەڵ ئامـــرازی «ش»ی پەیوەندی دا، بەکاردەهێنرێت و، ئامرازی «ش»ی پەیوەندیش «پەیوەند شتێک پیشان ئەدات، کە لەوە پێش باس کرابێت و بۆ (تەئکید)کردنی ئەو وشانەیە، کە دەچێتە سەری لەناو، ناوی شوێن و کات و فرمان و راناو. نموونە:

هەتا هەورامانیش چووم.

تاکو ئێوارەش پێکەوە بووین.

٢- ئایە «تا» دەبێتە ئامرازی رستەی لێکدراو:

«تا»و رواڵەتانی تری ناتوانن دەوری ئامـرازی لێکدەری رسـتـەی لێکدراو

ببینن و، بەو شێوەیەی کە هەردوو لای رستەکە، لەرووی واتاوە سەربەخۆبن و، یەک کێش و قورساییان هەبێت و، بەو شێوەیەی کە ئامرازی «تا»ش سەربەخۆ بێت و، سەر بەهیچ لایەکی رستەکان نەبێت و، تەنها ئەرکی لێکدانی هەردوو رستە سادەکانی گرتبێتە ئەستۆ؛ کەچی «تا»لەهەر لایەک لەگەڵ هەر فرمانێکی رستەی دوو فرمان بێت، ئەو بەشە رستەیەی ئامرازی «تا»، دەبێتە رستەیەکی شوێنکەوتووی، رستە سەرەکییەکەی تر، بۆیە ئامرازی «تا» و شێوەکانی تری وەک «هەتا، هەتاکو، تاکو، تاوەکو».. نابنە ئامرازی لێکدەری رستەی لێکدراو، بەڵکو ئامرازی گەیەنەر و، بەستنی رستەی ئاڵۆزەو نموونەکانی رستەی ئاڵۆز، دەبنە بەڵگەی راستی بۆچوونمان.

٣- «تا» وەک ئامرازی گەیەنەری رستەی ئاڵۆز:

ئامرازی «تا» و شێوەکانی تری، دەورێکی چالاکیان هەیە، لە پێکەوە بەستانی بەشەکانی رستەی ئاڵۆز لە لاڕستەو (الجملە التابعە) شاڕستە (الجملە الرئیسیە) لەم رووەوە، دەوری جیاجیای بەکارهێنانی ناو رستە ئاڵۆزەکە دەبینین و دەکەونە تەنیشت لاڕستەکەوەو، لەرووی داڕێشتن و واتاشەوە بەشێکن لەو و ناتوانرێ وازی لێ بهێنرێت و لێرەدا بەنموونەوە دەورو مەبەستە جیاجیاکانی ئامرازی «تا، هەتا»... دەخەینەڕوو، وەک:

- تا دەڵێی بەرسیلەترێ پێدەگات. (کۆتایی کاتی روودانی فرمان)
- پارو هەتاکو نەجورێ قوت نادرێ. (بۆ مەرجە)
- هەواڵم بۆ نارد تاکو ئاگای لەخۆی بێت. (بۆ هۆیە)
- هەتا دەتوانێت لە رێگا خێرابڕۆ. (رادەی روودانی فرمانە)
- دانیشت هەتاوەکو بحەسێتەوە. (بۆ مەبەستە)
- ئیشەکەی سەری نەگرت تا لە داخا رۆیشت. (بۆ ئەنجامە)-

- هەتا ئەم دەنگوباسە بێت ناحەسێتەوە. (بەردەوامی رووداني فرمانە)
- رۆژێ سێ تا چوار نان دەخۆم. (چەندێتی یە).
ئامـرازی «تا»ی گـەیەنەری رسـتـەی ئالۆز، لەگـەڵ ئاوەڵفـرمـانی شـوێنیـدا (مـەبەست و هۆ رادەگـەیەنـن و، وەڵامی پرسـیـارێکن بەهۆی ئامـرازی (بۆچی، چی)ی پرسەوە پرسیاری لێ کرابێت؛ وەک:
- خۆی دایە پاڵ بەردەکە تا نەگوژرێ (مەبەستی رووداني فرمانە)
- لادێییە هەژارەکان دەچنە شار تا کاریان دەست بکەوێت. (هۆیە)
ئامرازی «تا» لەگەڵ پاڕسەی بەرکاری شاڕستەکەیدا (رادە پیشـان ئەدات)؛ وەکو:
فەرمانیان دا کار بکەن تا دەست پان نەکەنەوە.
ئامرازی «تا» چۆن لـەگـەڵ ئامرازی پەیوەندی (ش، یش) لەرستـەی سادەدا، بەکارهات و، لەمـەو پێشـەوە نموونەمـان بۆ هێنایەوە، لە رسـتـەی ئالۆزیشدا ئەم دیاردەیە لەگەڵ «تا»ی ئامرازی گەیەنەردا، بەدی دەکرێ بۆ تەئکیدکردنی دەوری «تا» لەو شوێنانەی، کە بەکاردێت وەک:
- تا ناو شوانیش چووم گەنمم دەست نەکەوت. (تەئکید کردنی شوێن)
- هەتا بەهاریش تەواو بوو، خەڵکی دەهاتە لامـان. (تەئکید کردنی کـاتی رووداني)
هەتا ئاڤـانیـشـم دیت: قـسـەم لەگـەڵ نەکـرد (تەئکیـد کـردنی رادەی رووداني فرمان)
- پێم بڵێ تاوەکو منیش چاوەڕێتان بکەم. (تەئکیدکردنی بکەر لە بەشداری رووداني فرمان کە راناوی کەسییە).
ئامرازی «ـ» لە رستـەی ئالۆزدا دەوری ئاوەڵفرمانی دەبینێ لەگەڵ فرمـانی پاڕسـتـەکـەدا، بۆ کـاتی شـاڕسـتـەکە لە باری نەبوونی ئـاوەڵفـرمـانی کـاتی لە

رستەکەدا وەک:

هەتاوەکو ئالا هات ئاڤێستا رۆیشت. (هەتا وەکو ئالا هات - پا رستەیە «الجملە التابعە»).

دیاردەیەکی ئامرازی «تا» لە رستەدا:

ئەگەر ئامرازی «تا» کەوتە نێوان دوو وشەی دژ واتاوە، لە رستەیەکی سادەدا، وەکو ئامرازی پەیوەندی، بۆ نموونە وشەکانی: شەو - رۆژ، هاوین- زستان، بەیانی - ئێوارە، گەرمیان- کوێستان...هتد ئەوا دەوری ئامرازی «تا» بێجگە لەکات و شوێن، لەگەڵ فرمانەکەدا یەک رووداوو دیاردە پیشان ئەدات.

- شەو تا بەیانی دەخەوم. (رووداني رووداوی فرمانەکە تەنها خەوتنە)

- لە گەرمیانەوە هەتاکو کوێستان پێشوازی تەرمی شێخی نەمریان کرد.

ئامرازی «هەتاکو» لە نێوان دوو ناوی دژواردا، تەنها رووداوی پێشوازی کردنی گرتۆتەوە، یاخود ماوەی نێوان دوو شوێن، یا دوو کات پیشان دەدات، کە لەرووداوی فرمانی رستەکە، وەکو یەکن و بریتین لە یەک رووداوی فرمان، نموونەی تر:

- لێرەوە هەتا مەککە سۆفی سەر بەڵەکە. (نێوان ئێرەو مەککە یەک شتە)

- شەو تا بەیان دەگرین. (لە نێوان شەو و رۆژدا تەنها رووداوی گریانە)

هەمان ئەم دیاردەیەی ئامرازی «تا»، ئەگەر بکەوێتە نێوان دوو فرمانەوە لە یەک دۆخی رووداناین وەک لە باری ئەرێ دابێت، یەک رووداوی وەک یەک پیشان ئەدات وەک:

- تا دەمێم دەخوێنم. (مان و کارکردن یەک رووداوی وەک یەکن)

- هەتا مردن کردنە. (مان و کارکردن پێچەوانەی یەکتر نین)

- هەتا دەتوانیت تێبکۆشە. (توانین و تێکۆشان یەک رووداون)

ئەگەر «تا» کەوتە نێوان دوو فرمانی دژ واتاوە، یا دووەم نەفی حاڵەتی

فـرمـانی یەکـەم بـکات، ئەوا ئامرازی «تا»ی رسـتـەی ئاڵۆز، بە پێـچـەوانەی دیاردەکەی سەرەوەیدا دوو رووداو، یا حاڵەت و باری دژ بەیەکتر پیشان ئەدات وەک:

- دەگریم تا پێدەکەنم.
- هەتا ماوم درۆ ناکەم.
- هەتا بمبینم قسەی لەگەڵ ناکەم.

ئەنجامی لێکۆڵینەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەم ئەنجامانەی گرتۆتە خۆی:

١- «تا» و رواڵەتەکـانی تری بەتەنهـا بە واتای (رادەو کـۆتایی و سنووردانان) دێ.

«تا» وەک وشـەو، وەک ئامـرازیش، لە زمـانی کـوردیدا بەکـاردێت، بەڵام دەوری وەکو ئامرازی لەبەکارهێناندا چالاکترو جۆربەجۆرترە.

٣- «تا، هەتا» کورت کراوەی وشەی لێکدراوی «هەر تاوەکو»، لە ئەنجامی لێکچوون و سوان و کورت بوونەوەی دەنگدا بۆتە «تا، هەتا».

٤- وەک ئامرازی پەیوەندی، لە داڕێشتن و پێکهاتنی وشەو گرێدا بەکاردێ و لە رستەی سادەشدا دەوری ئامرازی پەیوەندی دەبینێت.

٥- «تا» نابێـتـە ئامـرازی لێکدەری رسـتـەی لێکدراو، بەڵکو دەورێکی چالاک و مەبەستی جۆربەجۆر دەبینێ وەکو ئامرازی گەیەنەری رستەی ئاڵۆز.

٦- «تا» وەکو ئامرازی پەیوەندی رستەی سادە شوێنی خۆی لەگەڵ ئامرازی تری پەیوەندی وەک (بۆ، بە) دەگـۆڕێتـەوە، بەڵام مـەبەسـتی رسـتـەکـە لەڕووی واتاوە دەگۆڕێ، ئەم دیاردەیە بەزۆر لەو رستانەدایە کە بۆ شوێن و کاتن بەپلەی یەکەم کە بۆ شوێن بن.

٧- ئامــرازی «تا» و شــێــوەکــانی تری، لەگــەڵ ئامــرازی (ش -یش) بۆ تەئکیدکردنی لە رستەی سادەو ئاڵۆزیشدا، بەمەبەستی جیاجیا و لەگەڵ ئامرازی (هەر)یشدا بۆ هەمان مەبەست بەکاردێ.

خشتەی ژمارە (١)

دەوری تا لە زمانی کوردیدا

پەراوێز:

١- ئامرازی پەیوەندی: بریتییە لەو ئامرازانەی کە پەیوەندی دەخاتە نێوان وشـەکـانی زمـانەوە، لە (ناو) و (ئاوەڵناو) و بەشـە ئاخـاوتنی ترەوە لەوشـەسـازیداو واتایان لە پاڵ وشـەکـانی تردا لە دروست کـردنی رسـتـەدا دەردەکەوێت و تێکەڵ بەداڕشتنی رستەکە دەبن.

٢-ئامرازی لێکدەر: بریتییە لەو ئامرازانەی کە ئەرکی لێکدانی دوو رستەی سادەی سەربەخۆی واتادار دەبەستێت بەیەکترەوە و سەر بەهیچ لایەکی ناو رستە لێکدراوەکە نییەو پارسەنگی هەردوو رستەکانی هەیەو تێکەڵ بەداڕشتنی واتا نابێت.

٣- ئامـرازی گـەیەنەر: ئەو ئامـرازانەی کـە ئەرکی بەستن و گـەیاندنی لا رستەیەکی شوێنکەوتووی ناسەربەخۆ دەبەستێتەوە، بەشاڕستەکەوە، کە واتاکەی بەندە پێوەی و ئامـرازەکـانیش تێکەڵ بەداڕێشـتنی واتـای لاڕسـتـەکـە بوون و، مەبەستی رستەکەش دیار دەکەن.

٤- بڕوانە بیـــروڕای نوری، عــەلی ئەمین دەربارەی ئامـــرازی (هەتا) لە (ل٣٩٥)ی کـتـێـبی «ڕێزمـانی ئاخـاوتنی کوردی» لیـژنەی زمـان و زانسـتـەکـانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦ .

٥- بڕوانە. د. وریا عـومـەر ئەمین، بنج و سـیـمـاو یاسـاکـانی گـوێزانەوە، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢١)، بەغدا، ١٩٨٩، ل٧٢-٧٦ .

سەرچاوەکان:

١- ک. ک. کوردۆییف، ڕێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی. د. کوردستان موکریانی لە زمانی روسییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، هەولێر، ١٩٨٤.

٢- د. کوردستان موکریانی - قواعد اللغه الکردیه - بغداد ١٩٨٩ .

٣- لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦ .

مەحموود فتح الله، کارتەواوکردن لەزمانی کوردی، نامەی ماجستێر، ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٨ .

٥- نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی ، چاپخانەی کامەران - سلێمانی ١٩٦٠ .

دەوری «ب»
لەڕووی وشەسازییەوە

مۆرفۆلۆجی زانستێکە، لە پێکهاتن و شێوەی گۆڕانی وشەی زمان دەکۆڵێتەوەو، کەرەسەی لێکۆڵینەوەی ئەم ئاستە، واتە (مۆرفۆلۆجی)، مۆرفیمە، مۆرفیمیش بەردی بناغەی پێکهاتنی وشەی زمان دەگەیەنێت و دادەنرێت. ئەو مۆرفیمەی دەوری دارێشتنی وشە دەبینێ، بەمۆرفیمێکی مۆرفۆلۆجی دەژمێردرێ و، مۆرفیمیش بە بچووکترین پارچەی واتاداری زمان دادەنرێت، کە واتادار بێ، ئەرکی ڕێزمانی ببینێ و، کە نەتوانرێ لەوە زیاتر بچووکتر بکرێتەوە، چونکە بچوک کردنەوەی، واتاو ئەرکی مۆرفیمی، خۆی لەدەس دەدات.

ئەمە وەکو سەرەتایەک، بۆ باسەکەمان پێویست بوو، بخرێتەڕوو، ئەوەی ئێمە لێرەدا، مەبەستمانە بیخەینەڕوو، لێکۆڵینەوەی لە بارەیەوە ئەنجام بدەین، مۆرفیمی «ب»ی مۆرفۆلۆجییە، کە دەوری خۆی لە پێکهاتنی وشەی تازەدا دەبینێ بەچوونەسەر، وشەی تر کە واتای تازەی دەداتێ.

مۆرفیمی «ب» لە وشەسازی کوردیدا، دەوری جۆربەجۆری دارێشتن دەبینێ، لە دروست کردنی وشەی تازەی سەر بەئاستی مۆرفۆلۆجی.

ئەوەی لەم باسەدا، ڕوونی دەکەینەوە، دەربارەی مۆرفیمی «ب» و دەوری لە

وشەسازی کوردیدا، ئەم مۆرفیمە، یەک شێوەی (مۆرف)ی هەیە لەناو قالبی پێکهاتنی وشەکاندا، واتە بەیەک شێوە لە دارێشتنی وشەی مەبەست جیاجیا دەردەکەوێ.

مۆرفیمی «ب» یا پێشگری «ب» ئەم دەورانەی هەیە، لە دارێشتنی وشەسازی کوردیدا:

١- بەشداری لە دارێشتنی فرمانی داخوازی، وەکو پێشگرێک دەکات، بەم شێوەیە لە ڕەگی ڕانەبردوو فرمانی تێپەڕو تێنەپەڕەوە:

مۆرفیمی وشەدارێژ + ڕەگی ڕانەبردوو + ڕاناوی لکاو

ب + نووس + ە/ن ـــــــ بنووسە - بنووسن

ب + کڕ + ە/ن ـــــــ بکڕن (بۆ تاک و کۆ)

ب + فڕ + ە/ن ـــــــ بفڕە - بفڕن (بۆ تاک و کۆ)

ئەم جۆرە دارێشتنەی فرمانی داخوازی، بەهۆی پێشگری (ب)ەوە، لەگەڵ ڕەگی ڕانەبردووی فرماندا، کە بەهۆی دەستوورێکی تایبەتییەوە وەردەگیرێ(١).

٢- «ب» وەکو مۆرفیمێکی وشە دارێژ، فرمانی ڕابردووی مەرجی دروست دەکات لە ڕەگی فرمانی ڕابردووی فرمانی تێنەپەڕەوە:

پێشگری مەرجی + ڕەگی ڕابردووی فرمان + پاشگری (ایە)

ب + کەوت + ایە ـــــــ بکەوتایە

ب + خوارد + ایە ـــــــ بخواردایە

ب + سووتا + ایە ـــــــ بسوتایە

ب + کێلا + ایە ـــــــ بکێلایە

٣- مۆرفیمی «ب» و دارێشتنی فرمانی ڕانەبردووی (ئیلزامی) لە ڕەگی ڕانەبردووی تێنەپەڕو تێپەڕەوە بەم شێوە پێشگری (ب) + ڕەگی ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕ + ڕاناو

ب + نووس + م ـــــ بنووسم

ب + کڕ + م ـــــ بکڕم

ب + فڕ + م ـــــ بفڕم

ب + خەو + م ـــــ بخەوم

٤- مۆرفیمی «ب» ناوی بکەر لە ڕەگی ڕانەبردووی فرمانی تێپەڕەوە دروست دەکات(٢)، یا هەندێ جار بەتایبەتی بەشێوەی لێکدراوی ئاوەڵناوی بکەر دروست دەکات واتە ئەگەر ڕەگەکە وشەیەکی واتاداری لەگەڵدابێ؛ نموونە:

بۆ ناوی بکەر

پێشگری (ب) + ڕەگی ڕانەبردووی(٣) تێپەڕ = ناوی بکەر

ب + کڕ ـــــ بکڕ لە (کڕی) ڕەگی ڕابردوو

ب + نووس ـــــ بنووس لە (نووسی) = =

ب + گێر ـــــ بگێر لە (گێرا)

ب + کوژ ـــــ بکوژ لە (کوشت) = = گۆڕینی (ش ـــــ ژ)بەپێی یاسای گۆڕین(Dissimilation)دەنگی(ش)بۆتە (ژ).

ب + بڕ ـــــ ببڕ لە (بڕین) = =

بۆ ئاوەڵناوی بکەر:

ئاوەڵناوی بکەر:

ئاوەڵناو + پێشگری (ب) + گیر ـــــ ڕەشبگیر

زۆر + ب + ڵێ ـــــ زۆر بڵێ (ڕەگی - وتن - (ڵێ)یە)

لە چاوگە ناوێزەکان ڕەگی ڕانەبردووی فرمانی تریش ناوێزەن وەکو کوژ لە (کوشتن)ەوە، گەز لە (گەستن)ەوە.

خۆر لە (خواردن)ەوە بەهۆی گۆڕانی فۆنۆلۆجییەوە کپ کار دەکاتە سەر ئاوازدارو دەیگۆڕێ و کپی دەکات یا بە پێچەوانەوە بەپێی یاساکەی

پێشو(گۆڕین).

٥- پێشگری (ب) لە رەگی رانەبردووی تێپەڕەوە فرمانی بکەر نادیار بەشێوەی (گومان و مەرج) دروست دەکات دەشێ پێی بوترێ زمانی بکەر نادیاری مەرجی بۆ رابردوو

پێشگری (ب) + رەگی رانەبردوو + نیشانەی تێپەڕی نادیار + نیشانەی کاتی رابردوو

ب + نووس + ر + ا ـــــ بنووسرا

ب + کێڵ + ر + ا ـــــ بکێڵرا

بۆ رانەبردوو بەهەمان شێوەی رابردووە تەنها نیشانە(١)ی کاتی رابردوو دەگۆڕێ بە (ێ) بۆ کاتی رانەبردوو، بەم جۆرە:

ب + نووس + ر + ێ ـــــ بنووسرێ

ب + کێڵ + ر + ێ ـــــ بکێڵرێ

ب + کوژ + ر + ێ ـــــ بکوژرێ

بە زۆری لەم نیشانەی (ر)ی نادیاری، لەلایەن رێزمان نووسەکانەوە، بەتایبەتی ئەوانەی شوێن رێزمانی کۆن کەوتوون، لەگەڵ نیشانەی کاتی رابردوو (ا)و(ێ) رانەبردوویە تێکەڵیان کردووەو بە (را)ی ناودەبەن، بۆ رانەبردوویش بە (رێ)، کە راستییەکەی ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ئەم نیشانەیە، لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە (ر)ی نادیارو (ا) و (ێ) نیشانەی کاتی رابردوو رانەبردوویی.

دوای ئەوەی دەوری پێشگری (ب)، لە داڕشتنی فرمانی داخوازی و، فرمانی رابردوو و رانەبردووی مەرجی (ئیلزامی) و ناوی بکەرو ئاوەڵناوی بکەرو فرمانی بکەر نادیاری مەرجی خستە پێش چاو، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە لەو شوێنە جیاوازانەدا، پێشگرو مۆرفیمی (ب) بەیەک شێوە

(مۆرف) چەند داڕێشتن و مەبەستێکی جیاواز، وەک ئەرک و دەور لە داڕێشتن دەگرێتە خۆی بەم جۆرە:

بخۆ، بڕۆ، بنووسە، (بۆ داخوازی)

بکەوتایە - بنووسیایە (بۆ رابردووی مەرجی)

ب بکەوم - بنووسم - بچم (بۆ رانەبردوو مەرجی)

بخۆر - بکڕ - بفرۆش - رەشبگیر (ناو و ئاوەڵناوی بکەر)

بکێڵرا - بکێڵرێ (فرمانی بکەر نادیار رابردوو و رانەبردوو)

بەمەدا دەرکەوت مۆرفیمی «ب» بەیەک شێوە بۆ چەند مەبەستێک بەکاردێت و لەم وێنەیەدا روونی دەکەینەوە:

فرمانی داخوازی تاک کۆ	رابردووی مەرجی	رانەبردووی ئیلزامی	ناو ئاوەڵناوی بکەر	فرمانی بکەر نادیار رابردوو	فرمانی بکەر رانەبردوو	بەپێی یلسلی ئارەزوو
بنووسە/ن بنووسن بکەوە بکەون	بنووسیایە بکەوتیایە بکەوتنایە	بنووسم بخۆم بکەوم بکەوین	بنووس بکرو بفرۆش لەگەڵ تێنەپەڕدا دەرناکەوێ	بکێلر بنووسرا هەمان یاسا	بکێڵرێ بنووسرێ هەمان یاسا	دابخە داخە سەربکەوە سەرکەوە

خشتەی ژمارە «٢»

لێرەدا دەرکەوت، جیاوازییەک نابینرێ، لە نێوان شێوەی (ب)، بۆیە ئەم دیاردەیە، ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە مۆرفیێمی مۆرفۆلۆجی، بەیەک شێوە (مۆرف)، بۆ چەند مەبەستێکی جیاواز بەکاردەهێنرێ و، بێ ئەوەی لەناو ئەو شوێنە جیاوازانەدا، شێوەی خۆی بدۆڕێنێ بۆ ئەوەی ئەمە باشتر بسەپێنین و، بکرێتە یاسایەکی مۆرفۆلۆجی، چەند مۆرفیمێکی مۆرفۆلۆجی تر، بەهەمان شێوەی نەگۆڕی مۆرفیێمی (ب)، لە شوێنی مەبەست جیاوازانەی، شێوەی شەرتی خۆی بگۆڕێت، وەک مۆرفیێمی (دە)ی بەردەوامی یەک شێوە دەگرێتە خۆی لە دوو مەبەستی جیاوازدا، وەک:

لێ (دە) مۆرفیێمی بەردەوامییە، بەڵام بەردەوامیێکەی دوو حاڵەت و بارودۆخی دارِێشتنی جیاوازی وشەسازی کاتی رابردوو، رانەبردوو پیشان ئەدات، کە دوو تافی جیاوازی فرمانن و قاڵبی دارِێشتنی فیزیاوییان لە یەکتر جیاوازن، کە چۆتە سەر رەگی رابردوو و رەگی رانەبردوو.

مۆرفیێمی یا نیشانەی (١)ی کاتی رابردوو، لەگەڵ (ێ) نیشانەی کاتی رانەبردوو، لە هەموو فرمانە کۆتایی هاتووەکان بە(ا)ی رابردوو، کە لە رانەبردوودا دەگۆڕێ بە (ێ) لە گەردان کردندا شێوەکانی خۆیان نادۆڕێنن و، تەنانەت ئەم دوو نیشانەیە، لەگەڵ رەگی رابردووی فرمانی بکەر نادیارو، رەگی رانەبردووییدا، دەرئەکەون بێ ئەوەی لە گەردانی ئەو دۆخانەیدا، شێوەیان

بگۆڕین بۆ نموونە:

	سووتام		دەسووتێ م
کوژرا	خنکام	ا ـــــ ێ (ڕانەبردوو)	دەخنکێ ن
کوژران	خنکای	بۆ نادیاری ـــــ	دەکوژرێ م
			دەکوژرێن

بەکورتی ئەو نیشانانەی، کە حاڵەتێکی (دۆخێکی) مۆرفۆلۆجی لە دارێشتن و پێکهاتنی مۆرفێمیدا، دیاری دەکەن، بەیەک شێوە، چەند مەبەستێکی جیاوازی مۆرفۆلۆجی پێشان ئەدەن.

لە پێشەوە باسەکەمان، جۆرەکانی دارێشتنی جیاجیا پێشگری (ب) لە دارێشتنی فرمانی داخوازی و فرمانی رابردوو، رانەبردووی مەرجی (ئیلزامی) و ناو و ئاوەڵناوی بکەرو فرمانی بکەر نادیارمان پێشاندا، کە هەریەکەیان دیاردەیەکی مۆرفۆلۆجین، لە زمانی کوردیدا کە حاڵەتەکانی «داخوازی کردن و فەرمان» و «مەرج و گومان» و «تواناو جولە» دەگرتە خۆیان.

ئەوەی لێرەدا، پێویستە بخرێتەڕوو، ئەوەیە «فرمانی داخوازی» (Imperative- فعل امر) کە بە هۆی پێشگری (ب)ەوە دروست دەبێ، بەهۆی ئاوەڵفرمانی نەکردنی (نەفی) «مە»ەوە نەفی دەکرێ لە روودان، کەچی «ب»، کاریگەری خۆی، بەبوونی (مە)ی نەکردنەوەش وەکو (داخوازی کردن و فەرمان) لە دەس نەداوەو، هەمان مەبەستی داخوازی نەدۆڕاندووە، نموونە:

بکە ـــــــ مەکە

چەمکی (ب)	مەخۆ	(مە)	چەمکی نەکردن
داخوازی	بڕۆ ـــــــ مەڕۆ		و داخوازی هەیە
و فرمان	بنووسە ـــــ مەنووسە		

هۆی نەدۆڕانی کاریگەری پێشگری (ب)، لە حاڵەتی بوونی (مە)ی نەکردن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە (ب) مۆرفێمێکی بنەڕەتی وشەی فرمانی داخوازییەو، (مە) و یا پێشگری تر، گەر شوێنی بگرێتەوە، بوونی و کاریگەری خۆی، لەناو ئەو پاشگرە جێگرانەی کە لەلاوە، بۆ مەبەستی تری بەکارهێنان و داڕێشتنی هاتووەنەتە ناوەوە، لە دەست نادات، واتە شێوەی تازەی فرمانە داخوازییێکە، چەمکی «داخوازی و فەرمان کردن»ی خۆی پێوە دەێنێ، کەچی ئەگەر ئەم دیاردەیە، پێچەوانە بکرێتەوە، لە داڕێشتنیدا بەم شێوەیەی خوارەوەو، چەمک و کاریگەری (مە)ی نەکردن و، پێشگری تر، کە فرمانە داخوازییەکان، لە سادەوە دەکەن بەداڕێژراو، پێوەی نامێنێ، واتە بەفرمانەکەوە لە حاڵەتی بوونی پێشگری (ب)ی داخوازی نموونە:

کردنە یەکەمەو بەپێی یاسایەکی بە ئارەزوو Optional بێجگە لە (مە)ی نەکردن، پێشگرەکانی تری (دا، ڕا، هەڵ، پێ، تێ...) کە فرمانی داخوازی داڕێژراو دروست دەکەن ئەتوانرێ پێشگری (ب)ی داخوازی لەگەڵیاندا، بەکار نەهێنرێ و، دەشتوانرێ بەکار بهێنرێ بەکارهێنان و بەکار نەهێنانی لە چەمکی فەرمانە داخوازییەکە، بەشێوەی داڕێژراوی دروست دەکەن و، کاریگەری پێشگری (ب) پێیانەوە دیارە، بەڵام کاریگەری خۆیان، واتە (دا، ڕا، هەڵ..)

بەوەوە دیار نییە، هۆی ئەمەش ئەوەیە پێشگری (ب) نیشانەیەکی رەسەنی دروست کردنی فرمانی داخوازییە، ئەمەش بەم نەخشەیەی خوارەوە روون دەکەینەوە:

١) دا
ڕا ـــ ب که ـــ◀ کەن دابکە ـــ دابکەن
هەڵ

٢) دا
ڕا ـــ کە / کەن
هەڵ

٣) بکە (ن)
بۆ دۆخی نەکردن مە کە (ن)

مە + بکە
مە کە

ئەم دیاردەیەی سەرەوە، بەوەی کە پێشگری (ب) داخوازی دەتوانرێ، بەئارەزوو لەناو پێشگرەکانی ترا، کە فرمانی داخوازی دارێژراو لادەبرێ، کەچی کاریگەری دەمێنێ، بەڵام هی ئەوان لەناو (ب)دا کاریگەری یان نابینرێ، بەلابردنیان ئەمە رەسەنایەتی، پێشگری (ب) دەگەیەنێ، بەوەی کە نیشانەی بنەڕەتە فرمانی داخوازییە، لە زمانی کوردیدا، بەڵام پێشگری «دا، ڕا، هەڵ...» لەولاوە هاتوونەتە ناو وشەی فرمانەکە. (بڕوانە وێنەی (١) و (٢).

حاڵەتی دووەم، بەچوونە سەری (مە)ی نەکردن، پێشگری (ب) فرمانی

داخوازی لەناویدا دەتوێتەوە، بەڵام کاریگەرییەکەی، بە «داخوازی و فەرمانی کردن» بەهۆی «مە»وە پێوە دیارە، کاریگەری و چەمکی «ب» تیایدا لە دەس نەدراوی. بڕوانە وێنەی(٣).

بەڵام لە دۆخی بوونی (ب)ی داخوازی، (مە)ی نەکردنی پێوە چ بەشێوە و چ وەکو تێگەیشتن دیار نادات، چونکە (مە) لەلاوە هاتووەو (ب)ش بنەڕەتی وشەکەیە.

لەلایەکی ترەوە، ئەم بەڵگانەی سەرەوە، ئەوە دەگەیەنن، ئەمانەی لای خوارەوە وەکو راستی یەک بخەینەڕوو.

١- ڕێژەی فرمانی داخوازی، بریتییە لە (پێشگر + رەگی رانەبردوو + راناو)، هەر پێشگرێکی تر، بێجگە لە ڕێژەکەی خۆی، کە بەهۆی (ب)ەوە پێکدێت، جێگە و واتای(ب)ی فرمانی داخوازی دەگرێتەوە وەک: بکە — راکە، تێکە، پێکە، هەڵکە، جێکە، یا بەلێکدراوی نان بخۆ (نان خۆ)، کارکە، رێکە، سەیرکە...

٢- بە نەکردن و روونەدانی فرمانی داخوازی، بەهۆی (مە)ی ئاوەڵفرمانی نەکردنەوە چەمک و کاریگەری (ب)ی فرمانی داخوازی نادۆڕێت.

٣- پێشگری (ب) لە وشەسازی کوردیدا، بەیەک شێوەو (مۆرف) لە چەند مەبەستێکی جیاوازی بەکارهێنانی دارێشتنی مۆرفۆلۆجی بەکاردەهێنرێ، وەک رابردوو، رانەبردووی مەرجی (ئیلزامی)و ناوو ئاوەڵناوی بکەرو فرمانی بکەر نادیار، لە شێوەی مەرج و گوماندا.

٤- مۆرفیمی مۆرفۆلۆجی، بەزۆری یەک شێوە (مۆرف) لە بەکارهێنانی جیاوازدا دەگرێتە خۆی و گۆڕانی بەسەردا نایەت، نموونە:

بکردایە، بنووستایە، ببڕ، بکوژ، رەشبگیر، زۆربڵێ، بکەم، بڕۆم، بنووسرا، بنووسرام، بنووسرێم.

٥- بەپێی یاسایەکی بە ئارەزوو Optional لە حاڵەتی دروست بوون و، پێکهاتنی وشەی دارێژراو و لێکدراوی فرمانی داخوازی لادەبرێ و، پاشگری تر بەهەمان واتا شوێنی دەگرێتەوە وەک (بکە - داکە، راکە...)

٦- مۆرفیمی مۆرفۆلۆجی، بریتییە لەو مۆرفێمەی کە ئەچێتە سەر مۆرفیمی ترو، وشەی تازەی، خاوەن مانای تازە دروست دەکا (٤) لەم پێناسەیەوە، ئەوەمان بەپێی باسەکەی سەرەوە، بۆ روون دەبێتەوە، ئەو مۆرفیمانەی، کە دەچنە ناو دروست بوون و، دارێشتنی وشە تازەو دارێژراوەکانەوە، لە گەردان کردندا دەمێننەوە یا بەنەمانی شێوەکەشیان (مۆرف Morph) چەمک و کاریگەریان، لە دەس نادەن وەک (ب)ی فرمانی داخوازی، لە حاڵەتی دارێژراوی مۆرفیمی (دە)ی بەردەوامی، لە حاڵەتی فرمانی دارێژراوی رابردوو. رانەبردوودا بەم شێوەیە:

دەچووم هەڵدەچووم هەڵەچووم

(ە)ی پاشکۆی پێشگری (هەڵ) جێگری (دە)ی بەردەوامییە، بەشێوەی کورت کردنەوەو مانەوەی واتای (دە).

دەچم هەڵدەچم هەڵچم شوێنی (دە)یە

کردنەوە کردمەوە بیکەوە

کەچی بوونی ئەم دیاردەیە، لە ئەلەمۆرفی رێزمانی پێچەوانەی ئەم دیاردەیە مۆرفۆلۆجییەی سەرەوەیە چونکە مۆرفیمی رێزمانی یا ئەلۆمۆرفی رێزمانی (بە) شێوەی جیاجیا بە پێی شوێنی جیا بۆ تاکە مەبەست و یەک ئەرک و دەوری ئەدرێتێ. وەک:

(ەکە)ی ئامرازی ناساندن و (ان)ی نیشانەی کۆ

ەکە کە ەک ک یان ان وان

رێوی یان کچان خانووان

پەراوێزەکان:

١- د. وریا عومەر ئەمین، چەند یاسایەکی مۆرفۆلۆجی داڕشتنی فەرمان، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٠٩)ی ١٩٨٦، ل٢٥٨-٢٦٣ .

٢- ڕەفیق محەمەد، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، نامەی ماجستێر، ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٨، ل٩٨-١١٠ .

٣- بۆ دۆزینەوەی ڕەگی فرمانی رابردوو، رانەبردوو، بڕوانە وتاری د. وریا عومەر ئەمین «کات و نیشانەی فرمان» کاروانی (٩٢) ساڵی ١٩٩١ . ئەم یاسایە خراوەتەڕوو.

٤- د. وریا عومەر ئەمین، (مردنی وشە) گۆڤاری کاروان، ژمارە (٤٥)، ١٩٨٦ ل٨-١٤ .

٥- د. وریا عومەر ئەمین، ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٢)، ١٩٨٩ ل١٦٦-١٦٩ .

سەرچاوەکان:

١- ڕەفیق محەمەد، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، نامەی ماجستێر، ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٨ .

٢- زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی ١٩٨٦ .

٣- کۆڕی زانیاری کوردی، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦ .

٤- ک. کوردوییڤ. ڕێزمانی کوردی، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە، د. کوردستان موکریانی، هەولێر ١٩٨٤ .

٥- د. وریا عومەر ئەمین، ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٢) - ١٩٨٩، ل١٦٦-١٦٩ .

دیاری کردنی ئامراز
لە زمانی کوردیدا

دوای لێکۆڵینەوە بۆم دەرکەوت لە زمانی کوردیدا، بە تایبەتی لە شێوەی کرمانجی خواروودا، بابەتی ئامرازو جۆرەکانی و کەرەسە جیاجیاکانی بەتەواوی روون نەکراونەتەوەو، لەگەڵ بابەتی تری وەک زیادەی وشە دارێژ - Affix (پێشگرو پاشگر)و ئاوەڵفرمان و نیشانەو جێناو تێکەڵ کراوەو، یا هەندێک جۆرە ئامراز فەرامۆش کراوە بۆیە هەڵدەگرێ لێی بکۆڵرێتەوەو کەم و کورتی یان کەم بکرێتەوە.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دیاری کردنی ئامرازە لە زمانی کوردیدا، کە لە رووی شێوەو واتاو سەربەخۆیی بوون و، دەوری ناو رستەو تایبەتییەکانیان و دوولایەنی بەکارهێنانیان دەگرێتەوە.

ئامراز:

لە زماندا، لە رووی کارکردن و بەکارهێنانەوە، وەکو ئامێرێک وایە کە بە هۆیەوە شتی جۆربەجۆری پێ ئەکرێ و بۆ مەبەستی جیاجیاکانی قسەکردن بەکاردەهێنرێت، هەندێک جۆری بەشداری دارێشتن و پێکهاتنی وشە دەکەن و لە رستەشدا - دەوریان چالاکەو بە بەشێکی ئاخاوتن دادەنرێن و واتادارو بێ واتان.

ئامراز بە گشتی لە رووی بوونەوە، لە زمانی کوردیدا دوو جۆرن: وەک

١- ئامرازی بەستنەوەی کە (ئامرازی پەیوەندی ئامرازی لێکدەرو ئامرازی گەیەنەر دەگرێتەوە(١).

٢- ئامرازی نیازو مەبەست وەک ئەو ئامرازانەی مەبەستی تایبەتیان هەیە کە ئەمانەن:

١: ئامرازی سەرسوڕمان - ادوات التعجب

٢: ئامرازی بانگ کردن - ادوات النداء

٣: ئامرازی وەڵام (بۆ ئەرێ، بۆ نەرێ) - ادوات الاستجواب

٤: ئامرازی خۆزگە. - ادوات التمني

٥: ئامرازی گومان. - ادوات الشك

٦: ئامرازی بێجگە. - الاستثناء

٧: ئامرازی لێکچواندن. - ادوات التشبيه

٨: ئامرازی تەئکید. - ادوات التاءكيد

٩: ئامرازی مەرج. - ادوات الشرط

١٠: ئامرازی وریا کردنەوە (تنبیه) - ادوات التنبيه

١١: ئامرازی نەفی. - ادوات النفي.

١٢: ئامرازی گاڵتەپێکردن سەرزەنشت کردن - ادوات الاستهزات والسخرية.

باسی دیاری کردنی ئامرازو جۆرەکانی، پێویستە ناساندنی ئەو دوو جۆرە ئامرازە بکەین تا بتوانین لە یەکترو لە بابەتی تر جیایان بکەینەوە بکەینەوە، ئەم لیکۆڵینەوەیە، تایبەتە بە (ئامرازی مەبەست)و جۆرەکانی و دەوری جیاجیان لە رستەدا(٢).

ئامرازی مەبەست: لە رووی واتاوە واتادارو بێ واتان و، هەر جۆرەی بە

مەبەستی تایبەتی لەرستەدا بەکار دەهینرێن و، کەرەسەی هەر جۆرە ئامرازێکیان بۆ تاکە مـەبەستێک بە کاردەهێنرێت و، مـەبەستی رستـەکان لە رووی واتاوە، بۆلای خۆیان رادەکێشن و بەشێکی ئاخاوتن پێکدەهێنن.

پێش ئەوەی بێینە سەر روونکردنەوەی لایەنەکانی ئامراز، پێویستە جیاوازی نێوان ئامراز لەگەڵ ئەو بابەتانەی، کە بە هەڵە بە ئامراز دادەنرێن نیشان بدەین وەک:

جێناوو نیشانەو ئاوەڵفرمان، تا لە یەکتریان جیابکەینەوە.

جیاوازی ئامراز لەگەڵ جێناودا ئەوەیە، ئامراز وەکو ئامێرێک وایە، کە بە هۆیەوە بۆ مەبەستی جیاجیای قسەکردن بەکاردەهێنرێن و لە رووی واتاوە رەوتی تێکرای رستە دەگۆرێت و، پەیوەندی نێوان بەشەکانی رستە رێک دەخات، بەڵام هەرچی جـێناوە لە جـیـاتی کـەس و جـێگای نـاو دەگـرێتـەوەو، دەوری بەشـە بنجێکانی ناو رستە دەبینێ، وەک بکەرو بەرکارو تەواوکەر. هەرچی نیشانەشە بۆ دروستبوونی تاکە مەبەستێک بەکاردەهێنرێن، وەکو (ان)ی نیشانەی کۆ، وشـەی تاک دەکـات بە کـۆ، (ەکـە، یەک) ناوی ناسـراوو نەناسـراو دروست دەکەن. ئاوەڵفرمانیش لە رستەدا، تەنها کار لە دیاری کردنی روودانی فرمانی رستـە، لە رووی شـوێن و کـات و هۆو رادەو چۆنیـەتی دەکـات، هەرچی زیادەی وشە دارێژیشە، دەچێتە سەر مۆرفیم و کەرەسەو وشەی تر، وشەو مۆرفیمی تازە دادەرێژێت وەک پێشگرو پاشگر.

دوای ئەم بەراورد کـردنەی سـەروە، دێینە سـەر روونـکردنەوەی یەکـە یەکـەی پیلانی دارێشتنی لێکۆڵینەوەکەمان، لە بارەی ئامرازەوە، کە بەم جۆرەیە:

ئامرازی مەبەست لە رووی واتاوە دوو جۆرە:

١- ئامـــرازی واتادار: ئەو ئامـــرازانەن، کـــە جگە لە بوونی رواڵەتی سـەربەخـۆییـان وەکـو وشـەیەکی فـەرهەنگی واتا بەخشـن و لە رسـتـەدا دەوری جیاجیا دەبینن، وەک ئەم جۆرە ئامرازانە:

ئامـرازی سـەرسـوڕمـان، ئامـرازی وەڵام، ئامرازی خۆزگە و گومان، ئامرازی لێکچواندن، ئامـرازی مـەرج، ئامـرازی بێـجگە (جگە)، ئامـرازی بانگ کـردن (بەشە واتادارەکەی)، ئامرازی گاڵتەپێکردن، ئامرازی وشیارکردنەوە.

٢- ئامـرازی بێ واتا: ئەو ئامـرازانەن کـە واتای فـەرهەنگیـان نییـەو لە رسـتـەدا دەورو واتایان روون دەبێـتـەوە، وەک: ئامـرازی بـانگ کـردن (بەشـە بێ واتاکەی کە لە شێوەی پیتدان)، ئامرازی تەئکیدی (هەر)ی... دەربچێ ئەوانی تر دوو لایەنن.

ئامراز لە رووی سەربەخۆیی بوونەوە لە زمانی کوردیدا دوو جۆرن:

١: ئەو ئامـرازە مـەبەسـتـانەی، کـە رواڵەتی سـەربەخـۆیان هەیە: ئامـرازی سەرسوڕمان، ئامرازی وەڵام، ئامرازی بانگ کردن (بەشە سەربەخۆکەی) ئامرازی خۆزگەو گومان، ئامرازی بێجگە، ئامرازی لێکچوواندن، ئامرازی گاڵەتەپێکردن و سەرزەنشتکردن، ئامرازی ئاگادارکردنەوە.

٢: ئەو ئامرازانەی رواڵەتی سەربەخۆیان نییـە: جۆرە ئامـرازێکن لە رسـتەدا، ئەبێ وەکو کەرەسەو وشەیەکی زمانی کوردی هەست بەبوونیان ناکرێت، نموونە: ئامرازی بانگ کردن (ئەوانەی لە شێوەی پیتدان وەک (ە، ێ، ۆ، ینە) ئامـرازی تەئکیـد ئامـرازی (دەبا)ی لێ دەربچێ، ئەوانی تر، بۆ مـەبەسـتی تریش شێـوەیان بەکاردێت، وەک (با، هە، کە).

ئامرازی مەبەست لە رووی روالّەتی دروست بوونەوە، دووبەشن:

١: ئامرازی مەبەستی سادە: هەر جۆرەی، لە شوێنی خۆیدا، بە تەنها دەیان خەینە روو.

٢: ئامرازی مەبەستی ناسادە: بەهەمان شێوەی یەکەم لە شوێنی خۆیان دەیان خەینە روو.

ئامرازی مەبەست لە رووی بەکارهێنانەوە، لە زمانی کوردیدا هەندێکیان دەوری دوولایەنیان هەیە، بەوەی جگە لە دەورەکەی خۆیان، لە ئاخاوتندا، دەبنە جۆرە ئامرازێکی جیاواز لە خۆیان، وەک ئامرازی خۆزگەو گومان و لێکچواندن و تەئکید، دەبنە ئامرازی گەیەنەری رستەی ئالۆزو لا رستەی شوێن کەوتوو (الجملة التابعة Suburdinate Clause لەناو رستەی ئالۆزدا دروست دەکەن(٣).

تایبەتییەکانی ئامرازی مەبەست:

ئامراز بە هۆی تایبەتییەکانییەوە، لەو کەرەسانەی کە بە هەڵە بە ئامرازی دانراون جیادەبنەوە، وا لە خوارەوە دەست نیشانیان دەکەین.

١: هەندێکیان واتادارن و هەندێکی تریان بێ واتان و، مەگەر لە رستەدا نەبێ واتاو دەوریان نابێتەوە. (لەمە پێشەوە خستمانە روو).

٢: بە زۆری دەوری چالاکی رستە سازییان هەیەو، واتاو مەبەستی رستەکان بۆ لای خۆیان رادەکێشن و، بەو مەبەستەوە جۆری مەبەستی رستەکان دەست نیشان دەکرێن و، بەو مەبەستەوەش ناودەبرێن، وەک رستەی مەبەست خۆزگەو گومان، بانگ کردن و لێکچواندن ... هتاد ..

٣: بە پێچەوانەی ئامرازی بەستنەوەوە، هەندێک جۆری ئامرازی مەبەست،

وەک ئامرازی تەئکیدو، ئامرازی بێجگەو، ئامرازی بانگ کردن (شێوەی پێتەکەی) بەکەمی بەشداری دارێشتن و پێکهاتنی وشەو جۆرە ئامرازی تر دەکەن.

٤: لە رووی بوونیانەوە لە زمانەکەدا، بە زۆری سەربەخۆن و، یەک دوو جۆری نەبێ، نا سەربەخۆن و، لە رستەدا نەبێت شێوەو بوونیان هەست پێ ناکرێت.

٥: ئامراز بەگشتی و ئامرازی مەبەست بە تایبەتی لە رووی بەکارهێنانەوە. لە ئاخاوتندا وەکو ئامێرێک وان، کە بە هۆیانەوە مەبەستی ئاخاوتن دیاری دەکەن و، رستە بۆ مەبەستی جیاجیا رێکدەخەن.

دیاری کردنی جۆرەکانی ئامرازی مەبەست:

لێرەدا پێناسەی هەر جۆرە ئامرازێکی مەبەست، لەگەڵ کەرەسەو ئامرازەکانی هەر جۆرێکی دست نیشان دەکەین:

١: ئامرازی سەرسوڕمان (ادوات التعجب Interjection): ئەو ئامرازانەن، لە زماندا کە بۆ سەر سوڕماندن، لە کارو کردەوەی نا ئاسایی، لە شت و رووداوی خۆش و ناخۆش و سەیر بەکار دێن، بەبێ بەکارهێنانیان ئەم جۆرانەی لێ دیار کران و، وەک ئەم ئامرازانە. «پەکو، پەح تەح، ئۆف، ئاخ، ئای، وای، ئای ئای، ئۆی ئۆی، ئۆخ، ئۆخەی، ئۆخەیش، ئافەرین، هەیهۆ، دەیهۆ، هەی، هەو، ئەیەڕۆ..»

نموونە: پەکو! لەو مارە زلە.

ئاخ! لە دەست جەورو ستەمی زەمانە.

ئۆخەی! کوڕکەم بە سەلامەتی هاتەوە.

هەیهۆ! لەم حاڵ و ژیانە.

تایبەتییەکانی ئامرازی سەر سوڕمان:

١: لە کوێدا بەکارهات، پێویستە نیشانەی سەر سوڕمان بە شێوەی (!) لە دوای ئامرازە سەرسوڕمانەکەوە، لە نووسیندا بەکاربهێنرێت.

٢:بە زۆری لەگەڵ رستەی فرمانی ناتەواودا بەکاردێ وەک: ئای! لە تۆ، ئاخ لە دەست زەمانە! ئۆخەی! لەدەست ناخۆی رزگار بووین.

٣: لەگەڵ فرمانیشدا بەکاردەهێنرێن، وەک: ئاخ! ئەمجارەش دواکەوتین، ئۆخەی! هاتەوە، ئاخ! جارێکی تر رێکەوتی وامان بۆ هەڵناکەوێت.

٤: زۆر بەکەمی بەشداری دارێشتنی وشە دەکەن وەک بە دووبارەکردنەوە، یان ئامرازی تری سەر سوڕمان، بە شێوەی لێکدراوی یا گرێ پێکدەهێنن، وەک ئاخ و ئۆف، ئای ئای، وەی وەی، ئۆی ئۆی.

جۆرەکانی ئامرازی سەر سوڕمان لە رووی بە کارهێنانەوە:

١: ئامرازی سەر سوڕمانی سەیر: وەک ئەها ، پەح، پەکو، پیاح، حەی، وەی، هەو، دەک (ئەک)، هەک، حەک، ئەبێ (ئەدی)، بەدی (بۆ وەڵامی پرسیاریش بەکاردێ وەک: بەدی هاتەوە!). بۆ، نموونە:

هەو! خۆ دوێنێ بە بووکی چوو.

هەک! چۆن رادەکات.

ئەها هات.

حەی لەم نموونانە.

٢: ئامرازی سەرسوڕمانی خۆشی: وەک: ئۆخەی. ئۆخەیس ئافەرین، بەهبەه، ئۆی ئۆی، دۆی دۆی، (لە کاتی گۆرانی شای ر هەڵپەرکێدا، بەکاردێت)، ئای ئای، هەیهۆ، دەیهۆ.

٣: ئامـرازی سـەر سـوڕمـانی پەژارەو ناخـۆشی: وەک ئاخ، ئـۆخ، ئۆف. ئۆی، مـخـابن، وەیش، داخ، ئاخ داخ، داد، ئای ئای (دولایەنە بۆ خۆشی و ناخـۆشی) هەی هۆ.

هەندێک جـاریش ئامـرازی (وەی وەی) بۆ دەربڕینی خـۆش وشـتی، سـەیر بەکاردەهێنرێن، وەک: وەی وەی لە مانە!.

وەی وەی لەم شای و سەیرانە!.

نموونە لە رستەدا: - حەیف و مخابن بۆ قاسملوو!

- وەیش بۆ ئەو کوڕە ئازایە!

- دادو بێداد! لە دەس جەوری زەمانە.

هەیهۆ لەم شاییە خۆشە.

هەیهۆ لە دەس تۆ.

هەیهەی! چ هەراو مەزادێکە.

ئامرازی سەر سوڕمان لە رووی شێوەوە:

١- سـادە: وەک هەمـوو ئامـرازە تاکـەکـان: (پەح، پەکـو، وەی، هەو، ئەک، پەح، پەکـــــو، وەی، هەو، ئەک، بـەدی، ئەدی، ئـاخ، داخ، ئـۆف، ئـای، ئـۆی، مخابن، داد، دەی).

٢: ئامرازی سەر سوڕمانی ناسادە: وەک:

ئۆخەی، ئۆخـەیش،بەهبەه، ئۆی ئـۆی، دۆی، ئاخ، داخ، ئاخ و ئۆف، وەیش، هەیهۆ، وەی وەی، هەیهەی، ئای (ئا + ی) وەی وەی.

ئامرازی سـەرسـوڕمـان لە رووی واتاوە، زۆربەیان واتادارن و وەکـوـوشـەیەکی سەربەخۆ واتاو بوونیان لە زمانەکەدا دیارە.

هەندێ جـار، ئامـرازی (ئا)ی وەلام بەبێ پاشکۆی (ی) بە هۆی دەربڕینێکی

تایبەتێوە سەرسوڕمان دروست دەکات، وەک: ئا هات!

٢: ئامـرازی وەڵام: (ادوات الاسـتـجـواب) ئەو ئامـرازانەن، کـە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیار بە شێوەی ئەرێ و نەرێ بەکاردەهێنرێن و دوو جۆرن:

١- ئامـرازی وەڵام بۆ دۆخی ئەرێ: وەک: بەڵێ، ئا، ئێ، ها، هۆو، هۆی، با، ئێ، ئێی، ئەدی، بەدی، نموونە:

بەڵێ هاتم، نەچووم، هۆو بەڵێ، هۆ ئازاد، هۆی بەڵێ. ئاخر.

٢- ئامرازی وەڵام بۆ دۆخی نەرێ: نەخێر، نە، نا، نە، نموونە:

نەخێر نایەم، نا نان ناخۆم، نە وازی ناکەم.

تایبەتییەکانی:

١- لەگەڵ زۆربەی جۆرەکانی فرماندا بەکاردەهێنرێن.

٢- هەر دوو جرڕەکـانی ئامـرازی وەڵام لەگـەڵ دۆخی فـرمـانی ئەرێ و نەرێ بەکاردێن.

٣- بە زۆری ئامـرازی وەڵام لە رووی واتاو نـاوەڕۆکـیـەوە، رسـتـەی هەواڵی دروست دەکات، وەک ئاخر وایە (بەڵێ وایە)

٣- ئامرازی بانگ کردن: ئەو ئامـرازانەن کە بە هۆیانەوە کردەی بانگ کردن ئەنجام دەدرێ و، بەپێی بوونیان لە زمانی کوردیدا، دەبن بە دوو بەشەوە:

١: بەشێکیان بە شێوەی وشەی تەواوو واتادارن (Free Morphem)، وەک: هۆ، هۆو، ئەرێ، ئەی، هێی، هێ، هەی، وەی، پا).

٢: بەشی دووەمیان بە شێوەی ئامرازی بێ واتان (Bound Particl)، وەک: ا- ئامـرازی بانگ کـردن بۆ کـاتی نێـر، وەک: ە، و: خـاڵە، خـاڵۆ، مامە،مامۆ کاکە، کاکۆ.

ب- ئامرازی بانگ کردن بۆ تاکی مێ، وەک: ێ: پورێ، کچێ، ژنێ.

ج- ئامـرازی بانگ کـردن بۆ کـۆی نێـرومێ، وەک: ینە، کـوڕینە، کـچـینە، براینە.

ئەگەر وشە بانگ کراوەکە بە بزوێن کۆتایی بێت، ئەوا بزوێنی وشەکە خۆی دەبێتـە ئامرازی بانگ کـردن و ئامرازی بانگ کردنەکە لە ناو بزوێنی وشـەکەدا دەتوێتەوە، وەک: برا، مامۆستا،..

دیاردەیەکی سەیر لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازی بانگ کردن هەیە، ئەگەر هاتوو وشە بانگ کراوەکـە، لێکدراوی نێـر بێت، ئەوا ئامـرازە لێکدەرەکـەی کە (ە)یە پێـجگە لە ئەرکی لێکدان، دەوری بانگ کـردنی نێـریش دەبینێ وەک: پیرەمێرد، پیرەپیاو.

لە ناوی لێکدراوی مێـینەشـدا ئامرازی لێکدرەی (ی) دەوری بانگ کـردنی مێ دەبینێ، وەک:پیرێژن.

ئامـرازی (ی)یش بە کـەمی بەکـاردێت، (وەک برای من، کـوڕی من، کـچی من، هەرچەندە، ئەمە لەبنەڕەتدا ئامرازی پەیوەندییە بۆ ئیزافەو ئەم، دەورەش لە بانگ کردندا دەبینێ.

جاری واش هەیە، نیشانەی ناسراوێ دەوری بانگ کردن دەگێڕێ وەک:

کوڕە کە وەرە، کچەکە بڕۆ، پیاوەکە بۆ کوێ دەچێت.

ئامرازی بانگ کردن، لە رووی بوونەوە، لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرانەی هەن، وەک:

١: ئامرازی بانگ کردنی مرۆڤ، وەک: هۆ، ئەرێ، ئەی.

٢: ئامـرازی بانگ کـردنی ئاژەڵ و پەلەوەر: ئۆحـە، هۆش، یخـە، هڕە، تەس، گدی گدی، (هێشـە)، هس (هسە)، پشـە (پش پش)، چخ (چخە)، کوت کوت، کوچ کوچ، کس کس، جوو جوو.

ئامرازی بانگ کردن لە رووی شێوەوە:

١ : سادە: هۆ، ئەرێ، ئەی، هۆش، یخە، هڕ، تەس، هێش، پشە، هس، چخ.

٢ : ناسادە: هۆو، هرە، هسە، پشە (پش پش). کوت کوت، کوچ کوچ، جوو جوو.

تایبەتییەکانی ئامرازی بانگ کردن:

١ : بە زۆری لەگەڵ رستەی فرماندار بەکار ئەهێنرێن، یاخود دەوری فرمان دەبینن لە رستەدا.

٢ : ئامرازی بانگ کردن، بۆ بانگ کردنی گیان لەبەر بەکار دەهێنرێن چ مرۆڤ یا ئاژەڵ و پەلەوەڕ بێت.

٣ : هەریەکەی لەم ئامرازانە، دەوری بەکارهێنانی تایبەتی دەبینێ، واتە هەر یەکەیان دیاری کراون کە بۆچی بەکاردەهێنرێن بۆ مرۆڤ بێت یا ئاژەڵ و پەلەوەڕ بێت.

نموونە لە رستەدا: هۆ ئارام وەرە.

- ئەرێ لەگەڵ تۆمە.
- هرە مەڕە پیرە.
- کشە مامرە رەشە.
- گدی گدی کارە رەش.
- هسە مەڕە کوریس.
- هش بزنە گەڕ.

تەس وا وەرە.

تەس مەڕە گێژە.

٤ : واتا دارد بێ واتان.

٥: له رووی بوونه‌وه ئامرازی بانگ کردنی (ه، ێ، ی، ۆ، ینه)ی لێ ده‌رچێ ئه‌وانیتر سه‌ربه‌خۆن و له شێوه‌ی وشه‌ی واتادارو داده‌نرێن.

٤- ئامرازی خۆزگه: ئه‌و ئامرازانه‌ن، که به هۆیانه‌وه، ئاوات و خواستنی جێبه‌جێ کردنی کارێک ده‌کرێ که له‌مه‌و پێشه‌وه رووی بدایه، نموونه:

خۆزگه، بریا، کاشکی، ئاوات.

نموونه له رسته‌دا: خۆزگه ئه‌م کچه‌م بخواستایه.

- بریا کۆماری مه‌هاباد نه‌ڕوخایه.

تایبه‌تییه‌کانی ئامرازی خۆزگه:

١: به زۆری له‌گه‌ڵ فرمانی رابردوو به‌کار ده‌هێنرێن به تایبه‌تی جۆری رابردووی به‌رده‌وام و ئینشائی نزیک و دوور.

٢: زۆر به‌که‌می له‌گه‌ڵ فرمانی رانه‌بردوو به‌کاردێت و چونکه، خۆزگه و ئاوات بۆ ده‌ربڕینی رووداوو کردنی کارێکه، که له رابردوودا بکرایه‌و ئێستا ئه‌نجامی کردن و نه‌کردنی روون بۆته‌وه.

٣: ئامرازی خۆزگه، به زۆری (خۆزگه، ئاوات). وه‌کو ناویش له رسته‌و ئاخاوتندا به‌کار ده‌هێنرێن و ده‌وره جیاجیاکانی ناو، وه‌کو بکه‌رو به‌رکاری راسته‌وخۆو ناڕاسته‌وخۆ ده‌بینن، وه‌ک:

- دیوانی خۆزگه‌و ئاواتم خوێندنه‌وه.
- خۆزگ زۆره.
- هه‌ر به خۆزگه‌ی تۆ نابێت.
- خۆزگه‌م ده‌خواست له‌گه‌ڵم بوایه.
- ئاواتم زۆره.
- ئیش کردن به ئاوات نابێت.

- خۆزگە هیچمان بۆ ناکات.

٤: ئامرازی خۆزگە دەوری ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی دەبینێت، وەک:

بە خۆزگەی تۆنابێ بە هیچ.

٥: لە رووی واتاو بوونیانەوە لە زمانی کوردیدا وشەیەکی سەربەخۆن.

٦: دەوری دارشتنی وشەیان نییە، چونکە ئامرازی رستە سازین.

ئامرازی گومان:

ئەو ئامـرازانەن بە هۆیانەوە، گـومـان لە بەئەنجـامـدان و جـێـبـەجێ کـردنی کارێک، لە روودان و روونەدانی دەکرێت.

نموونە: (بەڵکو، بەشکو، ئەشێ، بشێ، لەوانەیە، ئەبێ ئەگەر، گەر، رەنگە، ئەگونجێ، ناگونجێ، سا).

نموونە: لە رستەدا: - ئەبێ بێت بۆ سەر ئیشەکەی.

- سا وەرە لام خوا کەریمە.
- ئەشێ ببێت بە سەرکردەی گەل.
- لەوانەیە هاتبێت بۆ بازاڕ.
- بەشکو لە تاقی کردنەوە، دەردەچێت.

تایبەتییەکانی ئامرازی گومان:

١: لەگەڵ جۆرەکانی فرمانی رابردوودا بەکاردێت، تەنها رابردووی بەردەوام نەبێت.

٢: لەگەڵ فرمانی رابردوو، رانەبردووی ئیلزامیدا بەکاردێت.

٣: لەگەڵ دۆخی فرمانی نەرێدا بەکاردێن.

٤: لە رووی واتاو بوونیانەوە لە زمانەکەدا، سەربەخۆن و هەست بە بوونیان

دەکرێ.

٥: لە رووی شێوەی دروستبوونیانەوە، ئامرازی (ئەگەر، ئەبێ) ناسادەن و ئەوانی تر، وەک: (بەڵکو، بەشکو، ئەشێ، بشێ، لەوانەیە)، سادەن.

٦: ئامرازی (ئەبێ) کە خۆی فرمانە، ئەگەر لەگەڵ فرمانی تری ئیلزامیدا بەکار هات ئەوا دەبێتە ئامرازی گومان، وەک: ئەبێ بێت لەگەڵمانا.

٦- ئامرازی لێکچواندن: (اداة التشبيه)

ئەو ئامرازانەن، کە بۆ لێکچواندنی دوو ناوو راناو کردەوە بەکار دەهێنرێن کە لە سیفەت و خاسیەت و کردەوەیەدا، لێکدەچوینرێ و نزیکایەتی پیشان ئەدەن یا وەک یەکن.

ئامرازی لێکچواندن ئەمانەن: (وەک، وەک یەک. ئەڵێی، ئەڵەی، عەینەن، کوت و مت، هەروەکو، ئەمنی ...)

نموونە لە رستەدا: ئاڤێستا وەک زەردەشت زیرەکە.

- ئەوەندە ئازایە ئەڵێی شێرە.
- ئاریان کت و مت دایکێتی.
- ئەمنی بە رازە.

شێوەی پێکهاتنی ئامرازی لێکچواندن:

١: سادە: وەک ئەم ئامرازانە: وەک، عەینەن، ئەمنی.

٢: ناسادە: وەک: (ئەڵێی ئەڵەی، کوت ومت.

تایبەتییەکانی ئامرازی لێکچواندن:

١: لەگەڵ زۆربەی جۆرەکانی فرماندا بەکاردێن وەک، رابردوو، رانەبردوو داخوازی ئیلزامی و ئینشائی.

- وەک ئەو هات.
- وەک یەک دەڕۆنە رێگاوە.
- وەک ئەو نان بخۆ.
- ئەڵێی بچم بۆ لای براکەم.
- کوت ومت وابوایە چاک بوو.

٢: لە رووی بوون و واتایانەوە، واتادارو سەربەخۆن.

٣: لەگەڵ رستەی بێ فرمانیشدا، لە بەراورد کردنی دوو کەس، یا دوو سیفەت بەکاردەهێنرێن، وەک:

- تۆ وەک منیت.
- ئاڵا عەینەن باوکێتی.
- کەرکوک کوت و مت کرماشانە.

٤: لێکچواندنی ئامرازی (ئەڵێی، عەینەن، کوت ومت) لە ئامرازەکانی تر بە هێزترە، واتە لە بەراورد کردنی دوو لایەندا تەواو وەکو یەکیان پیشان دەدەن و جیاوازیان نابێت.

٧: ئامرازی بێجگە: (ادوات الاستثناء)

ئەو ئامرازانەن کە ناوو راناو لە رووداو و روونەدانی رووداوی ناو رستەدا دادەبڕن واتە لە بەشدار بوون و بەشدار نەبوونیدا.

ئامرازی بێجگە ئەمانەن: بێجگە، جگە، بێجگەلە، جگە لە، بێ، بەبێ، تەنیا، تەنها، بەس، وێڕای، باوە جوو.

شێوەی پێکهاتنیان: ١: سادە: وەک: جگە، بێ، تەنیا، بەس، وێڕای.

٢: ناسادە: وەک: بێجگە، جگە لە، بێجگە لە، بەبێ.

نموونە لەرستەدا: - بێ تو هاتمەوە.

- بێجگە لە دیدار کەس نەهات.

- تەنها مەهاباد خۆشە.

- بەس هاوڕێکەی من هاتەوە.

- من بەبێ (بێ) تۆ هەڵناکەم.

- جگە لە ئاکۆ کەسم خۆشناوێ.

- وێڕای منداڵە زیرەکیشە.

- باوە جو مناڵیشە زیرەکە.

تایبەتییەکانی ئامرازی بێجگە:

١: ئامرازی بێجگ لە رستەی ئەرێ و نەرێشدا بەکاردێن.

٢: لەگەڵ زۆربەی جۆرەکانی فرماندا بەکاردەهێنرێن.

٣: لە رووی بوون و واتایانەوە، سەربەخۆو واتادارن و، بە ئاسانی لە کەرەسەکانی تری زمان جیا دەکرێنەوە.

٨: ئامرازی نەرێ: (ادوات النفي)

جۆرە ئامرازێکن، لە شێوەی وشەی سەربەخۆدان و، تەئکیدی روودانی فرمانی دەخەنە دۆخی روونەدانەوە، ئەمانەن: هەرگیز، قەت، هەرگیزاو هەرگیز.

شێوەی پێکهاتنیان: ١: سادە، وەک هەرگیز، قەت.

٢: ناسادە، وەک: هەرگیزاو هەرگیز.

- نموونە لەرستەدا: هەرگیز لە خۆمی دوور ناخەمەوە.

- هەرگیزاو هەرگیز دێیەکەم لە بیر ناکەم.
- قەت بەقسەی ناکەم.

تایبەتێتی ئامرازی نەرێ:

١: لە رووی بوونەوە سەربەخۆو واتادارن.

٢: بە زۆری لەگەڵ ئاوەڵفرمانی (نە، نا، بێ، مە)ی نەرێ بەکاردەهێنرێ.

٣: جیاوازیان لەگەڵ ئاوەڵفرمانی نەرێدا، ئەمان واتادارو لە شێوەی وشەی سەربەخۆن، هەرچی ئاوڵفرمانی نەرێیە، ئەگەر لە رووی بوونەوە لە زمانەکەدا سەربەخۆن بەڵام بێ واتان و لە شێوەی مۆرفیمی بەندن.

٤: وەکو جۆرەکانی تری ئامرازی مەبەست بە چەند ئامرازێک یەک مەبەستی بەکارهێنان دەگەیەنن وەک (هەرگیز، هەرگیزاو هەرگیز، قەت) هەموویان مەبەستی نەرێ دەبەخشن.

٩: ئامرازی تەئکید:

ئەو ئامرازانەن بۆ تەئکیدی روودان و روونەدانی ئەنجامدانی کارو کردەوەیەک لەلایەن قسەکەرەوە لە ئاخاوتندا بەکار دەهێنرێن. وەک ئەم ئامرازانەن: (با، دەبا، دە، دەی، کە، هەر، وا، دەسا، جا)

شێوەی پێکهاتن:

١: سادە: وەک: با، کە، دە، هەر، جا.

٢: ناسادە: وەک: دەبا، دەی، دەسا، سا، (دوو لایەنە، چونکە بۆ گومانیش بەکاردێت و واتای (ئەگەر) ئەبەخشێت.

نموونە: - با برۆین.

- دەبا بۆ خۆیان بلێین. ـــــ ئەمە کەی کوردیە!

- هەر دەنووسم.

- سا وەرە پێت بلێیم.

- با بڕۆشتایە.

- هەر هاتووە قسە بکات.

جا وەرە لەگەڵما.

- دەسا وایە.

تایبەتێتی ئامرازی تەئکید:

١:لە رووی بوونەوە، بە زۆری سەربەخۆنین، چونکە ئامرازی دوو لایەنن واتە دەوری جۆرە ئامرازی تری وەک (وەڵام، هاندان، گەیەنەر..) دەبینن.

٢: ئەگەر ئامرازی (با) بچێتە سەر فرمانی رابردوو، رانەبردوو، دەبێتە وەڵامیش وەک: (با هاتم، با دەچین) بەڵام لەگەڵ کاتی فرمانی تردا دەبێتە تەئکید وەک: با بڕۆین، با بچونایە، با بچن، ...

٣: وەکو ئامرازی تەئکید لەگەڵ جۆرەکانی فرمانی رانەبردوو، رابردوو، ئیلزامی و ئینشائی بەکاردەهێنرێن.

٤: ئامرازی (دە) وەکو تەئکید، لەگەڵ فرمانی رانەبردوو بەکار نایەت، چونکە ئەم جۆرە فرمانە، خۆیان نیشانەکەیان بریتییە لە (دە)ی بەردەوامی، کە هەمان شێوەی هەیە، هەروەاھ لەگەڵ فرمانی ئیلزامی و ئینشائی بەکار نایەت، ئەم ئامرازە لەگەڵ ئامرازی (با)ی تەئکید، زۆر چالاکە لە بەکارهێناندا، وەک دەبا بچین، دەبا بێت، دەبا بڕۆیشتایە.

٥: ئامرازی (هەر) بە زۆری بۆ تەئکید بەکاردێت.

٦: ئامرازی (هەر)ی تەئکید لە دروست بوون و داڕێشتنی وشەدا دەور

دبینێ، وەک: (هەردەم، هەرچۆن، هەرجار، هەرکە، ...)

٧" بە زۆری بێ واتان، وەک (دە، کـە، دەبا)و ئەوانی تر وەک: (با، دەی، هەر) واتادارن.

١٠: ئامرازی مەرج: (ادوات الشرط)

ئەو ئامرازانەن رووداوو کارو کردەوەیەک، بە رووداني ترەوە دەبەستێت، یا رووداني رووداوێک، بە هۆی ئەم ئامرازانەوە مەرج دەبێت بۆ رووداني تر.

ئامرازی مەرج ئەمانەن: (ئەگەر، مەرج بێ، مەرجە، شەرت بێ، شەرتە، تا، هەتا).

نموونە لە رستەدا:- ئەگەر هات بۆ ماڵمان پێی دەڵێم.

- مەرج بێ لە قسەت دەرنەچم.
- شەرت بێ لە داخت تەرکی دنیا کەم.

مەرجە ئیتر وانەکەم.

- هەتا نەیەیت پێت ناڵێم.

ئامرازی مەرج لە رووی شێوەوە: دوو جۆرن:

١: سادە وەک: گەر. تا.

٢: ناسادە، وەک: ئەگەر، مەرجە، مەرج بێ، شەرتە، شەرت بێ، هەتا.

تایبەتییەکانی ئامرازی مەرج:

١: لە رووی واتاوە، هەموویان واتادارن.

٢: لە رووی بوونەوە سەربەخۆن و بە ئاسانی هەست بە بوونیان دەکرێت.

٣: دەوری دوو لایەنیـیـان هەیە، چونکە دەبنە ئامرازی گەیەنەری رسـتـەی

ئالۆزیش.

٤: بوونیـان لە رسـتـەدا وەکـو ئامـرازی مـەرج بەکـار دێن و رسـتـەی وەڵامی مەرجیش بە دوایاندا دێت.

١١: ئامرازی ئاگاداری و وریا کردنەوە:

ئەو ئامـرازانەن، کە بۆ وریا کردنەوەو ئاگـادار کـردنەوەی کـەس و گـیـاندار لە رووداوو کارو کردەوەیەک بەکار دەهێنرێن، وەک ئەم ئامرازانە:

(ئەها، ئەهە، ئادەی، هی، هەی، وا، ئەوا ئەمانە دوو لایەنن)

نموونە: ئەها لە ترسا رای کرد.

- ئادەی وەرە بۆ ئێرە.
- ئەهە ئەوە هات.
- هێی برا ئەمە وا نابێت.
- کورە وا هاتن بۆ ئێرە.

لە رووی شێوەوە: دوو جۆرن:

١: سادە، وەک: ئەهە، ئەها.

٢: ناسادە، وەک: هێی، ئادەی.

٣: هەندێکیان بۆ سووکاتی و نزمی کەس بەکاردێن وەک (هێی).

٤: ئامـرازی ئاگـادار کـردنەوەی ((ئادەی) بە زۆری لەگـەڵ فـرمـانی داخـوازی بەکاردەهێنرێن، وەک: ئادەی راکە، ئادەی وەرە، ئادەی بخوێنە، ئەوانی تر لەگەڵ زۆربەی دەمەکانی فرماندا بەکار دەهێنرێن.

۱۲: ئامرازی سەرزەنشت کردن و گاڵتەپێکردن:

ئەم ئامرازانە بۆ گاڵتەپێکردن و سەرزەنشت کردنی کەسێک، لەلایەن قسەکەرو بەرامبەرەکەیەوە بەکار دەهێنرێت، بۆ مەبەستی تەوس وەک ئەم نموونانە: (شیڕ، چش(٤)، تف، هەی هەی، دۆیها، دەیها، تۆیها، دەیهۆ، جرت، جرت و فرت، پف).

ئامرازی سەرزەنشت لە رووی شێوەوە:

۱: سادە، وەک: شیڕ، چش، ترحێو، فرت، زەڕ.

۲: ناسادە، وەک: هەی هەی، دۆیها، دەیها، تۆیها، دەیهۆ).

نموونەیان لە رستەدا: - شیڕ تۆ ئیش بکەیت.

- چش کە رۆیشت.
- ترحێو دیسان هاتەوە.
- دەیها کەس بەکەس نییە.
- پف لەم دەم و چاوە.
- زەڕ هەی کەرە.
- جرت و فرت دێن و دەچن.
- جرت برۆ، فرت وەرە.
- دەیها دێنەوە بۆ ماڵ.
- هەی هەی کارێک تۆ بیکەیت.
- جرت و فرت بە یەکا دێن هیچ ناکەن.

تایبەتییەکانیان:

۱: لەگەڵ زۆربەی دەمەکانی فرماندا بە بەکاردەهێنرێن.

۲: بە زۆری وەکو وشەیەکی واتادارو سەربەخۆ، لە زمانی کوردیدا

بەكاردەهێنرێن.

٣ : بە زۆری بۆ مەبەستی گاڵتە پێكردن و سوك كردنی كارێك، لە لایەن یەكێكەوە كرابێت بەكاردەهێنرێن.

٤ : هەموو ئامرازەكانی بە زۆری بۆ یەك مەبەست بە كاردێن، ئەویش گاڵتە پێكردنە.

٥ : هەندێكیان وەك (هەیهەی، ...) بە مەبەستی تریش بەكار دەهێنرێن وەك بۆ سەر سوڕمان: هەیهەی لەو شایی و هەڵپەڕكێیە.

ئەنجامی لێكۆڵینەوە

١ : ئامراز بەو وشەو كەرەسانە ئەوترێن، وەكو ئامێرێك وان بە هۆیانەوە لە ناو زمانەكەدا كاری ئاخاوتنی جۆر بە جۆری پێ ئەنجام ئەدرێت.

٢ : ئامرازی مەبەست چەند جۆرێكە، هەر جۆرەی لە چەند ئامرازێك پێكهاتووە، كە بە هەموویانەوە یەك مەبەستی ئاخاوتن پێكدێن: وەك: لێكچوون، وەڵام، سەر سوڕمان، بانگ كردن، بێجگە، تەئكید، بە كاردێن.

٣ : زیادەی وشە داڕێژو نیشانەو جێناو، بە ئامراز دانانرێن.

٤ : ئامراز بە پێی ئەو ئەركەی دەیبینن، دەكرێن بە دوو بەشی وەك: ئامرازی بەستنەوەو ئامرازی مەبەست، كە یەكەمیان دەوری وشە سازی و رستە سازی دەبینێت، بەڵام دووەمیان بەزۆری دەوری رستە سازی دەبینێ.

٥ : هەر ئامرازێكی بەستنەوە، دەوری جیا جیای رستە سازی دەبینێ و بە پێی شوێنیان لەناو دەورەكانیان دەگۆڕێت، هەرچی ئامرازی مەبەستە تەنها یەك مەبەست بەكاردێن وەك بۆ لێكچواندن.

٦ : ئامرازی مەبەست، جاری واهەیە هەندێك جۆریان ئەركی دوو - لایەنی بەكارهێنانیان هەیە، وەك ئەوەی دەبنە دوو جۆرە ئامراز، وەك بانگ كردن بۆ

وەلام، یا بۆ وریاکردنەوەش بەکاردێن، یا ئامرازی سەر سوڕمان دەبنە ئامرازی گاڵتە پێکردن. یا ئامرازی خۆزگەو گومان دەبنە ئامرازی لێکدەر.

٧: هەندێک جۆری ئامرازی مەبەست وەک خۆزگەو گومان و لێکچوون ... هەن دەوری ئامرازی بەستنەوە دەبینن لە رستەدا، بەلام هەر دەوری خۆیان ناگۆڕن ئەم تایبەتییەی ئامرازی مەبەست لە جۆرەکانی بەستنەوە جیا دەکاتەوە.

٨: بەپێی ئەوەی ئامراز لە زمانی کوردیدا، لە رووی تایبەتێتی بەکارهێنانیەوە وەک: لە خاڵی چوارەمی ئەم ئەنجامانەدا، کران بە دوو جۆری جیاواز لە یەکترەوە، بۆیە بەشەکانی ئاخاوتنیش پێویستە بە تەواوی دیاری بکرێن، هەروەکو لەمەو پێشەوە، بە ناتەواوی دانراون، ئەمجا دەست نیشان کردنی ئەو بەشانە، لەسەر بنەڕەتێک دەبێت، کە هەر یەکەیان لە زمانەکەدا، لە رووی دەوری سەربەخۆیی کارکردنیان، جیاواز بێت لەوی تریان و، تایبەتێتی خۆیان هەبن وەک ئەم بەشانە:

١: ناو.

٢: راناو.

٣: ئاوەڵناو.

٤: فرمان.

٥: ئاوەڵفرمان.

٦: ئامرازی پەیوەندی.

٧: ئامرازی لێکدەر.

٨: ئامرازی گەیەنەر.

٩: ئامرازی نیازو مەبەست.

دابەشکردنی ئامرازو جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا

ئامرازی بەستنەوە:

١: ئامرازی پەیوەندی   ٢: ئامرازی لێکدەر   ٣: ئامرازی گەیەنەر

ئامرازی نیازو مەبەست:

١: ئامرازی بانگ کردن.

٢: ئامرازی گومان.

٣: ئامرازی بێجگە.

٤: ئامرازی لێکچواندن.

٥: ئامرازی تەئکید.

٦: ئامرازی مەرج.

٧: ئامرازی وریا کردنەوە.

٨: ئامرازی نەرێ (نەفی).

٩: ئامرازی خۆزگە.

١٠: ئامرازی وەلام.

١١: ئامرازی سەر سوڕمان.

١٢: ئامرازی گاڵتەپێکردن.

پەراوێز:

١- بڕوانە: ا- ساڵح پشدەری، کورتەیەک لە ڕێزمانی کوردی، بەغدا ١٩٨٥، ل٦٠، جۆرەکانی دووەمی روون کردۆتەوە.

٢- جۆری یەکەمیان کە (ئامرازی بەستنەوەیە)، لێرەدا لێی نادوێین، چونکە بابەتی لێکۆڵینەوەی نامەیەکی دکتۆرایەو، ئەم بابەتەو جۆرەکانی تیادا روونکراوەتەوە، بڕوانە: رفیق محەمەد محێدین شوانی سەرچاوەی پێشوو (ا، ب).

٣:بڕوانە: رەفیق محەمەد محێدین شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ب.

٤: بۆ سەرسوڕمان بەکار نایەت، وەکو تۆفیق وەهبی لە لاپەڕە (٢٩)ی فەرهەنگەکەیدا وایداناوە، هەروەها نوری عەلی ئەمین لە لاپەڕە (١٥٢)ی ڕێزمانی کوردی بە هەمان شت دایناوە، ڕاستییەکەی هەڵەیە چونکە بۆ توڕەبوون و گاڵتە پێکردنن.

سەرچاوەکان:

١-.د. ئەو رەحمانی حاجی مارف، جێناو، بەغدا، ١٩٨٧.

٢- رەفیق محەمەد محێدین، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن روشد زانکۆی بە غدا، ١٩٩٧.

٣-.رێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦.

٤- سالەح حوسێن پشدەری، کورتەیەک لە رێزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٨٥.

٥- ک. ک. کورد وێیف، رێزمانی کوردی، وەرگێڕانی د. کوردستان موکریانی، هەولێر ١٩٨٤.

٦- نوری عەلی ئەمین، رێزمانی کوردی سلێمانی، ١٩٦٠.

٧- د. وریا عومەر ئەمین، ئامرازەکانی بەستن، رۆژی کوردستان، ژ (٦٧)، بەغدا ١٩٨٤، ل ٢٨- ٣١.

٨- نیعمەت عەلی سایە، ناوو راناو لە زاری کەلهوریدا، رۆشنبیری نوێ، ژ (١١٦) بەغدا، ١٩٨٧، ل ٩٣-١٠٠.

دەوری ئامرازی (بۆ) لەڕووی واتاوە لەڕستەدا

پێش ئەوەی بێینە سەر روونکردنەوەی، دەوری جیاجیای ئامرازی پەیوەندی (بۆ) لەڕووی واتاوە، پێویستە هێما بۆ ئەوە بکەین، کە بابەتی ئامراز، یا هەر کەرەسەیەکی زمان، پەیوەندی بە ئامرازەوە بێت، یا باشتر بڵێین، سەر بەجۆرەکانی ئامرازبێت، ئەرکی جیاواز، لە شوێنی جیاجیادا دەبینن، واتە وەکو تایبەتییەک بابەتی ئامراز، فرە ئەرکە، چونکە هەر ئامرازێکی بگرێت چەند ئەرکێک دەبینێت(١). جێگای خۆیەتی، ئەوەش روونبکەینەوە، کەرەسەکانی زمان زۆربەیان، لە رستەسازیدا، دوو ئەرک دەبینن، کە ئەمە ئامرازیش دەگرێتەوە.

١- ئەرکی بەشە بنجێکانی ناو رستە، لەمەدا ئامراز لەگەڵ کەرەسەکانی تردا، دەتوانێت ئەم دەورانە ببینێت کاتێک کە گرێ (Phraze)دروست دەکەن.

٢- ئەرکی واتای جیاجیا، لە رستەدا، بەپێی گۆڕانی شوێنیان، دەبینن کە ئەمەیان لە ئەرکی جۆری یەکەم جیاوازە، چونکە سەر بەئاست و بابەتی سیمانتیکییە، (Semantic) چونکە لایەن و ئاستی رستە، پەیوەندییەکی راستەوخۆ بەواتا سازییەوە هەیە، چونکە واتا سازی، بەهۆی رستە سازییەوە

روون دەکرێتەوە، بۆیە پەیوەندییەکی بەهێزو راستەوخۆ، لە نێوان ئەو دوو زانستە زمانەوانییەدا هەیە، واتە واتاسازی و رستەسازی، ئەمجا لێرەشدا، بەپێی بۆچوون و رێزمانی گوێزانەوە (Transformationalrule) کاتێک کەرەسەکانی رستە، بەپێی یاسای دەرهاویشتن (الحذف) و خستنە سەر (الاضافه) و جێگۆڕکێ، (احریک عنصر مکان عنصر لغوی اخر)و گۆڕین(٢)، دەتوانرێ پەیوەندی بنج بکاتە پەیوەندی سیما، رستەکان دوو روویان دەبێ، واتە هەندێک رستە لەڕووی واتاوە زیاتر لەواتایەک دەگەیەنێت، چونکە رستە لەڕووی واتاوە دوو بنجی هەیە(٣)، ئەم بنجانەش (بناغە) هەریەکەیان سیمای (Surface Structure) خۆی هەیە، یا یەک سیماو دوو بنجی هەیە، بۆیە رستە لە دوو رووەوە لێی دەکۆڵینەوە، لەڕووی بنج (Deep Structure) و سیماوە(Surface Structure)، رستە هەیە، یەک بنج دوو سیمای هەیە، یا هەیە یەک سیماو دوو بنجی هەیە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت(٤). ئەمجا ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە، سەربە واتاسازییە، لەو شوێنانەدا ئەرکی ئامرازی (بۆ)، بەپێی شوێنی لەناو رستەکاندا، لەڕووی واتاکەیەوە دەخەینەڕوو، لە کۆتش بینیمان رستەکان، لەڕووی رێزمانی گوێزانەوەوە، زیاتر لە واتایەک دەبەخشن، بنج و سیمایان دەخەینەڕوو.

وا لە خوارەوە، دەوری واتای ئامرازی پەیوەندی (بۆ) دەخەینەڕوو، کە پەیوەندی بە ئەرک و دەوری ناو رستەوە نییە.

دوا شت پێویستە ئەوەش بزانین کە ئامرازی (بۆ)، بە پێچەوانەوەی دوو ئامرازەکەی ترەوە، وەک (بە، لە) نییە، لەڕووی دەوریانەوە سەر بەئاستی رستە سازییە، چونکە زۆر بەدەگمەن روودەدات ئەم ئامرازە لە پێکهاتی وشەی دارێژراوو لێکدراو بەشداری بکات، بەڵام هەرچی ئامرازی (لە، بە)ن بێجگە لە دەوری رستەسازییان، دەوری چالاکی وشەسازیش دەبینن لە داریشتن و

پێکهاتنی وشەدا، وەک:

بە: بەجەرگ، بەسۆز، قوڕبەسەر، نابەجێ، سەربەسەر.

لە: نالەبار، چنگ لەسەر شان، شەولەبان، سەرلەئێوارە، سەرلەبەر.

هەرچی (بۆ)یە، تەنها گرێ دروست دەکات، وەک: نان بۆ نانەوا، گۆشت بۆ قەساب، بۆ سبەی شەو، بۆ فەقیرو هەژار.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەوڵمانداوە، لەڕووی پراکتیکی بەکارهێنانەوە، یاسای دەوری واتای ئامرازی پەیوەندی (بۆ)، لە رستەدا بدۆزینەوەو، ئەوەش پیشان بدەین، کە ئەم ئامرازە، لەگەڵ چی کەرەسەیەکی زمانی کوردی، لەناو بەشەکانی ئاخاوتندا دێت، دەوری واتاکەی روون دەکاتەوە، ئەو فرمانەی لەگەڵیدا، لە رستەکەدا دێت، چ جۆرە فرمانێکە لەڕووی کات و جۆرەوە؟ هەروەها ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر ئەم ئامرازەدا هاتووە، روونمان کردۆتەوە، چ جۆر گۆڕانێکەو، سەر بەچ یاسایەی زمانناسییە، بۆ نموونە وەک جێگۆڕکێ پێکردنی، لە شوێنێکی رستەوە بۆ شوێنێکی تری رستە، ئایا لەو گۆڕان و جێگۆکێیەدا چی روودەدات، وەک ئەوەی ئامرازەکە، وەک خۆی کە ئامرازی پەیوەندییە دەمێنێتەوە، یا دەگۆڕێت بەکەرەسەیەکی تری زمانەکە، یا لە گۆڕیندا، بەئامرازی تری پەیوەندی لەناو هەمان رستەکەی خۆیدا، لێرەدا مەبەستی رستەکە دەگۆڕێت.

وا لە خوارەوە، ئەم دەورانەی ئامرازی (بۆ)یە نموونەوە، رووندەکەینەوە.

١- دەوری ئامرازی پەیوەندی (بۆ) لە رستەدا ئەم دەورانە هەیە:

١- بۆ بەرەو (ئاست - اتجاه).

ئاپ: (بۆ) + ئاوەڵفرمان و ناوی شوێن و جێناوی پرسی شوێن + فرمانی تێنەپەڕی گوێزانەوە:

وەک: بۆ کەرکووک دەچم، بۆ سەرەوە رۆیشتم، بۆ شار هات.

بۆ کوێ دەڕوات؟ بۆ کام لا بردی؟ بۆ (بۆتە جێناوی پرس).

٢- بۆ (لەپێناو - لأجل): بۆ + ناوی کەس (گشتی و تایبەتی)، راناو، ئاوەڵفرمانی
رادەو ریزی و باڵا + فرمان، وەک:
بۆ خوا کردم، بۆ ئاڵا هێنام، بۆ پیاوەکە بردم - بۆ خۆیەتی.
١- بۆ + راناوی کەسی: بۆ ئێمەیە، بۆ ئەو رۆیشتم، بۆم کرد.
٢- بۆ + راناوی لکاو: بۆم هات، بۆی کرد، بۆم کڕی.
٣- بۆ + راناوی خۆی: فرمانی تێپەڕ، بۆ خۆی بردی، بۆ خۆتان چوون.
٤- بۆ + راناوی نیشانە: بۆ ئەمە هات، بۆ ئەوانە ناردی، بۆ ئەم بوو، بۆ ئەمانە دەبێ.
٥- بۆ + راناوی نادیار: بۆ فلان کردی، بۆ فیسارمە.
٦- بۆ + ئاوەڵفرمانی رادە: بۆ هیچ کەس نییە، بۆ تۆزێک بەراو ئێرەی جێهێشت.
٧- بۆ + ئاوەڵفرمانی ریزی: خەڵاتەکە بۆ یەکەمین کەسە.
٨- بۆ + ئاوەڵناوی پلەی باڵا: بۆ جوانترین کچ دانراوە.
٩- بۆ + راناوی پرسی کەس: بۆ کێ بوو؟، بۆ کام کەسە؟ بۆ کێ هات؟
١٠- بۆ + فرمانی تێپەڕ: کتێبی بۆی کڕی، بۆی برد، نانم بۆ کڕی، پارەی بۆ برد.

ئەگەر (بۆ)ی نموونەکانی یاسای دەیەم لەتەک فرمانەکەوە، جێگۆڕکێی بۆ سەرەتاو پێشەوەی بەرکارەکە بەپێی یاسای گوێزانەوە (Transformation) پێ کرا، لە ئامرازی پەیوەندییەوە دەگۆڕێت بۆ جێناوی پرس، بەم شێوەیە، هۆی ئەمە ئەوەیە، شێوەیان یەکە، ئەگەر جێناوە پرسەکەی (بۆ) بگەڕێنینەوە بنەڕەتەکەی کە (بۆچی)یە ئەم دیاردەیە هەڵدەوەشێتەوە.

نانم بۆ کڕی .... بۆ نانم کڕی؟............ بۆ کڕی؟ (بەهۆی) (لێ

دەرکردنەوە).

جارێکی تر بوو پرسیار. لە رستەکاندا شێوەی (بۆ)یەکان یەکن، بەڵام لە واتادا جیاوازن:

نانت بۆ کڕی....... بۆ نانت کڕی؟.....

بۆچی نانت کڕی (بەهۆی) زیادکردن و هاویشتنە سەری (اضافه).

٣-(بۆ) نیازو مەبەست یاسایەکەی:

ئاب (بۆ) + ناوی کردەوەو چاوگ، ئیش و کار، ناوی بەرجەستەو واتایی..

- ئاپ (بۆ) + ناوی بەرجەستەو واتایی..

- ئاپ (بۆ) + ناوی کردەوە: بۆ ئیش وکار رۆیشتم، بۆ جووت دەچم.

- ئاپ (بۆ) + ناوی چاوگ: بۆ خەو دەچمەوە، بۆ پۆشاک کڕین رۆیی.

- ئاپ (بۆ) + ناوی چاوگ: زەردەشت بۆ خوێندن دەڕوات.

- ئاپ (بۆ) + ناوی بەرجەستە: ئالا بۆ ئاو دەچێت، ئاڤێستا بۆ دار دەچێ.

- ئاپ (بۆ) + ناوی واتایی: وێنەکەم بۆ جوانی کڕی، بۆ خۆشی هاتووە.

ئەڵێی بۆ فریشتە ئەیکات.

٤- (بۆ) دیاری کردنی کات:

١- لەگەڵ ناوو ئاوەڵفرانی کات و جۆرەکانی فرمانا، کاتی روودانی فرمان دیاری دەکات، نەک رووی دابێ لەماوەیەکی دوورا، ئەگەریش بگونجێ بۆ رابردوو، ماوەی روودانەکەی یا نزیکە، یا پەیوەندی بە کاتی روودانێکی نزیک ترەوە هەیە، وەک:

- لەگەڵ ئاوەڵفرمانی کاتا: بۆ لەمەولا دێم بۆ لاتان، بۆ ئێستا دەست پێدەکات.

- لەگەڵ ناوی کاتا: بۆ ئێوارە دەڕۆم بۆ کەلی سمایل بەگی، بۆ سبەینێ هات، بۆ ئێوارە دێ.

٢- لەگەڵ ناوو ئاوەڵفرمانی کاتی رابردوودا، بەکارناهێنرێت و ناشێ بڵێین: بۆ دوێنی چووم، بەڵام ئەگەر فرمانەکەی رابردووە دووربێ بەکاردەهێنرێت وەک: خەڵاتەکە بۆ ساڵی رابردوو بوو.

٣- لەگەڵ جێناوی پرسی کاتا، کە بۆ دیاریکردنی کاتی رووداني فرمانەکەیەو دەبێتە جێناوی پرس و لە ئامرازی دەکەوێت: بۆ کەی هات؟ بۆ: ئاپ.

بۆ کەی دێت؟ دەبێتە جێناوی پرس.

٥- (بۆ) هۆ: لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕی گوێزانەوەو رووودان (مطاوعە)و ئەو فرمانانەی، کە لە دەنگە سروشتییەکان و، فرمانە بەتێپەڕ کراوەکانا، بەهۆی نیشانەی (اند)ەوە، دادەڕێژین، هەروەها لەگەڵ جێناوی پرسی هۆدا، بەڵام لە ئامرازی پەیوەندێتی دەکەوێت و، دەبێتە جێناوی پرس، نموونە:

- (بۆ) لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕی گوێزانەوەدا: ئەو بۆ هات؟ بۆ کەوتن؟
- (بۆ) لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕی رووادانا: بۆ سووتا؟ بۆ خنکا؟
- (بۆ) لەگەڵ فرمانی دەنگە سروشتییەکانا: بۆ قیڕاندی؟ بۆ زیڕاندی؟
- (بۆ) لەگەڵ فرمانە بەتێپەڕ کراوەکانا: بۆ سووتاندی؟ بۆ خنکاندی؟
- (بۆ) لەگەڵ جێناوی پرسی (چی)دا، بەڵام لە ئامرازی پەیوەندێتی دەکەوێت وەک: بۆچی لە کاروانی خەباتا دواکەوتی؟

ئەگەر ئامرازی پەیوەندی (بۆ)، کەوتە سەرەتای رستەی فرمانی تێپەڕەوە، وەک لەکۆتایی یاساکانی (بۆ)ی ئامرازی پەیوەندی (لەپێناو)دا، خستەڕوو رستەکە کە بۆ مەبەستی پرس دەگۆڕێت. کەچی ئەم دیاردەیە، بەپێی یاسای جێگۆڕکێی رێبازی گوێزانەوە(٥)، لە رستەی فرمان تێنەپەرا پێچەوانەی یەکترین، وەک:

رستەی فرمان تێپەڕ: کتێبی بۆکڕی (لەپێناو)....... بۆ کتێبی بۆ

(کڕی؟) (بۆ هۆ) ؟

له ڕستەی فرمانی تێنەپەڕا، ئەگەر ئامرازەکە، له سەرەتای ڕستەکەوە هات، بەمەرجێک بەرکاری ناڕاستەوخۆی لەگەڵدا بێت، (لەپێناو) دەگەیەنێت و، لەم دۆخەیدا، بەشەکانی ڕستە له (بکەر، بەرکار، فرمان) لەرستەدا دیارن، بەڵام ئەگەر بووە پرس تەنها بکەرو فرمان دیارەو پرسیار لەبەرکار دەکرێ وەک:

بۆ کوڕەکە هات، بۆ کوڕەکە هاتین (بۆ: ئاپ) له پێناو دەگەیەنێ) کوڕەکە بۆ هات؟ (بۆ: جێناوی پرس ل ئاپ).

ئەگەر پێکەوە پشان بدرێن، تەواو پێچەوانەی یەکترین بەم شێوەیە: ڕستەی فرمانی تێپەڕ/ ڕستەی فرمانی تێنەپەڕ: بەمەرجێک جێناوی پرسی (بۆ) له ڕستەکەدا نەبێت وەک لەرستەی (بۆچی کتێبی بۆکڕی؟)، بڕوانە نموونەی ئەم دیاردەیە:

کتێبی بۆ کڕی؟ (بۆ - لەپێناو) / کوڕەکە بۆ هات؟ (بۆ ــــ) پرسی هۆ)

بۆ کتێبی کڕی؟ (بۆ - پرسی هۆ) / بۆ کوڕەکە هات. (بۆ ــــ له پێناو)

دیاردەیەکی تری ڕستەی فرمانی تێپەڕ له چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی (بۆ)دا، ئەوەیە، ئەگەر بە هۆی دەربڕینەوە ئاوازی (Intonation) ڕستەکە، هێز خرایە سەر ئامرازی پەیوەندی (بۆ)، ئەوا ڕستەکە، دەگۆڕێت بۆ پرسی هۆ، ئەگەریش ئاوازی ڕستە وەک یەک دەربڕا، ئەوا (بۆ) وەک خۆی بە ئامرازی پەیوەندی دەمێنێتەوەو (لەپێناو) دەگەیەنێ، بەپێی یاسای بەکارهێنانی. وەک:

کتێبی بۆ کڕی؟ (بۆ - پرسی هۆیە) - نیشانەی بەکارهێنانی سترێس و ئاوازە.

کتێبی بۆ کڕی. (بۆ - ئاپ - لەپێناو).

٦- ئاپ (بۆ) گومان:

ئەگەر ئامرازی پەیوەندی (بۆ)، بەپێی یاسایەک لەگەڵ فرمانی (ئیلزامی)چاوگی (بوون) و (هەبوون)، بۆ کاتی رانەبردوو رابردوو، بەکارهات (گومان) دەبەخشێ.

وەک: بۆ+تەواوکەری ناڕاستەوخۆ + فرمانی چاووگی (بوون،هەبوون):

بۆ کورەکەی بێ ببێ). بۆ کورەکەی هەبێ باشە، بۆ کورەکەی بوایە. بۆ کورەکەی هەبوایە باش بوو.

٧- ئاپ (بۆ) دوعاو نوزا دەگەیەنێت، وەک:

- بۆ خاتری خوا وازی لێ بهێنە.

- بۆ خاتری کاکە حمەدی شێخ لێرە بڕۆ.

٨- بۆ: بۆ (لەگەڵ بوون) - المصاحبە: ناوەڵناو + ئاپ (بۆ) + ناو

وەک: بەحیلمە بۆ ئەدەب و زانست. خراپە بۆ کورەکەی.

٩- بۆ: بۆ ماوەی (مسافە) کات و شوێن: ناوی کات + ئاپ + ناوی کات.

ماوەی کات: لە ئێوارەوە بۆ بەیانی کاردەکەم.

ماوەی شوێن + ئاپ + ناوی شوێن: ماوەی شوێن: لە هەولێرەوە بۆ مەهاباد چووم.

١٠- بۆ: بۆ هەیی (تملک (POSSESSIVE).

ئاپ (بۆ) + ناو، راناو (کەسی و خۆیی)

ئەمە بۆمن، ئەوەش بۆ ئاڤێستا.

بۆ پیاوی عاقڵ ئیشارەتێک بەسە.

١١- بۆ: وەکو ئامرازی گەیەنەر (بۆ شوێن و بەرەو) لە شێوەی گرێدا:

ئاپ (بۆ) + گرێی ئاوەڵفرمانی شوێن:

بۆ هەر لایەک بێت ئەویش دەڕوات.

بۆ هەر کوتیەک بروات ریزی لیدەگرن.

١٢- بۆ: وەکو ئامرازی گەیەنەر بەشیوەی گرێ (بۆ هەڵبژاردن)

ئاپ (بۆ) + ئامرازی گەیەنەر (هەڵبژاردن): بۆ هەر کامیان بێت دەیخوازم.

١٣- بۆ (بۆ دیاری کردنی شوێنی روودان): ئاپ (بۆ) + ئاوەڵفرمان + پاشکۆ ئاپ.

بۆ خوارەوە، بۆ سەرەوە، بۆ لاوە.

گۆڕان و جێگۆڕکێ کردنی ئامرازی پەیوەندی بۆ:

ئامرازی پەیوەندی (بۆ) ئەگەر بکەوێتە دوای فرمانی گوێزانەوەوە، رواڵەتی دەگۆڕێ و دەبێتە ئامرازی/ە/یا /تە/ و لەگەڵیدا جێگیر دەکرێ:

زەردەشت چوو بۆ بازاڕ..... زەردەشت چووە بازاڕ.

بۆ .... (ئەمە جێگری ئامرازی پەیوەندی (بۆ)یە(٦)

ئالاّ هاتووە بۆ ئێرە........ ئالاّ هاتۆتە ئێرە. بۆ ــــ تە.

دیاردەیەکی تری بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی (بۆ)، لەگەڵ فرمانی تێپەرا هەیە، ئەگەر بەرکارەکە لە رستەدا بەڕاناوی لکاو جێگیرکرا ئەوا (بۆ) دەکەوێتە تەک فرمانەکەوە، وەک: گوڵتان بۆ دەنێرم...... بۆتان دەنێرم.... بۆ دەنێرم.

کوڕەکەم بۆ هێنا..... بۆم هێنا...... بۆ هێنا.

بەلادانی بەرکارو جێگیرکردن بەراناوی لکاوو پاشان لادانی(٧) جێگرەکەشی، کە راناوی لکاوەو، یەکسەر دەکەوێتە تەک فرمانەوە، هەمان دیاردەی سەرەوە ئەگەر فرمانەکەی تێنەپەڕبوو- لەمە پێشەوە، ئەمەمان بەشێوەیەکی تر خستۆتەڕوو - دەبێتە رستەی پرسیاری، بەم جۆرە:

ئێمە بۆی بچین ــــ بۆی بچین ــــ بۆ بچین؟ هەمان دیاردەیە لەگەڵ فرمانی تێپەڕی داخوازییا (فەرمان - أمر) دەگەیەنێ، وەک: بۆم هێنا ــــ بۆ بهێنە.

گۆڕینی ئامرازی پەیوەندی (بۆ) بە ئامرازی تر:

لە رستەدا دەتوانرێ، بەپێی یاسای گۆڕینی کەرەسەیەک، بەکەرەسەیەکی تر، کە بەشێکە لە سیستەمەکانی رێزمان(٨) دەتوانرێ ئامرازی (بۆ)ی پەیوەندی بگۆڕین بەئامرازێکی تری پەیوەندی، کە تەنها لەو گۆڕانەدا مەبەستی بەکارهێنانی ئامرازەکە، بێ تێچوونی واتا گشتییەکەی دەگۆڕێ و دەورێکی تری دەداتێ، وەک گۆڕینی (بۆ – تا)،(بۆ – بە)، نموونە:

بۆ سەر لوتکەی خاڵخاڵانا دەچم (بۆ – بەرەو) تا سەر لوتکەی خاڵخاڵان دەچم، (تا کۆتایی شوێنی روودان) بەگۆڕینی (بۆ) کە (ئاست -اتجاه) دەگەیەنێ بۆ ئامرازی (تا) کۆتایی شوێنی روودان دەبەخشێت.

بەسەر لوتکەی خاڵخاڵان دەچم، گۆڕینی (بۆ ـــــ بە)و راگەیاندنی سەرەتای روودان و وەرگرتنی پاشکۆی (ا)ی کورتکراوەی (دا) نیشانەی ئاوەڵفرمانی شوێنە. کەچی لەم گۆڕینەدا لەگەڵ ئامرازی (لە)ی پەیوەندیدا ناگونجێ و واتای رستەکە ناوێزە دەرەچێ و، بەریاساکەی چومسکی ناکەوی، کەچی (تا) شوێنی (بۆ) لە نێوان دوو ناوی شوێنا بەکاردەهێنرێ وەک:

لەکەرکووکەوە بۆ بەغدا چووم (بەرەو – اتجاه) ـــ لە کەکووکەوە تا بەغدا چووم (بۆ کۆتایی شوێن).

ئامرازی پەیوەندی (بۆ)و وەرگرتنی پاشکۆ

ئامرازی (بۆ) تەنها لەگەڵ ئاوەڵفرمانی شوێنیدا پاشکۆی (ەوە) وەردەگرێ و لەگەڵ بەشەکانی تری رستەدا لە ئاوەڵفرمانی کاتی و بەرکارو تەواوکەری ناڕاستەوخۆدا نایەت(٩).

بۆ خوار(ەوە) دەڕۆم. پاشکۆی (ەوە) وەردەگرێ چونکە ئاوەڵفرمانی شوێنییە.

بۆ ئێواره دەڕۆم. پاشکۆی نییه چونکه ئاوەڵفرمانی کاته.

بۆ نارِوجه رۆیشت. پاشکۆی نییه چونکه تەواوکەری ناڕاستەوخۆیه.

ئەم (بۆ)یەی سەرەوه که لەگەڵ پاشکۆی (ەوه)دا بەرکارهاتووه. دەتوانرێ چ بێ گۆڕانی رستەکه - واته بێ دەستکاری کردنی - لەگەڵ (له)ی ئامرازی پەیوەندیدا دەورەکەی خۆی بگۆڕێتەوه بۆ مەبەستی (داخ خواردنەوه): کەچی، له شوێنی ترا لەگەڵ (له)دا بەکارنایەت وەک:

- بۆ کەرکووک رۆیشت. (بەرەو)

لەکەرکووک رۆیشت. (بۆ داخ خواردن) وەک بڵێی: له ئێمه چوو ـــ له دەست ئێمه چوو.

+ بۆ سلێمانی چوو.

له سلێمانی چوو. (واته له دەستی خەڵکی سلێمانی چوو.

تایبەتییەکانی ئامرازی پەیوەندی (بۆ): ئەمانەن

١- بەمەبەستی جۆر بەجۆر له رستەدا و بەپێی شوێنەکەی بەکاردێت، بۆ کات و ئاست (بەرەوو هۆو نیازو ماوەو له پێناوو لەگەڵ بوون و گومان... بەکاردەهێنرێت.

٢- تەنها لەگەڵ ئاوەڵفرمانی شوێنی یا پاشکۆی (ەوه) وەردەگرێت.

٣- دەبێته جێناوی پرسی هۆ، له دوو دۆخ و شوێندا، ئەگەر بکەوێته نێوان بکەرو فرمانی تێنەپەڕەوه، له ئامرازی پەیوەندی دەکەوێت، وەک (کوڕەکه بۆ هات؟) بەپێچەوانەشەوه ئەگەر کەوته سەرەتاو پێشی بەرکاری هەمان جۆری فرمانەوه، دەبێته ئامرازی پەیوەندی و (له پێناو) وەک: (بۆ کوڕەکه هات).

دەگەیەنێت، هەروەها ئەگەریش فرمانی رستەکه تێپەڕ بێت، له سەرەتای رستەوه ئامرازی (بۆ) دەبێته جێناوی پرس، لەرواڵەت و واتاداو ئەگەر لەنێوان بەرکاری راستەوخۆو فرمانەکەوه بێت، دەبێتەوه ئامرازی پەیوەندی و لەجێناوی

پرس دەکەوێت و لە (پێناو) دەگەیەنێ.

٤- ئەگەر بەرستەی فرمانی تێپەڕا، لەرووی دەربڕینی ئاوازی رستەکەوە، هێز خرایە سەر ئامرازی پەیوەندی (بۆ)، رستەکە دەبێتە پرس و، لەبوونە ئامرازی پەیوەندی دەکەوێت، ئەگەریش ئاوازی دەربڕینی رستەکە یەکسان بوو وەک خۆی (بۆ) بە ئامرازی پەیوەندی دەمێنێتەوە.

٥- (بۆ) بەپێی رێباز و رێزمانی گوێزانەوە (Transformation) بەتایبەتی یاسای جێگۆڕکێ کردنی لەگەڵ ئامرازی تری پەیوەندییاو بەپێی پەیوەندی ستوونی (Pragmaticrelation) دەتوانرێ بەکەرەسەیەکی تری سەر بەهەمان رەگەز (١٠)، کە ئامرازی پەیوەندی (بە، تا)یەو، بێ ئەوەی کار لە تێکچوونی شیرازەی پێکهاتن و واتاکەی بکات و تەنها مەبەست دەگۆڕێت، کەلەمەو پێشەوە بەنموونەوە خستمانەڕوو.

پەراوێز:

١- رفیق محمد محێدین، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دوکتۆرا زانکۆی بەغدا ١٩٩٧، ل٥٣.

٢- نوم چۆمسکی، البنی النحویە، ت: یوئێل یوسف عزیز، بغداد، ١٩٨٧، ص١٥٤.

٣- محمد رەزای باتینی ئاوڕێکی تازە بۆ سەر رێزمان، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، سوێد، بنکەی ئازاد، ١٩٩٣، ل١١٤.

٤- د. وریا عومەر ئەمین، بنج و سیماو یاساکانی گوێزانەوە، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢١)، بەغدا ١٩٨٩، ل٧٢- ٧٥.

٥- نوم چۆمسکی، هەمان سەرچاوە، ل١٥.

٦- هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە، هەروەها نوری عەلی رێزمانی کوردی، سلێمانی ١٩٦٠، ل٢٠٣.

٧- محمد ڕەزای باتینی، هەمان سەرچاوە، ل١١٤.

٨- هەمان سەرچاوە، ل٧٣.

٩- ئاوەڵفرمان پاشکۆ وەردەگرێ، بەڵام بەرکارو تەواوکەری ناڕاستەوخۆ وەری ناگرێت، بڕوانە: محمود فتح الله، کار تەواوکردن لە کوردیدا، ١٩٨٨، ل١٢٢ .

١٠- سەرچاوەی ژمارە (٣)، ل٧٩-٨٠ .

سەرچاوە:

١- رێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦ .

٢- رفیق محمد محیّدین، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دوکتۆرا زانکۆی بەغدا، ١٩٩٧ .

٣- سالح حوسێن پشدەری، کورتەیەک لە رێزمانی کوردی، بەغدا ١٩٨٥ .

٤- محمد رەزای باتینی، ئاورێکی تازە بۆ سەر رێزمان، سوێد، ١٩٩٣ .

٥- محمود فتح الله، کار تەواوکردن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٨ .

٦- نوری عەلی ئەمین، رێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠ .

٧- نوم چۆمسکی، البنی النحویه، ت: یوئێل یوسف عزیز، بغداد ١٩٨٧ .

٨- وریا عومەر ئەمین، بنج و سیماو یاساکانی گوێزانەوە، رۆشنبیری نوێ، ژ (١٢١)، ل٧٢-٧٥ .

جیاکردنەوەی هەندێک
کەرەسەی ڕێزمانی لەیەکتر

ڕێزمـان بریتـییـە لە دیاریکردنی یاسـاو دەستـووری بەکـارهێنانی کـەرەسـەی زمـان، کـە بە هۆیانەوە بەپێی سیسـتـەمێکی ڕێکوپێک ئاخاوتن دێتـە ئەنجام، ئەمجا دیاریکردنی ئەو کەرەسانەی زمان هەوڵێکی گرنگی ڕێزمانە، چونکە ئەو کەرەسانە لە پێشـدا پێویسـتە، لەیەکتر جیابکرێنەوە، ئەگەر جیانەکرێنەوە، ئەوا لە لێکۆڵینەوەی ئاسـتـەکـانی زمـاندا بەپێی کـارکـردنی زمـانەکـە، تووشی هەڵە دەبین، لێرەدا جێگای ئەوەیە زمان لە ڕووی بنیـادگەرییەوە - Structure- بە خـانوویەک دابنێین، پێش ئەوەی خـانووەکـە بکرێت، دەبێت هەمـوو کـەرەسـە خـاوەکـانی لە بچـووکـترینەوە تا گـەورەترین دیـاری بکرێن، ئەمـجـا لە قـۆناغی دووەمدا لەیەک دەدرێن و هۆی لێکدانیشیان لە هەندێک شوێندا پێویسـتە وەک لە دیوارکـردندا نـاتوانرێت بەبێ قـوڕو چیـمـەنتۆ ئەو کـەرەسـەو خشـت و بلۆک و بەردەکـانی لێکبـدرێن، هەندێکیـانیش بەبێ هۆی ڕاسـتـەوخۆ لێکدەدرێن، بەڵام دەبێت هەر کەرەسەیەکی لە شوێنی خۆیدا دابنرێت، تا خانووەکە تەواو دەبێت، زمـانیش بەوجـۆرە بەپێی پێکهـاتنێکی بنیـادگـەرییـەوە -Structure- لە کـەرەسـەی بچـووک تـا گـەورەو گـەورەتر وەک (دەنگ، فـۆنیم- Phonem، مۆرفیم - Morphem، وشە، گرێ-Phrase، ڕستە) پێکدێت ئەم دانانە،

هەریەکەیان دەخرێنە سەر یەکترو کەرەسەی لە خۆیان گەورەتر، پێکدەهێنن، وەک دەنگە خاوەکان دەبنە فۆنیم و لە شوێنی جیاوازدا واتای وشە دەگۆڕن، چەند مۆرفیمێک وشە پێکدەهێنێت و پاشان لە وشەوە رستەو رستەش گەورەترین دانەی زمانە، کە بە هۆیەوە کردەی ئاخافتن ئەنجام دەدرێت.

جا ئەم کەرەسانە لە رێزماندا وەک دانەی کردارەکی (عملي) لەناو بەشەکانی ئاخاوتن سەر بەو بەشانەن، پرۆسەی قسەکردن ئەنجام دەدەن.

بۆیە ئەو کەرەسانە لە رووی دیاریکردنی دەوریانەوە لە رێزماندا یا بوونیان لە ناو خانەی زماندا، واتە لەناو ئاستەکانیدا Level- دوو جۆرن:

۱- **کەرەسەی وشەسازی:** بریتییە لە وشەو مۆرفیم کە لە رووی هەبوونیانەوە لە زمانەکەدا سەربەخۆو ناسەربەخۆن.

۲- **کەرەسەی رستەسازی:** لە گرێ و رستە پێکدێن، لەناویاندا کەرەسەی وا هەیە، واتای نییە، بەڵکو لە بواری رستەدا ئەرکی خۆی دەبینێت و بە کەرەستەی رێزمانی ناو دەبرێن.

ئەمجا ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە، لە دیاریکردن و جیاکردنەوەی هەندێک لەو کەرەسانە، کە تا ئێستا بە چەند شێوەیەک یا وەک چەند بابەتێک ناویان لێنراوە، یا باسکراون، لێرەدا ئێمە هەوڵدەدەین سنوورێک لە نێوانیاندا دابنێین، چونکە رێزمانی زمان ئەگەر بە تەواوی دیاری نەکرێت ئەوا لێکۆڵینەوەکانی ناتەواو دەردەچن.

لە رێزمانی زمانی کوردیدا، هەندێک کەرەسەی وەک (زیادەی وشە دارێژ affix مەبەست لە پێشگرو پاشگر، نیشانە، جێناو- بەتایبەتی هی پرس، بابەتی ئامراز) بەناوی بابەتی ئامراز دانراون، راستییەکەی ئەمانە بابەتی لە یەکتر جیاوازن و، بەهەڵە وەک بابەتی ئامراز، لە رێزماندا جێگایان دەست نیشان کراوە، یا باشتر بڵێین، ناتوانرێت ئەم بابەتە جیاوازانە، وەک ئامراز لە

لێکۆڵینەوەی زماندا، رەفتاریان لەگەڵدا بکەین، چونکە هەریەکەیان بابەتێکی جیاوازن و بە تەنیا تایبەتییەتی خۆیان هەن، بۆیە پێویستە لەیەکتر جیابکرێنەوەو، لە زمانەکەدا سنوورێک بۆ جیاکردنەوەیان بەپێی ئەرکەکانیان، دیارو دەست نیشان بکرێت، چونکە بابەتی تێکەڵ کراو، سەر لە شیکردنەوەی کەرەسەکانی ناو رستەسازی دەشێوێنێت، ئەم تێکەڵ کردنەش، لەناو زمانەوانانی کوردو ناکوردا کراوە، بۆیە ئەم بابەتانەی سەرەوە ناکرێ و ناشێت ببنە ئامراز، لەبەر ئەوەی ئامراز بابەتێکی فرە ئەرکە، بەپێی گۆڕانی شوێنی ناو رستەیان، کە ئەم گۆڕانی شوێنە، وەک بەشێکی رێزمانی گوێزانەوە (Trans Formation) ئەو دەورە جیاوازانەی کەرەسەکانی ئامراز روونەدەکاتەوە. ئامراز بابەتێکی چالاکی زمانە، رەوتی رستە بۆ لای خۆیان رادەکێشن، ئامرازیش بە هەردوو جۆرەکەیەوە وەک:

١- ئامرازی بەستنەوەو جۆرەکانی(١)

٢- ئامرازی نیاز و مەبەست (٢)

دەبنە هۆی رێکخستنی سیستەمی رستەو، هەر جۆرێکی ئەو دوو جۆرانەی سەرەوە لە چەند جۆرە بابەتێکی ئامراز پێکهاتوون و هەر یەکەیان لە چەند کەرەسەیەکی ئەو جۆرانە پێکهاتوون، بەپێی شوێن ئەرکیان دیاری دەکرێت.

ئەم ئامرازانە وەک کەرەسەیەکی زمان، ئاخاوتنیان پێ ئاسان دەکرێت و چۆنیەتی سیستەمی پێوەندی ناو بەشە بنجێکانی رستە، لە رووی رێکخستنی پێوەندی نێوانیان و دەرخستنی مەبەستی ئەو بەکارهێنانە جیا جیایانە روونەدەکەنەوە، ئەم دوو جۆرە ئامرازانەی سەرەوە، هەردووکیان فرە ئەرکن، ئەگەرچی جۆری دووەمیان رادەی فرە ئەرکییان لە جۆری یەکەمیان کە ئامرازی بەستنەوەیە کەمترە. لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر لەدەورێک و ئەرکیان هەیە(٣).

بۆیە دەکرێت، ئەم کەرەسەی ئامرازە، لە رووی ئەرکەوە، لە زماندا دەوریان لە

هەندێک ئامێرو ئامرازی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەچێت، کە مرۆڤ بۆ ئاسان کردنی ئیش و کارو راپەڕاندنی بەکاریان دەهێنن و لە زەحمەتی مرۆڤ کەم دەکەنەوە، بۆ نموونە وەک ئامێرو ئامرازی چەکوش و پلایس و دەرنافیز و گاز..... تاد وان.

هەرچی ئامرازی زمانیشە، کردەی ئاخاوتن ئاسان دەکەن و، دەبنە هۆی دروست بوونی پێوەندی و ئەرکی جۆر بەجۆری ناو ئاخاوتن دەبینن، بۆ نموونە ئەگەر کوردی نەزانێک تازە زمانی کوردی فێر بووبێت، نازانێت ئەم ئامرازانە بەباشی و یان لە کوێدا بەراستی بەکاریان بهێنێت، بۆیە نارێکی بە ئاخاوتنەکەیەوە دیارە.

نموونە ئەرکی ئامێرەکان:

چاکوچ: ــــــــ بزمار دادەکوتێت، بزمار هەڵدەکەنێت، هەرشتێ بتەوێت پێی دەشکێنیت.

پلایس: ــــــــ بزمار هەڵدەکەنێت، شتی پێدەگریت، وایەری پێ کەرت دەکەیت وایەری کارەبای پێ دەگریت، وایەر دەقرتێنێ.

دەرنافیزو گاز: هەمان ئەرکی جیاواز دەبینن، بورغی دەبەستێت، بورغی دەکاتەوە. گاز بزمار هەڵدەکەنێت.

هەر لەبەر ئەمەشە زمانەوانان ناویان ناوە ئامراز. نموونەی ئەرکی چەند ئامرازێک لە ئەرک و شوێنی جیاوازدا:

- بۆ سەرەوە دەچم. ئاوەڵفرمانی شوێنی پێکهێناوە - تەواوکەرە

- بۆ ئازاد هێنام. بەرکاری ناڕاستەوخۆی دروست کردووە.

- گوڵەکە بۆ تۆیە. تەواوکەری ناڕاستەوخۆی دروست کردووە.

- بۆ ئێوارە هاتمەوە. ئاوەڵفرمانی کاتی دروست کردووە، تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانە، لە رووی واتاوە ئامراز دیسان واتای بەپێی شوێن

دەگۆڕێت وەک:

- بۆ تۆم هێنا. (لە پێناو دەگەیەنێت - واتە لأجل)

- بۆ خاتری خوا. (بۆ دوعاو نوزاو پاڕانەوە)

- بۆ کەرکووک چوو. (بەرەو - اتجاه تەواوکەری ناڕاستەوخۆ)

بە: - من بە تۆم وت . (بەرکاری ناڕاستەوخۆی دروست کردووە)

- دەبم بە گوڵ. (تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانی بێهێزە)

- بە چەکوش شکاندم (بە: واسیتەو هۆیە)

وەک: - مامۆستا وەک باوکە (وەک: ئامرازی لێکچوونە)

- وەک تۆ هاتیت من نووستبووم. (کات- ئامرازی گەیەنەرە) رستەی ئاڵۆزی پێکهێناوە.

- خۆزگە دەهاتم لەگەڵتانا. (ئامرازی خۆزگەیە)

- بە خۆزگە نابێت. (ناوە: تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە)

- دیوانی خۆزگەم خوێندەوە. (گرێی ناوی پێکهێناوە - ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆیە).

تایبەتییەکی تری ئامراز لەوە دایە، کە بێجگە لە ئاستی ڕستەسازی، ئەرکی ئاستی وشەسازیش دەبینێت و بەشداری داڕێشتن و پێکهاتنی وشەو مۆرفیمی دی دەکات، وەک ئامرازی پێوەندی:

بەڕێز، بە جەرگ، بە سۆز، قوڕبەسەر، دەست بە دەست، مێرگەسوور. هەرکەس، هەردەم، هیچ کەس، نالەبار، سەروبەر، گەرمەسێر، کانەبەرد.

ئەم نموونانەی سەرەوە جیاوازی نێوان ئامرازو بابەتەکانی تری وەک (زیادەی وشەداڕێژ، نیشانە، جێناو) ڕوون دەکەنەوەو لە خوارەوەدا ئەم بابەتانەی سەرەوە وەک بابەتی جیاواز جیاواز لە ئامراز دەست نیشان دەکەین:

زیادەی وشەداڕێژ affix

ئەم بابەتە پێشگرو ناوگرو پاشگر دەگرێتەوە، سەر بە ئاستی وشە سازین و لە داڕێشتن و پێکهاتنی وشەی داڕێژراوو لێکدراو بەشداری دەکەن و، دەبنە بەشێک لە وشە پێکهاتووەکەو گۆڕان بەسەر ڕەگی وشە دەهێنن و واتاکەی بۆ دەگەڕێننەوە، یا وشەی نوێ و تازەی لێوە پێکدەهێنن وەک ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان: نووسەر، نووسراو، بنووس، نامەنووس، بەهێز، بێ هێز، بەجەرگ، راگرتن، هەڵکردن، جوانی، جوانوو، سەرین، سەوزە، سەوزەوات، پیاوەتی، کڕیار، کۆکە، پرسە، کەوتوو، خەوتوو، زانا، دانەر.... تاد.

ئەم پێشگر و پاشگرانە، ناوو ئاوەڵناوی جۆر بەجۆریان دروست کردووە و، چوونەتە ناو قاڵبی وشەکانەوەو، واتاو ڕواڵەتی تازەیان پێداون.

لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنجە، ئامرازی پێوەندیش لە ئاستی وشەسازی بەشداری پێکهاتن و داڕێشتنی وشە وەک پێشگر و پاشگر دەکات و، دەوری ئەو دوو کەرەسەیە وەردەگرن و، لەناو وشەکەدا وەکو ئەوانیان لێ دێت نموونە:

وەک پێشگر: بەهێز، بەجەرگ، لەبار، لەسەر (واتە تووڕەو هەڵەشە)،....

وەک ناوگر: لە نجەولار، سەروبەر، قوڕبەسەر، نالەبار، گوڵەگەنم.

ئامرازە پێوەندییەکانی سەرەوە، بوونەتە بەشێک لەو وشانە، جیاوازییان لەگەڵ ئامراز ئەوەیە، ئامراز دەورو واتای جۆر بەجۆرو بەپێی شوێن دەگۆڕێن، بەڵام زیادە و وشەداڕێژەکانی (پێشگر و پاشگر) سەرەوە، تەنانەت ئامرازی پێوەندیش، کە ئەو دەورە دەبینن، یەک واتاو دەوریان هەیە. واتە هەر پاشگرو پێشگرێک دەبینیت یەک واتای هەیە، وەک (هەڵ) واتای بۆ سەرەوە دەبینێت وەکو هەڵگرتن، یا داگرتن، (دا) یەک واتای بۆ خوارەوە هەیە، بەڵام ئامرازە پێوەندییەکان، لە ئاستی ڕستەسازیدا، ئەرک و واتای جۆر بەجۆریان هەیەو، بەپێی شوێنی ناو ڕستەکان، بەپێی یاسا جیا جیاکانی ڕێزمانی، شیکردنەوەی

گـوێزانەوە (Trans Formation) لە جـێگۆڕکێ پێکردن و گـۆڕانیـان بە کەرەسەو ئامرازی تر (٤) ئەو دەورانە دەبینن.

نموونە: - بۆ کەرکووک دەچم. بەپێی یاسای گۆڕان (شوێن)

- تا کەرکووک دەچم. کۆتایی شوێن

- بە کەرکووکدا دەچم. ناو شوێن ڕوودان- تێپەڕین

- چووم بۆ کەرکووک ــــ چوومە کەرکووک. جێگیرکرا بەڕاناو

- بۆ ئێوارە دێمەوە (کاتە: گرێی ئاوەڵفرمانی کاتە)

- بۆ من هات. (لە پێناو - لأجل)

ئامرازی ناو ڕستـەکانی سەرەوە، دەوری تەواوکەری ناڕاستـەوخۆیان داوەتە گرێکەیان، هەندێک جار بۆ شوێن و بۆ کات دیاریکردن، یا بۆ مەبەست و دەوری تر، پاشکۆیان بە دوادا دێت و پێکەوە دەوری گـرێ دروسـتکراوەکـەیان دیارو دەست نیشان دەکەن، وەک:

بۆ شوێن - قوتابی لە دڵەوە مامۆستای خوشدەوێت. (لە - ەوە)

لەگەڵبوون - بە مامۆستاوە وەرن بۆ لام. (بە - وە)

شوێن - بۆ لاوە ئاوڕی دایەوە (بۆ - وە)

بەم جۆرە دەبینین ئامراز ڕەوتی ڕستە دەگۆڕێت.

ئامرازیش لە ڕووی جۆری بەکارهێنان و نیـازو مـەبەسـتەوە دوو جۆرن، وەک:

١- ئامـرازی بەسـتنەوەو جـۆرەکـانی لە (ئامـرازی پێـوەندی، ئامـرازی لێکدەری ڕستەی لێکدراو، ئامرازی گەیەنەری ڕستەی ئاڵۆز)(٥).

٢- ئامــرازی نیــازو مــەبەست و جـۆرەکــانی، ئەم جـۆرە ئەگـەرچی، هەر جۆرێکیان بۆ مەبەستێکن، بۆ نموونە ئامرازی لێکچوون، یا بانگ کردن و وەڵام و خۆزگە بۆ لێکچوون و بانگ کردن و وەڵام و خۆزگەن ... تاد

بەڵام دەوری تریش دەبینن بۆ نموونە ئامرازی لێکچوون:

وەک: - مامۆستا وەک باوکە (بۆ لێکچوونی دووناوە)

- وەک تۆ هاتیت من دانیشتبووم (ئامرازی گەیەنەرە)

- خۆزگە دەهات لەگەڵمدا. (بۆ خۆزگەیە دەوری ئامرازە)

- بە خۆزگە نابێت. (بۆتە ناو)

- ئەگەر هاتیت پێت دەڵێم. (بۆتە گومان - ئامرازی گومانە)

- کاکە وەرە بۆ لام (ە: بۆ بانگ کردنی نێرە)

- پورێ وەرە لام (ێ: بۆ بانگ کردنی مێیە)

کەواتە دەوری جۆر بەجۆر، یا بۆ مەبەستی جۆراو جۆرن. کە ئەمە تایبەتییەتی فرە ئەرکی ئامراز پێشان دەدەن، بە پێچەوانەی زیادەی وشە داڕێژو جێناوو ئاوەڵفرمانەوە، جیاوازییەکی تری ئامرازو جۆرەکانی، هەر جۆرێکیان لەوانەی سەرەوە، واتە جۆرەکانی (١-٢) بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆ پێکدەهێنن، بەڵام پێشگرو پاشگر وا نییەو، لەناو بەشە ئاخاوتنی تردان و، ئاوەڵفرمان و جێناویش بە هەموو جۆرەکانیانەوە، هەر یەکەیان بەشی ئاخاوتن پێکدەهێنن، واتە هەموو جۆرەکانی ئاوەڵفرمان، یەک بەشی ئاخاوتن و جێناویش هەر هەموو بە شێکی ئاخاوتن، بەڵام ئامراز چوار بابەتی جیاوازی بەشە ئاخاوتن پێکدەهێنن، وەک (ئامرازی پێوەندی، ئامرازی لێکدەر، ئامرازی گەیەنەر، ئامرازی نیازو مەبەست).

بابەتی (نیشانە)ش، پێویستە لەگەڵ ئامرازدا تێکەڵ نەکرێت، چونکە نیشانە هەر یەکەی واتە جۆرێکی بۆ یەک مەبەست بەکاردێن و، دەست نیشانی مەبەستێکی رێزمانی پێدەکرێت وەک: نیشانەی کۆ (ادات الجمع) کە (ان، ات، گەل، ها) بۆ کۆکردنەوەی ناوی تاک بۆ کۆن واتە تاک دەکەن بە کۆ:

- مامۆستایان، پیاوان، کچان (ناوی +نیشانەی کۆ =ناوی کۆ)

- سەدەها، ساڵەها، رۆژەها، (ناوی کات + نیشانەی کۆ = ناوی کۆ)

- سەوزەوات، باخات، دێهات، مالآت (ناو+ ات/ = ناوی کۆ)
- سەگەل، مێگەل، کورگەل (ناو+ نیشانەکۆ = ناوی کۆ)

هەروەها (ەکە) ناسراوی وەک: مامۆستا+ ەکە= مامۆستاکە، (یەک / ێک)ی نەناسراوی وەک: مامۆستایەک، کوڕێک.

ناوی گشتییان کرد بە ناوی ناسراوو نەناسراو.

نیشانەی (دە)ی بەردەوامی، کاتی فرمانی رابردووی بەردەوام و رانەبردوو دروست دەکات وەک: نیشانەی کات + قەد + راناو= رابردووی بەردەوام

- دە + هات ـــــ دەهات، دەڕۆیشت، دەخست،
- نیشانەی بەردەوامی +رەگ + راناو= فرمانی رانەبردوو
- دە + چـ + م ------ دەچم، دەکەم، دەنووسم.

(بـ)ی (٦) نیشانەی داخوازی رەگی فرمان لەگەڵ راناوی لکاودا دەکات، بە فرمانی داخوازی: بـ + رەگ + راناوـــــــ بنووسە / بنووسن.

(وە)ی نیشانەی کاتی تەواو، رابردووی نزیک دەکات بەرابردووی تەواو: قەدی چاوگ (Steem) + راناو= هاتووە، خواردووە سوتاوە. کڕیوە.

نیشانەی (/)ی نادیاری کە فرمانی بکەر دیار (Passive) دەکات بە فرمانی بکەر نادیار بۆ رابردوو لەگەڵ نیشانەی (١).

(ێ) وەک: کوشتن: رەگ +نیشانەی نادیاری+ نیشانەی کات

کوژ + ر+ ا= کوژرا (بۆ رابردوو)

دە + کوژ + ر+ ێ= دەکوژرێ (بۆ رانەبردوو)

هەروەها (ن) نیشانەی چاوگە وەک: نووسین، چوون، مردن، کردن، فڕین، کوشتن، کەوتن، کێلان، یا نیشانەی (تر) و (ترین) ئاوەڵناوی پلەی چەسپیو دەکەن بە ئاوەڵناوی پلەی بەراورد، وەک:

جوان + تر ـــــ جوانتر، بۆ پلەی باڵا: جوان + ترین ــــــ جوانترین.
(اندن) نیشانەی کردنە فرمانی تێنەپەڕە، لە دەنگە سرووشتییەکانەوە.
وەک: ناو + نیشانە کردنە فرمان = فرمانی تێنەپەڕ
قیرە + اندن ــــــ قیراندن
لە تێنەپەڕیشەوە، تێپەڕ دروست دەکات: وەک: سووتا + اندن ــــــ بە نەمانی (١) بزوێنێکیان دەبێتە: سووتاندن.
ئێستا دەرکەوت ئەم کەرەسە ڕێزمانیانەی سەرەوە، نابێت بە ئامراز دابنرێت، چونکە هەر بابەتێکی، بۆ یەک مەبەست دەست نیشان کراوە، واتە نیشانەی بابەتێکن و هەر نیشانەیەکیان بابەتەکەی پێ دەناسرێنەوە.
دواشت پێویستە ئامراز لە جێناو جودا بکەینەوە.

جیاوازی ئامراز لەگەڵ جێناودا

جێناو ئامراز نییە، چونکە بابەتێکی سەربەخۆی سەر بەو وشانەن، کە ناون واتە لە بەکارهێناندا جێگای ناو دەگرنەوە و لە جیاتی ناو بەکاردێن و ئەرک و تایبەتێتی ناو وەردەگرێت، لە ئاخاوتن و بەکارهێناندا، هەندێک جێناو بەتایبەتی جێناوی (پرس) interrogative – بە هەڵە لەگەڵ بابەتی ئامرازدا تێکەڵ دەکرێت، یا باشتر بڵێین، دەدرێتە پاڵ بابەتی ئامراز و پێی و تراوە ئامرازی پرس، راستییەکەی ئەمە هەڵەیەکی باوە، نابێت جێناوی پرس، کە لە پرسکردندا بۆ پرسیار کردن، لەناو و جێناو بەکاردێن و، پرسیان پێ لە ناو دەکرێت (لەناوو جۆرەکانی) بکرێنە ئامراز، چونکە ئامراز، بابەتێکە لەگەڵ ناودا بەکاردێت و دەچێتە پاڵ ناوو کەرەسەی ترەوە بە هۆیانەوە دەوری خۆی دیاری دەکات، بەڵام جێناو یا جێناوی پرس، لە جیاتی ناو یا پرسی پێ لەناو دەکرێ و، ناوە لێ پرسراوەکەی دیارنییە، جێناو وەک (جێناوی کەس، جێناوی کەسی

لکاو، جێناوی پرس، جێناوی نیشانە، جێناوی خۆیی، جێناوی نادیار..... تاد).

ئەمجا جێناوی پرس یا جێناوی تر، هەر جۆرەی بۆ تاکە مەبەستێک، وەکو مەبەستەکانی سەرەوە بەکاردێن، بەڵام ئامراز هەر دانەیەکی، بۆ مەبەست و دەوری جیا جیان، نموونە بۆ جێناوی پرس:

- کێ هات؟ زەردەشت هات.

- کوێ خۆشە؟ کوردستان خۆشە

- چی خۆشە؟ زمانی کوردی خۆشە

- بەکێت وت؟ بەرکاری ناڕاستەوخۆیە

- کێت دیت؟ ئاڤێستام دیت. (کێ: جێناوی پرسە - بەرکاری ڕاستەوخۆیە)

- بۆکێ یە؟ تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە

دوای ئەوەی جیاوازی نێوان بابەتی ئامراز، لەگەڵ بابەتی (زیادەی وشەدارێژو نیشانەو جێناو) خستە پێش چاو، پێویستە ئەوە لە بیرنەکەین، کە دەڵێین جێناو یەک ئەرک دەبینێت، مەبەستمان ئەوەیە جێناوەو بەس، واتە جێناو نابێتە کەرەسەیەکی تری ڕستە سازی، وەک ئەوەی جێناوی نیشانە، دەوری خۆی لە ڕستەدا بگۆڕێت و ببێتە جێناوی پرس، جێناوی خۆی یا جێناوی نادیار... یا ببێتە هەر کەرەسەیەکی تر.

لێرەدا ئەمە ئەوە ناگرێتەوە، کە جێناو، دەوری جیا جیای بەشە بنجێکانی ناورستە لە (بکەر، بەرکار، تەواوکەر بەراستەوخۆو نارستەخۆیەوە) دەبینێ، چونکە لەو دەورانەشیاندا هەر جێگای ناویان گرتۆتەوە، کە بۆ مەبەستە بنەڕەتەکەی خۆیان بەکارهاتوون کە جێناون، ئەمجا بۆ کەس بێت، یا بۆ پرس یانیشانە... بن بەڵام ئامراز دەورو مەبەستی جیاواز دەبینێ(٧).

بەڵام ئامراز وەک کەرەسەیەک لەناو وشە سازیدا، بۆ مەبەستی ئامرازی

پێوەندی دانراوە، دەوری خۆی دەگۆڕێت و دەبێتە پاشگرو پێشگر- لەسەرەوە نیشانماندا- یا ئامرازی خۆزگە دەبێتە ناو، یا ئامرازی گومانی (ئەگەر) دەبێتە ئامرازی مەرج یا ئامرازی لێکچوون، دەبێتە ئامرازی گەیەنەر یا هەندێک ئامرازی پێوەندی وەک (تا، و، ش/یش....) دەبنە ئامرازی لێکدەر یا دەبنە ئامرازی گەیەنەر، وەک (تا- تاکو) یا ئامرازی سەرسوڕمان، دەبنە ئامرازی بانگ کردن و ئاگاداری، یا ئامرازی ئاگاداری دەبێتە ئەو جۆرانەی وەک سەرسوڕمان.

نموونە:

ئامرازی پێوەندی دەبێتە ئامرازی لێکدەر:

- من و تۆ هاتین: من هاتم و رۆیشتم

ئامرازی پێوەندی دەبێتە ئامرازی گەیەنەر.

- ترێ تا پاییز دەمێنێت ـــــ تا تۆ دێیت من دەڕۆم.

ئامرازی بانگ کردن ـــــ ئامرازی وەڵام:

- هۆ زاگرۆس وەرە بۆ ئێرە ـــــ هۆ بەڵێ.

ئامرازی وەڵام ـــــ دەبێتە جێناوی پرس:

- ئەرێ ئەرێ وایە. ئەرێ هات؟

- ئای وا نابێت. (بۆ تەئکیدە)ـــــ ئای لە تۆ! (سەرسوڕمانە)

- بەشکو هات (ئامرازی گومانە)ـــــ بە بەشکوی تۆ نابێت (ناوە)

- وەک تۆم بینی، ئاراس هات (ئامرازی گەیەنەرە) - تۆ وەک من (لێکچوونە)

- کە پارەت دا مەلا لە مزگەوت دەرەکەیت (کە: ئامرازی مەرجە)

- کە تۆ هاتیت من لەماڵ نەبووم (کە: ئامرازی گەیەنەری کاتە)

- ئەگەر پارەت دا مەلا لە مزگەوت دەرەکەیت (ئەگەر: ئامرازی گەیەنەری

مەرجە)

لێرەدا (ئەگەر) وەک ئامرازی گومان بەپێی یاسای چوونە ناویەک (overlap- التداخل)ی زانستی زمان (Linguistic) لەناو هەمان شوێنی رستەدا هەمان واتای ئامرازی (کە)ی گەیەنەری رستەی ئاڵۆزی دیوە کە (بۆ مەرجە)(٨).

هەروەها ئامراز دەتوانێت شوێنی ئامرازی تری ناو رستە بگرێت و، مەبەستەکەی بە پێچەوانەی یاساکەی سەرەوە دەگۆڕێت و، شوێنی دەگرێت نموونە، ئامرازی (بۆ) شوێنی (تا) دەگرێت و بە پێچەوانەوە:

- تا کەرکووک دەچم. (تا: کۆتایی شوێنی روودانە)
- بۆ کەرکووک دەچم. (بۆ: بەرەو - اتجاه)
- بە کەرکووکدا دەچم. (بە: سمین (إختراق و دیاریکردنی)

ئەمەی سەرەوە بریتییە لە یاسای گۆڕینی رێزمانی گوێزانەوە (Transformation)، کە یاسای گۆڕینی کەرەسەیەک بە کەرەسەیەکی ترو، دەوری تەواوکەری ناڕاستەوخۆی فرمانن بۆ شوێن، کە کەرەسەی گرێی ئاوەڵفرمانی شوێنییە.

دیاردەیەکی تری هەندێک لەم ئامرازانە، کە ئەگەر بێتو سەیری پێکهاتنی رستەیەکی یەک شێوەیی (فۆرم Form) بکەیت و ئەو رستەیە دوو واتای گەیاند ئەوا ئەم رستەیە یەک شێوەو دوو واتا دەگرێتە خۆی

- تا گرتی ــــــــ تا گرتی (تا: ئامرازی پێوەندی بۆ کات)
- تا گرتمی ــــــــ تا گرتمی.

تا کوشتوێتی ــــــــ تا کوشتوێتی / تا: لە هەموویاندا لەریزی دووەم ئامرازە بۆ روودانی کاتی فرمانە.

تا سووتاندمی ــــــ تا سووتاندمی.

(تا)ی رستەکانی بەشی یەکەم واتای نەخۆشی (تا) دەگەیەنێت و لە رستەی دووەمدا وەک ئامرازێک، کاتی روودانی فرمانەکانی دیاری کردووە.

رستەکانی ریزی یەکەم سەر بە زانستی سیمانتیکن (Semantic)، واتە واتاناسی وشەکانی سەرەوە (تا) وشەیەک و دوو مەبەست پێشان دەدات سەر بە فرەواتان (Polysmy)، کە دەبێتە هۆی دیاردەی تەم ومژی لە زمانداو، بە هۆی پەیوەندی وشەکانی دەورو بەرییەرە (٩) لە یەکتر جیا دەکرێنەوەو، واتاکان رووندەکرێنەوە، ئەمەش بریتییە لەشی کردنەوەی بناخەی ناوەوەی ناو رستە (البنية العميقة Deep Structure).

بە کورتی و لە کۆتاییدا، ئەوە روون دەبێتەوە، کە ئامراز بابەتێکی فرە ئەرکەو، لە شوێنی جیاوازدا دەرەکەوێت و ئەرکی ناو رستەی دەگۆرێت، بەلام زیادەی وشە دارێژ و، نیشانەو جێناو، لەناو شوێنی جیاوازی رستەشدا، نابنە کەرەسەی ترو هەر بە زیادەی پێشگرو پاشگر و نیشانەو جێناو دەمێننەوە.. ❖

پەراوێز:

(١) ڕەفیق محەمەد شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دوکتۆرا، کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا، ١٩٩٧، ل

(٢) ڕەفیق شوانی، دیاریکردنی ئامراز لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (الاستاذ)، ژ:١١، گۆڤاری کۆلیجی پەروەردەی یەکەم/ زانکۆی بەغدا،١٩٩٨-ل٥٤٤-٥٧١.

(٣) ڕەفیق شوانی، هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢)، ل ٦٤.

(٤) محەمەد ڕەزای باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆسەر ڕێزمان، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، بنکەی ئازاد، سوێد، ١٩٩٣، ل ١١٤.

(٥) ڕەفیق شوانی، نامەی دوکتۆرا، ل ٣٥، ٣٦.

(٦) ڕەفیق محەمەد محێدین، دەوری مۆرفیمی (ب) لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٨)ی ١٩٩٦، ل ٢٢ - ٢٥.

(٧) ا- ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کوردی، بەغدا، ١٩٧٦،ل٣٣٦.

ب- کوردۆییف، ڕێزمانی کوردی، وەرگێڕانی د. کوردستان موکریانی، هەولێر، ١٩٨٢ ل ٣٤٨ - ٣٦٤.

(٨) ڕەفیق شوانی، نامەی دوکتۆرا، ل ١١٨، ١٣٢.

(٩) ا- ڕەفیق محەمەد محێدین، دەوری (تا) لە زمانی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٥)، ١٩٩٥، ل ٦٣- ٦٩.

ب- وریا عومەر ئەمین، بنج و سیماو یاساکانی گوێزانەوە، ڕۆشنبیری نوێ (١١٥)، ل ٧٢ - ٧٥.

سەرچاوەكان:

(١) رەفيق محەمەد محيّدين، دەوری (تا) له زمانی كورديدا، رۆشنبيری نویّ، ژ (١٣٥)ی ١٩٩٥، ل ٦٣ - ٦٩.

(٢) رەفيق محەمەدمحيّدين، دەوری مۆرفيمی (ب) لە رووی مۆرفۆلۆژييەوە، رۆشنبيری نویّ، (١٣٨)، ١٩٩٦، ل ٢٢ - ٢٥.

(٣) رەفيق محەمەد محيّدين، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی كورديدا، نامەی دكتۆرا، كۆليجی پەروەردەی زانكۆی بەغدا، ١٩٩٧.

(٤) رەفيق شوانی، دياری كردنی ئامراز لە زمانی كورديدا، گۆڤاری الاستاذ- ژ: ١١، بغداد ١٩٩٨، ل ٥٤٤ - ٥٧١.

(٥) ريّزمانی ئاخاوتنی كوردی، كۆڕی زانياری كوردی، بەغدا، ١٩٧٦.

(٦) كوردۆييف، ريّزمانی كوردی، وەرگيّڕانی د. ك موكريانی، ١٩٨٢.

(٧) محەمەد رەزای باتينی، ئاوڕيّكی تازە بۆ سەر ريّزمان، وەرگيّڕ حەسەنی قازی، سويّد ١٩٩٣.

(٨) وريا عومەر ئەمين، بنج و سيما و ياساكانی گوێزانەوە، رۆشنبيری نوێ (١١٥)، ل ٧٢ - ٧٥.

(٩) نعوم چومسكی، البنى النحوية ترجمة يوئيل يوسف عزيز، بغداد ١٩٨٧.

مۆرفیمی (ە) و
شێوە جیاجیاکانی لە رستەدا

زمانەوانانی کورد لە بارەی (ە)ەوە دواون، بەتایبەتی لەو رووەوەی، کە لە رستەی بێ فرماندا دەوری فرمان دەبینێت و، (ە) بە فرمانی کاتی ئێستا دادەنێن و، دەیبەنەوە سەر (هەیە) و بناغەکەیان کە (بوون)ە. راستییەکەی زمانەوانانی کورد، لەم رووەوە دەبنە دوو بەش لەباسکردنی (ە)ی کۆتایی رستەدا، بەشێکیان کە زۆربەی زمانەوانی کورد پێک دەهێنێت لەسەر ئەوەن کە ئەم (ە)یە فرمانە و لە رووی کاتەوە بۆ دەمی (تاف- کات) ئێستایە، ئێمە لە خوارەوە بیرو بۆچوونی هەردوو لا دەخەینەڕوو، بێجگە لەوەی دەستەی دووەمی زمانەوانان ئەم (ە)یە بە راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک دادەنێن.

مامۆستا سەعید سدقی، لە لاپەڕە (٦٥)ی رێزمانەکەیدا، (ە) بە «حرف اضلا» لە رستەی: وەرە دەرەوە، کەوەر بکرە» دادەنێت، بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان جۆرەکانی (ە)ی ئەو دوو رستەیە بکات و، هەر هەموویانی، وەک پیتێکی رێنووس داناوە، لە رستەی «احمد عاقلە، علی زیرەکە» بە پیتی «رابطە لە بین مبتدأ وخبراو بە آخر حرف خبرەوە دەنووسی» (١) راستییەکەی ئەم (ە)یانەی ئەو رستانەی سەرەوە، لە نێوان پیت و جێناوی کەسی لکاوو، ئەم

(ە)یەی کە دەحکەی لەسەرەو بەزۆری نووسەران بە فرمانی ئێستای دادەنێن.

مامۆستایان نووری عەلی ئەمین و سادق بەهادین، بە فرمانی یاریدەری دادەنێن (٢) و، یەکەمیان بەلایەوە رستە لە زمانی کوردیدا بەبێ فرمان نابێت و، لە ڕێژەی کەسی سێیەمدا بەدەردەکەوێت. دکتۆر نەسرین فەخری لە لاپەڕە (٣١٦) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردیدا بەلایەوە (ە)، گەلێک شتە لە زماندا، وەک پاشگرو لەناو (فعلی إنتقالی دا و، هەندێک جاریش فعلی مساعدە.)، مامۆستا مەسعوود محەممەدیش لەگەلێک شوێنی بەرهەمەکانی باسی کردووەو، (ە) بە راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک داوەتە قەلەم (٣) و، بەلایەوە رستەی بێ فرمانیش هەیە، واتە رستەی ناوی، لەم رووەوە بیرورای مامۆستایان صالح حوسێن پشدەری و د. ئەورەحمانی حاجی مارف هەمان شتەو لەگەل مامۆستا مەسعود محەممەد یەک دەگرنەوە. (٤)

دوکتۆر شێرکۆ بابانیش لە وتارێکیدا (ە)، بە مۆرفیمی کاتی ئێستای داناوەو، لەگەل هەندێ نیشانەی کاتی وەک رابردووی تەواوی [ووە/وە] و، لەگەل جێناوی کەسی سێیەمی تاکی لکاوی (ە)دا تێکەل کردووەو، چۆنیەتی دەربڕینی بیروڕاکانی (مطلقە)ە، کە لە زانستدا ئەمە بە کارێکی نابەجێ دادەنرێت و (مطلق)، لە زانستدا نییە و ئەگەر بۆچوونێکی هەلەش بێت، دەرگا بۆ باسی تر دەکاتەوەو، نابێت دەرگا لەسەر ئەم و ئەو بەتایبەتی بۆ لێکۆلینەوەی ڕێزمانی کوردی تازەخزمەتکراو دابخەین، و باسەکەی دەکات بەدیاری و لەلایەکی ترەوە، واباس دەکات، کە باسەکەی کۆکردنەوەیە، ئیتر چۆن، شتی ئەم و ئەو دەکرێت بەدیاری! و لە زۆربەی شوێنی وتارەکەیدا، بە تەواوی (مطلق)انە قسە دەکات (٥) و بۆشایی بۆ کەس و لێکۆلینەوەی تر جێنەهێشتووە.

من لەم لێکۆلینەوەیەدا، هەول دەدەم (ە)ی کۆتایی رستەی بێ فرمان و جۆرەکانی دیارو دەست نیشان بکەم و، جۆرەکانی تری (ە) لەناو رستەسازیدا

بخەمە پێش چاو، کە جیاوازن لە (ە)ی کۆتایی رستە.

مۆرفیمی (ە) لە رستەی زمانی کوردیدا لە ناوەراست و کۆتایی رستەوە دێت و، هی ناوەندی رستەکانیش، هەموویان یەک جۆرنین، لێرەدا ئێمە دەمانەوێت، یەکە یەکەی ئەم مۆرفیمە لە شوێن و دۆخە جیاجیاکانیدا پیشان بدەین و، لەیەکتریان جیابکەینەوە.

(ە) وەک ئامرازی پێوەندی و بەستن و بەشەکانی رستە بەیەکترەوە، لە ناوو ئاوەڵناوو کەرەسەی تر دەبەستێتەوە، (٦) وەک:

- کتێبە مێژووە کوردییەکەم خوێندەوە.
- منداڵە هەژارە بێکەسەکەم دیت.

(ە) وەک پاشکۆی جێناوی نیشانە لە دوای وشە دەست نیشانکراوەکانەوە، لە رستەدا دەردەکەون و، ئەو وشانە دەگرنە نێوان خۆیانەوە، واتە نێوان جێناوی نیشانەو پاشکۆکەیەوە، بەم شێوەیە [ئەم/ ئەو ـــــ ە]، نموونە:

- ئەم منداڵە زیرەکە. [جێناوی نیشانە+ ناو+ ئامرازی پێوەندی + ئاوەڵناو+ پاشکۆی جێناوەکە]
- ئەو گوڵە سوورە.

(ە)ی یەکەمی ئەو دوو رستەیە، ئامرازی پێوەندییە، چونکە دوو وشەیان بە یەکترەوە بەستۆتەوە، وەک (منداڵ، زیرەک)، بەڵام (ە)ی کۆتایی رستەکان پاشکۆی جێناوی نیشانەی (ئەم- ئەو)ن و لە هەمان کاتدا رستەیەکی هەیی دروست کردووە، [هەیی- تملک Possessive] کە بێ کاتەو ئەم جۆرە رستانە کات و روودانی مەرجی فرمانیان تێدا نییە و، دیاردەیەکی (مطلق) باس دەکەن- لە شوێنێکی تری ئەم باسە ئەمە روون دەکەینەوە. هەر لە رستەکانی سەرەوەدا، بەپێی یاسای لادان (حذف) لە رێزمانی گوێزانەوەدا (القواعد التمویلي- Transformation)، ئەگەر ناوەکانی دوای جێناوە نیشانەکان

لای... ن. جێناوەکان دەچنەوە دۆخی بنەڕەتی خۆیان، کە بریتین لە (ئەمە، ئەوە - ئە...، ئەوانە) و (ە)ی دوای خۆیان وەک جێگر شوێنی ناوە لادراوەکە (...حذف) دەگرێتەوە، نموونە:

ئەمە کوردە. بە لادانی (ە)ی (ئەم) ـــــ ئەم کوردە. ناتەواوە. ـــــ ئەم ک... کوردە.

ئەمە زیرەکە. [واتە (ە)ی یەکەم جێگری ناوە لادراوەکەیە، بۆتە جێناو)

...ەم شێوەیە [جێناوی نیشانە+ جێناوی جێگر+ ئاوەڵناو+ پاشکۆ لە هەمان ...کاندا جێناوە] ئەگەر هەمان ئەم رستانە بکرێنە کۆ، بە تەواوی ئەو دیاردەیە روون دەبێتەوە،

وەک: ئەمان منداڵی زیرەکن. ئەگەر ناوەکە لادرا دەبێتە: ئەمان/ ئەمانە زیرەکن.

لێرەدا دوو شت دەرکەوت یەکەمیان کە (ە) و (ان) جێگری ناوە لادراوەکەن و، پاشان (ە)ی ئامرازی پێوەندی ناوەندی رستەکان بووە (ی)، ئیسپاتی ...ەکات کە (ە)ی ناوەند، پاشکۆی جێناوی نیشانە نین و ئامرازی پێوەندین کە ...ی)ن، بەڵام (ە)ی کۆتایی رستەکان پاشکۆن و، رستەی (هەیی دروست ...کەن و (ن) کۆتایی رستەکە جێگری (ان) نیشانەی کۆی کەسن و، بەپێی ...سای رێکەوتن (agreement) نیهاد و گوزارە لە تاک و کۆدا وەک یەکن، لە لایەکی ترەوە، ئەو (ن)ی کۆی کۆتاییە ئەوە دەگەیەنێت، کە (ە) فرمانی ...تی ئێستا نییە و باسی دیاردەیەکی (مطلق) دەکات و کات و رووداویان تێدا ...یە کە لەگەڵ کەسدا بەتایبەتێتی فرمان دادەنرێن.

(ە)ی ئامرازی بانگ کردن

ئەم ئامرازە لە کوردیدا، بۆ مەبەستی بانگ کردن و ئاگادار کردنەوەی(٧) ...اک بەکاردێت، بۆ رەگەزی نێرینەو لە هەمان کاتدا، رستەش دروست دەکات:

کاکە، خاڵە، مامە ـــــــ ئەرێ کاکە، باشە کاکە.

(ە)ی ئامرازی وەڵام

ـ ئەم جۆرە (ە)یە، کە وەڵام دەگەیەنێت بۆ رستەش دەور دەبینێت بە تایبەتی ئەگەر بکەونە ناو رستەی وەڵامەوە یا وەک وشەیەک وەڵام ببەخشێت.

نموونە: - بەڵێ باشە، باشە

- چاکە، وایە ـــــــ بەڵێ وایە

- خراپە، راستە

ئەم دوو دیاردەیەی (ە)ی ئامرازی بانگ کردن و، وەڵام لە بنەڕەتدا، جێناوی کەسی لکاوە بۆ سێیەمی تاک، چونکە راستییەکەی وەڵامی کەسێک یا یەکێک بەرامبەر بەکەسێکی تر پێکدێن، کە لە دەمە تەقێ دابن و، دیاردەکەی کە دەبێتە وەڵامی نێوانیان کەس و حاڵەت پێکدێن کە پلەی سێیەمی ئەو ئاخاوتنەن، لە گەردان کردنیشدا بۆ کەسەکان ئەمە بە دەردەکەوێت:

بەڵێ باشم- ین چاکم چاکین

بەڵێ باشین- ن چاکیت چاکن

بەڵێ باشە- ن چاکە چاکن

ئەم دیاردەیەی سەرەوە بەهێزی راناوی لکاو دەرەخات، لە رستە پێکهاتندا ئەگەر بەراوردیان بکەیت، وەک ئەو فرمانانەن کە لە شێوەی وشەن و، رستەش پێک دەهێنن بەتایبەتی لە فرمانی رابردووی تێنەپەڕی کەسی سێیەمی تاکدا وەک: (هات، رۆیشت، کەوت) جیاوازی نێوانیان تەنیا ئەوەیە دیاردەی یەکەم بێ کات و رووداون.

(ە)ی ئامرازی پێوەندی بە هۆی جێگیرکردنەوە

(ە) لە رستە سازیدا بێجگە لە شوێنەکانی سەرەوە، لە ئەنجامی جێگیرکردنی ئامرازی پێوەندی (بۆ،بە)ش، لەگەڵ فرمانی (انتقالیدا) دەردەکەوێت، وەک:

من چووم بۆ بازاڕ ـــــ من چوومە بازاڕ

پارەکەی دا بە زاگرۆس ـــــ پارەکەی دایە زاگرۆس.

(ە) رستەی هەیی (تملک) دروست دەکات

لەو رستـانەی کـەلە بنەڕەتدا، لە شـێـوەی وشـەی لێکدراوو گـرێن، کـە لە ناوەڕاستـەوە کۆمـەڵەی یەکـەمی راناوە لکاوەکـانی (م، ی، ت، مان، تان، یان) وەردەگرن، (ە) لە کۆتـایی ئەو شێوانەوە دەردەکەوێت و، رسـتـەی ناوی دروست دەکـات، کە کـات و روودانیـان تێدا نییـەو، تێکڕای رستـەکـە لە رووی واتاوە هەیی (تملک) دەبەخشـێت و، دیاردەیەکی (مطلق) باس دەکـات و، بەهۆی ئەم (ە)ی بێ کاتەوە دروست دەبێت و، باسی دیاردەیە کە وەک:

سەر بەرز، گوڵی جوان، چاو ڕەش: بەهۆی گەردانەوە دەبنە رستەی هەیی:

سەرم بەرزە. سەرمان بەرزە.

سەرت بەرزە. سەرتان بەرزە.

سەری بەرزە. سەریان بەرزە.

ئەم دیاردەیەی راناوە لکاوەکـانی کۆمـەڵەی یەکـەم هەمـان شێوەی ئەو فـرمـانە تێپـەڕانەیە، کە بەرکارەکـانیـان لەگەڵدا بێت، راناوە لکاوەکـانیـان لە ناوەندەوە دەچێتە سەر و سەلماندنی ئەم دیاردەیە بەوە دەسەلمێنرێت کە (هەبوون) و (بوون) وەک تێـپـەڕ تەواوکـەر وەردەگـرێت وەک لە سـەرەوە پیـشـانمان دان، بڕوانە، ئەم دۆخەی تێپەڕ:

نان خواردن گـرێیە ـــــ کە بووە رستە لەگەڵ راناوەکـانیدا بەم شێوەیەی

خواردوه گەردان دەکرێت:

نانم خوارد	نانمان خوارد	دڵم پاکە	دڵمان پاکە
نانت خوارد	نانتان خوارد	دڵت پاکە	دڵتان پاکە
نانی خوارد	نانیان خوارد	دڵی پاکە	دڵیان پاکە

دیاردەی ئەم رستانەی (ه)، شتێکی مطلق و هەمیشەیی باس دەکات پێوەند نییە بەکاتەوە و، هیچ روودانێکی تێدا رووی(٨) نەداوە لە وێنەی کردەوەی (رۆیشتن، چوون، خواردن، سووتان)، واتە کە کاری (رۆیشتی، چووە، خواردت)ی نەکردووە بەکاتەوە بەسترابێت تەنیا کەس و حاڵەت نەبێت.

(ه)ی کۆمەڵەی دووەمی راناوە لکاوەکان

کۆمەڵەی دوومی راناوە لکاوەکان، کە بریتین لە (م، یت، ه، ین، ن، ن) بەزۆری لە زمانی کوردیدا لەگەڵ وشەی واتا داری ناو، ئاوەڵناو، جێناو، ئاوەڵفرمان، ژمارە، بێجگە لە فرمان رستە دروست دەکەن، کەچی ئەم دیاردەیە، لەگەڵ راناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەمدا، فرمانی لێ دەرچێت، نابینرێت رستە دروست بکەن، تەنیا هەیی (تملک) دەبەخشن، نموونە بۆ کۆمەڵەی دووەمی راناوە لکاوەکان کە رستە دروست دەکەن:

کوردم	کوردین	
کوردیت	کوردن	لەگەڵ ناو دایە
کوردە	کوردن	
منم	ئێمەین	
تۆیت	ئێوەن	لەگەڵ جێناوی کەسی سەر بەخۆدا
ئەوە	ئەوانن	
جوانم	جوانین	

جوانیت جوانن لەگەڵ ئاوەڵناودا

جوانە جوانن

لارم لارین زۆرم ین

لاریت لارن زۆریت ن لەگەڵ ئاوەڵفرمان و

لارە لارن زۆرە ن رادە

یەکم یەکین دووەمم دووەمین

یەکیت یەکن دووەمیت دووەمن لەگەڵ ژمارەدا

یەکە یەکن دووەمە دووەمن

گومان نییە نموونەکانی سەرەوە رستەن و بێ کات و بێ رووداون، چونکە ئەوانە دیاردەیەکی (مطلق)و بێ رووداون، بێ کاتن و هیچ رووداوێک تێیاندا رووی نەداوە، لە کاتێکی دیاری کراودا، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەگەر (٥) بە فرمانی کاتی ئێستا دابنرێت، لە رستەکانی ریزی سێیەمدا، کە بۆ راناوی کەسی سەربەخۆی (ئەو)ن، ئەی چی لە کەسەکانی تری ئەو رستانە دەکەیت، کە بوونی راناوەکانیان وەک (م، یت، ین، ن...) تێیاندا ئاشکراو بێ گومانن، ئەگەر چی دەبێت ئەوەش بزانین، کە راناوە لکاوەکان لە دروست کردنی رستەدا، زۆر چالاک و بەهێزن، تەنانەت رستەی فرمانداریش، بەبێ ئەوان دروست نابێت و کەسی و کاتیان بەبێ راناوە لکاوەکان تێیدا دیار نییە و، تەنانەت واتاش وەک فرمان روون نییە، ئەوانەیان نەبێت کە فرمانی رابردووی تێنەپەڕن بۆ کەسی سێیەمی تاک، ئەویش لەبەر ئەوەیە راناوی لکاوی ئەو جۆرە فرمانە، لەو حاڵەتەدا دەرناکەوێت بۆیە کات و رووداوی تێدایە.

با سەیری فرمانی تێپەڕی دەمی رابردوو بکەین، بەبێ فرمان: کە هیچ وشەیەکی لەگەڵدا نەبێت:

کێلا، کرد، ئەوانەش نەبێت، کە نیشانەی چاوگە کەیان بە (ی) کۆتایی

دێت، کە لەگەڵ راناوی لکاوی (ی) کەسی سێیەمی تاکدا، تێک دەچن.
هەمان شێوەن بۆیە واتاو کات و رووداوی دەبەخشن، ئەگینا فرمان نین، چونکە
کەوتیت (کێلای، کردی، بردم، بردت، بردمان، بردتان...) واتایان لە کات
و رووداوەکەیدا ئاشکرا دەبێت، ئەوانەش دەڵێن هەیەتی، سەلیقەی ئێمەیە
واتای وشەی زمانەکە وایان لێ دەکات بڵێین ئەو فرمانانەی سەرەوە، بەهۆی
راناوی لکاو، کات و رووداو دەبەخشن(٩)و دەبنە فرمان.

با کۆمەڵەی دووەمی راناوە لکاوەکان، کە بۆ فرمانی تێپەڕو هەیی بکاردێ
بزانین لەگەڵ وشەی نا فرماندا رستە دروست دەکەن یان نا نموونە:

م: کەرکووکم کەرکووکمان/مان کەرکووکیم/م

ت: کەرکووکت کەرکووکتان/تان بۆ هەیین کەرکووکیت/یت رستەن

ی: کەرکووکی کەرکووکیان/یان کەرکووکییە/ە

ئەم نموونانەی سەرەوە ئاشکرا دیارە، رستە نین و گرێی هەییان پێکهێنا.
ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمەڵەی یەکەم، بێ فرمانیش وەک لە سەرەوە
پیشانمان دان، لەگەڵ زۆربەی بەشەکانی ئاخاوتندا، رستەی بێ فرمانیان پێک
هێنا، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت، کە (ە)ی راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک، لە
کۆمەڵەی یەکەمدا، لەو شوێنەی وەک (ئەو مرۆڤە، ئەو قوتابییە) فرمانی کاتی
ئێستا نین و راناون و دەچێتە سەر زۆربەی بەشەکانی ئاخاوتن. (١٠)

(ە)ی وەک راناوی لکاو لەگەڵ وشەی لێکدراوو گرێدا:

ئەگەر وشەی لێکدراو یا گرێ، لەو جۆرانەی کە (ە)ی هەیی چووە سەریان و
رستەیان پێک هێناو، وەک لە سەرەوە خستمانە روو، لێرەدا ئەگەر راناوی
کۆمەڵەی دووەم بچێتە سەریان رستە پێک دەهێنن، وەک:

- سەر بەرزم سەر بەرزین.

- سەر بەرزیت   سەر بەرزن.

- سەر بەرزە   سەر بەرزن.

لێرە دەرکەوت لەم رستانەی سەرەوە (ە)ی راناوی لکاوی کۆمەڵەی دووەم، کە بریتین لە (م، یت، ە، ین، ن، ن) رستە دروست دەکەن و (ە)ش راناوە، نەک مۆرفیمی کاتی ئێستا (فرمانی بێهێز، فرمانی ناتەواو، فرمانی یاریدەر)، ئەمە بێجگە لەوەی لەو رستانەدا، بەهیچ جۆرێک کات و روودانیان تێدا نییەو، رستەی ناوییان پێک هێناوەو راناوەکان بەهیچ جۆرێک لە ژێرەوە ئاوێتەی مۆرفیمی کاتی ئێستا نەبوونە و، جارێکی تر ئەوە دەهێنینەوە یاد کە فرمان خۆشی بە تەنیا ناتوانێت بەبێ راناوی لکاو دروست ببێت و، کات و روودان ببەخشێت، ئەمەمان لەمەو پێشەوە روونکردەوە.

ئەگەر (ە)ی رستەی (سەر بەرزە) کات بێت، دەبێت راناوی (م،یت، ین، ن،)یش کاتی ئێستا بن و فرمان بن، لە کاتێکدا پێویستە فرمان، لە رەگی چاوگەوە وەربگیرێت یا بڵێین لە مۆرفیمی بناغەییەوە، ئەم دۆخەو حاڵەتەش لە رستەکانی سەرەوەی کۆمەڵەی دووەمی راناوە لکاوەکانەوە بەدی ناکرێت کە رەگیان هەبێت لەم روووەوە، (ە)ش رەگی (بوون) و (هەبوون) نییەو راناوی لکاوەو ئاوێتەی کات نەبوونە لەگەڵ کەسەکانی تریشدا.

(ە)ی راناوی لکاوی فرمانی داخوازی:

(ە)ی راناوی کەسی، لە گەردانی کردنی فرمانی داخوازیشدا، بۆ کەسی دووەم بەدی دەکرێت و دەکەوێتە کۆتایی رەگی فرمانەکەوە کە بریتییە لە: پێشگری داخوازی+ رەگ+ راناوی کەسی دووەمی تاک/ یان کۆ: ب+ نووس + ە= بنووسە/ بنووسن

ئەگەر رەگی فرمانەکەش، بە بزوێن کۆتایی هاتبێت، ئەوا (ە) تووشی توانەوە

دەبێت، یا یەکێکیان دەمێنێ وەک: بکە.

لەم نموونەیەشدا (ە) نیشانەی کاتی ئێستا نییە و بەرامبەرەکەی لە کۆدا دەبێتە (ن)ی کەسی دووەم، ئەگەر (ە)کات پیشان بدات دەبێت (ن)ەکەش هەمان شت بێت، بەڵام راناوی کەسیین.

بە هەمان شێوەی (ە)ی راناوی لکاوی فرمانی داخوازی (ە) بە تەنیا لە فرمانی رابردووی تەواو، کە بریتییە لە (ووە/وە)، هەروەها (ە)ی سەر بەمۆرفیمی {ایە}ی نیشانەی کاتی فرمانی ئیلزامی نابێت، بە هەڵە تێکەڵ بکرێت، چونکە یەکەمیان راناوی لکاوی داخوازییەو، دووەم وسێیەم نیشانەی کاتن و، ناتوانرێت بە هیچ شێوەیەک (ە)کە، لەو دوو جۆرە کاتە، بە تەنیا داماڵرێت، تەنیا لە گەردان کردندا نەبێت کە راناوە لکاوەکان دەکەونە ناوەڕاستەوە بەم شێوە:

هاتووە ـــــ هاتوومە – هاتووینە

هاتوویتە هاتوونە

هاتووە هاتوونە

لە ئیلزامیشدا دیسان ناتوانرێت (ە)، لە [ایە] داماڵرێت و، بوترێت (ە) نیشانەو مۆرفیمی کاتی ئێستایە، چونکە ئەم دوو نیشانەیە، بریتین لە [ووە/وە]، [ایە] نەک (ە)، ئەگەڵ فرمانەکەشدا نەبن، ناتوانن کات ببەخشن و، لە فرمانێکیشدا دووکات پێکەوە کۆنابنەوە، وەک رابردووی تەواو+ کاتی ئێستا، چونکە لە رابردوودا، رووداوەکە رووی داوەو تەواویش بووە، ئیتر ئەم کاتی ئێستایە، لە کوێوە هات و قۆزرایەوە، با بڕوانینە ئەم رستەیە:

– زاگرۆس ئیشەکەی تەواو کردووە.

– زەردەشت چەند جارێک هاتووە بۆ لامان.

بە هەمان شێوە ئەگەر بڕوانینە ئەم رستەیەی کە فرمانەکەی ئیلزامییە دەبینین

کاتەکەی رابردووەو کاتی ئێستای تێدا نییە، وەک:

ئەگەر کارەکەی بکردایە وانابوو.

ئایا مۆرفیمی (ە)ی (هەیە) راناوە یا بۆکاتە

پێش ئەوەی هیچ بڕیارێک بدەین، پێویستە (هە) کە واتای «بوون» هەڵدەگرێت لەگەڵ کۆمەڵەی دووەمی راناوە کەسییە لکاوەکاندا گەردانی دەکەین بزانین چی روودەدات، ئایا کات و روودانی تێدایە با نموونە بهێنینەوە:

من هەم م هەین/ین

تۆ هەیت یت هەن/ن

ئەو هەیە ە هەن/ن

پێش هەموو شتێک فرمان، ئەوەیە لە گەردانکردندا رووداوێک لە لایەن، کەسێکەوە لە کاتێکی دیاری کراودا رابگەیەنێت، لەم رستانەی سەرەوە کات نییەو رووداو رووی نەداوە تەنیا ئەوە نەبێت، کە هەبوونی کەسێکە ئەو هەبوونە ئێستاو ئایندەو رابردووی تێدا بەدی ناکرێت، بۆیە (هە) فرمان نییە، شێوەکانی تریشی وەک (هەیە)، (هەن) هەمان شتەو وەک ئەوە وایە بڵێیت:

من قوتابیم ئەو قوتابییە، ئێمە قوتابین.

بۆیە ئەو رستانە بریتین لە: راناوی کەسی سەربەخۆ ئەرکی (نیهاد)ە و (هە) لەگەڵ راناوەکاندا گوزارە پێک دەهێنێت، ئەگەریش فرمان بێت چۆن دوو فرمان پێکەوە لە رستەیەکدا دەبن و فرمان لە شوێنی بکەر دەبێت.

بەڵام راستی مەسەلەکە، ئەوەیە رستەی فرماندارو رستەی بێ فرمان، بەبێ راناوی کەسی لکاو دروست نابن، واتە فرمان و گوزارە بەبێ راناوی کەسی لکاو، مەحاڵە ببنە فرمان و گوزارە، پاشان ئەگەر (ە) فرمان بێت ئەی چی لە راناوەکانی (م، یت،....، ین، ن، ن) دەکەین دەبێت ئەوانیش فرمان بن، بەڵام

ئەوانە راناوی کەسی لکاون و زۆر چالاکن لە رستە دروستکردندا، تەنانەت فرمانی رانەبردوو، فرمانی داخوازی بەبێ راناو هەر دروست نابن و تەنیا رەگێکی بێ واتان وەک: نووسین: دە (نووس)، دە (کە)، دە (خۆ) مۆرفیمی بێ کەڵکن، بەڵام بەهۆی راناوەکانەوە دەبنە فرمان وەک: [دەنووسم، دەکەم، دەخۆم، بخۆ] راناوی فرمانی داخوازی، ئەگەر رەگەکەی کۆتایی بێت بە بزوێن ئەوا راناوەکەی کە (ە)یە تێدەچێت یا لەگەڵ بزوێنی (ە)دا یەکێکیان نامێنێت. وەک: بکە.

باشە ئەگەر (ە) کورتکراوەی فرمان و چاوگی (هەبوون) بێت ئەی بۆچی لەو مۆرفیمی (ە)یەی چاوگەکە دەمە جیاجیاکانی فرمان دروست نابن؟!. یان لەو رستانەی کە (ە)دەکەنە فرمان وەک لە رستەی [هەیە، نییە، چییە، کامەیە] کوا کات؟ رووداوەکانیان وەک رووداوی فرمانی بەهێز لە روودانی: [کڕین، فرۆشتن، چوون، کردن، نووستن، خەوتن....]؟ هەروەها کاتیشیان تێدا نییە، ئەمە بێجگە لەوەی ئەو گوزارانە کەسەکانی سێیەمی تاکن و بریتین لە راناوی (ە)ی تاک و لە گەردانکردندا دەبنە:

نیم	نیین	چیم	چین	کامەم	کامەین
نیت	نین	چیت	چین	کامەیت	کامەن
نییە	نین	چییە	چین	کامەی	کامەن

دەبینین (ە) لەناو ئەو نموونانەدا، لە کەسی سێیەمدان و وەک کەسەکانی تر راناوی کەسین.

پاشان ئەگەر (هە) فرمان بێت، یا بەشێک بێت لە چاوگ و فرمانی [هەبوون، هەبوو] دەبێت بۆ هەموو دەمەکانی فرمان، لە رابردوو جۆرەکانی، رانەبردوو، داخوازی گەردان بکرێت، کەچی لە گەردان کردندا، بۆ دەمی رابردووی بەردەوام و رانەبردوو، داخوازی ئەو (هە)یەی لا دەچێت و ناتوانرێت لە گەڵیدا،

ئەو دەمـانەی بۆ گـەردان بکرێت، ئەمـە ئەوە دەگـەیەنێت، کـە [هە] وەک مۆرفیمێک بۆ هەبوونە (تملک) و لە ڕانەبردوو و داخوازیدا دەگۆڕێت بە (دە)ی ڕانەبردوو، (ب)ی داخوازی، لە ناویشدا [نە]یە؛ وەک:

پارەم هەبوو ـــــ پارەم دەبوو پارەم نەبوو.

هەمبوو ـــــ دەمبوو

بارم هەڵگرت ـــــ هەڵم گرت

لەم نموونانەدا، بە ئاسانی دەردەکەوێت کە (هە) لە ڕووی واتاوە پێشگرە، بۆ [هەیی] وەک پێـشگرێک، چاوگ یا فـرمـانی دارێژراوی بۆ دەمی ڕابردوو لە چاوگی سـادەی (بوون)ەوە دروست کـردووە، سـەیر لەوە دایە، ئەم پێشگرە وەک مۆرفـیمێکی وشە دارێژ (derivational prefix) لە دەمەکانی ڕانەبردوو، داخوازی نامێنێت، لێرەوە شتێک سەر هەڵدەدات کە (هە) وەک نیشـانەیەکی (هەیی) دەچێـتە سـەر بوون و لە کـوردیدا، هەیی دەگەیەنێت وەک چۆن (دە) بۆ بەردەوامیـیـەو (ب) بۆ داخـوازییـە، بەڵام (هە) لێـرەدا دەردەکـەوێت، لە ڕووی واتاوە نـاوی بنێین مـۆرفـیـمی یا پێـشـگری (هە)ی هەیی، بۆ ئەوەی بە تەواو پیـشـانی بدەین (هە) دەگـۆڕێت بە (دە) لە ڕانەبردووداو بە (نە)ش لـە دۆخی نەرێدا ئەم نموونانە گەردان دەکەین:

هەبوون:

من هەم	ئێمە هەین
تۆ هەیت	ئێوە هەن
ئەو هەیە	ئەوان هەن

نەبوون:

من نیم	ئێمە نین
تۆ نیت	ئێوە نین

ئەو نییە   ئەوان نین

دەبم   دەبین

دەبیت   دەبن   رانەبردوو

دەبێت   دەبن

ئەگەر (هە) کاتدار بێت، وەک (دە)ی بەردەوامی هەر لەبەر ئەوەی چۆتە سەر فرمان، بەهەمان شێوە دەبێت بڵێین، ئاوەڵفرمانەکانی وەک (نە، نا، نی)یش فرمان بن چونکە بەڕیز (دەچنە سەر رابردووو وکاتی داخوازی نەرێ، رانەبردوو) بە هەڵەش ئەوە لاسایی کراوەتەوە کە (نی) بۆ نەرێکردنی (نەفی کردن)ی کاتی ئێستایە وەک لە نموونەکانی (نەڕۆیشت، نەکەی، ناچم، نییە) راستییەکەی ئەو ئاوەڵفرمانانە بێ کاتن بەڵام ئەوەی وایان لێ دەکات پەیوەند بن بەکاتەوە (قەد و رەگی فرمانەکانە)و (ە)ش لە رستەی (نییە) فرمان نییە بەڵکو بریتییە لە [ئاوەڵفرمانی نەفی+ نیمچە بزوێن+ راناوی لکاو= بەم شێوەیە: [نی+ی+ە] هەروەک پیشانمان دان بۆ کەسەکانی تر دەبێتە:

روونکردنەوەی مۆرفیمی (ە) بەوەی راناوی لکاوە نەک فرمان

ژمارە	راناوی کەسی سەربەخۆ	ئاوەڵفرمانی نەرێ	راناوی کەسی لکاو		تاک و کۆ راناوی لکاو
تاک	من تۆ ئەو	نی نی نی	م یت ـە	من نیم تۆ نیت ئەو نییە	م/ ین یت/ ن ە/ن
کۆ	ئێمە ئێوە ئەوان	نی نی نی	ین ن ن	ئێمە نین ئێوە نین ئەوان نین	

خشتەی ژمارە (٣)

له سەرەوەش ئەو زیادانەی کە بەهۆی دەنگسازییەوە هاتوونەتە ناوەوە، وەک نیمچە بزوێنی (ی) لە (نییە) و، نەمانی دەنگی (ی) لە وشەی (نین)، چونکە هەردووکیان یەک دەنگن لەبەر ئەوە تووشی توانەوە بووە، ئیتر لە ناوو لەژێری ئەو راناوە لکاوانەوە هیچ شتێک وەک کەرەسەی رێزمانی خۆی حەشار نەداوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە لەگەڵ (ناو، ئاوەڵناو، راناو، ئاوەڵفرمان) وەک لەمەو پێشەوە لەم وتارە خستمانە پێش چاو هەمان راناوەکانی (م، یت، ە، ین، ن، ن) دەردەکەونەوە.

دیاردەی بوونی مۆرفیمی (ە) لە کۆتایی رستەوە نابێت هەر لەگەڵ فرمان و ئەو دۆخانەی کە تێیدا دەردەکەون وەک رابردووی تەواو، فرمانی رابردووی ئیلزامی بخرێنە پێش چاو بەڵکو لەگەڵ بەشەکانی تری ئاخاوتنیشدا روونکردنەوەی پێویستە.

پاشان چی وادەکات، بەهەڵە راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک، کە دەچنە سەر فرمانی رابردووی تێنەپەڕ، لە گرووپەکەی خۆی کە بریتییە لە (م، یت، ە، ین، ن،ن) دەربهێنین (١١)و بە ئارەزوو لە شوێنی کاتی دابنێین وەک نموونەکانی:

من کەوتووم	م	ئێمە کەوتووین	ین
تۆ کەوتوویت	یت	ئێوە کەوتوون	ن
ئەو کەوتووە	ە	ئەوان کەوتوون	ن

بە چی بەڵگە راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک دەتوانرێت، لە ریزی راناوەکانی سەرەوە جیا بکرێنەوە، کوا ئەو بەڵگە سەلمێنەرو دیارە، چی شتێک هەیە لە کەرەسەیەکی دەنگسازییەوە تاوشەسازی و رستە سازیش لەو شوێنەدا دیار و ئاشکرا بێت و ئەوە بسەلمێنێت کە (ە) لە [ئەوکەوتووە] مۆرفیمی کاتی ئێستا بێت، باشە ئەگەر (ە) کات بێت ئەی کوا راناوە لکاوەکەی کەسی

سێیەم، ئەگەر زۆریش نابەجێ و دوورە لە راستییەوە بلێین راناوەکە بۆشە (٥) چونکە ئەم راناوی (ە) بە لەگەڵ بەشەکانی تری ئاخاوتندا دەردەکەوێت و لە شێوەی کرمانجی سەروو بادینانی لێ دەرچێت ئەم راناوە بە ئاشکرا دیارە:

ئەز دچم ئەز کوردم

تو دچی تو کوردی

ئەو دچە ئەو کوردە

لە رابردووشدا دەرناچێت وەک: [ئەو کەوت] ئەوە دەگەیەنێت کە (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا بوونی نییە لە کوردیداو رستەکانی (مطلق)ن و خاسیەت و سیفەت و نەسەب دەگەیەنێت وەک ئەم نموونانە:

ئەو کوردە ـــــ خاسیەت ـــــ ئەو خەڵکی شارە

ئەو جوانە ـــــ سیفەت ـــــ زاگرۆس ئازایە

ئەو شوانییە ـــــ نەسەب ـــــ ئەو کەرکووکییە .

دارستان سامانی وڵاتە. دیاردەیەکی (مطلق)ە، لە حاڵەتی نادیاردایە.

ئێستاو ئایندەو رابردووی ئەو جۆرە رستانە هەریەکن و هەموو کاتێک دەگرنەوە، چونکە کاتی دیاری کراویان تێدا نییەو، بێ کاتن و کەسی قسەکەر (المتکلم) باسی کەس و حاڵەت و دیاردەیەکی نادیار (غائب) دەکات کە کەسی سێیەمەو یا باشتر بلێین ریزی ئەو باسکردنانە، پلەی سێیەمی قسەکردن دەگرێتەوە، بۆیە (ە) راناوی کەسی لکاوە بۆ سێیەمی تاکی نادیار (غائب).

پاشان بە چ مافێک (ی) راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی فرمانی تێپەڕ کە بریتین لە (م، ت، ی، مان، تان، یان) تایبەتن بە چوونە سەر فرمانی تێپەڕو بۆ هەییش (تملک- Possessive) لەگەڵ ناوو ئاوەڵناو و ژمارەدا بەکاردێن، لە ریزەکەی خۆی دەربهێنرێتە دەرەوە وەک: (١٢)

من ناردوو(م)- ە ئێمە ناردوو(مان)- ە

تۆ ناردوو(ت)- ە ئێوە ناردوو(تان)- ە

ئەو ناردوو (-)- ە تی ئەوان ناردوو(یان)- ە

ئەم نەخشەیەی سەرەوە، هەڵەیەکی زەقی تێدا کراوە، ئەویش ئەوەیە مۆرفیمی (ە)، بەبێ بەڵگەی سەلمێنەر، لە ریزی راناوە لکاوەکاندا دەرهێنراوەو، خاسیەتی کاتی ئێستای دراوەتە پاڵ و، ناکرێت و ناشێت، ئەم راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکە، لەو ریزە دەربهێنرێت، بە بیانووی ئەوەی کەسی سێیەم بۆشە (٥)، ئێمە لەمەوپێشەوە نموونەمان بۆ بوونی ئەو راناوە لە نموونەی جۆربەجۆری نافرمانیدا هێنایەوەو، بۆ (ە)ش لێرەدا بەشێکە لە نیشانەی کاتی رابردووی تەواو، کە بریتییە لە [ووە/وە] ناکرێت بەجیا پیشان بدرێت، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە تەنیا حاڵەتی گەردان کردنی فرمانەکە، لەگەڵ راناوە لکاوەکاندا گۆڕانی بەسەردا دێنێت، ئەویش بەشێکی نەپچڕاوە، لەو نیشانە تەواوەی {ووە} و لەلایەکی تریشەوە نابێت ئەوە لە بیر بکەین، کە راناوی کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ فرمانی تێپەڕدا بریتییە لە (ی) وەک نموونەی [ئەو ناردوویەتی] نەک [ئەو ناردووەتی] کە هەڵەیەکی زەقی دەنگسازی تێدا کراوە، ئەویش ئەوەیە کە (ی) راناوی لکاو ناتوانێت یەکسەر بەبێ ناوبژیوانی نیمچە بزوێنی (ی) بچێتە سەر، نیشانەی {ووە} بۆیە نیمچە بزوێن (ی) لە نێوان دەنگی (وو)ی درێژ (کەلێرەدا بەشێکی نیشانەی کاتە) لە نێوان (٥) نیشانەکە تەواوە، کە کە {ووە/وە} پەیدا دەبێت و، پاشان جارێکی تر نەبزوێنی (Consonant) (ت) نێوانی بزوێنی (ە) و (ی) راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک دەکات کە لەو جۆرە شوێنانەدا دەردەکەوێت و ناکرێت بە مۆرفیمێکی بۆش (Empty Morphem) دابنرێت چونکە بۆش نییەو (١٣) مەبەستی خۆی لەوێدا ئاشکرایە، کە هۆیەکی دەنگسازی ئەو راناوەی کەسی سێیەمی تاکی خستۆتە دواوەی فرمانەکە، لە تێپەڕدا (١٤) بەڵگەش بۆ

بوونی ئەم راناوە کەسییەی سێیەمی تاکی (ی)، لەگەڵ فرمانی تێپەڕدا (ی)یە نەک بۆش، کە بریتییە لە (م، ن، ی، مان، تان، یان).

لێرەدا بۆ بوونی پێویستی (ی) نیمچە بزوێن، لە ناومۆرفیمی (یتی)نەک (ووەتی) ئەم نموونەو دیاردەیە لە کوردیدا، کە بێجگە لە دەنگی نیمچە بزوێنی (و،ی) بۆ نێوان کردنی دوو بزوێن، دەنگی (ر)ی فلاپ (سووک) و دەنگی (ت)ی نەبزوێنە:

بیدورەرەوە، بیخۆرەرەوە.

با پێکەوە سەیری دەنگی (ر)ی نێوان بزوێنی (و،ە)ەو، نێوانی بزوێنی (ە،ە) لە وشە یەکەمداو دەنگی (ر) نەبزوێن لە نێوان بزوێنی (و،ە)ەو (ە،ە) بکەین، ئەمە ئەوەی سەلماند، کە دەنگی (ت) و (ر) دەوری جیاکردنەوەی بزوێن دەبینن لە زمانی کوردیدا، بە هەمان شێوەی نەبزوێنی (و،ی)، کە لە نموونەی وەک لە نموونەکانی: ئەو رۆیشتووەتەوە، ئەو سووتاوەتەوە دەردەکەوێت، با پێکەوە ئەم نموونانە بۆ کەسەکانیتری هەمان کۆمەڵی راناوی لکاو بهێنینەوە کە (ە)لە بنەڕەتدا (ەت) نییە بەڵکو دیاردەیەکی دەنگسازییە کە (ە)ی کردۆتە (ەت)، لە تێنەپەڕیشدا (ە)ی لکاو دەرناچێت:

من رۆیشتوومەتەوە

تۆ رۆیشتوویتەتەوە

ئەو رۆیشتووەتەوە یان ئەو رۆیشتۆتەوە

پاشگری دووەمی ئەو نموونانەی سەرەوە کە بریتی لە (ەوە) بۆ دووبارە کردنەوەی کردەوەی رووداوەکەیە، وەک: رۆیشتنەوە، سووتانەوە، کردنەوە... تاد.

ئەنجام

١- (ە) وەک مۆرفیمێک لە رستەسازیدا لە ناوەندی رستەوە دەبێتە جێگری ناو، ئامرازی پێوەندی، پاشکۆی ئامرازی پێوەندی وەک: من خەڵکی ئەم شارە نیم، هەروەها لە کۆتایی رستەوە، دەبێتە راناوی کەسی لکاوی کۆمەڵەی (م،یت،ە،ین،ن،ن)و هەروەها دەبێتە دروستکەری رستەی هەیی، وەک: سەرم بەرز(ە).

٢- (ە) لە کۆتایی رستەوە، رستەی ناوی دروست دەکات و، بە تەنیا هەر خۆی کات پیشان نادات و بەشێکە لە مۆرفیمی کات وەک (ووە/وە، ایە) لە فرمانی رابردووی تەواو و فرمانی رابردووی ئیلزامیدا، لە گەردانکردندا نەبێت تووشی کەرت بوون نابێن.

٣- فرمان خۆی بەبێ راناوی لکاو، تێنەپەڕەکانی لێ دەرچێت، بۆ کەسی سێیەمی تاک دروست نابێت، ئیتر (ە) خۆی چۆن دەبێتە فرمان، بۆیە راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکە.

٤- کۆمەڵەی دووەمی راناوە لکاوەکانی (م، یت، ە، ین، ن، ن) لەگەڵ وشەی نافرمانیشدا رستە دروست دەکەن وەک لەگەڵ ناو، راناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان، ژمارە.

٥- کۆمەڵەی یەکەمی راناوە لکاوەکان، تەنیا لەگەڵ فرمانی رابردووی تێپەڕدا رستە دروست دەکەن، کەچی لەگەڵ بەشەکانی تری ئاخاوتندا، بە تایبەتی ناو، راناو، ئاوەڵناو، ژمارە هەیی پێکدەهێنن نەک رستە.

٦- (هە)ی چاوگی (هەبوون)، کە واتای (بوون) هەڵدەگرێت، نیشانەی هەبوونە (تملک) لە زمانی کوردیدا و پێوەندی بەکاتەوە نییە، چونکە لەگەردانکردنی کاتە جیاجیاکانی فرمانی (بوون)دا بزر دەبێت، چونکە (هە) بە

تەنیا کات و ڕووداوی تێدا نییە.

٧- زۆربەی وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی، بەتایبەتی ئەوانەی کە بەبێ ناوگـر دروست دەبن وەک: سـەربەرز بەهۆی ڕاناوە لکاوەکـانی کـۆمـەڵەی دووەمەوە، ڕستە دروست دەکەن و بوونی ڕستەی ناوی دەسەلمێنن.

٨- هەمـان وشـەکـانی زنجـیرە (٧) ئەگـەر لەناوەندی وشـەکـەوە، کۆمـەڵەی یەکەمی ڕاناوەکان دەربکەون لە کۆتاییەوە (ە)ی ڕستەی هەیی دەردەکەوێت.

٩- (ە) لە مۆرفیـمی (هەیە)دا بریتـیـیە لە (ە) بۆ کەسی سێـیەمی تاک و (ی) نەبزوێنە نێوانی هەردوو (ە، ە)ی کردووە.

١٠- هیچ بەڵگەیەک نیـیـە، ئەوە بسـەلمێنێت کە لە ژێر کـۆمـەڵەی ڕاناوە لکاوەکـانی (م، یت، ە، ین، ن، ن)ەوە کـاتی ئێسـتـا هەبێت، دەرنەکـەوتنی ئەم (ە)یە لە تێنەپەڕی کـەسی سێـیـەمدا، نابێتـە هۆی ئەوەی لە کـەسی سێـیـەمی جۆرەکانی تری ڕابردوودا دەربکەوێت، بۆ بوونی نیشـانەی کات وەک لە نموونەی (ئەوهاتووە)، مۆرفیـمی (ووە)ی کات لەگەڵ (ە) لکاودا، چونکە لە یەک دەچن بوونەتە یەک، ئەگینا نیشانەی کات نییە.

١١- (ت) لەگەڵ (ە)دا یەک مۆرفیم پێک ناهێنن بە شێوەی (ەت)، بەڵکو دەنگی (ت) نەبزوێن ئەرکی دەنگسـازی بینیـوەو هەردوو (ە)یەکـان لە یەکـتـر جودا دەکاتـەوەو دەوری نیـمچە بزوێنی (و،ی) بینیوە، وەک دەنگی (ر) ڤلاپ (سوک) کە دوو بزوێن لەیەکتر جودا دەکاتەوە.

١٢- مۆرفیـمی (یەتی) بۆش نییە، بەڵکو هۆی دەنگسـازی وای لێکردووە، کە (ی) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک بکەوێتە دواوەی وشەکە.. ❖

پەراوێز و سەرچاوە

(١) سەعید صدقی کابان، مختصر صرف و نحوی کوردی، بەغدا، ١٩٢٨، ل ٦٥.

(٢) أ- بیروڕای نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، ١٩٧٦، ل ١٨٢.

ب- صادق بهادین، ڕێزمانا کوردی، بەغدا، ١٩٨٧، ل ٤٤٨-٤٥٠.

(٣) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بیروڕای مەسعوود محەمەد، ل ١٨٢.

(٤) أ/ صالح حوسێن پشدەری، کورتەیەک لەڕێزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٧١.

ب/ د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، جێناو، بەغدا، ١٩٨٧، ل ١٤٧.

(٥) د. شێرکۆبابان، گۆڤاری (رامان) ژمارە (٢٠) ڕێزمانی مۆرفیمی ئێستایی (ە)، ١٩٩٨، ل ١٧٢-١٧٥ نابێت دکتۆر شێرکۆ لەم بۆچوونەم زویر بێت، چونکە مەبەستم مەبەستێکی زانستانەیەو بەس من دەس خۆشی لێ دەکەم بۆ بەرهەمەکانی، ئەگەرچی بیروڕای خۆم هەیە لەبارەیانەوە بەتایبەتی لە کتێبی (ڕستەسازی و شیتەڵ کاری زانستی، ١٩٩٦، بەلای منەوە نرخی لەوەدایە، کە ڕێزمانی کوردی خستۆتە سەرزمانی بیسک، چونکە زانیارییەکانی هی نووسەرانی ترە).

(٦) ڕەفیق محەمەد شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا، ١٩٩٧، ل٧٤.

(٧) بڕوانە محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە تای تەرازووی بەراورددا، بەغدا ١٩٨١، ل ١٦٧.

(٨) بڕوانە بیروڕای مەسعوود محەمەد، سوڕێکی خامە بەدەوری راناودا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردی، ژ (١) بەغدا، ١٩٧٤، ل ١١١.

(٩) بڕوانە: رەفیق محەمەد، چاوگ و فرمان کامیان سەرچاوەو بنەڕەتن، وتارێکی دەسنووسە، بەڵام بەهۆیەوە لە مامۆستای یاریدەرەوە بوومە مامۆستا.

(١٠) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، جێناو، بەغدا، ١٩٨٧، ل ١٤٧.

(١١) صالح حوسێن پشدەری، کورتەیەک لە رێزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٧٢.

(١٢) د. شێرکۆ بابان، رێزمانی مۆرفیمی ئێستایی (٥)، گۆڤاری رامان، ژمارە (٢٠)، ١٩٩٨، ل ١٧٢- ١٧٥.

(١٣) بڕوانە سەرچاوەی (١١).

(١٤) وریا عومەر ئەمین، یاسایەکی فۆنۆلۆجی، کاروان، ژمارە (٢٠)،ل ١٩٨.

سەرنج و تێبینی دەربارەی چەند وتارێکی مامۆستا وریا عومەر ئەمین

بێگومان لێکۆڵینەوە کارێکی بەسوودو خزمەتی زانستە، دیواری ئەم زانستە ڕۆژ بەڕۆژ لەبەرز بووندایە، لێکۆڵینەوەی نووسەرانیش کەموکوڕی دەگرێتە خۆی، واتە بە هیچ شـــتـێـک یا بۆچوونێک ناتوانین بڵـێن تەواو ڕاست وبێ کـەم وکوڕییە، بەم پێشەکی یە کورتە دێمە ناو باسەکەمەوە کە بۆ نەهێشتنی کەم و کوڕی و ناتەواویی هەندێک وتاری مـامـۆسـتـا وریا عـومـەر ئەمـینە. لەبارەی «ئامرازەکانی بەستن»و ، کە لە گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ژمارە (٦٧)ی ١٩٨٤ لەلاپەڕە (٢٨-٣١) بڵاوکراوەتەوە.

مـامـۆسـتـا وریا لەم وتارەدا هاتووە یاسـای بەکـارهێنانی ئامـرازەکـانی بەستنەوەی لەڕستـەدا دەست نیـشـان کـردووە بەلایەوە (لەزمـانی کـوردیدا سێ ئامـرازی بەستن ((Conjunctionهەیە (ناوو ناو) و (ناوو ئاوەڵناو) لەناو چوارچێوەی ڕستەدا لەیەک دەدەن کە ئەمانەن (و-ی-ە) هەریەکە ئەرکی تایبەتی خـۆی هەیەو لە حـاڵەتێکی تایبـەتیـدا دەرئەکـەوێ»(بڕوانە ل٢٨) ئامـرازی بەستنەوەن، بەڵام ژمارەی ئامرازی بەستنەوە، لە زمانی کوردیدا هەر ئەم سیانە نین، بەڵکو هەموو ئەو ئامرازانە دەگرنەوە، کە دوو کەرەسەی زمان لەیەکتر دەدەن و، بەیەکتریان دەبەستنەوەو، کەرەسەی تازە پێکدەهێنن و دەوری جیاجیای ناو

ڕسته دەبێن له بکەر و بەرکار و بەرکاری ناڕاستەوخۆو تەواوکەری بەیاریدە، کە ئەم ئەرکەی دواوەشیان لای مامۆستا وریا دەست نیشان نەکراوە، ئەمجا بۆیە ئەم ئامرازانە دەکەونە نێوان دووکەرەسەوە، واتە دوو شت بەیەکترەوە دەبەستن هەموو ئامرازی پەیوەندی یەکان دەگرێتەوە وەک (و،ی،ە،بۆ،بە،لە،تا،ش/یش، لەگەڵ،لەتەک) کە هەر هەموو ئەم ئامرازانە، دەکەونە نێوان کەرەسەی جیاوازا و، بەیەکتریان دەبەستنەوەو گرێی ناویان لێ پێکدەهێنێ و هەندێکجار کەرەسەی تریش وەک (گرێی ئاوەڵناوی، گرێی ئاوەڵفرمانی) پێک دەهێنن، جۆری دووەم ئامرازی لێکدەرە کە ئەمانەن (و،ش،یش، یان،یان،بەڵام، کەچی،ئەگینا ،ئەمجا ، هەم ،هەم،نە-نە ،ش--ش،چ-چ) کە ئەمانەش دوورستەی سادە لەبواری رستە دروست کردندا، بەیەکتری دەبەستنەوەو، ڕستەی لێکدراو پێکدەهێنن بۆ مەبەستی جیاجیا. جۆری سێهەمیش ئامرازی گەیەنەرە، کە ئەمانەن (کە ،کەی،کاتێک کە ، هەکە ،هەرکە ،هەرکەس، هەرکێ،هەرجار،چونکە ،ئەگەر،بۆیە تا ،هەرچی،هەرچەندە،کەواتە ،لەگەڵ ئەوەشا ،پاش ئەوەی،لەوەتەی (لەوەتی) ،ئەوەندەی کە، زیادلەوەی کە...)(١) کەئەم جۆرە ئامرازانەش دەکەونە تەک ڕستەی سادەوەو دەیان کەن بە لاڕستەو (الجمله التابعه Subordinateclause بەشارستە بۆ مەبەستی جۆر بەجۆر دەیان بەستنەوە، واتە ئەمانەش کارکردنیان لە زمانی کوردیدا بە تەنهانین. ئێمە لێرەدا باسی جۆری دووەم و سێیەم ناکەین، کە ئامرازی لێکدەرو ئامرازی گەیەنەرن، بەڵکو تەنها باسی جۆری یەکەمیان کە ئامرازی پەیوەندییە دەکەین، ئەم ئامرازە پەیوەندییانە هەموویان دەوری بەستانەوەی دووکەرەسەی ناو رستەیان هەیە.

لەپاشاندا ناوبراو، یاسای ئەو سێ ئامرازەی بە ناتەواوی خستۆتەڕوو، چونکە پێجگە لەبەستانەوەی (ناوو ناو)، (ناوو ئاوەڵناو) ئامرازی (و)ی

پەیوەندی (ناوو ڕاناو)یش بۆ پێکهاتنی گرێی ناوی لە دەوری جیاجیای ناوڕستەدا دروست دەکات وەک:

من و ئارام هاتین (بکەر)

من و ئالآی دیت (بەرکاری ڕاستەوخۆ)

بە من و ئالآی وت... (بەرکاری ناراستەوخۆ) کە ناکرێ دەوری (ڕاناو) لەم یاسای بەستانەوەی ئامرازی (و)ە بۆ بەشداری فەرامۆش بکرێت،چونکە ناوو ڕاناو دوو شتی جیاوازن و دوو بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆن و ناکرێ یاسای دووەمیان پشت گوێ بخرێت و بوترێت پێویستە بە نیشاندان و باسکردنی ڕاناو لەم یاسایەدا ناکرێت، چونکە ناوو ڕاناو وەکو یەکن ڕاستێکەی وانییە دووکەرەسەی جیاوازی ئاخاوتن.

پاشان مامۆستا وریا دەبوایە هێمای بۆ بەستانەوەی (ڕاناو+ڕاناو) بەهۆی ئامرازی (و)ی بەشدارییەوە بکردایە وەک ئەم نموونانە:

ڕاناو+ئاپ (و)+ڕاناو (ئاپ: ئامرازی پەیوەندی)

-من و تۆ هاتین (بکەر)

-من و تۆیان دیت. (بەرکاری ڕاستەوخۆ)

-بە من و تۆیان وت. (بەکاری ناڕاستەوخۆ)

مامۆستا وریا لە خستنە پێش چاوی یاسای دووەمیدا نموونەی بۆ (ناو+ئاوەڵناو)بە هۆی ئامرازی (و) نەهێناوەتەوە وەک:

ئاغاو بۆرە پیاو هاتن. (بکەر)

لە ئاغاو بۆرە پیاو مەپرسە (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

ئاغاو بۆرە پیاوم بینی. (بەر کاری ڕاستەوخۆ)

هەروەها ئامرازی بەستنەوەی (و)ی پەیوەندی گرێی ناوی لە (ئاوڵناو+ئاوەڵناو) لە دەوری جیاجیادا پێکدەهێنێت، وەک)

ئاوەڵناو+و+ئاوەڵناو=ڕستە

-پاک و پیس هاتن. (بکەر)

- بە پاک وپیسم وت. (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

-پاک وپیس بگرە. (بەرکاری ڕاستەوخۆ)

یاسایەکی تری ئامرازی (و)ی بەشداری لە بەستانەوەی کەرەسەکانی ناو ڕستەدا بریتییە لە:

ئاوەڵفرمان+(و)+ئاوەڵفرمان(٢)

-بان و بنی خواربۆتەوە. (بکەر)

-بان و بنیم بەست. (بەرکاری ڕاستەوخۆ)

-بە بان وبنیدا ڕۆیشتم. (گرێی ئاوەڵفرمانی شوێن).

-سەروو خواریم بەست. (گرێی ناوی شوێن (بەرکاری ڕاستەوخۆ)

مامۆستا وریا لە باسی ئامرازی بەستنەوەی (ی) دا دەڵێ: لە لایەکی ترەوە ئەو ناوانەی بە (ی) لێک ئەدرێن پەیوەندی یانم لەگەڵ یەکتردا لەسەر بناغەی هەیی دایە ((Possessive ... بڕوانە لاپەرە: (٢٨) ڕاستە (ی) هەیی پێشان دەدا، لە بەستانەوەی دووکەرەسەدا، بەڵام بێجگە لە دەوری هەیی دەوری چۆنیەتی و جۆریش لەوێدا دەبینێ، نموونەکەی مامۆستا وریا بەم جۆرەیە:

-برای مامۆستای کوڕی خوشکم هات.

-من برای مامۆستای کوری خوشکم ئەبینم.

-من نامە بۆ برای مامۆستای کوڕی خوشکم ئەنێرم.

ڕاستە لێرەدا ئامرازی بەستنەوەی پەیوەندی(ی) دەوری هەیی بینیوە، بەڵام مامۆستا وریا ئەوەی ڕوون نەکردۆتەوە لە کوێدا ئەم دەورەی هەیە، یا باشتر بڵێین هەستی بە جۆرەکانی تری ئەم ئامرازە لەو ئەرکانەیدا نەکردووە کە لەزمانەکەدا دەیبینێ وەک: لەلێکدانی ناوی بەرجەستە (شت) دەوری چۆنیەتی

و جۆر دەبینێ وەک:

-بازنی زێرم کڕی . بۆ (جۆر)ە.

-مەسینەی نایلۆنم کڕی (جۆرو چۆنیەتی) لە لێکدانی ناو+ئاوەڵناو ئەم (ئامرازی (ی) یە دەوری وەسفی هەیە لە بەستانەوەی کەرەسەکانیدا وەک:

- کچی جوانم دیت. (وەسف)یە.

-شەوی تاریک ناخۆشە (وەسف)یە.

کەچی ناوبراو تەنها (هەیی) خستۆتە ڕوو. کەدەبوایە ئەمەش ڕوون بکرێتەوە ئەگەر ناو خرایە سەر ناوو ڕاناوی کەس و شوێن ئەوا ئەوسا دەوری بەستانەوەی (هەیی) دەبنییێت وەک: نموونەکەی خۆی لە سەرەوەدایە، بەڵام من ئەم نموونەیە دەهێنمەوە وەک:

ناو+ئامرازی (ی) +ناوی کەس وشۆین و ئەندامی لەش وەک: شیعری گۆران بەرزە. (هەیی) گرێی ناوییە: دایکی ئاریان هات.

چیای خاڵخاڵان و پیازی عەودالان بەناوبانگن.

هەمان یاسا لەگەڵ ڕاناودا، هەیی دەبەخشێت، کە مامۆستا وریا ناوی نەبردووە، وەک: ناو+ڕاناو=رستە

سۆزی من سۆزێکی نیشتمانی یە. (گرێی ناوی)

تیشکی چاوی تۆ ئارامی گیانە. (گرێی ناوی)

کە ئەم گرێ ناوی یە وەڵامی پرسیارێکە بە هۆی جێناوی پرسی (کێ) بۆکەس و (کوێ)ی شوێن و (چی) یەوە دەکرێت و، تەنها هەیی یەکە بۆکەس و شوێن دەبێت (٣).

لەناوو ئاوەڵفرمان، گرێی ئاوەڵفرمانی دروست دەکات و، چۆنیەتی ڕوودانی فرمانەکە دیاری دەکات وەک:

-کاری بەپەلەو خێرا ئەنجامی باش نابێت.

-کاری بەپەلەی خێرا باش نییە.

لە کـۆتایی لاپەڕە (٢٨)دا ئەوەی ڕاگـەیاندووە کـە ئـەگـەر (ناوەکـە ئـامـرازی پێناسینی (ەکە)ی لەگەڵا بێ ناوەکە بە ئاوەڵناوی یەکەم و ئاوەڵناوی تر بە هۆی ئامرازی (ە) بەستنی (ە)ەوە لێک دەدرێن، ئەمەڕاستە وەک نموونەکانی خۆی:

درەختە سەوزە بەرزەکە...

بەوەی (ەکـە) ناسراوی دەچێتـە کۆتایی یەوە، بەڵام یاسـاکـەی (ناتەواوی) گرتۆتە خۆی بەوەی (ناو+ئاوەڵناو+ەکە)، کەچی دەبینین ئەم ئامرازی بەستنی (ە) پەیوەندی یە یاسای لێکدانی تریشی هەیە وەک:(٤)

ناو+(ە)+ئاوەڵناو+نیشانەی ناسراوی+ئاوەڵناوی تر.

-گوڵە سوورەکە جوانە

ناو+(ە)+ناو+ەکە=

-کتێبە مێژووە کوردییەکەم بینی (بەرکاری ڕاستەوخۆ)

-بە جلە کوردییەکەوە هەڵپەریم. (بەرکاری ناراستەوخۆ)

-کتێبە مێژووە کوردییەکە کەوتە بازاڕەوە. (بکەر)

مامۆستا وریا لە کۆتایی لاپەڕە (٢٩)دا دەڵێ: «ئامرازی پێناسینی (ەکە) و نەناسین (ێک) و (ڕاناو نیشـاندان)... هەرگیـز هیـچ کامێکیـان لەگەڵ ئەوانیتـرا دەرناکـەوێ(٥) راسـتـی بۆچوون ئەوەیە دوانیـان پێکەوە وەک لەم نموونانەدا دەردەکەن: وەک کۆبوونەوەی (ڕاناوی نیشانە) و (نیشـانەی ناسراوی) (یەک) و (ەکە):

-ئەوە کوڕێکی چاکە.

-ئەوە کوڕە باشەکەی باوکێتی.

دوای ئەمـە دێمـە سـەر ئەوەی، کـە هەروەکـو لە سـەرەتاوە، وتمان ئـامـرازی بەسـتنەوەی هـەر ئـەو سـیـانـە نین، واتـە (و،ی،ە) بـەڵـکـو

(بۆ.بە،لە،تا،ش/یش،لەگەڵ،لەتەک)(٦) یش ئامرازی بەستنەوەن و هەمان دەوری ئەو سێ ئامرازەی (و،ی،ە) دەبینن وا لە خوارەوە دوای پێناسە کردنی ئامرازی بەستنەوە دەورو یاسایان دەخەینە ڕوو.

ئامرازی بەستنەوە هەموو ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە، کە دەکەونە نێوان دوو کەرەسەی وەک یەک و جیاوازی بەشەکانی ئاخاوتنەوەو بەیەکیانەوە دەبەستن و کەرەسەی تازەی لێوەپێکدێت، لە گرێی ناوی، گرێی ئاوەڵناوی، گرێی ئاوەڵفرمانی و تەنانەت گرێی فرمانیش دروست دەکەن و وەکو ئامێرێک چۆن جێبەجێ کردنی کارێکی پێ ئاسان دەکرێت و یا بەهۆیەوە کار ئەنجام دەدرێت ئەم ئامرازانەش کاری ئاخاوتن بەهۆیانەوە ئەنجام دەدرێت و ڕستەی زمانی پێ ڕێکدەخرێت و دەبنە هۆی لێکدانی بەشەکانی ڕستەو جۆرەکانی ڕستە.

ئامرازی بەستنەوەی «تا» و، یاسای لێکدانی.

١- أ. ناوی کات+ئاپ+ناوێکی تری کات=گرێی ئاوەڵفرمانی ماوەی کات وەک: من شەو تا بەیان ناخەوم.

ڕۆژ تا ئێوارە دەسووڕێمەوە/ (ماوەی کات).

ب. ناوی شوێن+ئاب(تا)+ناوێکی تری شوێن=گرێیە ئاوەڵفرمانی شوێن.

-چیای خاڵخاڵان تا کەرکووک هەواری لەبیرنەکراوی ئێمەیە-ماوەی شوێن

-سلێمانی تا کەرکووک ١١٠ کیلۆمەترە.

-شار تا شار جیاوازی هەیە. (بەراورد دەگەیەنێ لە نێوان دوو شوێن) ئەم ئامرازە بە ئامرازی پەیوەندی (بە)ی پەڕگر(٧) فراوان دەکرێت وەک:

-بە شەو تا بەیانی دەخوێنمەوە.

-سمکۆ لە شنۆوە تا سەلماس چالاکی دەکرد.

لێرەوە تا مەککە سۆفی سەریەڵەکە.

ئامرازی (ش/یش)ی پەیوەندی: ئەم ئامرازە ناوو ڕاناو یا ڕووداوێکی

نادیار بە بەشی دووەمی ڕستەکەوە، کە گرێی فرمانی یە دەبەستێتەوە، ئەمجا ئەو شتە نادیارە، بەلاّم راستێکەی هەست بەبوونی ڕووداوەکەی، یا هەواڵەکەی دەکرێت بۆ نموونە کەوەتمان:

زاگرۆسیش هات.

زەردەشتیش ڕۆیی.

مانای وایە بێجگە لە زاگرۆس، کەسێکی تریش هاتووەو ڕۆیشتووە.

لێرەدا هەواڵ وکەسە دیارەکەی بە نادیارەکەوە بەستۆتەوە، نموونەی تر:

-قالەش پیاوە. واتە قالەش لە ڕیزی پیاوەکانی تر دادەنرێت.

- بە خۆڕایی لێکیش دەبین. واتە من و تۆ لەیەکتر دەبین.

بۆ ڕاناو:-ئەویش هاتەوە

-تو خوا تۆش پیاوی.

یاسای تر: ناو+ئاپ(ش/یش)+ئاپ(و)+ناوو دۆخی دووەم

-نوێژیش و دزیش دەکات(دوو شتی نەگونجاون).

-کاسبیش و خوێندنیش دەکات.

ئامرازی پەیوەندی (بە): ئەم ئامرازە چۆن دەکەوێتە پەڕی ناوو ئاوەڵفرمانی ناو ڕستەکانەوە ئاواش دەکەوێتە نێوان دوو کەرەسە پێکەوە دەیان بەستێتەوە.

ناو+ئاپ(بە) وەکو ناوگر+ئاوەڵفرمان(گرێی ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی):

-قسە بە درۆ ناکرێت

-ماڵ بە ماڵدەگەڕێم. (بەردەوامی شوێن دەگەیەنێت)

-شار بە شار هاتەوە. (بۆ بەراوودی دوو شوێنە)

-منداڵی بە گوڕم خوشدەوێت. (گرێی ئاوەڵناوی یە).

ئامرازی (لە)ی پەیوەندی بۆبەستنەوە.

هەمان یاسای (بە) کە لەسەرەوە خستمانەڕوو:

ناو+ئاپ (له) وەکو ناوگر+ئاوەڵفرمان (گرێی ئاوەڵفرمانی کاتی).

-تاریکایی مانگ له ئێوارەوە دیارە. (گ ئاک=گرێی ئاوەڵفرمانی کات)

-زۆر لەکەم باشترە (بەراوردە)

ئامرازی(بۆ) بۆ بەستانەوەی دوو کەرەسە:

ناو+ئاپ(بۆ) وەکو ناوگر+ناوی تر

-نان بۆ نانەوا چاکە. (گرێی ناوییە)

-گوشت بۆ قەساب دانراوە. (گرێی ناوییە).

-شتەکان بەمن بوون. (گرێی فرمانییە)

-بزمارەکەم بە چەکوش هەڵکێشا. (بۆهۆیە)

دیاردەیەک هەیە، ئەگەر ئامرازی پەیوەندی (بۆ)ی بەستنەوە هێڵی خرایە سەر لە ڕستەی فرمان تێپەڕا، دەبێتە جێناوی پرس، یا باشتر بڵێین وەکو جێناوی پرسی لێدێت نموونە:

-کتێبی بۆ کڕی؟ (بۆ-جێناوی پرسە بۆ هۆ)

-کتێبی بۆ کڕی. (بۆ-ئامرازی پەیوەندی یە کەپێناو، رستەی هەواڵییە)

دەگەیەنێت و هێزی دەربڕینی رستەکە ((intonation کەوتۆتە ئەم لاو ئەولای تێکڕای رستەکەو بۆ-بۆتە ئامرازی پەیوەندی (لأجل-لەپێناو).

. بەکار هێنانی ئامرازی بەستنەوەی پەیوەندی (بۆ.بە.له) لەگەڵ جێناودا، واتە دەتوانن دووجێناو وەکو ناو ببەستنەوە، نموونەو یاسا:

جێناو+ئاپ+جێناوی تر:

-تۆ بۆمن باشیت.

-تۆ بە من ناوێریت.

-تۆ له من چاکتری.

ئامرازی (لەگەڵ) ئەتوانێ دەوری ئامرازی (و) له پێکهاتنی گرێدا ببینێت،

کـه بەشـداری دەگـەیەنێت و، وەک (و) بەڵام هەرچی ئامـرازی (لەگـەڵ)ە بە پێچەوانەی ئامرازی (و)وە ئەو گرێ پەیوەندییەی (-Phrase Preposition al) دروسـتی دەکـات، لە رووی کـەس و ژمـارەوە، بەپێی دەربڕینی رێکەوتن (Agreement, Concord) بکەری رستەکەی لەگەڵ فرمانەکەیدا رێک ناکەون(٦) نموونە:

- زاگرۆسی برام لەگەڵ زەردەشتی هاوڕێیدا هات. (رێک ناکەوێت)
- زاگرۆسی برام و زەردەشتی هاوڕێی هاتن. (رێکەوتوون)
- زاگرۆس لەگەڵ زەردەشت هات.
- زاگرۆس و زەردەشت هاتن.

پاشان پێویستە ئەوە بوترێت، مامۆستا وریا سێ وتاری ناوەڕۆک نزیکی، بە سێ نـاونیـشـانی جـیـاواز بڵاوکـردۆتەوە، وەک ئامـرازەکـانی بەستن، بناغـەی سـادەترین رسـتـەی کـوردی رۆشنبـیـری نوێ، ژمـارە (١١١) سـاڵی ١٩٨٦، لێکدانی وشـەکـان رۆشنبـیـری نوێ، ژمـارە (١١٨) ١٩٨٨ ئەم سێ وتارە، زۆربەی باسەکانی تیایە، دووبارە کراونەتەوە بە تایبەتی لە بارەی بەکارهێنانی ئامرازی بەستنی، (و، ی، ە)ەوە، کە ئەمە شتێکی نازانستییە، یان دەکرا لەژێر ناونیـشـانێکی تر پێکەوە بڵاوبکرێتـەوە، یا ئەو باسـایانەی دووبارەن توخنی نەکەوتایە، بەتایبەتی وتاری لێکدانی وشەکان و ئامرازەکانی بەستن یەک باسن (بڕوانە وتارەکان خۆیان) ئەگەر جیان، دەبوایە باسەکەیان هەریەکەی لەمەودای خۆی بوونایە، یا دەکـرا یەکـێکیـان، بۆ ئەرکی ئامـرازی بەسـتنەوەی (و، ی، ە) بوایە لە بارەی وشەسازییەوە بەناوی لێکدانی وشەکـان و دووەمـیـانیش وەکـو باسەکەی خۆی بۆ رستەسازی بێت.

(بڕوانە وتاری ئامرازەکانی بەستن)

پاش ئـەمـە لە لاپەڕە (١١٧)ی وتاری بناغـەی سـادەترین رسـتـەی کـوردی

ڕۆشنبیری (١١١)دا هەڵەیەکی زەق و دیاری تۆمارکردووەو دەڵێ «دە پیاوێکی زۆر ئازا لەگەڵ..» لێرەدا نەدەبوو ئەم هەڵەیە بەتێکەڵ کردنی ناوی ژمارە لەگەڵ ناوێک بەکاربهێنێت، کە نیشانەی نەناسراوی لەگەڵدا بەکارهێنرا بێت وەک (دە پیاوێکی) چونکە لە زمانی کوردیدا، دوو جار ناو دیاری ناکرێ و ناناسرێت، چونکە ژمارە بکەوێتە تەک ناوەوە مانای وایە ناوەکە دیارکراوە واتە چەند پیاوە؟ لە وەڵامدا دەڵێی (دە پیاو) ئەگەر وتت (دە پیاوێکە) واتە دوو جار دیاری کرا کە ئەمە لەگەڵ یاساو دەستووری ڕێزمانی کوردی ناگونجێت، ڕاستێکەی دەشێ و دەکرێ بڵێین:

- دە پیاوی زۆر ئازای لەگەڵ خۆی هێنا. یا - هەشت نۆ پیاوێکی زۆر ئازای ... ئەم ڕستەیەی دواوە ڕاستترە چونکە ژمارەکان (هەشت و نۆ) دیاری نەکراون بۆیە نیشانەی نەناسراوی (یەک «ێک»)ی لەگەڵدا بەکاردێت، بەڵام چونکە هێشتا نەزانراوە (هەشت پیاو یا نۆ پیاو)ن کە دیار کراون، ئەوسا کە لەگەڵ نیشانەی ناسراوی یەک دەشێ بەکاربهێنرێ بەڵام ئێستا هەڵەیە هەردووکیان پێکەوە واتە(ناوی ژمارە)، (نیشانەی نەناسراوی) لەگەڵ ناوێکدا پێکەوە بەکاربێن. چونک نەزانراوە ژمارەکە هەشتە یا نۆیە، بۆیە لەگەڵ (یەک)دا، بەکاردێ، بۆ ئەوەی ڕاستی ڕێزمانی و ناڕێزمانی ئەو بەکارهێنانە ڕوون بێتەوە ئەم نموونانە دەهێنینەوە:

دەشێ بڵێین: نۆ منداڵی هەیە.

هەشت سەرمەڕی کڕی.

بیست ویەک کتێبی هەیە.

ژمارە ناوەکانیان دیاری کردووە بێ نیشانەی ناسراوی.

ناشێ بڵێین: نۆ منداڵێکی هەیە.

هەشت سەرِ مەڕێکی کڕی.

بیست ویەک کتێبێکی هەیە.

ناکرێ دووجار دیاری بکرێن، جارێک بەهۆی نیشانەی (یەک)ەوە هەروەها بەهۆی ژمارەکەشەوە. کەپێکەوە بێن واتە ژمارەو نیشانەی نەناسراوی.

لە کۆتایی ئەم سەرنجانەمدا کە دەربارەی ئەو سێ وتارەی سەرەوە بوو دەکرا بە یەک وتار، هەرسێکیان باسکرانایە، نەک بە سێ وتاری ناونیشان جیاواز، ئەگەرچی (لێکدان و بەستن)، لە رێزمانـدا تا رادەیەک یەک شت و واتان، ئەمجا بەهۆی ئامرازەوە بێت یا بێ ئامراز، ئەگەرچی لێکدانەوەکەش، جاری وا هەیە، بەهۆی کەرەسەکەیەوە دەبێت و کەرەسەیەکی تازە دێتە کایەوە.

پاشان لە زۆربەی وتارەکانیدا، مامۆستا وریا، تەنها بە زۆری وتارەکانی خۆی دەکاتە سەرچاوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە بڕوای بە لێکۆڵینەوەی کەسانی تر نەبێت، ئەمەش شتێکی نازانستییە، سەیر ئەوەشە ئەو زۆر باوەڕی بە زانستی زمان و (نامطلق) هەیە. بۆ ئەم بۆچوونەم.

هەموو سەرچاوەی وتارەکانی خۆی دەکەمە بەڵگەی بۆچوونەکانم کە لە کۆتایی وتارەکانیەوە دیارن بۆ نموونە: (بڕوانە: وتاری لێکدانی وشەکان ل٣٧، بناغەی سادەترین رستەی کوردی، ل١٨٩ی) رۆشنبیری نوێ.

ناوبراو لە وتاری «پاشبەندەکان» کە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کورد ژمارە (١٥)ی ساڵی ١٩٨٦ بڵاوی کردۆتەوە باسی ئەو ئامرازە پەیوەندییانەی کردووەو خۆشی کە پاشکۆیان بەدوادا دێت و ئەوەشی رایگەیاندووە، کە نووسەران و خۆشی لەسەر ئەو رایەن کە (بۆ، بە، لە، تا، وەک، بێ) بە واتە: پاشبەندەکان – (١٨٤) ئامرازی پەیوەندین، راستی مەسەلەکە، ژمارەی ئامرازە پەیوەندییەکان، لە زمانی کوردیدا ئەمانەن (بۆ، بە، لە، تا، و، ی، ە، ش/یش، لەگەڵ، لەتەک)(٤)و (وەک، بێ) ئامرازی پەیوەندی نین وەکو مامۆستا وریا بۆی چووە، یەکەمیان «وەک» ئامرازی

لێکچوواندنەو دوومیان کە «بێ» یا «بەبێ»یە ئامرازی بێجگەن، واتە «ادوات الاستثناء». پاشان لە وتارەکەیدا ئەوەی ڕاگەیاندووە،کە ئەم وتارەی تەنیا توخنی ئەو ئامرازە پەیوەندییانە دەکەوێت کە پاشبەندی post position یان بەدوادێت و بەلایەوە (بۆ،بە،لە)ن.

ئەمە ڕاستە کە ئەو سێ ئامرازە پاشکۆیان هەن، بەڵام نەک وەکو مامۆستا وریا، تەنها ئەو پاشکۆیانەی خستۆتە ڕوو کە دەکەونە دوای فرمانەوە بۆیە لەم ڕووەوە، دەڵێ «هەموو ئەو پێشبەندانەی کە لەگەڵ ئەو جۆرە فرمانانە دەردەکەون، کە چەمکی گوێزانەوە دەگەیەنن patívecase وەک چوون بۆ... دان بە... هتد) دەشێ پێشبەندەکە، بە پاشبەندی فرمانی (ـە) جێگیر بکرێ» بڕوانە: ل(١٨٢) وەک:ئێوە هاتن بۆ سلێمانی-ئێوە هاتنە سلێمانی».

ئەم بۆچوونەی بۆشایی تێکەوتووە، چونکە یا دەبوایە بیوایە ئەم وتارە تەنها ئەو پێشبەندانە دەگرێتەوە کە دەکەونە دوای فرمانەوەو وتارەکەی «هەوڵدانە بۆدەست نیشان کردنی یاساکانی دەرکەوتنی ئەم پاشبەندەو، قاڵبە جیاوازانە، کە ڕێزمانی کوردی هێشتا چارەسەری نەکردوون) (بڕوانە:ل١٨٢:٢) دەبوایە بیوتایە ئەوانەی دەکەونە دوای فرمانەوە، چونکە دۆخی تریشیان هەن، کە چارەسەرنەکراون و لەگەڵ فرمانیشدا نایەن، کەواتە بۆیە وتارەکەی، جێگای سەرنج و تێبینی دەربڕینە، بۆ ئەوەی وەکو خۆی دەڵێ کەم و کوڕی نەهێڵین.

ئەم نموونانە دەهێنمەوە بۆپاشکۆی ئەوسێ ئامرازەی (بۆ،بە،لە) کە دەکەونە دوای وشەی تری بێجگە لەفرمانەوە؛ وەک:

-بۆ لاوە بڕوانە بۆ-وە (بزوێنی(٥) بە هۆی (١)ەو قرتاوە.

-بۆ بانەوە دەچم... بۆ- ەوە، لێرەدا کەوتۆتە دوای ئاوەڵفرمانەوە، ڕاستێکەشی ئەوەیە پاشکۆی ئامرازی (بۆ تەنها لەگەڵ ئاوەڵفرماندادێت کە بەزۆری شوێن دەگرێتەوە.

بە-ەوە: بە مامۆستاوە وەرن.

بە توێکڵەوە بیخۆ

بە بارەوە هاتەوە.

بۆ لەگەڵبوون وچۆنیەتی یە.

تاریکایی مانگ بە ئێوارەوە دیارە.

بەدەستییەوە دەگرێت.

بە-دا: بە ناخی زەویدا دەڕۆمە خوارەوە.

بەخۆدا دێمەوە. پێوەبوون و نووسان بۆهۆی دیاری کردنی شوێن.

لە-ەوە:لە ئێوارەوە دەخوێنم/سەرەتای کات

لە دڵمەوە خۆشم دەوێت،/شوێن

لە کەرکووکەوە هاتووم،/سەرەتای شوێن

لە-دا: لە قوتابخانەدا دەخوێنم/دیاری کردنی شوێن

لە شەودا دەبینم/دیاری کردن کات

دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە ئامرازی پەیوەندی (بۆ،بە،لە) کاتێک بەرکارە ڕاستەوخۆکەی فرمانی ڕستەکە جێگیر بکرێت، بە ڕاناو ئەو کاتە شێوەکەیان دەگۆڕێت بە (پێ.تێ،لێ) و دیسانەوە پاشکۆیان لەدواوە دەردەکەوێت، کە لای مامۆستا وریا ئەمە باسی لێ نەکراوە، نموونەی ئامرازەکانی (بۆ،بە،لە) دوای جێگیر کردنی بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەی فرمان تێپەر:

بە-بێ پاشکۆ: بە ئازادم وت. بەپارە کڕیم-پێم کڕی

پێ-بێ پاشکۆ: پێم وت.

بە-ەوە پێ-وە: بە ئالادا ناردم- پێمدا نارد- بێدا نارد.

وێنەکەم پێوە هەڵواسی.

لە-دا لێ-داتێ-دا: لە-لێم دا. تێیدابوو.

لە-ەوە لێ-وە: پارەکەم لێیانەوە وەرگرت.

لە-دا-لەناو بەلەمدا بینیم-تێیدا (تیادا) بینیم.

لە-بێ پاشکۆ: وەک:کتێبەکەم لە زاگرۆس سەند.

لێ-بێ پاشکو: کتێبەکەم لێ سەند.

تێ: چاکەم تێکرد- تێمکرد.

بۆ: ئامرازێکە تەنها لەگەڵ ئاوەڵفرمانی شوێنیدا، پاشکۆ وەردەگرێت و، شێوەی وەکوخۆی دەمێنێتەوەو ناگۆڕێت تەنها لەگەڵ ناوی شوێندا، دەگورێت بە (ە): دەچم بۆکەرکووک-دەچمە کەرکووک.

بۆ-ە: بۆ لاوە هات-بۆ تەنیشتەوە هات.

دەبێت ئەوە بزانین ئەم ئامرازە جێگیر کراوانە ئەگەر واتای وشەکەیان گۆڕی ئەوە دەچنە خانەی وشەسازییەوەو وەکو پێشگریان لێ دێت و ئامراز نین، بەڵام ئەگەر واتای وشەکەیان نەگۆڕی، ئەوا ئامرازی پەیوەندی جێگر کراون، بە هۆی نەمانی بەرکارە ڕاستەوخۆکەیانەوە.

مامۆستا وریا لە وتاری (دارشتنی فرمان) لە ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (١٠٩)ی ١٩٨٦(٨) لەڕووی دارێشتنی فرمانەوە، بۆ دیاری کردنی کاتە جیاجیاکانی، لە لاپەڕە (٢٥٩)دا دەڵێ «بۆ دیاری کردنی ئەم سێ چەمکە لە حاڵەتی یەکەمدا ئاوەڵکارێکی وەک (بەیانی) و لە دووەمدا (هەموو ڕۆژ)و لەسێ یەم دا (وا) ئەشێ بەکار بهێنرێت.

-بەیانی دەچمەقوتابخانە (داهاتوو)

-هەموو ڕۆژ دەچمە قوتابخانە (سادە)

-وا دەچمە قوتابخانە: (بەردەوامی)

پێشەکی وشەی «دارشتنی» هەڵەیە راستێکە چونکە رەگی چاوگەکەی

بریتــیــیــه له (ڕێژ) نەدەبوو، بە تایبــەتی لێــرەدا، کــە وتارەکــەی پەیوەندی بەرەگــــــــەوەیـە، ئـەم هـەڵـەیـە بـکـات، چـونـکـە لـە ڕانـەبـردوودا دەڵـێـن: (دەرێژم،ئاودەرێژم،بناغەی خانووەکەی جوان دارێشتووە). هەروەها کاتێ فرمانی رستــەی دووەمی بریتــیــیــە له (رانەبردووی بەردەوامی) کــە بە هۆی وشــەی (هەموو)ەوە دروست بووە، نەک سادە وەکو ئەو دەڵێت: کاتی فرمانی رستەکەی ســێــیــەمی مــامــۆســتــا وریا کــە بەهۆی (وا)ەوە پێکهــاتوو وەک ئەو دەڵێ (بەردەوامی) نیــیــە، بەڵکو ئەو وشەیە واتە (وا) شــێــوەی تری هەیە، وەکــو (ئەوا،ئەوە)، ئێستا بریتییە لە ئاوەڵفرمانی کاتی ئێستا، نەک بەردەوامی وەکو ئەو هێمای بۆکردووە، لە کوردەواریدا، کە زمانی ڕێزمانییە دەڵێن:

-ئەوا دێم مەڕۆ.

-ئەوە دێم.-هەموو کاتی ئێستا و قسەکردن.

-مەڕۆ وا دێم.-دەبەخشن کە لە حاڵەت.

-ئارامت بێت ئێستا وا دێم-دۆخی ئاخاوتندایە نەک بەردەوامی.

ئێمە نابێت لەخۆمانەوە بێین وشت دروست بکەین، پێویستە لەبەر رۆشنایی بەکار هێنانی زمانەکەدا، ڕێزمانی بۆ بدۆزینەوە:

مــامــۆســتــا وریا عــومــەر لە وەرگرتنی رەگی چاوگی ئەلفــیــا هێــمــای بۆ ئەوە کردووە ئەلفەکەی لە ئایندەدا دەبێ بە(ی) (بڕوانە خاڵی ب-٤ أ لاپەڕە ٢٦٠)دا پەراوێزدا هێما بۆ بیروڕای لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ یابیروڕای مامۆستا مەسعوود محەمەد لە لاپەڕە (٢٠٢،٢٠٧،٢٠٨،٢١٢،٢١٥،....) بکات چونکە ئەو سەرچاوەیە دەساڵ پێش وتارەکەی مـامـۆسـتـا وریا کەوتووە، ئەمە بێـجگە لەوەی کە ئەمەی لە گۆڤاری کاروان ژمارە (تایبەتی) ساڵی ١٩٩١دا بە ناوی (ڕەگ و نیشانەی کات) دووبارە کردۆتەوەو، خۆی داناوە، بە داهێنەری ئەم بیر و بۆ چوونە، کە ئەمە کارێکی دوور لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی یە.

هەروەها مامۆستا لەبارەی ئەوەی فرمانی ئایندەهەمووی یەک دەستووری نییە بۆ دۆزینەوەی ڕەگ ئەمە کە بیروڕای لیژنەی کتێبی ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی کۆڕی زانیاری کوردییەکە لە لاپەڕە (١٩٩.٢٠٠) دەریان بڕیوە بەهی خۆی دەزانێت وەکو لە بۆچوونەکانی وتاری چەندیاسایەکی مۆرفۆلۆجی داڕشتنی فەرمان) باس کردووە، هەروەها لە گۆڕینی ڕەگی فرمانی ڕوودان (مطاوعە) (ل٢٠١-٢٠٢)ی کتێبی ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی هەروەها بیروڕای لە بارەی ئەو چاوگانە کە بە (اندن) کۆتاییان دێت و (اً) ئەلفەکەیان دەگۆڕێت بە (ێ) (لاپەڕە: ٢١٠) یا لە گۆڕینی (اً) چاوگ (هاتن) بۆ (ێ) (لاپەرە: ٢٠٧ی ر ئاک کۆڕی زانیاری) هەروەها لە دۆزینەوەی ڕەگی چاوگی (واوی) لاپەڕە: ٢١١/٢١٠) و لە دۆزینەوەی ڕەگی ئەو چاوگانەی کە پیتی پێش نونی چاوگییان (د)ەیەو «کە تاقمێکیان بەر دەستووری دەکەون،ئەو تاقمە ش ئەو چاوگانەن کە بە (اردن) کۆتاییان دێ (...) وەک (بژاردن،ژماردن...) لە مضارعەتدا ئەلفەکەی دەبێت بە (ێ) و دال ونوونەکەی دەقرتێن، نیتر دەڵێنە: دەبژێرم،دەژمێرم ...ناردم-دەنێرم» ئەمە بریتییە لە بیروڕای مەسعوود محەمەد لە لاپەڕە (٢١١-٢١٢)ی ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی کۆڕ، هەروەها لە بارەی ڕەگی چاوەگی (کردن) لە لاپەڕە (٢١٣) کە بیروڕای مسعوود محەمەدە لە هەردوو وتاری (داڕێشتنی فەرمان) و (ڕەگ ونیشانەی کات)، لە کوردیدا مامۆستا وریا ئەمانەی بە بۆچوونی دەزانێت و هێما لەو دوو سەرچاوەیەدا، بۆ بیروڕای مامۆستا مەسعوود محەمەد نەکردووە کە ئەمە کارێکی نابەجێ و نەشیاوە لە لێکۆڵینەوەدا.

هەروەها مامۆستا وریا لە دۆزینەوەی ڕەگی ئەو چاوگانەی کەلە بە (ۆ،ە) کۆتاییان دێت، دیسانەوە هێمای بۆ بیروڕای لیژنەی کتێبی ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی نەکردووە، تەنها کتێبەکەی بە سەرچاوە داناوەو بەس، بەڵام پێویستە

وەکو مافێکی زانستی، لە پەراوێزدا، هێما بۆ بۆچوونی نووسەران بکردایە (بروانە: ل ٢١٥-٢١٦).

مامۆستا وریا لە لاپەڕە (٢٦١) وتاری (داڕشتنی فەرمان)ە کەیدا بە هەڵە رەگی چاوگی «هەڵسان،هاویشتی» بە «س،هاوێ» دەزانێت راستێکەی بریتییە لە (سێ،هاوێژ) واتە (هەڵسێ).

وەکو: هەڵدەسێم.

هەڵدەسێین.

دەهاوێژم. دەهاوێژین.

پەراوێز:

(١) بڕوانە: ڕەفیق محەمەد محیێدین، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا،. نامەی دوکتۆرا، کۆلیجی پەروەردەی ئیبنی روشد،١٩٩٧،ل ٤٧.

(٢) بۆ ئەم باسانەو کەوا لە پێشەوە خرانە ڕوو، بڕوانە: ڕەفیق محەمەد شوانی ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دوکتۆرا، کۆلیجی پەروەردەی ئیبنی روشد، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٧، ل ٦٣-٦٨.

(٣) بڕوانە، ڕەفیق شوانی،سەرچاوی (٢).

(٤) بڕوانە: ڕەفیق محەمەد شوانی، نامەی دوکتۆرا، ل ٧٠.

(٥) وریا عومەر ئەمین، ئامرازەکانی بەستنی، گۆڤاری کوردستان، ژمارە (٦٧)، ل ٢٨-٣١. هەمان شتی لە وتاری «بیناغەی سادەترین ڕستەی کوردی، رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١١)، ١٩٨٦، ل ١٨٦/١٨٨ دووبارە کردۆتەوە.

(٦) بڕوانە: ڕەفیق محەمەد شوانی، سەرچاوەی ژمارە ١١، ل٣٦، ٤٣، ٤٧).

(٧) بڕوانە: سەرچاوەی ژمارە (٦).

(٨) بەداخەوە، کاروانی ژمارەی تایبەتی، ساڵی ١٩٩١ لەبەر دەست نییە دەستیش ناوکەوێت چونکە بڵاونەکرایەوە.

سەرچاوەکان:

١. ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری، بەغدا، ١٩٧٦.

٢. ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دوکتۆرا، کولیجی پەروەردە ئیبنی روشد، زانکۆی بەغدا ١٩٩٧.

٣. سالەح حوسێن پشدەری کورتەیەک لە ڕێزمانی کوردی، بەغدا ١٩٨٥.

٤. وریا ،عـومـەر ئەمین أ/وتاری،ئامـرازەکـانی بەستن، گـۆڤـاری رۆژی کوردستان، ژمارە (٦٧)ی ١٩٨٤، ل ٢٨-٣١ .

ب/وتاری بیناغەی سادەترین رستەی کوردی، ڕۆشنبیری نوێ (١١١)ی ١٩٨٦، ل ١٨٦٦-١٨٨.

ج. چەند یاسایەکی مۆرفۆلوجی «دارشتنی فەرمان، رۆشنبیری نوێ ژمارە (١٠٩)ی ١٩٨٦، ل ٢٥٨-٢٦٤ .

د. وریا عـومـەر ئەمین، لێکدانی وشـەکـان، رۆشنبـیـری نوێ (١١٨)ی ١٩٨٨، ل.

زاری ناوچەی شوان
بەبەراورد لەگەڵ زمانی ستانداردا

نووسین و لێکۆڵینەوە کارێکی ئاسان نییە، ئەمە بێجگە لەوەی لێکۆڵینەوەو نووسین لەسەر بابەتی ئەکادیمی و زانستی، کە خزمەتی زانستی و نەتەوە بکات و، بتوانێت لەدواڕۆژدا ببێتە سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئایندە، پێویستیی بە سەرچاوە هەیە، ئەگەر دەست بکەوێت، بەڵام هەندێک باس، دەربارەی هەندێک بابەت، سەرچاوەی زۆر کەم یادەگمەنە، یا بەو شێوەیە نییە کە بتگەیەنێتە ئەنجام.

من ئەم بارەم لەنووسینی وتاری دەربارەی ناوچەی «شوان»دا بینی کەلەگۆڤاری هاواری کەرکووک، ژمارە(٤)دا بڵاوکرایەوە. نووسین دەربارەی هەندێک ناوچە یابابەت یا هەندێک زاری زمانی کوردی زۆرکەمە، بەتایبەتی دەربارەی مێژووی هەندێک ناوچەی کەرکووک وەکو شوان و چەمچەماڵ و ئاغجەلەر و سەنگاو وقەرەحەسەن... هتد بەتایبەتی لەمێژووی کۆندا، دەتوانم بڵێم هەر نییەو«١»، لەمێژووی نوێ و هاوچەرخیشدا دیسان زۆرکەمە و دەگمەنە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باری نالەباری نەخوێندەواری، یا کەم خوێندەواری ناوچەکە، لەلایەک و باری سیاسی ئەو ناوچانەی کەرکووک، کەلە کۆنەوە خەریکی گۆڕینی رووماى ناوچەکەن تا لە کوردەواری بیسڕنەوە«٢»، یا

فەرامۆشکردنی ئەم جۆرە باسانە لەلای ئێمەی کورد خۆمان، لەلایەکی ترەوە بوەستێ.

لێرەوە حەزدەکەم راستییەک دەربرم، باسی هەندێک ناوچەو شوێن هەروەکو وتمان لەلای نووسەرانی کوردیش پشت گوێ خراوە. بۆ نموونە ئەو ناوچانەی لەسەرەوە ناومان بردن، باسیان زۆربەکەمی لەمێژووی نوێدا کراوە، یا ناوچەیەکی فراوانی وەکو پارێزگای کەرکووک کە شوێن و مەڵبەندی چەندین شێوەزاری جیاوازی زمانی کوردییە و هەریەکەی ناوچەیەکی کارگێری وەکو (ناحیە و قەزا) دەگرێتەوە، کەچی لەلێکۆڵینەوەی باس و دیاری کردنی زارەکانی زمانی کوردیدا، بێجگە لەهەندێک نووسەری بە ئاگاو هوشیار نەبێت، باس لەپارێزگای کەرکووک هەر نابینرێت«٣».

ئەمجا ئەم باسە بەبیروڕای من کەوتۆتە سەرشانی نووسەرانی خەڵکی ناوچەکە تا پێکەوە، هەرکەس لەئاستی خۆیەوە، قۆڵی لێ هەڵماڵێت و بەپێی توانا ئەم ئەرکە پیرۆزە وکوردانەیە، ئەنجام بدەین و یا ئەوەی هەیە فراوانی بکەین.

ئەم باسە پێویستە لێرەدا بکرێت، یا بەبیری بهێنینەوە، چونکە خەڵکی ئەم ناوچانە بێ نازو دڵشکاو و لێ قەوماون، تامەزرۆی ئەو باسانەن تا بتوانرێ لەکەسایەتیان بەرز بکرێتەوە، چونکە ناسنامەی کۆمەڵایەتی و مێژوویبیان لەکۆندا فەرامۆش و ئێستاش راگوێزراون، ئەگەر فریای نەکەوین ون دەکرێت. لێرەوە، دێمەوە سەر باسی زاری ناوچەی شوان، وەکو دیاری کردنی ناوچەی زارەکەی و، جیاوازی نێوان زاری ناوچەی شوان، بەوەی کە بەدوو شێوە زار قسەدەکەن و، ئایا ئەم زارانەی ناوچەکە، سەربەکام زارو دیالێکتی گەورەی زمانی کوردین؟ لەگەڵ ئەوەی ئایە ئەم زارانەی ناوچەکە، سەر بەزاری گەورەی پارێزگای کەرکووکن، یا سەر بەزارێکی ترن؟ لەم باسەدا بەپێی ئەوەی خەڵکی

ناوچەکەم و شارەزایی و پسپۆری من لەبارەی زمانی کوردییەوەیە، هەوڵ دەدەین پێناسەی راستی بدەینە ئەم زارە و شوێن و مەڵبەندی لەناو نەخشەی زمانی کوردیدا دیاری بکەین، کە ئەمە بێگومان کەڵکی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و زمانەوانی خۆی دەبێت و لەکەڵک و سوودمەندی بەدوور نابێت.

خەڵکی ناوچەی شوان کە بریتییە لە(٧٦) دێ زیاتر،بە دوو شێوەی جیاواز لەیەکتر قسە دەکەن، هەر شێوەیەکی پەیوەندی بەدیالێکتێکی گەورەی زمانی کوردییەوە هەیەو، لەیەکتریش زۆر جیاوازن، زارێکیان کەزۆربەی خەڵکی ناوچەکە قسەی پێدەکەن و لەزاری سلێمانی یا باشتر بڵێین لەپوختەی زاری کرمانجی ناوەڕاستەوە زۆر نزیکە، یا زۆرکەم جیاوازە، جیاوازییەکەش پەیوەندە، بەهەندێک نموونەی کەمی دەنگسازی(phonology) و وشە سازی و رستەسازی(syntax)(٥)، کە لەم وتارەدا هەوڵی روونکردنەوەو دیاریکردنیان دەدەین. زاری دووەمیان قسەپێکەرانی کەمترە، لەزاری ناوچەکە و دەوروبەری ناکات و لەزاری خانەقینی، سنەیی، فەیلی، گەڕووسی لە(پارێزگای سنە)، دەربەندی و لوڕییەوە نزیکەو من لەم باسەدا زیاتر بایەخ بەزاری ناوچەی شوانی کێشک دەدەم، لەبەر ئەوەی جیاوازترە، لەزارەکانی کرمانجی ناوەڕاست و ناوچەکەی، تا ئێستاش لەسەری نەنووسراوەو کەم کەس مەگەر ئەوانەی ناوچەکەیان دیبێ، بیستوویانە. زاری شوانی کێشک، بەپێی دەربڕینی قسەکردن و بوونی هەندێک دەنگی هاوبەش، بەتایبەتی لەدەنگە بزوێنەکانداو، نەبوونی ئەم دەنگانە، لەزارەکانی تر داو، بوونیان لەزاری شوانی کێشک و، هەروەها لەزاری فەیلی و خانەقینی ولوڕی...هتد

لەگەڵ بوونی وشەی هاوبەش لەنێوانیاندا، زاری شوانی کێشک دەچێتەوە، سەر زاری فەیلی و خانەقینی ولوڕی و سەر بە دیالێکتی کرمانجی باشوورین، کە لەزاری(لوڕی)دا خۆی دەنوێنێ و دیارە. بۆیە گومان لەوەدا نییە، کە زاری

شوانی کێشک دەچێتەوە سەر قسەکردنی مەڵبەندی باشووری زمانی کوردی، کەبەگشتی ناوچەیەکی گەورەی لەباشووری کوردستانی رۆژهەلات(ئێران) تادەگاتە سەر ئاوی کەنداو لەناوچەکانی: لورستان، کرماشان، دینەوەر، ناوچەی (سونغور)«×» ، مەندەلی، بەدرە، جەسان، خانەقین دەگرێتەوە.

مامۆستا گیوموکریانی ئەمر دەڵێت« ئامرازی گەل[مەبەستی لەکۆیە- نووسەری ئەم باسە] لە ئەردەلان، لورستاندا بە فەیلی و لورو بەختیاری و شوان و کەڵهورەوە ئەمانەن:(ان، یان، ل، یەل، گەل)«٦».

مامۆستا گیو راستی پێکاوە، بەوەی ئەم زارانەی سەرەوە کە ناویان براون، نیشانەی کۆیان وایە و بەزۆریش نیشانەی(یەل، ەل، گەل) بەکاردێن و لەزاری شوانی کێشکیشدا بەکاری دێن وەک لەم نموونانەدا:

مێگەل، کورەل، برایەل، براگەل، کچەل، سەگەل، گایەل، مامۆستایەل، چاڵ خانگەل (واتە ناوی شوێنە بۆ شوێنێک کە خانووی لێیە و بۆتە ناوی). هەروەکو وتمان، ناوبراو زاری شوانی لەگەڵ ئەو زارە کوردییانەی باشووری لەقەڵەم داوە.

مامۆستا گیو لەکتێبەکەی دیکەیدا، کە فەرهەنگی مهابادە، ناوی شوانی، لەگەڵ رۆشبیران و نووسەرانی هەمان نووسەری ئەو زارانەی کە لە سەرەوە ناومان بردن، هێناوەودەڵێت:«لەبەغدا نێو برا فەیلی و لورو کەڵهورو شواناندا زۆر کەسی وەکو دکتۆر جعفرو... یارمەتیەکی زۆریان دام«٧».

ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بەوەی کە شوان سەر بەزاری کرمانجی باشوورییە. بۆ هەمان مەبەست، کەزاری شوانی کێشک، سەر بەکۆمەڵە زاری کرمانجی باشوورییە، بەرێز حەمیدی ئیزەد پەناه لەفەرهەنگی لەک ولوردا، دەڵێت تا ئێستاش، لەناو فەیلییەکانی ناوچەی لورستانی بچووکدا، گەلێ خێڵ و هۆزی پەراگەندەی وەکو: مەهکی، هلێلان، شوان هەن و ماونەتەوە. ئەمەش بەڵگەیەکی تری بەهێزتر، کە زاری شوان و لەک ولور لەیەکترەوە نزیکن و، سەر

بەیەکترین و زاری شوانی کێشکیش، زارێکی بچووکی دیالێکتی کوردی باشوورییە. بۆ هەمان باس مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی هۆزی شوانی ناوچەی کەرکووک لەبنەڕەت و بنچینەدا دەباتەوەسەر هۆزی گەورەی شوانکارە، کە لە لوڕستان نیشتەجێ بوونە«٩».

مامۆستا عەبدولڕەحمانی ئەمین زەبیحی ئەمر خاوەنی فەرهەنگی«قامووسی زمانی کوردی» لەبارەی دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردییەوە، لەسەر بنچینەو بناغەیەکی دابەشکردنی جوگرافییەوە زارەکانی زمانی کوردی کردووە بەسێ هێڵ و شوێنی جوگرافییەوە، وەکو زاری باکووری، زاری ناوەندی، زاری باشووری و، زاری شوانیشی لەبەشی زارە ناوەندییەکانی زمانی کوردی داناوە«١٠».

ئەمە هەروەکو وتمان دابەشکردنێکی جوگرافی زارەکانە لەشوێنەکانیاندا کراوە، لەم ڕووەوە راستە، بەڵام دابەشکردن و دیاریکردنی زاری زمان لەمەڕ بنچینە و بناغەی لێکچوون و جیاوازی نێوان زار ئەنجام دەدرێت، لەرووی جیاوازی ڕێزمانییەوە (دەنگسازی، وشەسازی، رستەسازی)یەوە لەیەکتر جیاواز دەبن یا لەیەکتر دەچن، چونکە زۆرجار دوو زاری وەک یەک و دوور لەیەکتر، ڕێکدەکەوێت، لەیەکترەوە زۆر نزیکبن، وەکو زاری هەورامانی لەرۆژهەڵاتی کوردستان و زازاکی ناوچەی دەرسیم لەوپەڕی رۆژئاوای کوردستان، یا بەپێچەوانە دوانی نزیک لەیەک جیاوازن. ئەمجا، زاری شوان لەرووی ڕێزمانییەوە، سەر بەدیالێکتی باشووری زمانی کوردییە، هەرچەندە مامۆستا زەبیحی زاری شوانی لەریزی سنەیی و گەڕووسیش داناوە، کەسەر بەزاری باشوورین.

شتێکی گرنگ کەپەیوەندیی بەم باسەوە هەیە، ئەوەیە ناکرێت زار بەگشتی و زارەکانی زمانی کوردی، هەمووی یان زیاتریان، لەسەر بنچینەی زاری گەرمیان

وزاری کوێستان، باس و بەراورد بکرێت، ڕاستێکەی ئەمە کارێکی نازانستییە، لەرووی بەراوردییەوە نالێم، بەڵکو وەکو دوو زاری جیاواز چونکە زاری گەرمیان ئەگەر ئەو زارانە بن، کە لەسنووری پارێزگای ناوچەی گەرمیان(گەرمەسێر)بن، ئەوا لەوسنوورەدا یا لەسنووری پارێزگای کەرکوکدا، چەند زارێکی زۆر جیاواز لەیەکتر هەن، وەکو زاری کاکەیی و زەنگەنەسەر بەزاری گۆرانن(هەورامانی)، لەگەڵ زارەکانی دیکەی ئەو هەرێمەدا، وەکو شوان، زاری داودەو تالەبانی جیاوازن، بێجگە لەزاری دیکەی وەکو شێخانی، زاری کوێستانیش ئەگەر مەبەست لەزاری ئەدەبیی و ستاندەری کرمانجی ناوەڕاست بێت، بەوەی کە لەهەرێمی کوێستاندایە، ئەوا دیسان هەڵەیەکی زۆرگەورەی زمانەوانی و زانستییە، چونکە لەو هەرێمەشدا و لەناو ئەم زارەی کرمانجی ناوەڕاستدا، دیسان زاری جیاواز لەیەکتر وەکو: (موکریانی، سۆرانی، سلێمانی) هەن، ئیتر چۆن دەبێت، ئەم دابەشکردن و بەراوردە بەناونیشانی زاری(گەرمیان)و زاری (کوێستان) بکرێت!، چونکە ئەو دوو ناوە ناوچەی فراوانی جوگرافین و هەروەکو وتمان هەریەکەیان لەچەندین زاری جیاوازی لەیەکتر پێکهاتوون و لەناوزارێکی (دیالێکت) گەورەتر دان.

ئەم کارو دەربڕینە لەکتێبی «ڕستەسازی و شیتەڵکاریی زانستی» د. شێرکۆ بابان دەبینرێت و زۆر پەلەی لەم دیاردەیە کردووە«١١». چونکە ئەوەی ئەو باسی کردووە، بەم دوو ناوە، مەبەستی دیاریکردن و جیاوازی کردنی نێوان ئەو دوو زارە، لەناو هەریەکێکیان زاری جیاواز هەیە و ناکرێت کۆبکرێنەوە بەناوی زاری«گەرمیان وکوێستانەوە».

لەڕووی دیاریکردنی زاری شوانەوە، دەگەینەسەر ئەوەی بڵێین زاری شوانی بەگشتی، بێجگە لەزاری شوانی کێشک، سەر بە زاری کرمانجی ناوەڕاستە، چ لەرووی ڕێزمانی و چ لەرووی جوگرافییەوە، بێجگە لەهەندێک جیاوازی کەمی

دەنگسازی و وشەسازی ڕستەسازی، بەڵام زاری شوانی کێشک لەو ڕووانەوە دەچێتەوە سەر زاری کرمانجی باشووری(لوڕی). لەپیاوە تەمەندارەکانی ناوشوانم بیستووە گوایە شێوەی قسەکردنی زاری شوانی کێشک دەچێتەوە سەر زاری گەڕووسی باکوری ڕۆژهەلاتی شاری سنە«١٢».

ئەمجا لێرەوە ڕێزمانی پێویستی ئەم زارە دەخەینە ڕوو، لە کوێشدا پێویستی بەنموونە ولێدوانی بەراوردی هەبێت، لەگەڵ زمانی ستاندەرو ئەدەبییەکەدا، دەیخەینەڕوو.

سنووری زاری شوانی کێشک: هەروەکو وتمان ئەم زارە لەهەمووئاستەکانی زماندا جیاوازی تیا بەدی دەکرێ، زاری شوانی کێشک لەم دێهاتانە بەکاردەهێنرێت، کە لەباشوورو ڕۆژئاوای چەمی شیوەسوورەوە دەست پێدەکات کەدەکەوێتە بناری کەلی سمایل بەگی و بان شوانەوە: ناڕوجەی گەورە«١٣» ناڕوجەی ئەحمەد ڕەجەب، ناروجەی حاجی جەرجیس، سمایل بەگی، خدرشرین، حاجی بەیخانی سەروو، حاجی بەیخانی خواروو، جانقز، ڕێدار، قولی بەگ، قەرەبلاغ«١٤». گەنیاک، کەرەدێ، مەمان، گورزەیی.. ئەم دێهاتانە، دەکەونە ڕۆژئاوای ناوچەی شوانەوە، کاریگەری ئەم زارە بەقسەکردنی دێهاتی دیکەی شوانی کێشکەوە، دیارە وەکو دێی: جەوەجەوە، عەلی بەیان، تۆراغ حەسارتەها...هتد.لەسنووری شواندا بەگشتی زاری ناوچەکە وەکو ناوچەی زاری سلێمانی بەهەندێک جیاوازییەوە قسەدەکەن، یا وەکو پوختەی کرمانجی خواروو.

تیرەی(ورام) وەکو دێهاتی (مۆرد، تووڕکە، هەردوو تەپەکوڕەی سەروو، تەپەکوڕەی خواروو، تەرەقە، دوو شینوان، تورکمانباخ، برایم زانە، کارێزەی خاڵخالان، تارادەیەک عەلی موسا و مامڕەش و ناسرومیسرو دێی کلاوقوتیش)«١٥» شێوەی قسەکردنیان هەروەکو زارە گشتێکەی شوانە،

نەخشەی ناوچەی شوان

ب

ههردوو بهشی کێشک وشوانی خاسهوه بێجگه لهم زاره، جیاوازییهکی کهمی چۆنیهتی دهربڕین و-گۆ کردن

(تلفظ-phonetic) ڕێزمانی ههیه، کهبهرادهیهکی زۆرکهمه لهم وتارهدا روون دهکرێتهوه.

زاری شوان لهرووی دهنگسازییهوه:

زاری شوان ههروهکو بهشێک لهزمانی کوردی، دهنگهکانی وهکو دهنگی زاری کرمانجی ناوهڕاستن، چونکه زاری شوان بێجگه لهزاری شوانی کێشک، یهکێکه لهزارهکانی کرمانجی ناوهڕاست، جیاوازی لهبوون و ژمارهی دهنگه بزوێنهکانی، لهگهڵ زمانی ئهدهبی و(ستاندهرد)دانییه و، ههشت بزوێنی ههیه و ئهوانی دیکه نهبزوێنهکانن.بهڵام دهنگهکانی زاری شوانی کێشک بهتایبهتی بزوێنهکانی دهچێتهوه، سهر زاری کرمانجی باشووری(لوڕی) لهرووی ژمارهوه(نۆدهنگن، بهم شێوهیه دهردهکهون:

١-ە(ـه): سهر، دهربهدهر، وهتم.

٢- ا : سهرا، خودا، باران، ههندێک جار دهگۆڕێت به(ێ) وهکو: ژماره (ژمێره)

٣- و : کورد، کول، گول

٤- ۆ : کهم بهکاردێت و دهگۆڕێت بهدهنگی (واوی)کورت یا دهبێته دهنگی درێژ بهم شێوهیه(وو) وهکو: مورد ـــ مۆرد، زوور ـــ واته زۆر، دو ـــ دۆ، بوور ـــ بۆر، یا ههندێک جار و لهههندێک وشهدا دهبێته دهنگی(وێ)

ۆ ـــ وێ وهکو : خوێ ـــ خۆ، رۆن ـــ روین، کهچی لهههندێک نموونهدا

(ۆ) دەبینرێت وەکو: خۆر، ئیمرۆ، دشۆم، نۆک،

چۆک. لەهەندێک وشەدا دەگۆرێ بە(و) وەک:

رۆژ ــــ روژ، زۆر ــــ زور.

٥- وو : ئەم دەنگە کەمە و زۆرَ دەگمەنە و لەقسەکردنی شوانی کێشکدا

دەبێتە(وی) وەکو: دوور ــــ دویر، شوو ــــ شوی

ژوور ــــ ژویر، ژوێر

مەحموود ــــ مەحموید- مەحمید

موو ــــ می- موی

موسڵ ــــ مویسڵ(میسڵ)

بەروو ــــ بەڕوی

بەکەمیش هەیە وەک: دوو بوور، بووک .... هتد.

لەهەندێک وشەدا دەنگی (وو) واوی درێژ. لەم زارەدا دەگورێت بەدەنگی

(وێ) وەکو:

سوور ــــ سوێر یا هەر دەبێتەوە

سویر. شوو ــــ شوی، چوون ــــ چوین.

٦- وێ : سوێر ــــ سوور ، بوون ــــ بێن

٧- وی : خوین(خوێن)،

٨- ی : هەنجیر، شیر

٩- ێ : زێ، چێ، دێ، ڕێ، سێ، هێش، هێس، هێلکە.

١٠-(٦)بزرۆکە: دکەم، دشۆم،

کەواتە دەنگە بزوێنەکانی زاری شوانی کێشک بریتین لە(٥،١، و، ۆ، وو، وێ، وی، ی، ێ، (٦)(بزرۆکە) هەروەها(و)ی زۆر کورتی، کەلەئەنجامی گۆرینی دەنگی (ۆ)ی کراوە بۆ ئەم دەنگە یا بوونی ئەم جۆرە واوە کورتە لەزاری

شوانی کێشکدا وەکو نموونەکەی سەرەوە: [مورد ــــ مۆرد،زور ــــ زۆر]. کەواتە ژمارەی دەنگە بزوێنەکانی ئەم زارە(٩) دەنگە بزوێنە.

دەنگە نەبزوێنەکانی زاری شوان:(کێشک)

بریتیبە لە(٢٩) دەنگ بەهەردوو دەنگە نیمچە بزوێنەکەی(و،ی)یەوە، وەک ئەم دەنگانە:

ء: ئەیرە(ئێرە)، ئاسیاو، ب: بەور، بێرە، بنە(مرکز)بنەوبارگە. بەیخەندین(پێکەنین)؛ پ: پۆکلە(بەری دارو رووەک وەکو شێوەی پاقلە کە چەند دەنکێکی تیایە)، پرمە(دەنگی پێکەنین)، پارین(واتە گولکە سەنگۆی ماڵ).

پەرەناو، پاساری(چۆلەکە).

ت:تاتک(خوشکی گەورە)، تاس، ترپ (توور) ، تەوازوو(المواساة)

ج: جاجک(بنێشت)، جون(تصنیف) جونکردن).

چ: چیلکە، چەورە، چەپەر، چەقوو، چۆ(چی)، چرادان(چرا).

ح: حەوا(ئاسمان)، حەوشە، حەتحەتۆتە(ملوانکەی منداڵ)، حەوەجە(پێویستی).

خ: خوا، خۆر، خارچک. خۆیشک.

د: دوێت(کچ)، دامە، داسوویلکە(داسولکە)، دوپیشتک(دووپشک)

ر: نسار(شوێنێک خۆر لێی نەدات)، تاریک.

ڕ:ڕوشنا(ڕوناک)، ڕێدار، ڕەوەز.

ز: زوور، زەردەلوی(قەیسی).

ژ: ژویژک(ژووژک)، ژەک.

س: سەنگیا(سەرین)، ئاسیاو، سەربیر.

ش: شەوەڕەشە، ئاشنا ،ناشتا (نانی خواردنی بەیانی)، شاکانی(حەسودی).

ع: عاسمان(ئاسمان)، عەرد(زەوی).

غ: غاردان(ڕاکردن)، غەور(غضب)، غایلە.

ف: فەریک، زەریف، زلَفنج(وەکو بلَیّی بەزەهرت بیّ)

ڤ: کڤەکڤ، ڤرەڤر

ق: قاقڕ(عەردی خراپ)، قاقز، قۆشمە(سباق)

ک: کەمچک(کەوچک)و کۆیری، کەوریّ(عەردوریّگای لیّژ)، کاوڕ. کەلَەشاخ.

گ: گەند، گەندە، گەریدە، گەندیاگ، مالَەلگەڕ(مالانگەڕ)، گاوس(مەشکەی گەورە)

ل: لەڕ(لاواز)، کەل(شویّنیّک کەل بیّت و لیّی پەڕی بیّت)، لەلە(خان خان).

ڵ: گالَە(دەنگەدەنگ)، دەلّ(مایەی(میّینەی سەگ)، گەمالّ(نیّرەی سەگ).

م: میمک، مامش(هیچ، بیّ ئەنجام و بیّ بەر)، مامر(مریشک).

ن:نەردەوان(قادرمە، پلیکانی دار)، بە فارسی(نەردوبان: نردبان)، نەرگز.

و: وازیِ(یاری)، شەوەکی(بەیانی زۆر زوو)، مراوی.

ه: هەیدەر، هەردە(وعر)، هەراش

ئەم دەنگانەی سەرەوە، نموونەکانی لیّدەرچیّت لەزارە گشتیّکەی شوان و زمانی ئەدەبی (ستاندەرد)دا بەکار دەهیّنریّن و هەندیّک نموونەشیان هاوبەشە. بەکورتی دەنگی بزویّنی(ۆ) واوی کراوە، لەزاری شوانی کیّشکدا، زۆرکەم و دەگمەنە، دەنگی(وو) واوی دریّژیش دیسان زۆرکەمەو دەگوریّت بە دەنگی (وی)یا بەکەمی بۆ دەنگی (ی) لەوشەی(مەحموود ـــــ مەحمویدـ مەحمید)،

دەنگی (وو) دەبێتە(ی)، وەک: پووز ـــــ پیز،

هەروەها دەنگی(وێ) دەبێتە(وی) وەکو وشەی[خوێن ـــــ خوین].

دۆاشت (٣٨) دەنگی بزوێن ونەبزوێن لەم زارەدا هەیە، ئەگـەر دوو دەنگی (وی، وێ)

بەدەنگ دابنێین، نەک وەکو بڕگە، بەڵکو وەکو بزوێنێک.

زاری شوانی کێشک لەرووی وشە سازییەوە: MORPHOLOGY

ئاستی وشە سازی لەزمـاندا، ئاسـتێکی تابلـێی فـراوانەو، هەر بەشێکی ئاخـاوتن بـگرێت شـێـوەی جیـاوازی پێکهـاتنی هەیە و هەر شـێـوەیەکی یاسـای وشەسازی تایبەت بەخۆی هەیە، بەتایبەتی، ئەو بەشانەی کەلەئاستی و شەدان، وەکو ئامراز، دیسانەوە شێوەی جۆراوجۆری هەیە.

ئێمە لەم باسەدا تەنها بەشێوەیەکی کورت، باس لەجۆرەکانی وشە، لەرووی دارشتنەوە دەکەین و لایەنی جیاواز بەنموونەوە، دەست نیشان دەکەین.

جۆرەکانی وشە لەرووی پێکهاتنەوە:

١-وشـەی سـادە: وەکـو پەنـاح، جـاجگ، وازی، شـرین(شـیـرین)، بوهار، گێژنە(ئەم وشەیە لەلای پیرەکانی ئەم زارە بەکار دەهات و لەگەڵ گۆڕانی زمان و زەماندا بوو بە]. (جێژنە)، ناشتا، کور(کوێر)، شوی، بوور، حێل(گەورە)، زل، تروزی(ترۆزی)، چەڵتویل(چەڵتـویک)، چەپاڵە، زوور(بەزۆر)، پەندیر، ڕوین، کێرت، گووشت، سەکوی(سەکۆ)،ولست(مـواشی، حەیواناتی وەک مـانگا و گا، گوێدرێژ)، سەنگۆ، چەقێلە، باشووکە، چەقوو، جفت(جووت)، دویر، خوێن، جامتا(جانتا)، تەیان. تویرە، کوانک(کوانوو)، دلاقە(دەلاقە)، شامی. توی. زاخێر، پارین. لەتیرەی (ورام)دا، وەکو: جۆخین، بەست(شیو)، ئاش(ئاسیاو).

٢-وشەی دارێژراو: ئەو وشـانەن کە لەوشەیەکی سادەی واتادارو پێشگرێک

یا پاشگرێک پێکدێت، وەکو: زلە، شەوەکی، جفتیار، بۆرە، سێکوان دوژمین(جوێن، جنێو،دژنێو)، جامیلکە، زەردەلوی، کوندەلان، سەرشۆرک،(حمام)، زیخمەلان، سپیاتی(البان)، ریچیاگ(دەم وپل سارد)، چەورە. نموونە بۆ وشەی(ورام) وەکو: پایزێ(کاتی پایز)، چلەی زستانێ، دەچم، دەینووسم.

٣- وشەی لێکدراو: لەدوو وشەی سادەی سەربەخۆ یا دوو مۆرفێمی سەربەخۆ بەهۆی ئامراز یا بێ ئامراز پێک دێت، نموونە:

هاولف، تەندویریان، گوڵ گەنم/ گوڵەگەنم، سیلاوکە، ئاورووگە، چاومار، جێخەرمان، مالانگەڕ، شەواژوو، تێلەکێش، کوندەبی، خمخۆرک، سەرڕەش. دویرە پەرێز، ناوروان، گۆلکەسەنگۆ(گۆلکی نێر)، کەرەواڵە، کەپەنگ هەڵگر(باڵندەیەکی گەورەیە). خاڵوژن. لەتیرەی (ورام)ی شواندا وشەکانی تایبەت بەخۆیان، وەکو: فرێ مالان، فرەبەش، گەردن زەرد، دووپشکە.

دوای ئەم باسەی سەرەوە، هەندێک جۆری ناو، کەرواڵەتی جیاوازی ئەم زارە، لەگەڵ زارەگشتێکەی شوان وکرمانجی ناوەڕاستدا پیشان دەدات، بۆیە بەپێویستی نازانم هەموو جۆرەکانی ناو بخەمەڕوو، **جۆری ناوەکانیش ئەمانەن:**

+ **ناوی گشتی:** ئەوانەن کە بۆ کۆمەڵ و جۆرە رەگەزە ناوێک بەکاردێن وتاکێکی نموونەی ژمارەو کۆمەڵێک لەهەمان ناونیشاندەدات،

وەکو:رووما(شکل-ملامح)، کەستەک(تۆپەڵی قوڕوخۆڵ)، خانگ(خانوو)، بوستان (بێستان)، چەڵتویک، تایە، گەلەباوش، جوگە(جوگا)، هۆڵ. بەرخەوان، کارەوان، ژمێرە(ژماردن)، دامیش(استقرار).

+ **ناوی بەرجەستە:** گاوەسن، زریسک(أسلاک شائکە)،بێلەقان، گاشە بەردی زل، هێرک(هەمان واتای بەرد)، دارتوی، شەغرە، لاپیتە، چیغ، بەڕوی، ترپ، تویرک، جوێ، شام، لەمپە(لالە-چرا). لیم(لم).

+ ناوی ڕەگەز:

١-بۆنێرە: خاڵە(برای دایک) سەنگۆ(گۆلکە نێر)، کاوڕ، نێری، تەگە، جوانەگا، پاڵە، سەپان، شەکەنێر، گەماڵ.

٢-ناوی مێیە:میمک، ئاموژن، دوێت، تاتک، نەنگوین(گولکی گەورەی مێ)، تێلەکێش، مامر، باڕوک(باڕۆک)، جاشماکەر، قسر(مەڕەقسر، بزنەقسر)، شەکەمێ،دەڵ، کابان، خۆیشک، خوچە، خوچم(خوشکە، خوشکم).

ئاوەڵناو: هەراش، زل، حێل، گەندیاک، بوور، کەوو(خۆڵەمێشی)، چەرمگ(سپی)، مەندەموور(کەم قسەو لەبنەوەبێت)،لەناوبەشەکانی ئاخاوتندا، ئەو بەشانە پێشاندەدەین، کەزیاتر جیاوازی و وشە وغوونەی دیارو زەقی تیادا دەردەکەوێت، وەک: جێناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان، ئامراز بەگشتی.

جێناوی کەسی سەربەخۆی زاری شوان، بەگشتی بێجگە لەزاری کێشک، هەرهەمان شێوەی زمانە ئەدەبیەکەی کرمانجی ناوەڕاستە، لێرەدا هەرودووکیان پیشان دەدەین:

جێناوی کەسی سەربەخۆ لەزاری کرمانجی ناوەڕاست بریتیە لە(من، تۆ،ئەو، ئێوە، ئەوان) بەڵام لەزاری شوانی کێشکدا بریتییە لە(من، تو، ئەو، ئیمە، ئیوە، ئەوان)،

ڕاناوی کەسی سەربەخۆ ڕاناوی ستاندەر وشوان		زاری شوانی کێشک	
١-من	ئێمە	من	ئیمە
٢-تۆ	ئێوە	تو	ئیوە
٣-ئەو	ئەوان	ئەو	ئەوان

من چوویم ـــــ ئیمه چووین

من چووم ـــــ ئێمه چووین

-تۆ چوویت ـــــ ئێوه چوون.

-تو چوویت ـــــ ئیوه چوین

-ئەو چوی ـــــ ئەوان چوین

جێناوی خۆیی زاری شوانی کێشک بریتییە لە(خۆم ، خۆت، خۆی، خومان،خۆتان، خۆیان) لەکەسی یەکەمی تاک و کۆ جیاواز دەردەکەوێت بەتایبەتی لەهەندێک دێهاتی وەکو: رێدار، قولی بەگ، جەوەجەوە، بەڵام لەزارە گشتیێکەدا هەمان شێوەی زمانە ئەدەبییەکەیە.

نموونە: خوم هاتم، خومان هاتین. خۆت چویگی، خۆی چویە، خۆتان چویگن.

جێناوی پرس: لەزاری شوانی کێشکدا جیاوازە لەهەردوو زارەکەی دیکەدا(زمانی ئەدەبی و شوان بەگشتی) و بەم شێوەیە دەردەکەون، وەک :(کی، کەی، کورە، چوین، کامە، کامەیان، کوا، کانی، کوانی، کانێ ، چەند، چۆ، دبوک(ئایە) ئەرێ، چوینکی، ئاخۆ، چلۆن، بۆچۆ، بۆ، لەسەرچۆ، ئەڕا، ئەڕاچۆ، بۆ، بۆچۆ،.....)

ئەم جێناوانەی سەرەوە، بەرامبەر ئەمانە دەوەستن وەک:(کێ، کەی ، کوێ، چۆم، کام/کامە، کامەیان، کوا/کوانێ،کانێ، کەینێ، چەند، چی، داخوا، ئایە، ئەرێ، بۆچی...) ئەم نموونانەی دواوە لەدوو شێوەکەی دیکەدان.

نموونە:

-کی هاتە؟ کی چوی ـــــ کێ هات؟ کێ چوو؟

-ئەڕا(ڕا) واکەی؟ ـــــ بۆچی وا ئەکەیت(وادەکەیت)؟

-کەی نان خواردیت؟ ـــــ کەی نانت خوارد؟

- کورە گەڕیای؟ ـــــ کوێ گەڕایت؟

– کەینێ چی بۆ ڕیدار؟ــــ کەی ئەچیت(دەچین) بۆ ڕێدار؟

– چوین توانیت بەشەوەکی نان بخۆیت؟ــــ چۆن توانیت بەیانی زوو نان بخۆیت؟

–کامە/کام کەراس کڕیت؟ــــ کامە کراست کڕی؟

کامەیان واتیت؟ ــــــ کامیانت دەوێ(ئەوێ)؟

– کوانی زەردەشت؟ ــــ کوا زەردەشت(کوانێ)؟

– چەند نان دخۆیت؟ ــــــ چەند نان دەخۆیت؟

–چۆدفرۆشیت؟ ــــ چی ئەفرۆشیت(دەفرۆشیت)

– بۆ کورەچی؟ ــــــ بۆ کوێ ئەچیت(دەچیت).

جێناوی نیشانە: جێناوی نیشانە، بەگشتی لەقسەکردنی ناوچەی شوان و زمانی نووسیندا، بەزۆری وەکو یەکن، مەگەر بەکەمی نەبێت، بەڵام لەزارە قسەکردنی شوانی کێشکدا ، دیسان جێناوی هاوبەش وەکو ئەوان هەیە، بەڵام هی تایبەت بەخۆی هەیە، وەکو: [ئەیە، ئەی، ئەو، ئەوە، ئەیان، ئەیانە، ئەوان، ئەوانە، ئەمەتە، ئەیەتە، ئەمەتانی، ئەوەتانی، هۆوە، هۆوەتا، ئەیەتانە، ئەیەتان]،

بەڵام لەزاری تیرەی (ورام)دا[ئەمە/ئەم ، ئەوە/ئەو، ئەمانە، ئەمان/، هۆوەتا، هۆوەتانی، هۆوەتانێ،هۆوانە]کەچی لەشواندا بەگشتی(ئەم/ئەمە، ئەو/ئەوە، ئەمان/ئەمانە، ئەوان/ئەوانە....)

بەکاردێت. نموونە:

جێناوی نیشانەی مانی نووسین و شوان	جێناوی نیشانەی	شوانی کێشک
بۆنزیک	ئەمە/ئەم- ئەمانە/ئەمان	ئەیە/ئەی- ئەیان/ئەیانە، ئەیەتان/ە
بۆدوور	ئەوە/ئەو- ئەوانە/ئەوان	ئەوە/ئەو- ئەوانە/ئەوان، ئەوەتان)ە

١-ئەیە چۆیە؟ ئەی پیاوە چۆیە؟ ٢-ئەیان کوردن، ئەیانە کوردن، ئەمانە کوردن.

-ئەو مامۆستایە،ئەوە ژنە، - ئەیان خەڵک کورەن. ئەمانە خەڵکی کوێن.

-ئەی کچە جوانە-ئەیە جوانە، - ئەیانە دیتم.ئەمانەم دیت

- ئەی کچانەجوانن- ئەیانە جوانن -ئەمە تانی والێرە خەفتە.

لەرستەی یەکەمدا جیاوازی لەنێوان جێناوەکان دیارە، یەکەمیان بۆ نیشانەی تاکی نزیک و دووەمیان بۆ جێناوی پرسە(چییە، چۆیە) لەرستەی دووەمدا جێناوە نیشانەکان جیاوازن لەیەکەمیاندا(ئەیانە)و لەویتردا(ئەمانە)یەو رستەیی زاری یەکەم ئامرازی پەیوەندی وەرنەگرتووە، وەک وشەی خەڵک و لەدووەمدا بۆتە(خەڵکی)ئامرازدارە کە بریتییە لە(ی).

لەرستەی سێیەمیشدا بێجگە لە جیاوازی جێناوە نیشانەکان، راناوی لکاوی رستەی یەکەم چۆتە کۆتایی رستەکەوە، کەچی لەزارە ئەدەبییەکەدا کەوتۆتە نێوان جێناوەکەو فرمانەکەوە، ئەم دیاردەیە، لەشوێنی خۆیدا، لەگەڵ گەردانی فرماندا دەخەینەڕوو. نموونەی دیکە:

- ئەی پیاوە خەڵک کورەیە؟ ـــــــ ئەم پیاوە خەڵکی کوێیە؟

-ئەیە خەڵک کورەیە؟ ـــــــ ئەمە خەڵکی کوێیە؟

-ئەیانە چۆ واتن؟ ـــــــــ ئەمانە چییان دەوێت؟

لەم رستانەی سەرەوە لەیەکەمدا پاشکۆی جێناوەکە کە(٥)یە بەهۆی بەکارهێنانی ناوە دەست نیشان کراوەکەوە، دەرکەوتووە، بەڵام لە رستەی دووەمدا، بەهۆی لادانییەوە، کەوتۆتە سەر جێناوەکەوە.

گەردانکردنی جێناوی نیشانە، لەگەڵ راناوی لکاودا:

زاری شوانی کێشک	زمانی نووسین و شوان
من ئەیە دیتم ـــ ئیمە ئەیانە دیتین	من ئەمەم دیت-ئێمە ئەمەمان دیت
تو ئەیە دیتی ـــ ئیوە ئەیانە دیتن	تۆ ئەمەت دیت- ئێوە ئەمانتان دیت
ئەو ئەیە دیت ـــ ئەوان ئەیانە دیتن	ئەو ئەمەی دیت-ئەوان ئەمەیان دیت
ئەوان ئەیان دیتن	ئەوان ئەمانیان دیت

لەم نموونانەی سەرەوە راناوە لکاوەکانی زاری (شوانی کێشک)، کەوتوونەتە کوتایی فرمانەکەوە، ئەمە بەپێچەوانەی نموونەی لایەکەی دیکەوە، کە لەناوەندەوە هاتوون. نموونە بۆ شێوەی (ورام):- هۆوە برای منە. هۆوەتانێ، لەو یانە دانیشتووە،هۆوەتا واهات، هۆوەتان وا رۆیشت. دیاردەیەکی دیکەی بەکارهێنانی جێناوی نیشانە لەزاری شواندا، بۆسەلماندنی کەبریتییە لە(ئەی/ئەیە) بەتایبەتی کەدەکەوێتە تەک وشەی کات وەکو ئاوەڵفرمان یا ناوی کات،وەک:

-ئیمساڵ باران کەم بارییە. ئەمساڵ باران کەم باریووە.

-ئیمرۆ چویم را مەکتەب ئەمرۆ چووم بۆ قوتابخانە.

-ئیمشەو تاوەکی بەیانی نەخەفتم- ئەمشەو تاکو بەیانی نەخەوتم.

جێناوی چەندێتی: (رادە)ئەم جێناوانە رادەی ناو بەشێوەیەکی نادیار پیشان ئەدات،کە ژمارەکەی بەتەواوی دەست نیشان ناکرێت، وەکو: ئەوەندە، ئەیەندە،

هەند، هەندە، چەندی، چەندە،چەندیک، هەندیک،توزیک، زوو، زۆر، کـەم/ کەمیک، گەلیک، قلیک نەختیک، قەیاسی.هەرچۆ.

-ئەیەندە قسەی خۆشە لەی عاجز نێبیت.

-ئەوەندە هارە، رەحەت دانێنیشیک.

-ئەوەندە باشە، خراپ بییە.

-هەند خۆیک نەخۆش کەفیک. هەند دەخوات نەخۆش دەکەوێت.

-توزیک ئاو رام بیارە. تۆزێک ئاوم بۆ بێنە.

-ئەمەندە حێلە جێی نێبووکەوە. ئەمەندە زلە جێی نابێتەوە.

-چندی بەت بکریک چاکە بکە. چەندی پێت بکرێت چاکە بکەی.

-قەیاسی کیلۆیک بابەی. بەقەدەرکیلۆیەکی بدەرێ.

-زورهات قەبالە بەتالە. زۆرهات قەوالە بەتالە.

-چەندیک توانی ئاو بخۆرەوە. چەنێک ئەتوانی ئاو بخۆرەوە.

-هەر چۆ واتیک بابەی هەرچییەکی دەوێت بیدەرێ.

جێناوی هەیی: لەزاری شوان، جێناوی هەیی لەجیاتی کەس و شتی نادیار بەکاردەهێنرێت و بریتییە لە(هی، هین) ،بەڵام لەزاری شوانی کێشکدا، جێناوی (هین)بۆخاوەنێتی بەکاردێت، وەک

ئـەم نموونـانـە کـــــە بـۆ نـادیاری و هـەنـدێکـیـــــان بـۆ (هـەیـی-تملـک-possessive):ە-

-راستە هین کوژیاگە ـــــ راستە هین کوژراوە.

-لەناوشوان هین دیتم ـــــ لەناوشوان هینم دیت(دی) .

هین کریم ـــــ هینم کری.

لەشوان (هی) بەکاردێت، وەک (هین)جیاوازییان ناکرێت وەک:

-هی کێیە؟ هین کێیە؟ هین مەحمیدە.

جێناوی(هین) لەگەڵ ئامرازی پەیوەندی(ش/ یش)دا بەکاردێت،
وەک:
هینیش لەدەستمان چووی ـــــ هینیش لەدەستمان چوو.
دیسـان جێناوی لـکاو، لەگەڵ ئەم جێناوەشـدا دەکەوێـتە کۆتایی فـرمانەکەوە، وەکو لەرستەکانی سەرەوە پێشانمان دا.

ئامرازی نەرێ (نەفی)

جێناوی نەفی لەزاری شواندا(هیچ، قەت) بۆ نەفی کردنە، نموونە:
وەک: هیچ بەقسەیان ناکەم.   قەت پێیان ناڵیم

لەزاری شوانی کێشکدا :

قەت ناوشوان لەبیرم نێچوکەوە.
-هیچ بەی نێوشم ـــ هیچی پێ ناڵێم.
-قەت کفر وانێکەم ـــــ قەت کفری واناکەم.

جێناوی نادیار: لەزاری شـوان بەگـشـتی، ولەشوانی کـێـشکدا ئەم جـێناوە نادیارانە بەکاردێت، شوێنی کەس وشت دەگرنەوە، یا لە قسەکردندا، لەجیاتییان بەکاردێن، بۆیە پێیـان دەوترێت نادیار نازانرێ چ کەسی وەیا چ شتێک، نموونە: (کەس، گشت، هەموو/ حەموو، فلان، فیـسـار، کابرا، هین[نەک وەکو خۆیەتی و هەیی-تملک]. هەرکەس، هەرشت(هەرتشتیک)،
نموونە:
-کەس دیتی؟ ـــــــ کەست دیت؟
-کەسیک هاتە؟ ـــــ کەسێک هاتووە؟
-حەمووی خواردم ـــــ هەموویم خوارد.
-هەرکەس هات بەی بیشە ـــــ هەرکەس هات پێی بڵێ.
لەناویاندا جێناوی(کەسێک، حەموو، هین)لەزاری شوانی کێشکدا

زۆربەکارە، هەروەها راناوی فرمانە تێپەڕەکەی(خوارد) چۆتە کۆتاییەوە، بەپێچەوانەی زمانی ئەدەبییەوە.

لێرەوە دێمە سەر بەکارهێنانی جێناوی لکاو، کەلەگەڵ گەردانکردنی جۆروکاتی فرماندا، پیشانیان ئەدەین و لەبەر درێژی خرایە دوای جێناوەکانەوە:

لەپێشەوە گەردانکردنی جێناوە لکاوەکان، لەگەڵ جێناوە کەسییەسەربەخۆکاندا بەکاردێنین وەکو:

شوانی کێشک	شوان و زمانی ستاندەر
منم ـــــ ئیمەین	منم ـــــ ئێمەین
تویت ـــــ ئیوەن	تۆیت ـــــ ئێوەن
ئەوە ـــــ ئەوانن	ئەوە ـــــ ئەوانن

فرمانی رابردوو لەگەڵ راناوی لکاودا:

١-فرمانی رابردووی نزیک: من چوویم ئیمە چوین [چویین ە]

یاساکەی: قەدی رابردوو+راناوی لکاو تو چویت ئیوە چوین

چوین: چوی+م ئەو چوی/چی ئەوان چوین/چین

لەکەسی یەکەمی کۆدا دوو (ی)کۆبۆتەوە، یەکەمیان هی قەدی چاوگەکەیە و دووەمیان توشی کرتاندن (elision)«١٦» بووە، چونکە هەردووکیان، یەک دەنگن و یەک شێوەن.

یەک دوو دێ دەڵێن: من چیم، تو چیت، ئەو چی، ئیمەچین [واتە من چووم ... هتد].

٢- فرمانی رابردووی تەواو: یاساکەی: چاووگ: قەد+نیشانەی تەواو+راناو

کەفتن: کەفت+گ + م: من کەفتگم ـــــــ کەفتگین(ئیمە)

تو کەفتگیت ـــــــ کەفتگن (ئیوە)

ئەو کەفتە/کەفتگە ـــــــ کەفتگن(ئەوان)

لەزمانە ئەدەبیەکەو شوانی بەگشتیدا دەبێتە: کەوتوومە، کەوتوویتە...هتد

بۆ تێپەڕ وەک: کردگم، کردگیت، کردگە(کردە)، کردگین،کردگن.

٣- فرمانی رابردووی بەردەوام: نیشانەی بەردەوام+قەد+راناو

بۆ تێپەڕ:دکردم، دکردی،دکرد، دکردین...

بۆ تێنەپەڕ: کەفتن: د+کەفتن+م: من دکە فتم/م ـــــــ دکەفتین (ئیمە)

تۆ دکەفتیت/یت ـــــــ دکەفتن ئیوە

بۆتێنەپەڕ د کەفت/ ـــــــ د کەفتن (ئەوان)

تیرەی (ورام)لەشواندا نە(د) و نە(ئە) بەکارناهێنن بۆ نیشانەی کاتی بەردەوامی فرمان، کە لەهەموو شواندا بەزۆری(ئە) بەکاردێنن،

بەڵکو[دە] بەکاردێنن.

نموونە: دەکەوتم، دەکەوتیت، دەکەوت، دەکەوتین، دەکەوتن...

بەڵام شوان بەگشتی (ئە) بەکاردێنن وەک:

ئەکەوتم.، ئەکەوتیت/ئەکەوتی، ئەکەوتین، ئەچووین، ئەچوون...

کەواتەلێرەدا دەرکەوت سێ نیشانەی بەردەوامی لەناوچەی شواندا بەکاردێت وەکو(د، دە،ئە) لەشوانی کێشک و تیرەی(ورام)و شوان بەگشتی.

٤-فرمانی رابردووی دوور:

قەدی چاووگ+ قەدی چاووگی بوین(بی)+ڕاناو

کەفت+بی+م

کەفتن: من کە فتبیم/م ـــــــ ئیمەکەفتبین/ین

تو کەفتبیت/یت/ە ـــــ ئێوە کە فتبین/ن

ئەو کە فتبی/ە ـــــ ئەوان کە فتبین/ن

لەکەسی دووەمی تاک و یەکەمی کۆ دا، (ی) راناوە لکاوەکەی (یت)و (ین)، تووشی یاسای کرتاندن (حذف-elision) هاتووەو ئەو (ی)یەی دیارە هی قەدی(بوون)ە کە لەشوانی کێشکدا دەبێتە(بین).

فرمانی رانەبردوو: بنووسرێت لەرەگی چاوگەوە بەهۆی لکاندنی نیشانەی بەردەوامی(د)لەسەرەتای فرمانەکەوە لەگەڵ راناوی لکاو لەکۆتاییەوە، ئەمە لەشواندا وەکو زمانی ئەدەبیەکە وایە، نموونە بۆ تێنەپەڕ لەرانەبردوودا دەمێنێتەوە.

چاوگ: نیشانەی بەردەوامی+ رەگ+راناو

نوویسین: د+نوسین+م=دنویسم

تێنەپەرە	تێپەڕ
من دچم-دچین	من دنویسم/م ـــــــ ئیمە دنویسین/ین
تو دچیت/ی-دچن	تو دنویسیت/یت ـــــ ئیوە دنویسن/ن
ئەو دچوک-دچن	ئەو دنویسیک/یک ـــ ئەوان دنویسن/ن

لەزاری شواندا وەکو زارە ئەدەبیەکە دەبێتە:[من ئەنووسم، تۆ ئەنووسیت، ئەو ئەنووسێت، ئێمە ئەنووسین، ئێوە ئەنووسن،ئەوان ئەنووسن]، کەچی لەتیرەی(ورام) شواندا، دەبێتە: من دەنووسم، تۆ دەنووسیت، ئەو دەنووسێت، ئێمە دەنووسین، ئێوە دەنووسن،ئەوان دەنووسن.

دەچم- تۆ دەچیت/ی، ئێمە دەچین، ئێوە دەچن، ئەوان دەچن، ئەو دەچێت.

ئەمە یاسای کاتی رانەبردووە، بەگشتی، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی

ئاوەڵفرمانی کاتەوە، دەکرێتە کاتی ئێستاو ئاینده، لەزاری شواندا، ئاوەڵفرمانی کاتی ئێستا وەکو(وا، ئەوا، ئەوە، ئێستا، هێمە). بەگشتی وەکو زمانە ئەدەبییەکە وایە. بەڵام ئاوەڵفرمانی کاتی ئێستا لەشوانی کێشکدا وشەی تایبەت بەخۆی هەیە، وەکو(هێمە) واتە(ئێستا) یان ئاوەڵفرمانی(ئێستاکە، ئێستاکانە، ئێستەرەم، عەلعان، سارەزوی ٠ئێستا)ش بەکاردێت. نموونە:

- هێمە چم ڕاشار ــــــ ئێستا ئەچم بۆشار (وا، ئەوا، ئەوە)
- ئیستەرەم واتمەی ــــ هەر ئێستا ئەمەوێت (دەمەوێت)
- ئێستاکە شکات لەی کەم ــــ ئێستا شکاتی لێدەکەم(لێئەکەم)
- ئێستاکانە دبەمەوەی ــــ ئێستا دەیبەمەوە (ئەیبەمەوە)
- عەلعان یارمەوەی ــــــ ئێستا/وا/ئەوا دەیهێنمەوە(ئەیهێنمەوە)

عەلعانەکی چم لەگەڵیا ــــ هەر ئێستا ئەچم لەگەڵیدا.

لەئاییندەدا بەهۆی ئاوەڵفرەمانی کاتی ئاییندەوە، کەهەر ناوێکی کاتی بۆ بەکاردێت: سارەزوی زەردەشت یاکەوە-بەیانی زوو زەردەشت دێتەوە.

-خوایار بووک سبەینێ خۆشی وگەشی ڕوی لەمان کەیک.
-ساڵیکە خانک کەم(دکەم) ــــ ساڵێکە خانوو دەکەم
-دوایی بەی دویشم ــــ دوایی/ لەپاشانا پێی دەڵێم.
- مانگیکە دەس کەم بەعیش ــــ مانگێکە دەست دەکەم بەئیش.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا دیاردەیەک هەیە، پێویستە دیاری بکرێت، ئەویش کرتاندنی نیشانەی بەردەوامی(د) لەزاری شوانی کێشکدا، بەئارەزوو سەلیقە، دەتوانین وەکو نیشانەی(بـ)ی داخوازی لە فرمانی دارێژراوو لێکدراودا بەکاری نەهێنین، کەبەر یاسای زمانەوانی (lingustic) بەئارەزوو (optional)«١٧»دەکەوێت، کە لەزارە ئەدەبییەکە و زاری گشتی شواندا وانییە، هەرچەندە لەفرمانی داخوازی و لێکدراودا لەزمانی کوردیدا وایە.

فرمانی داخوازی:

فرمانی داخوازی وەکو یاسای پێکهاتن هەروەکو زارە ئەدەبییەکەو زارە گشتێکەی شوان وایە، تەنها وشەکانی جیاوازن، نموونە:

نیشانەی داخوازی+رەگی چاوگ+راناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک و کۆ.

نوویسین: بـ + نویس- ە /ن= بنویسە / بۆتاک-بنووسە.

بنویسن/ بۆ کۆ - بنوسن.

دابنیشە- دانیشە بەریاسای ئارەزوو کەوتووە، (بـ) نامێنێ، چونکە فرمانێکی دارێژراوە یان لێکدراویش هەمان شتە، وەک : نان بخۆ ـــــ نان خۆ، عیش بکە ـــــ عیش کە: ئیش بکە، ئیشکەن.

تا ئیرە یاسای بەکارهێنانی راناوی لکاوە لەگەڵ فرمانی رانەبردووی تێنەپەرو رانەبردووی تێپەڕ، بێجگەلەناوێزەیی کەسی سێیەمی تاک جیاوازی هەیە، ئەویش بۆ رانەبردووی تەواو راناوەکە دەبێتە(ە)و لەرانەبردووی تێپەڕدا بۆتە (یک)، بەڵام لەرانەبردووی تێنەپەڕدا بۆتە(وک).کە ئەمە پێچەوانەی زارە گشتییەکەی شوان وزمانە ئەدەبییەکەیە. وا لەخشتەیەکدا دەیانخەینەڕوو، راناوی بۆ رابڕدووی تێنەپەڕ و تێپەڕ لەزاری شوانی کێشکدا:

رابردووی تێنەپەڕی کێشک	راناوەکانی	رابردووی تێنەپەڕ لەشوان وزمانی ئەدەبی	
من کەفتم- ئیمە کەفتین	م-ین	من کەوتم - ئێمە کەوتین	م-ین
تو کەفتییت/ی ئیوە کەفتن	ی/یت-ن	تۆ کەوتیت/ی -ئێوە کەوتن	ی/یت-ن
ئەو کەفتە/ە-ئەوان کەفتن	ە-ن	ئەوکەوت ە-ئەوان کەوتن	ە-ن

هەمان یاساکەی زمانی ئەدەبییەکەیە.

بۆ رابردووی تێپەڕی کێشک	راناوەکانی	رابردووی تێپەڕی شوان و زمانی ئەدەبی	
-من خواردم-ئیمە خواردین	م-ین	من خواردم -ئێمە خوادمان	م-مان
-تو خواردیت/ی-ئیوە خواردن	یت/ی-ن	تۆ خواردت-ئێوە خواردتان	ت-تان
-ئەو خوارد ە-ئەوان خواردن	ە-ن	ئەو خواردی-ئەوان خواردیان	ی-یان

لەراناوی لکاو لەگەڵ دەمی رانەبردووی تێنەپەڕ لەهەردوو زارەکەدا:

رانەبردووی تێنەپەڕی شوانی کێشک	راناوەکانی	رانەبردووی تێنەپەڕی شوان و زمانی ئەدەبی	
-من دکەفم-ئیمە دکەفین	م-ین	من ئەکەوم- ئێمە ئەکەوین	م-ین
-تو دکەفیت-ئیوە دکەفن	یت/ی-ن	تۆ ئەکەویت/ی-ئێوە ئەکەون	یت/ی-ن
-ئەو دکە فیک- ئەوان دکەفن	یک-ن	ئەو ئەکەوێت- ئەوان ئەکەون	ێت-ن
		ئەخوات	

ات

لەتیرەی (ورام)یشدا هەمان یاسای زمانە ئەدەبییەکەو زاری گشتی شوانە، تەنها ئەوەنەبێت بۆ نیشانەی بەردەوامی[دە] بەکاردێن، نەک (ئە)، وەک دەکەوم و دەخۆم و، دەچم.

شتێکی دیکەی گرنگ و ناویزە لەم زارەدا ئەوەیە، بەپێی یاسای ئارەزوو (optional) دەتوانی یانیشانەی بەردەوامی[د] بەکارنایەت یا دەتوانی بەکاری نەهێنی، بەڵکو تەنها رەگی فرمان و راناوە لکاوەکانی بەکاردێت، وەک:

من چم، توچیت، لەبری من دچم، تو دچیت..

ڕانەبردووی تێپەڕ لەهەردوو زارەکەداک

ڕانەبردوو تێپەڕ لەزاری شوانی کێشک	ڕاناوەکانی	ڕانەبردووی تێپەڕ لەزمانی ئەدەبی و شوان بەگشتی	
من دخۆم-ئیمە دخۆین	م-ین	من ئەخۆم - ئێمە ئەخۆین	م-ین
-تو دخۆیت/ی-ئیوە دخۆن	یت/ی-ن	تۆ ئەخۆیت/ی-ئێوە ئەخۆن	یت/ی-ن
ئەو دنویسیک، ئەو د چوک	وک {	ئەو دەنوسێت	

لەم یاسایانەی سەرەوەدا شتی و دیاردەی زەق ودیار، کەجیاواز بێت لە زمانە ئەدەبییەکەو زاری شوان بەگشتی، ئەوەیە ڕاناوی لکاوی (م،ت،ی،ما،تان،یان) لەگەڵ فرمانی ڕابردووی تێپەڕی زاری شوانی کێشکدا بەکارنایەت و، ئەوەی لەگەڵیدا بەکاردێت هەمان ڕاناوی لکاوی دەمی ڕابردوو وڕانەبردوو فرمانی تێنەپەڕ و ڕانەبردووی تێپەڕەو، ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی ئەم زارە هەروەکو زارە ئەدەبییەکە ناوێزەیە (شاذ)، لەڕابردوو تێنەپەڕەو تێپەڕدا دەرنەکەوتووە، کەچی لە زمانی ئەدەبییدا بۆکەسی سێیەمی ڕابردووی تێپەڕ دەبێتە(ی) لێرەدا دەرنەکەوتووە[ە] و لەنەخشەکەدا نیشانەی دەرنەکەوتنمان بۆی بەکارهێناوە، هەروەها ئەم ڕاناوە لەگەڵ فرمانی ڕانەبردووی تێنەپەڕو تێپەڕدا لەزاری ئەدەبییماندا(زمانی نووسین) بریتییە لە(ێت،و ات) لەزاری شوانی کێشکدا بووە بە(یک،وک)، ئەوەی لێرەدا، سەرنج ڕاکێشەرە، ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی شوانی کێشک تەنها لەگەڵ فرمانی ڕانەبردووی چاوگی(چوین-بین)واتە(چوون-بوون)

دەبێتە(وک)وەکوو: ئەو دچوک، ئەو دبوک، ئیمە چین،..

لەجیاتی[ئەو دەچیت، ئەو دەبێت، ئیمە دەچین].

شتێکی دیارەکەپێویستە بوترێت، ئەوەیە راناوی لکاو کە لە گەڵ فرمانی رابردووی تێپەڕدا نایەت، کە بریتییە لە(م، ت، ی، مان، تان ،یان) کەچی لەگەڵ ناوو ئاوەڵناودا، بۆهەیی(تملک-possessive) بەکاردێت وەکو:

ماڵم خۆشە-ماڵمان خۆشە،

ماڵت خۆشە- ماڵتان خۆشە، ماڵیان خۆشە.

لەگەڵ ئاوەڵناویشدا:

-من گوڵ جوانم هەیە-ئێمە گوڵ جوانمان هەیە

-تۆ گوڵ جوانت هەیە- ئێوە گوڵ جوانتان هەیە.

دیاردەیەکی دیکەی فرمانی تێپەڕ، لەزاری شوانی کێشکدا، ئەوەیە، ئەگەر هاتوو فرمانەکە، داڕێژراو یا لێکدراو بێت، یا بەکاری لەگەڵدا بەکاربێت، ئەوا بەپێچەوانەی زارە ئەدەبییەکەوە، راناوە لکاوەکانی،کۆمەڵەی دووەم(م، یت، ە، ین ، ن ، ن)ی لەگەڵدا، لە کۆتاییەوە بەکاردێت، نەک بچێتە نێوانیانەوە، وەکو:

-من راکردم ـــــــ من رامکرد (زاری ئەدەبی و شوان)

-ئیمە نان خواردین ـــــــ ئێمە نانمان خوارد(= = =)

-تو کتێب کڕیت ـــــــ تۆ کتێبت کڕی.

لێرەدا دوو دیاردەی جیاواز لەیەکترەوە دەبینرێت، راناوە لکاوەکان جیاوازن لەدەستووری رێزمانی زمانی ئەدەبی و کەوتوونەتە کۆتاییەوە. ئەم زارەش یەکێکە لەزارەکانی ناوچەی گەرمیان و لەدەستووری زارە ئەدەبییەکە لایداوە«١٨»

فرمانی بکەرنادیار:

(Passive Voice -مبنی للمجهول)

ئەم جۆرە فـرمـانە، لەزاری شـوان وەکـو زمـانە ئەدەبییـەکـەیە، بەلام لەزاری شـوانی کـێـشکدا جیـاوازەو، دەچێـتـەوە، سـەرزارەکـانـی کـرمـانجی باشـووری وەکو:لوڕی و خانەقینی، لێرەدا یاسای پێکهاتنی دەخەینە

روو: رەگی چاوگ+نیشـانەی نادیاری+نیشانەی کات=فرمانی بکەرنادیار بۆ رابردوو.

خۆ + ر + یاک= خواردن: خو+ر+یاگ = خورياگ

نووسین: نویس+یاگ ــــــ نویسیاگ ــــــ نوێسریاگ

مندالەکە نانەکە خوارد ــــــ نانەکە خوریاگە ــــــ نانەکە خوراوە

مامۆستا کتێب کڕی ــــــ کتێب کریاگە ــــــ کتێب کراوە

پیاوەکە گورگە کە کوشتە ــــــ گورگەکە کوژیاگە ــــــ گورگەکە کوژاوە.

بکەرنادیار لەدەمی رانەبردوودا بەم جۆرە پێکدێت:

چاوگ:نیشانەی بەردەوامی + رەگی فرمان+ نیشانەی رانەبردووی نادیاری+ نیشانەی کات

نوسین: د+نویس+ر+یک=دنویسریگ

مامۆستاکە ناوقوتابێکە دنوویسیک/ ناو قوتابییەکە د نوویسریک

+مندالّ نان دخۆیک ــــــ نان د خوریک

گەردانکردنی فرمانی بکەر نادیار لەگەلّ راناوەلکاوەکاندا: بۆ رابردوو

-من کوژیاگم«۱۹»م	-من کوژرام/م
-تو کوژیاگیت/ی	- تۆ کوژرایت/یت
-ئەو کوژیاگە(کوژیاگ)/ە	- ئەو کوژراوە/ە
-ئیمە کوژیاگین/ین	-ئێمە کوژراین/ین

-ئیوه کوژیاگن/ن — ئێوه کوژران/ن

-ئەوان کوژیاگن/ن — ئەوان کوژران/ن

راناوەکانی (م،ی،ە) دەرناکەوێت، (ین، ن، ن)لەگەڵ زمانی ستاندەردو زاری شوان بەگشتی جیاوازی نییە، بەڵام جیاوازی لەیاسای پێکهاتنی کەرەسەکانی فرمانی بکەر نادیارە، کەنیشانەی کاتی نادیاری بۆ رابردوو بریتییە لە(یاگ)، بەڵام لەرانەبردوودا دەبێتە(یگ) کەبەرامبەر بە(ا،ی)ی زمانی ئەدەبییە. هەندێک جار نیشانەی(ر)ی نادیاری لەدەمی فرمانی رابردووی ئەم زارە دا، لە هەندێک فرماندا توشی لەناوچوون و کرتان (حذف elison) دێت وەک نموونەکانی سەرەوە لەفرمانی(کوژیاگ،...)دا بەڵام راستێکەی دەستوورەکەی دەبێت(ڕ)تێدا بێت، وەکو:

من کوژریاگم، توکوژر یاگیت، ئەو کوژریاکە، ئیمە کوژریاگین، ئیوە کوژریاگن، ئەوان کوژریاگن.

فومانی رابردووی مەرجی(ئیلزامی)

ئەم فرمانانەش شێوەی دروستبوونی خۆی هەیە لەزاری شوانی کێشکدا، بەڵام لەزارە گشتییەکەی شواندا، هەروەکو زمانە ئەدەبییەکە وایە لەرووی دەستوورەوە لێرەشدا یەکن، نموونە: بکوشتاگام، بنوویسیاگا، بچوویاگا... هتد.

چاوگ:نیشانەی مەرجی(ئیلزامی)+ قەدی چاوگ(steem)+ راناو

ب+کوشت+اگا+م=بکوشتاگام

کەفتن: بـ + کەفت + نیشانەی رێژەی مەرجی(ئیلزامی/ئینشائی)(اگا)= بکەفتاگا

لەگەڵ راناوی لکاودا:

-من بکەفتاگام ——— ئیمە بکەفتاگاین ——— بکەوتایەم

-تو بکەفتاگایت ——— ئیوە بکەفتاگان ——— بکەوتایەیت

- ئەو بکەفتاگا ـــــــ ئەوان بکەفتاگان ـــــــ بکەوتایە

بۆ رانەبردووی مەرجی(ئیلزامی):

یاساکەی: نیشانەی مەرجی+ رەگی چاووگ+ راناوی لکاو=فرمانەکەی

کەفتن: بـ +کەف +م=من بکەفم-ئیمەبکەفین

تو بکەفیت - ئیوه بکەفن

ئەو بکەفیک ئەوان بکەفن

لەزارە گشتییەکەی شوان و زمانی ئەدەبیدا:

من بکەوم، تۆ بکەویت، ئەو بکەوێت، ئیـمـەبکەوین، ئێـوە بکەون، ئەوان بکەون

بۆ تێپەڕ وەکو: من بکەم، تو بکەیت، ئەو بکەیک، ئیمەبکەین....

بۆ رابردووی دووری مەرجی(ئیلزامی) بەمجۆرەیە:

چاووگ: قەدی چاوگ + قەدی چاوگی بین(بوون)+ پاشکۆی رێژەی مەرجی +راناو

کەفتن: کەفت +بیـ + اگا + م = کەفتتبیا گایت، کەفتبیاگا، کەفتبیاگاین، کەفتبیاگان. بۆ تێپەڕ

وەک: کوشتبیاگام، کوشتبیاگایت، کوشتبیاگا....

لەزاری شـوان و زمـانە ئەدەبیـیـەکـەدا دەبێـتـە: من کـەوتبـوومـایە، تۆ کەوتبوویتایە، ئێمە کەوتبووینایە، کەتبوونایە.

نیشانەی کۆ: نیشانەی کۆ لەزاری شواندا جیاوازی ئەوتۆی نییە لەگەڵ زمانە ئەدەبییەکەدا و بریتییە لە(ان، گەل) وەکو: پیاوان، مێگەل، مامۆستایان،... بۆ ناسراوی کۆش: پیـاوەکان،مامۆستاکان، بەڵام لەزاری شوانی کێشکدا بریتییە لە(گەل، ەل، یەل، ان)وەک: کورگەل، پیـاوگەل، سەگەل، مامۆستایەل، پیاوەل، منداڵەل، ژنەل، کچەل/ کچێل، برایەل، زستانان...هتد).

لەم رووەوە مامۆستا گیوموکریانی نەمر دەڵێت:«ئامرازی گەل لە ئەردەلان، لوڕستاندا بەفەیلی و لوڕو بەختیاری و شووان و کەلهوڕەوە،ئەمانەن: (ان،یان، ل، یەل، گەل) باوکان، برایان، برایەل، براگەل، کوڕەل، کوڕەل،گایەل...«٢٠»، راستێکەی بۆچوونەکەی مامۆستا گیو راستە، بەڵام نیشانەی(ان، یان) یەکن، تەنها جیاوازی دەنگسازییە شێوەیان گۆڕاوە و نیشانەی (ل) یش بەتەنها بەکارنایەت و بریتییە لە(ەل) مەگەر مەسەلەی دەنسگازی لەوشەیەکی کۆتایی هاتوو بە(ە)بیکات بە(ل)، کەلەئەنجامی یاسای کرتاندنەوەیە ئەم شێوەیە وەردەگرێت.

نیشانەی ناسراوی(ەکە) و نەناسراوی(یک)

نیشانەی ناسراوی لەزاری شوان بەگشتی و، لەزمانی نووسینماندا، بریتییە لە(ەکە، یەکە/کە) وەک : کوڕەکە، گوڵەکە، مامۆستاکە، گایەکە، لەشوانی کێشکدا هەرهەمان شتە، وەک: دوێتەکە، گایەکە، مامۆستاکە.

نیشانەی نەناسراویش لەهەردوو زاری یەکەم وپێشەوەدا بریتییە لە(ێک، یەک)، وەکو:کچێک، مامۆستایەک بۆ کورتکردنەوە دەبنە ·کچێ، مامۆستایێ، کوڕێ...) لەزاری شوانی کێشکدا نیشانەکەدەگۆڕێت بۆ (یک) وەکو: دوێتیک، پیاویک، مامۆستایک)داریک).

نیشانەی ناوی بکەرو بەرکاری: لەزمانی نووسینی وشواندا بریتییە لە (وو/و)وەک:(هاتوو، کەوتوو، سووتاو، بڕاو) بەڵام لەم زارەی کێشکدا دەبێتە(گ)وەکو: هاتگ، کەفتگ، سووتیاگ بڕیاگ، خەفتگ، بڕیاگ،.... هتد.

نیشانەی ناوی بکەر: لەزمانی ئەدەبی کرمانجی خواروو شواندا(بـ) ندە،یار، چی، ۆک،ەر/یدە، ..هتد)، وەک:(بکڕ، بفرۆش دڕندە، جووتیار، پینەچی، گەڕۆک، نووسەر، بخۆر..) لەشوانی کێشکدا هەمان شت هەن وەکو:(ببڕو

بکوژ، جفتیار، کارگەچی، گەڕۆک، بخۆر).

تەریدە، دڕندە، هوشیار، دانا، کڕیار، لێکدراویش وەکو: خۆکوژ، خۆگر، می سین(مووسێن)، نانکەر، راوکەر.

نیشانەی بچووککردنەوە: وەکو(ۆک، ەڵە، ۆکە، چە، ە، کە، ویلکە، یلە، ەلە... هتد) نموونە: برایمۆک، سمایلۆک، یاسینۆک، گۆزەڵە،

داسویلکە، ەلانە: گچکەلانە/بیچکەلانە،

ترپۆکە، خزمۆکە، باخچە، سمە، بیچکە، بیچکەلە، خڕیلە، خدە)...

[رستەسازی(سینتاکسی-syntax)]

لەبەشی رستە سازیدا، ئەوەی گرنگەوزیاتر جیاوازی نێوان زاری گشتی شوان و زمانی ئەدەبی، لەلایەک و زاری شوانی کێشک لە لایەکی دیکە پیشان ئەدین، کە جیاوازن لەیەکتر، یەکێک لەو بابەتانە(گرێ-phraze)یە، کە لەرووی پێکهاتنەوە، جیاوازەو گرێ لەم زارە دا، ئامرازی پەیوەندی کەدەچێتە نێوان وشەوە وەرناگرێت، کەئەمە پێچەوانەی زمانی ستانداردە، ئەم دیاردەیە بەگشتی لەگەرمیاندا بەدی دەکرێت . نموونە:

ماڵ براکەم، میللەت کورد، ماڵ کاکەم، پرد خاسە، شیوکانیسارد، گوڵ گەنم، شارکەر کویک، کەل سمایل بەگی، شەوزستان، ڕووژدرێژ، شارکۆیە، سەرساڵ، سەر ساڵ نو، چاومار، سەگ هار،

نموونە لەرستەدا: من چم راماڵ براکەم ـــــ من ئەچم بۆ ماڵی براکەم.

-میللەت کورد بێ خاوەندە ـــــ میللەتی کورد بێ خاوەنە.

-پردخاسە گەلیک کۆنە ـــــ پردی خاسە گەلێک کۆنە.

-شەوزمستان نێبڕیاکەوە ـــــ شەوی زستان نابڕێتەوە.

شارکەرکویک ماڵ کوردە ـــــ شاری کەرکووک ماڵی کوردە.

-من سەرساڵ چم بۆ زیارەت ئومەرمەندان ـــــ من سەری ساڵ دەچم بۆ

زیارەتی ئۆمـەرمەندان.بەڵام لەم زارەدا ئامـرازی (ڕا، بۆ، لە، بە)گـرێ دروست نەکـەن و لەرستەدا دەوری جۆراوجۆری رسـتـەسازی لە بکەروبەرکارو تـەواوکـەر دەبینین، وەکو:

-من سەر خۆم دخورنم ـــــــ من سەری خۆم ئەخورێنم.

-من چم ڕا شار ـــــــ من ئەچم بۆشار.

خەناوکە بۆت یارم ـــــــ ملوانەکەت بۆدەهێنم.

-ساڵە بەعسێکە قەت لەبیرم نێچووکەوە. ساڵ بەعسێکە قەت لەبیرم ناچێتەوە.

ماڵ باوک دیدار برادەرم خەڵک ناوشوانن(گرێکە فراوان کراوەتەوە).

-دوایی بەی دویشم-پاشان پێی ئەڵێم.

-ڕەسمەکە بەدیوارەوە داکوتم-وێنەکە بەدیوارە وە داکوتم.

لەم زارەدا پاشکۆی ئامرازی پەیوەندی کـەمـتـر بەکاردەهێنرێت، کـەدەکـەونە دوای ناوەوە،یا کـورت دەکـرێتـەوە وەکـو(دا) دەبیـتـە(ا)، پاشکۆی (ەوە)ش بەکاردێت، نموونە:

-من لەشارەوە هاتم ـــــــ من لەشار هاتمەوە (زاری کێشک).

- زاگرۆس چوێوە بۆماڵ ـــــــ زاگرۆس چۆوە بۆ ماڵ

-لەو ژوورەوەهاتم ـــــــ لەی ژوێرەوە هاتم.

ئاوەڵفرمانی نەرێ (نەفی- ناکردن)

ئاوەڵفرمانی نەرێ کەبریتییە لە(نە، نا، نی، مە)لەزاری شوانی کێشکدا دەبێتەوە(نە، نێ، نی، مـە) بۆ دۆخی نەکـردن لەدەمـە جیـاوازەکـانی فـرمـاندا بەکاری دەهێنین وەکو: (نە) بۆ نەکردنی کاتی رابردوو نموونە:

نەچوی، نەخەفت، نەخوارد، لەرستەدا:

من نەچویم ڕا شار ـــــ من نەچووم بۆشار.

(مە) بۆ نەرێکردنی فرمانی داخوازییە، وەکو: مەچو بۆ بازار:

نێ: ئاوەڵفرمانی نەرێ بۆ کاتی ڕانەبردوو، نموونە: (نێچم، نێخەفم، نێکەم نێبەم) لەجیاتی (نا) بەکاردێت و گۆڕانی دەنگی(ا ـــــ تی)وەکو: ناچم نێچم. نموونە: - بەیانیان زوی نان بەی نێخوریک ـــــ بەیانیان زوو نانی پێ ناخورێت.

ناوی نێنویسم ـــــ ناوی نانووسم.

(نی) بۆنەرێکردنی: بوون و نەبوون.

نان نییە.

پارەم نییە.

جیاوازی لەگەڵ زاری شوان و زمانە ئەدەبییەکەدا ئەوەیە(نای) ڕانەبردوو دەبێتە(نێ)، ئەمەش دیاردەیەکی ڕێزمانییە وەکو: (ە،ا)، لەکرمانجی سەرووشدا دەبنە(ی-ێ)وەکو:

[دەرسیم ـــ دێرسم، ماردین ـــ مێردین)«٢١». هەروەها (ان،ات)ی کۆ لە سەروودا دەبنە (ێن،ێت: کوڕێن، کوڕێت)

ئامراز: لەبەشی ڕستەسازیدا، بەپێویستی دەزانین،کەنموونەی ئەو ئامرازانەی کەلەم زارەدا بەکاردەهێنرێت جیاوازن لەئامرازی زارە گشتیکەی شوان و زمانی ئەدەبی، بەنموونەوە، بیان خەینەڕوو:

ئامرازی سەرسوڕمان: وەکو: (پەکوف، پەکوح، هیزە، ئەیەڕۆ، کەسەر، کەسەروداخ، مخابن، حەیف ومخابن، ئاخ، حەیف، وای، ئەی لەیە، دەک دەک) ئەمە لەم زارەدا، بەڵام لەزاری شوان و ئەدەبییەکەدا، وەکویەکن و نموونەی تریش هەن هاوبەشن و لەزاری کێشکدا بەکاردێن، بەڵام ئەمانە تایبەتن، وەک:

-پەکوف لەوغەدرە!　　　　پەکو لەم غەدرە!

-پەکوح ئەیە بۆ واکەیک!   پەکوح ئەمە بۆ وائەکات!

-هیزە واز لەیبیارە!   هیزە وازی لێ بهێنە!

-ئەیەڕۆ قالە شێت هاتەتەوە!

-ئەی لەیە، دبووک چۆ بووک!   ئەی لەمە ئەبێ چی بێت!

-دەک دەک خەریکە بایگ لەی! دەک دەک خەریکە لێیبدات!.

-حەک لەسەگە بۆرە!

ئامرازی تریش هەن، بەڵام بەزۆری هاوبەشن وپێویست بەنموونەی ناکات.

ئامرازی وەڵام: تا رادەیەک لەزمانی نووسین وزاری شواندا، وەکو یەکن بەڵام ئەمانە تایبەتن بەم زارە، وەکو: ئێ، ئا، ها، هۆو، با، ئێی، بەڵێ، بەدی، هۆی، هۆی بەڵێ. نەء، نا، نە، نەخێر(کەمترە).

-ئێ وادیام.   هاکاکە.   ئێ باشەوایە.

-ئا وایە.   هۆو بەڵێ.   با وایە.

-بەڵێ واتمەی   بەدی هات.

-نەء نیاک.   نەنایەت.(نە، نا) بۆ وەڵامی نەرێن.

ئامرازی بانگکردن: وەکو:(هۆ، ئەرێ، هێی، هۆی، هۆهۆ) ئەمانە بە شێوەی وشەن، بەڵام بەشێوەی ئامرازی بانگ کردنی دەنگیش هەیە.

وەکو:(ە: خالە،ۆ: کاکۆ بۆنێر، ێ: کچێ، ی: میمی، ینە:کوڕینە)،[ە: بۆنێرە، (ێ-ی: بۆمێیە]، [ینە: بۆ نێر ومێی کۆیە].

ئامرازی بانگ کردنی ئاژەڵیش هەیە، وەکو: ئۆحە، یخە، هڕە، تەس، گدی گدی، هێشە(هێش)، هسە(هس)،پشە(پش)، کوت کوت،...هتد.

بۆ پەلەوەریش، وەکو: جووجوو، کشە(کش)... هتد. ئامرازی تر هەن، بەڵام بۆئێرە بەسە.

ئامرازی خۆزگە: بۆ خۆزگە خواستن وەکو: خۆزگە، بریا خۆزگەم بەخۆت.

بریابهاتاگا لەگەڵمانا. خۆزگە بەی بۆتام.

ئامرازی گومان: بۆ گومان کردن لەروودان و روونەدانی رووداو وەکو(بەشکی، بەشکو، دبوک، دبوکن، ئەگە، ڕەنگە، سا، بەشکوم، بەشکم، لەوانەیە.

-بەشکی بیاکەوە ـــــ بەڵکو بێتەوە

-دبووک بەقسەم بکەیک ـــــ دەبێ بەقسەم بکات.

-ئەگە یای لەگەڵما، خێراوەرە. ئەگەر دێیت لەگەڵمدا..

-سابۆخوا کەریمە. ـــــ دەسا(سا) وەرە خوا کەریمە.

-بەشکوم ئەیە خوایە پەشیمان ببووکەوە. بەڵکو خوا بکات پەشیمان بێتەوە.

ئامرازی لێکچواندن: ئامرازی ئەم جۆرە، لەم زارەدا، کە تایبەتە بەخۆی، بێجگە لەوانەی کەگشتین بۆ ناوچەکەو بۆ زمانی نووسین ئەمانەن: ئەمنی، دەمنی، شەپاندن، ئەڵەی، دویشی، کوتومت،

-زاگرۆس ئەمنی دایکێتی ـــــ زاگرۆس وەک دایکێتی.

دەمنی شێرە شەرکەیک. ئەڵێی شێرە شەڕئەکات.

-بەباوکی شەپاندمەی ـــــ بەباوکی شوبهاندم.

-دویشی باوکێتی ئازایە.

ئامرازی بێجگە: وەکو: (بێجگە، جگە، تەنیا، بێجگە لەوی، بەس، بێ، بەبێ.

نموونە:

-بێجگە لەدیدار کەس نیاک ـــــ بێجگە لەدیدار کەس نایەت.

-حەموویان هاتن تەنیا کاکەم نەبوک ـــــ هەموویان هاتن تەنیا (تەنها) کاکم نەبێت.

-بێجگە لەوی کەستر خۆش نێواتم ـــــ بێجگە لەوی کەسیترم خۆش ناوێت.

-بەس بەو بویشە ـــــــ بەس بەو بلێ.

-بێ تونیام بۆ ئەورە ـــــــ بێ تۆ نایەم بۆ ئەوێ.

ئامرازی تەئکید (جەختکردن):

وەکو ئەم ئامرازانە(هەر، با، دە، کە، دەسا، جا، دەبا) ئەم ئامرازانە هەمان شێوەی ئامرازی جەختکردنن کە لەزاری شوان بەگشتی و لەزمانی نووسیندا بەکاردێت، وەکو:

-بوچکە بن دنیا هەر گرمەی ـــــــ بچێتە بن دنیا هەر ئەیگرم.

-قەینێکەیک یا بیاک لەگەڵما ـــــــ قەیناکات بابێت لەگەڵمدا

-دەساوایە، دەساواکردم ـــــــ دەسا وامکرد.

-دەی بەشەڕی خاڵخاڵانا گۆرانیک بیشە. دەی بەشەڕی خاڵخاڵاندا گۆرانییەک بلێ

- دەبا حەموو ناوشوان ئاوەدان کەینەوە(لە سەرووشدا: [حەمی] بەکار دێت)..

ئامرازی مەرج: لەزاری شوانی کێشکدا ئەمانەن(شەرتە، شەرت بوک، حەتا، حەتاوەکی، حەتاکو، حەتاکونێ(حەتاکون)، هەتا(شێوەکانی تریشی) گەر،..).
نموونە: حەتا ئاو لەدوی بێڵم بیاک واز لەی نیارم.-شەرتە گۆڕەکەی کوێخا نەرگس شوانی هەڵگرم.

-شەرت پیاوبوک واز لەشارکەرکویک نیارم. شەرتی پیاوبێ واز لەشاری کەرکووک نەهێنم

-حەتاوەکی بەقسەی بکەیک خۆشی واتم ـــــــ هەتا بەقسەی بکات خۆشم ئەوێ.

-گەر بەی بیشن(بویشن) دیاریکەی ـــــــ ئەگەر پێی بڵێن ئەیهێنێ.

هەندێک جار بۆئارەزوو نیشانەی بەردەوامی {د} تێدەچێت و

دەبێتە (یاریکەی).

ئامرزای ئاگادارکردنەوە (ورپاکردنەوە):

وەکـو نموونەکـانی (ئەهـ، ئەها، هێی، هەی، وا، ئەوا، ئەی) وەکـو ئامـراز هەرهەمان ئامرازی زمانی نووسینن، نموونە:

-ئەهـ وایی ـــــ ئەهـ ڕایکرد.

-ئەها قویچاندەی ـــــ ئەها قوچاندی.

-هێی سەر زل بۆ نێحەویتەوە ـــــ هێی سەر زل بۆ ناحەویتەوە.

- سەبرت بوک وا دیاک ـــــ سەبرت بێ وا دێت.

ئامـرازی سـەر زەنشـتکردن: بۆ سوکـایەتی وگـاڵتە پێکردنە، وەکـو (شیـڕ، تڕحێو، دۆیها، زەڕ، چش، تفو(تف)، جرت وفرت، حەی حەی، هۆیها!

نموونە:

-شیڕ ئیشیک تو بکەیتەی ـــــ شیڕ ئیشێک تۆ بیکەیت.

-تڕحێو دیسان یاکەوە ـــــ ترحیو دیسان دێتەوە.

-حەی حەی لەدەس تو ـــــ هەیهەی لەدەست تۆ.

-جرت وفرت یاک و چوک ـــــ جرت و فرت دێت ودەچێت.

ئاوەڵفرمان لەزاری شواندا: (الظرف)

جیـاوازی ئەوتۆ نابینرێت لەنێـوان زاری شـوان وزمـانی نووسـینی(کـرمـانجی ناوەڕاست)، بەڵام لەزاری شـوانی کـێشکدا، وشـەو ئاوەڵفـرمـانی سـەربەخۆی هەیەو هی واش هەیە هاوبەشە لەزاری ناوچەکەو لەزمانی

نووسین. نموونە:

ئاوەڵفـرمـانی کـاتی: وەکـو: (سـارەزوی، سـبـەینێ، هێـمـە، عـەلعـان، عـەلعـانەکی(الآن)، ئیـسـتـەرەم، شـەوەکی، کـازیبی بەیان، دەمـەوبەیان، پارشیم(پارشێو)، ماڵخەفتک(کاتی ماڵ خەوتن)، نیمە شەو، چێشتەنگاوە،

خۆر دەرچوین، پاش نیـمـەڕۆ(پێش...) خۆرکـەفتن، بەچاوجـویقـانیک، خـۆر لەزەردە، بەچاو تووریکانیک، عـەیام [عـەیامـێـک] سـالانیک، سـالانیـکە، ڕوژگـار/ ڕوژگـاریک، بوهار، بوهاران، زمـسـتـان، جـارجـار، جـارێک، جـار، حەفتەی تر، لەمەودویا، قەدەریکە.

ئاوەڵفـرمـانی شـوێنی: وەکـو: (بان، بن، ناوقـەد، پێش، دویا(ئەم وشـەیە(وی)کـەی بەیەک دەنگ دەخـوێنرێتـەوە)، پەڕ، پەرگـە، ناو، لا، لەلا، تەک، لەتەک، لەجێ، لەشوێن، لەژوێر،لەسەردا، لەسەرداوە، لەوخوارەوە.

بۆشوین:

-لەبان دیوارەکە دانیشتبیم ـــــــــ لەسەر دیوارەکە دانیشتبووم.

-ماڵ ئیمە لەو پەڕ ئاواییە ـــــــــ ماڵی ئێمە لەوپەڕی دێیە.

-لەپەڕگەی ئاواییـەوە کانیک هەیە ـــــ لەپەرگەی دێیـەکەوەکـانیـیـەک هەیە.

-تا ناوقەد ئاو هاتبی. هەتا ناوقەدی ئاو هاتبوو.

-ئاوەکە لەسەرداوە پاکی کردمەوە- ئاوەکەم لەسەرەوە پاک کردەوە.

بۆکات:

قەدەریکە هاتە ـــــــ ماوەیەکە هاتووە.

-جارجار سەر دەملەی ـــــ جار جار سەری لێ ئەدەم.

- تا ماڵخەفتک نیامەوە. ـــــ تا ماڵ خەوتن نایەمەوە.

-لەکازیب بەیانەوە هەڵسیاگم ـــــ لەکازیوەی بەیانەوە هەڵساوم.

پەراوێزو سەرچاوە:

(+) ئەم باسـە، باسـێکی وەسـفی بەراوردییـە، لەشـوێنی پێـویـست باسـە وەسـفـێکە، دەبێـتـە باسـێکی لێکۆڵـینەوەی بەراوردی، بۆ مـەبەسـتی جیـاوازی دەرخستنی نێوان زاری شوانی کێشک لەلایەک وزمـانی سـتاندەر و زاری شوان

بەگشتی لەلایەکی تر. وشە و رستە بەرامبەر نموونەکانی ئەم زارە بۆ بەراوردەکەیە.

١- د. زەنون پیریادی، سەرنجی بۆ ئەم باسە لەرەنگینی ژمارە(٩٨)ی ١٩٩٧

لەلاپەڕە(١٢-١٣) ڕاکێشاوە، کە تیایدا باس لەگەڕەکی پیریادی کەرکووک و پیریادی چەمچەماڵ دەکات.

٢- یەکێک لەم سیاسەت و دیاردانەی دژی شاری کەرکووکی کوردان، بەفەرمانی ڕەسمی کارگێری خۆجێیەتی(الادارة المحلية) پارێزگای کەرکووک لەساڵی ١٩٧٦ نوسراوێکی ڕەسمییان ئاراستەی کتێبخانەی گشتی کەرکووک کردبوو[بەداخەوە ژمارەکم لانییە] تا کتێبە کوردیەکان بەتایبەتی گرنگەکان ببرێتەوە بۆ ئەو فەرمانگەیەو لە تۆماری کتێبەکاندا هێڵی سووریان بەسەر ناوی ئەو کتێبانەدا کێشا بوو لەسەری بەقەڵەمی سوور نوسرابوو «سحب بأمرالمحافظ الى الادارة المحلية» ئەمەم بەچاوی خۆم دیوەو خوێندومەتەوە. ئەمە بێجگە لەوەی هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی و کتێبی نوێ لەساڵی ١٩٧٥ بەدواوە بۆ ئەم کتێبخانەی کەرکوکە نانێردرێت. هەموو کتێبە کوردییەکانی ناگەیشتە(٧٠) کتێب یا ئەوانەی بەتایبەتی لەسەر کوردن.

٣- بێجگە لەمامۆستای نەمر گیوموکریانی، عەبدولرەحمان زەبیحی، غازی فاتح وەیس باسی هەندێک زاری پارێزگای کەرکووکیان بەکورتی کردووە، ئیتر لەکوردەکان کەس بەلایدا نەڕۆیشتووەو ئەم ناوچە فراوانەی کەچەندین زاری وەکو؛ کاکەیی، زەنگنە،شوان، شێخانی لێیەو هەموو ناوچەکە، وەکو زار لەهەندێک نووسیندا، براوەتەوە سەر زاری سلێمانی، کەچی جیاوازییان هەیە لەگەڵ یەکتر.

٤- هێمام بۆ ئەم زارە لەوتاری (شوان) لەگۆڤاری هاواری کەرکووک ژ(٤)

کردووە.

٥- بۆ نموونە خەڵکی شاری سلێمانی دەنگی(ء) قوت ئەدەن و پاشگری(ەوانێ)ش لەکەرکووک بەکارنایەت و راناوەلکاوەکانیشی لەرستەدا شوێنیان پێچەوانەی زاری سلێمانییە، راستە لەیەکترەوە نزیکن، بەڵام جیاوازیشیان هەیە.

(×) د. کەمال فوئاد لەلاپەرە(٢٠)ی گۆڤاری زانیاری ژمارە(٤)ی ساڵی ١٩٧١ ئەمەی دیاری کردووە.

٦- گیوموکریانی، ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بەپیتی لاتینی، هەولێر، ١٩٧٢ ، ل ١٣ .

٧- گیوموکریانی، فەرهەنگی مهاباد، هەولێر ١٩٦١ ، ل ٦ ، لەوتاری «شوان» لەگۆڤاری هاواری کەرکووک هێما بۆ ئەمە کراوە بروانە ل٣٥-٤٧ .

٨- بروانە: د. رەفیق شوانی،شوان، گۆڤاری هاواری کەرکووک، ژمارە(٤) ل ٣٥-٤٧ هێما بۆ سەرچاوەکەی حەمیدی ئیزەد پەناە کراوە، لە(فەرهەنگی لەک و لور)، ل. ٢ .

٩- رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٧)، ل ١٤-١٧ .

١٠- عبدالرحمن ئەمین زەبیحی، قاموسی زمانی کوردی، بەرگی یەکەم (د)، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧، ل ٤٢ ،ئەم نووسەرە خۆی لەکاتی ئاوارە بوون وکوردایەتیدا بەشداری لەگەڵ شۆرشی کوردستانی باشووردا لەناوشوان بووە. لەوتاری (شوان)ی هاواری کەرکووک، ژ(٤) هێمام بۆ ئەمە کردووە.

١١- د. شێرکۆ بابان، رستەسازی شیتەلکاری زانستی، هەولێر، ١٩٩٦، ل أ، ٣٦، ٣٩،... هتد بێجگە لەوەش کارەکانی خۆی بەبڕیاری تەواوەوە بڕیارداوە، کە ئەمە پێچەوانەی کاری ئەکادیمییە.

١٢- لەپیاوە پیرو بەساڵا چووەکانی لای خۆمانم بیستووەو نەوەی دوای نەوانیش دەڵێن خەڵکی شوان لەناوچەی گەڕووسی سەربەشاری سنەوە هاتوون و گوایە ئاخاوتنیانیش وەکو یەکە. د. کەمال فوئادیش لەگۆڤاری زانیاری، ژمارە(٤)ی ١٩٧١، ل(٢٣)دا.

دەڵێت«.. لەناوچەی(گەڕووس) لەباکووری رۆژهەلاتی (سنە) زاراوەیەکی تایبەتی قسەئەکەن زۆر جیاوازە لە(سنەیی) و(موکری)، دیسان ئەمە دڵنیامان ئەکاتەوە، کە زاری شوانی کێشک یەکێکە لەزارەکانی کوردی باشووری هەرچەندە نووسەر ناوی زاری شوانی نەهێناوە.

١٣-لەوتاری«شوان»گۆڤاری کەرکووک بەهەڵەدێی ناروجەی گەورەو ناروجەی حمەبلە کە هەردووکیان ناوێکن بۆ ئەم دێیە لەلایەن هەڵسەنگێنەری وتارەکەوە کراون بەدوو دێ، راستێکەی یەک دێن و لەکەوانەدا ناوی دووەمیان دانرابوو، بێجگە لە کەوتنی ناوی مام رۆستەم کە خۆی و پێشمەرگەکانی لەشیوەسوور تا مانگی کانونی دووەمی ١٩٨٩ مابوونەوە.

١٤-قەرەبلاغ: دێیەکە کیلۆمەترێک لە(ڕێدار)ی مەڵبەندی شوانەوە دوورە لەوتاری(شوان) لەبیرکرابوو.

١٥-بڕوانە: د. رفیق شوانی، شوان، گۆڤاری کەرکوک، ژ(٤)، ل٣٥-٤٧ هێمامان بۆ ئەمە کردووە، کە(ورام)تیرەیەکی تایبەتی شوانەو لەو دێهاتانە پێکهاتووە، کەدەست نیشان کراون.

١٦-دیاردەیەکی زمانەوانییە وەکو یاسایەک هەندێک دەنگ تووشی نەمان و تێچوون دێت، کە(کرتاندن)ی پێدەوترێت و یەکێکە لەزاراوەکانی زمانەوانی(علم اللغة-lingustic) بروانە: قاموس علم اللغة الحدیث، نخبة من اللغویین العرب،لبنان، ١٩٨٣، ل ٢٣ .

١٧-رەفیق محەمەد محێدین، مۆرفیمی«ب» لەرووی مۆرفۆلۆژییەوە،

گـۆڤـاری رۆشنبـیـری نوێ، ژ(١٣٨)، ١٩٩٦، ل ٢٢-٢٥ . لەزمـانی ستانداردا نیشانەی «ب»ی داخوازی ئەگەر فرمانەکە دارێژراو یا لێکدراو بێت بەپێ ئەم یاسایە (ئارەزوو-optional) توشی کـرتاندن (الاسقـاط) ئەبێت. وەکـو: هەڵبـرێژە ـــــــ هەڵرێژە، هەڵبگرە ـــــــ هەڵگرە، لەزاری تیرەی(ورام)دا (نان خۆ) لەجیاتی (نان بخۆ) بەکاردێت و لەشوانی کێشکدا هێمامان بۆ نەمانی (د) نیشانەی بەردەوامی کرد.

١٨- پێچەوانەی بیروڕای زاری کوێستان وگەرمیانی د. شێرکۆیە کە لە زمانی کوردیدا بابەت و زاری وا نییە.

١٩- نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی ١٩٦٠، ل ١٣٠ . لەپەراوێزدا شێوەی دروستبوونی ئەم جۆرە فرمان بکەرنادیارە کردووە لەهەندێک زاردا بێ ئەوەی دیاری بکات.

٢٠-گیوموکریانی، ئەلف وبێی کوردی وێنەدار ....، ل ١٣٠ .

٢١-لێرەدا مـەبەست لەگۆڕانی دەنگیـیـە، چونکە لەکرمـانجی سـەروودا، ئاوەڵفـرمـانی نەرێی(نێ) نـیـیـە و بریتـیـیـە لە(نا) بەڵام(نێ) لە دیالێکتی باشووردا زۆربەکاردێت.

تێبینی: خوایاربێت وتارێک لەبارەی زارەکانی سنووری پارێزگای کەرکووک و گەرمیانەوە، دەنووسم و چاوەڕێی ئەو هەلەم. هەروەها داوای لێبوردنیش ئەکەم بۆ لەبیـــرچوونی ناوهێنان و یاداشت کـــردنی هەندێک ناودارانی شـــوان و لەوتاری(شوان)ی ژمـارە(٤) هاواری کەرکووک، وەکو: حەمەی مەلا عوبێدی کلاوقوتی، مەلا ئەحمەدی حەکیم (ئیمام و خوتبەخوێن لە کەرکووک)،حاجی خورشید تۆراغ(حەکیم و پزیشکی ناوچەکە بۆ چاکبوونەوەی دەیان دەردونەخۆشی کوشندە و شکستی، فەقێ محەمەدی عەلی بەیانی، ملازم شوان (عبدوئیلا لە مامرەشی) شۆڕشگێڕویەکێک بوو لەسێکوچکەی سەرکردایەتی پاسۆک، کاک

سوبحی عەلی هەرزانی حاکمی استئنافی هەولێر وەکو فەرمانبەرێکی پلەبالا، عادل یادگار، مەلابەهادینی مامرەشی، بلەی گەندیاک، مەجیدی مەلامستەفا، حوسێن کوێخا رەجەب، هەروەها (گەڕەکی شوانەکان) لە کەرکووک بەناوی هۆزی شوانەوەیە و هەر لەبەر ناوەکەی ئێستا تەخت کراوە و کراوەتە گەراجی ترومبیل بەرامبەر مەحکەمەی کەرکووک. حەزدەکەم ئەوە بڵێم، کە ئەم وتارە، بابەتی تری سەربەم زارە هەیە، کە لێرەدا من باسم نەکردووە، لەبەر درێژە دان و من مەبەستم لێرەداو لەم وتارە نیشاندانی جیاوازی و بوونی ئەم زارەیە لەناوچەی کەرکووک، ئەگینا بابەتی دیکە هەیە و بەونیازەی لەدەرفەتێکی تردا بیکەم بەکتێبک بۆرێزمانی ئەم زارە، بۆ نموونە: دیاردەی جێگیرکردنی راناوی کەسی سەربەخۆ بەلکاو لەزمانی ئەدەبیماندا شێوەی راناوە سەربەخۆکە دەگۆڕێت، کەچی لەزاری شوانی کێشکدا ئامرازە پەیوەندییەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوەو راناوە کەسییە سەربەخۆکە دەگۆڕێت نموونە:

لەئەوم پرسی ـــــــ لەی پرسیم (شوان)

بەمنی وت ـــــــ بەم وەت

ئەمانەی لای راستەوە لەزمانە ئەدەبییەکەدا دەبێتە لێم پرسی، پێمی وت، بەڵام نموونەکانی لای چەپەوە لەزاری شواندا ئامرازەکانی نەگۆڕاون وراناوەلکاوەکانی کەوتوونەتە کۆتای فرمانەکەوە، کەپێچەوانەی زمانە ئەدەبییەکەیە.

* * *

ژیانی نووسەر لەچند دێڕێکدا:

- لە ساڵی ١٩٥٣ لە دێی نارۆجەی گەورەی ناوچەی شوانی سەر بە پارێزگای کەرکووک، لە بنەماڵەیەکی فەلاحی ملکدار لەدایکبووە.

- خوێندنی سەرەتایی لە دێیەکەیان و لە ڕێنداری سەڵبەندی ناوچەی شوان و ناوەندی و ئامادەیی لە کەرکووک و زانکۆ لە سلێمانی و ماجستێر لە زانکۆی سەلاحەدین و دکتۆراش لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە.

- هەردوو خوێندنی ماجستێر و دکتۆرای بە چوار ساڵ تەواوکرووە و ماجستێر بە ساڵ و نیوێک و دکتۆراش بە دوو ساڵ و نیو، لەم ڕووەوە خەڵات کراوە و سوپاس و ڕێزی بەهەمان مەبەست پێدراوە.

- ساڵی ١٩٦٨ چۆتە ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بەپلەی ئەندامی لیژنەی قوتابخانە و لیژنەی کۆلێژ و پاشان ئەندامی کۆنگرەی(ی.ق.ک)لە ساڵی ١٩٧٢ و لە سێ ئۆردوگای هاوینەی قوتابیان لە قەرەحەسەن و هەشەزینی و ئاغجەلەر لە ساڵی ١٩٧١، ١٩٧٢ ، ١٩٧٣ بەشداری کردووە.

لە ١٩٧٤/٤/٢٤ لە بۆمبابارانی شاری قەڵادزێدا بە خەستی بریندار بووە و لە نەخۆشخانەکانی ئێران چاک بۆتەوە و پاشان لە هەمان ساڵدا کراوە بە مامۆستای شۆڕش لە پێنجوێن لە دێی هەرگێنە.

- ئێستا مامۆستای زمانەوانی بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینە بەپلەی پرۆفیسۆری یاریدەرر.